ڤۆڵتێر

نامەیەک لەبارەی لێبووردەیییەوە

ڤۆڵتێر

نامەیەک لەبارەی لێبووردەیییەوە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

عەبدوڕەزاق عەلی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ڤۆڵتێر
نامەیەک لەبارەی لێبووردەیییەوە
بۆ عەرەبی: هنرییت عەبودی
بۆ کوردی: عەبدوڕەزاق عەلی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٠٥
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٩٩ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد. بۆکان نووری
ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

پێشەکی

لێبووردەیی وەک بەهایەکی مرۆڤانی

د. شێرزاد نەجار

ماوەی نێوان سەدەی پازدە تا سەدەی حەڤدە، ماوەیەکی تووش بوو لە مێژووی ئەوروپا، چونکە ناکۆکی و ململانێگەلی خوێناوی و کوشتارگەلی نێوان مەزەب و تایەفە ئاینییەکان (بەتایبەتی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتی) بەخۆیەوە بینی، بوونە هۆکاری کوشتنی سەدان هەزار کەس لە فرەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیا. دەسەلاتی ئاینی (کلێسا) و دەسەلاتی دنیایی (پاشاکانی ئەوروپا)، رۆڵێکی "ناپیرۆز"یان لە خۆشکردنی ئاگری شەڕی ئاینی و تایەفەگەریدا بینی و بە "ئەرکی ئاینی"یان لە قەڵەم دا، تا کار گەیشتە لەداردانی هەر هاوولاتییەکی پرۆتستانتی لە فرەنسا، ئەوە بوو لەداردانی هاوولاتی (جان گالاس) بەو تۆمەتە لە ١٧٦٢/٣/٩دا، پاڵی بە (ڤۆڵتێر)ی فەیلەسووفەوە نا، لە دۆخەکە رامێنی کە پرسەکان گەیشتوونەتە کوێ و ئەو دارووخانەی دووچاری بەهاگەلە مرۆڤانییەکان بووەتەوە، لە گەرمەی ململانێی ئەوێ رۆژێی نێوان دەمارگران لەلایەک و فەیلەسووف و رووناکبیران لەلایەکی ترەوە، لە رێی کتێبێکەوە بەنێوی (نامەیەک لەبارەی لێبووردەییەوە)، ساڵی ١٧٦٣ هزرگەلێکی رووناککەرەوەمان لەبارەی لێبووردەییەوە پێشکێش بکات، وەلێ (ڤۆڵتێر)، یەکەمین کەس نەبوو باس و بانگهێشتنی لێبووردەیی کرد، پێش ئەو، فەیلەسووفی ئینگلیزی (جان لۆک)، ساڵی ١٦٨٩، کتێبێکی بەهەمان ناونیشان (نامەیەک لەبارەی لێبووردەییەوە) بلاو کردەوە، (لۆک)، لە پرسی عەقڵدا لە (ڤۆڵتێر) جیاواز بوو، هەرچی (ڤۆڵتێر)ە، لەو بڕوایەدایە عەقڵ و مەسیحییەت کۆ نابنەوە، (بەپێچەوانەی لۆک، کە باسی مەسیحیەتی عەقلانی دەکا)، نەخاسمە ئەو ماوەیەی تێیدا ژیاوە، ئسووڵییەت و دەمارگری و داخراوی، باو و بالادەست بوون، بۆیە مەحاڵ بوو عەقڵ لەگەڵ ئەوانەدا کۆ بێتەوە: شوێن عەقڵ دەکەوین یان

ناکەوین، بەم شێوەیە، مرۆڤ دەتوانێ بڕوادار بێ و دەمارگریش نەبێ، ئەوەش حوکمی عەقڵە، هاوکات ئەوە بنچینە و ناوکرۆکی تێگەیشتیی عەقڵانییە لە ئاین. لێرەوە دەشێ تانوپۆی بەرچاوی کاریگەریی فەیلەسووفانی ڕۆشنکاری ببینین لەسەر کاروانی مرۆڤایەتی، هەر لێرەشەوە ڕۆڵی گرینگ و یەکلاکەرەوەی فەیلەسووفانی وەک: لۆک، ڤۆڵتێر و جان جاک ڕۆسۆ، وەبیر خۆمان بێنینەوە.

پێرەوکردنی لێبووردەیی، ئیشکالیەتێکی فەلسەفی و یاساییە، ئاخر داننان بەلێبووردەییدا، داننانە بەفرەیی هزری و ئاینی و ئەتنی و قۆرخ نەکردنی هەقیقەت، ئەم دۆخەش، وەک هزرڤانی کۆچکردوو (محەمەد ئەرگۆن) دەڵێ، پێویستی بەدوو مەرج هەیە:

* بوونی دەوڵەتی یاسا کە دەستەبەری ئازادییە.
* بوونی کۆمەڵگەیەکی تۆکمە و پێشکەوتوو تێروپڕ لە ڕۆشنبیریی فەلسەفی و یاسایی لێبووردە.

بەبۆچوونی فەیلوسووفی هاوسەردەمی ئەڵمانی (هابەرماز – زاینی ١٩٢٩)، لێبووردەیی، چاکە و فەزڵێکی سیاسییانەی هەیە، چونکە وا دەکا لە تەک هاوولاتیگەل و بنەچەگەلی جیاوازدا، مامەڵە بکەین. بەمەش، لێبووردەیی، دەبێتە ناوکرۆکی (گەوهەری) کولتووری سیاسی کە دواجار دەبێتە هۆی ڕاوێژ و گفتوگۆی نێوان لایەنەکانی بەشدار لە لێبووردەییدا. هابەرماز، دووپاتی دەکاتەوە، لێبووردەیی (نەخاسمە لێبووردەیی ئاینی)، بنچینەی دەوڵەتی دەستووریی دیموکراتیکە.

لێبووردەیی، مانای خەبات لە پێناو مافگەلی یەکساندا کە هزرگەلی گرینگ دەداتە تیۆریی سیاسی و یاسایی بۆ چەپاندنی هاوولاتیبوونێکی خودان فرەکولتووری، واتە؛ هاوولاتیی ئازاد دەبێ تابیر لە خۆی بکات، هەر بۆیە دەبینین یەکێک لە سەرکردە و شۆڕشگێڕ پرۆتستانتییەکانی شۆڕشی فرەنسا (رابۆ سانت ئاتینی)، لە بەردەم کۆمەڵەی نیشتمانیی فرەنسادا ساڵی ١٧٨٩ دەڵێ: "بەڕێزان، ئێمە داوای لێبووردەیتان لێ ناکەین، داوای ئازادی دەکەین!"، بەم شێوەیە، کاریگەری (ڤۆڵتێر) بەسەر ئەو شۆڕشگێڕە فەرەنساییانەوە دەبینین کە ئەیلوولی ١٧٨٩، ڕاگەیاندنە مەزنەکەیان (ڕاگەیەندراوی فرەنسایی بۆ مافەکانی مرۆڤ و

هاووڵاتی) دارِشت و لەوێدا ڕایان گەیاند؛ فرەنسایییەکان مافی ئازادییان هەیە بەیەکسانی، بێ ڕەچاوکردنی بنەچەی مەزەبی و تایفەییان.

لێرەوە لە کاریگەریی (ڤۆڵتێر) دەگەین بەسەر هزری مرۆڤانییەوە و بەگوێرەی ئەو دۆخە تووشەی تێیدا ژیاوە. ئەمەش، دەرفەتێکمان دەداتێ لە دۆخی خۆمان ڕامێنین و بەخەمبارییەوە بپرسین: بۆچی لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا، هزرڤانانی وا هەڵناکەون بایەخ بەلێبووردەیی بدەن، وەک بەشێکی گەوهەری لە مرۆڤبوونی مرۆڤ، هەرگیز شتێکی خودان هزرێکی ڕەسەن و کاریگەریی قووڵی لەبارەوە نەنووسراوە، وەک کاریگەری (ڤۆڵتێر) و بەر لەویش (لۆک) لەسەر پرسی لێبووردەیی؟

ئەم هەوڵەی بەڕێز (عەبدوڕەزاق عەلی)، بۆ وەرگێڕانی کتێبەکەی (ڤۆڵتێر)، لەبارەی لێبووردەیییەوە*، لە کۆمەڵگەیەکدا لێبووردەیی نازانێ و لە ژینگەیەکی پڕ لە دەمارگری و لایەنداریی ناعەقڵانیدا، خۆی لە خۆیدا موغامەرەیە، بەڵام ئومێدەوارم موغامەرە، یان هاوارێکی بێ زایەڵە نەبێ.

هەولێر ٥ی شوبات/فێبرایەری ٢٠١١

(*) سەرنج بدە وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ عەرەبی، نێزیکەی دوو سەدە و نیو دواکەوتووە، ئەوەش، زیاتر لە مانایەکی هەیە.

"ڕەنگە لە بیـر و بۆچووندا جـیـاواز بین، بەڵام ئامـادەم بمرم لە پێناوی داکـۆکـیکردن لە بیـر و بۆچوونت".

ئەم قسەیەی ڤۆڵتێر، هەروا ڕستەیەکی سەرپێچیی نێو کتێبەکانی نەبوو کە خۆیان لە سـەد کتێب دەدەن لە نێوان شیعر و شانۆنامە و پەخشان و فەلسەفەدا، بگرە گەوهەری پەیامە هزری و مرۆڤانییەکەی بوو کە بەدرێژاییی ژیانی وەک شمشێر بە ڕووی ئەو دڕەندە زیانگەیێنەی ناوی "دەمارگریی ئاینییە" بەرز کردبووەوە.

ئەو دڕندەیەی سـەدەکـانی حـەڤـدە و هەژدە گـیـانی ئەورووپای ئەنجن ئەنجن کـردبوو، ئێسـتـا وا لەم دنیـایەی ئێـمـە و دەوروبـەرمـاندا، تازە بەتازە لە گـیـانی کـۆمـەڵگەکـانمان بەربووە. لە ئەورووپا، تەنیا بەڕاگـەیاندنی ئازادیی بیـروباوەڕ و بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی لێبووردەییی ئاینی و قبووڵکردنی ئەوی تری جیاواز لە ڕووی ئاینی و تایفەییەوە.

سـەردەمی ڕۆشنکاری بۆ ڕۆشنبیر و هزرڤانەکان دەگەڕێتەوە، ڤۆڵتێر یەکێک بوو لە هەرە ناسـراو و کـاریگەرەکـانیـان. ئەم کـتـێـبـەش (نامـەیەک لەبارەی لێبووردەیییەوە)، یەکێکە لە پەیامە هەرە گرینگەکانی ڤۆڵتێر لەو بوارەدا. ئەگەرچی ئەم کـتـێبـە، ڤـۆڵتـێـر سـاڵی ١٧٦٣ بڵاوی کـردووەتەوە، بەڵام دەڵێی بۆ ئێسـتـای کۆمەڵگەکانی ئێمە نووسراوە.

بەشی یەکەم

کورتە چیرۆکی کوژرانی جان گالاس

تاوانی کوشتنی جان گالاس، کە بەشمشێری دادوەری شاری تۆلۆز[١] لە ٩ی ئادار/مارسی١٧٦٢دا، ئەنجام درا، یەکێکە لە دیارترین ئەو هەڵکەوتانەی بووە مایەی سەرنجراکێشان و بایەخی نەوەی ئێمە و نەوەکانی داهاتوو. خۆ ئەگەر دەستی ڕۆژگار بەخێرایی لاپەڕەی ئەو هەزاران قوربانییە هەڵداتەوە کە لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا لەنێو دەچن و بیر دەچنەوە، تەنیا لەبەرئەوەیە ئەوە باجی ناچاریی شەڕە، دیسان ئەوانەی بەدەستی دوژمن دەکوژرێن، ڕەنگ بوو دوژمنەکانیان بکوشتایە. سەرباری ئەوەی ئەوانە هەموو چەک و تفاقێکی خۆپاراستنیان لە شاندا بووە، بۆیە کاتێک هەردوو تای دۆڕاندن و سەرکەوتن هاوسەنگ دەبن، ئیتر پرسیار و سەرسوڕمانی ناوێ، هەستی هاوخەمی و بەزەیی پێداهاتنەوەش ساردتر دەبن. بەڵام کاتێک پیاوێکی خێزاندار دەبێتە قوربانیی هەڵە یان هەڵچوونێکی سەرشێتانە، یان دەمارگری، کاتێک قوربانییەکە هیچ کەرەسەیەکی بەرگری لەخۆکردنی پێ نییە، چاکە و مرۆڤایەتیی خۆی نەبێ، کاتێک ئەوانەی چارەنووسیان لە دەستدایە، سەرچێخ دەچن و بڕیاری سەربڕینی دەدەن، کاتێک دەتوانن کەسێک بکوژن بێ ئەوەی سڵ لە سزا بکەنەوە، هەر هێندەیە بڕیار دەدەن و تەواو، ئا لەو کاتەدا خەڵک هاواریان لێ هەڵدەستێ، هەر کەس خەمی ژیانی خۆیەتی، هەموان دەرک بەوە دەکەن، چیی تر ژیانیان مسۆگەر نییە لە سایەی دادگەیەکدا کە گوایە تەنیا بۆ پاراستنی ژیانی هاووڵاتیان دانراوە؛ لەو کاتەدا دەبێتە هەڵا و خەڵک داوای تۆڵەسەندنەوە دەکەن.

ئەم پرسە نامۆیە، هاوکات پرسێکی ئاینی، خۆکوژی و کوشتنی باوکێکە. کرۆکی پرسەکەش ئەوەیە؛ بڵێی داک و بابێک بەدەستی ئەنقەست کوڕەکەی خۆیان کوشتبێ لەپێناو ڕازیبوونی خوادا، داخۆ برایەک، براکەی کوشتووە، یان

برادەرێک هاورێکەی خـۆی خنکاندووە، بڵـێی دادوەرەکـان شـایەنی لۆمـە و ڕیسواکردن بن، چونکە فەرمانیان دەرکرد باوکێک لەسەر تەختی سێدارە دارکاری بکرێ تا دەمرێ، یان بەپێچەوانەوە دادوەرەکان ژیانی دایک و برا و برادەرێکی گوناهباریان پاراست.

جان گالاس، پیاوێکی تەمەن شەست و هەشت ساڵ، چل ساڵ زیاتر لە تۆلۆز خەریکی بازرگانی بوو، هەموو ئەوانەی دەیانناسی شایەتییان بۆ دەدا باوکێکی چاک بوو، خۆی و هاوسەرەکەی و تێکڕای منداڵەکانی لەسەر مەزەبی پرۆتستانتی بوون، کوڕێکی نەبێ چووبووە سەر مەزەبی کاتۆلیک، لەگەڵ ئەوەشدا، بابەکە خەرجییەکی بژی و نەمری هەر دەکرد، وەک دیارە، پیاوەکە زۆر دوور بووە لەو دەمارگرییە نەزانانەی بۆی هەیە سەرلەبەری کۆمەڵگە ئەنجن ئەنجن بکا، هەرگیز ڕێی لە هەڵگەڕانەوەی کوڕەکەی لە پرۆتستانتەوە بۆ کاتۆلیک نەگرت، هەر لەنێو ماڵەکەی خۆشیدا، سی ساڵ دایەنێکی کاتۆلیکی خواناس، هەموو منداڵەکانی پەروەردە دەکرد.

یەکێک لە کوڕەکانی جان گالاس، بەنێوی مارک – ئەنتوان، ئەدەبدۆستێکی شەیدا، وا ناسرابوو گوایە زەینی زۆر لەسەر خۆی نییە، توندە تەبیات و جار جار دەیگرت، دەمێک لە بازرگانیدا چی بەچی نەکرد، چونکە لێی نەدەزانی، نەشیتوانی ببێتە پارێزەر، چونکە نەیتوانی بەبەڵگە بیسەلمێنێ کاتۆلیکە، بۆیە بڕیاری دا چیی تر نەژی، برادەرێکیشی لەو نیازەی خۆی ئاگەدار کردەوە، تا بتوانێ بڕیارەکەی جێبەجێ بکا، دەستی بەخوێندنەوەی ئەو کتێبانە کرد کە باسی خۆکوشتن دەکەن.

ڕۆژێکیان، هەموو پارەکەی لە قوماردا دۆڕاند، بۆیە بڕیاری دا هەر ئەو ڕۆژە خۆی بکوژێ. وا ڕێک کەوت، ڕۆژی پێشتر، ناسیاوێکی خۆی و خێزانەکەی بەنێوی لاڤیس Lavaisse، گەنجێکی نۆزدە ساڵان، کوڕی پارێزەرێکی بەناوودەنگی تۆلۆز، بەکوڕێکی باش و ڕێکوپێک ناسرابوو، لە شاری بۆردۆوە هاتبووە سەردانیان[٢].

ئەوە بوو لاڤیس لەگەڵ خێزانە خانەخوێکەیدا؛ باوک، دایک، مارک – ئەنتوانی کوڕە گەورەیان، پییەری کوڕە ناوەنجی، شیویان خوارد، پاش نانخواردن، هەموان چوونە ژووری دانیشتن، مارک – ئەنتوان نەبێ کە لە غەفڵەتێکدا دیار نەما. کاتێک لاڤیس روخسەتی خواست هاوڕێ لەگەڵ پییەردا بە پلیکانەکاندا

سـەردەكـــەوتن، لە ناكـاو بینـــیـان وا مـارک – ئەنتـوان بەدەرگـەیەكی تەنیـشت كۆگـەكـەی بابیـەوە هـەڵواسـراوە، كراسـەكـەی ژێرەوەی لەبەردایە و چاكـەتەكـەشی بەقـەدكراوی لـەسـەر مـێـزی دووكانەكـە دانراوە، بەكـراسـەكـەیدا، چ پێ نەدەچوو تووشـی ڕاكـێش ڕاكـێش و شـەڕ بووبێ، قـژی بـەجـوانـتـرین شـێـوە داهێنـابوو، جەستەی شوێنەواری هیچ لێدان و برینێكی پێوە نەبوو[٣].

لێرەدا زۆر لەسـەر ئـەو وردەكارییـە نارۆین پارێزەران خسـتـیانە بەردەم دادگە، باسـی ئازار و بێ ئومـێـدیی داک و بابەكـەش نـاكـەین كـە گـریان و لاوانـەوەیان دەگەیشتە هاوسێكانیان.

لاڤـیس و پیـێـر دەمـــودەست داوای پزیشک و پیـاوانی داوەرییـان كـرد، لەم شڵـەژاوی و بەیەكداهاتنەدا بوون، داک و بابی هەناسەساردیش دەگریان، خـەڵكی تۆلۆز لە دەوری ماڵەكەیان گرد بوونەوە، ئاشكرایە خەڵكی تۆلۆز خەڵكێكی سەرچڵ و هەڵەشـــەن؛ برا وەک شـــتی پڕوپووچ و جـــانەوەری عـــەنتـــیكە تەمـــاشـــای برا غـەیرەدینەكـەی دەكـا. لە تۆلۆز، لە ئاهەنگی فـەرمـیدا، خـەڵک سـوپاسی خـوایان دەكرد و سـەڵەواتیان لێ دەدا بەبیستنی هەواڵی مردنی شا هینری سێیەم[٤]، هەر لە تۆلۆز، خـەڵكەكە سـوێندی گـەورەیان خوارد هەر كـەسـێک مـل بۆ شـای مـەزن و پیـــاوچاک هـینری چوارەم بدا، ســـەر دەبڕدرێ[٥]. ئـەم شـــارە، ســـاڵانە لە ڕێوڕەســمێكی شـایەندا، بەیاریی فـیـشـەكـەشـێـتـەوە ئاهەنگی یادكـردنەوەی كۆمـەڵكوژیی چوار هـەزار هـەڵگەڕاوە لە ئاین (هـەرتوقی) دەگێڕن. سـەرەڕای ئەوەی ئەنجوومەنـی شار شـەش بڕیاری دەركردووە بۆ قـەدەخەكردنی ئەم یادە بێزەوەرە، كـەچی دانیشـتوانی شارەكە تا ئێستـاش ئەو یادە دەكـەنەوە، وەک ئەوەی ئاهـەنگی گوڵان بگێڕن.

لە پڕ، دەنگی یەكێک لە دەمارگرە ناحاڵییەكان بەرز بووەوە دەیگوت، جان گالاس خۆی مـارک – ئەنتوانی كوڕی هەڵواسیوە، بەدوای ئەودا، خەڵكەكە كردیانە هەلا و تۆمـەتەكـەی ئەویان دەگوتەوە. ئەوە بوو لە چاوترووكانێكدا تۆمـەتەكە بووە قسـەی سـەرلەبەری خەڵكەكە. هێندێک بەوەشـەوە نەوەستان و دەیانگوت، كوژراوەكە بەنیاز بوو سبـەی وازهێنانی خۆی لە پرۆتستـانتی ڕابگەیەنێ، بۆیە خێزانەكەی و لاڤیس، لە داخی ئاینی كـاتۆلیكی خنكاندوویانە. یەكسـەر تۆمـەتەكە بووە ڕاسـتـییـەكی

دامـەزراو، ئیـتـر سـەرلەبەری شـار گـەیشـتنە ئەو بڕوایەی؛ بەگـوێرەی ئاینی پرۆتستانتی باوان دەبێ دەمودەست ئەو کوڕ و کچانەیان بکوژن کە نیازیان هەیە ببنە کاتۆلیکی.

کاتێک عەقڵەکان هەڵدەچن، دەکەونە گەلەکۆمەکێ و لادان. بووە دەنگۆ گوایە پرۆتستانتەکانی هەرێمی لانگدۆنگ[٦]، ڕۆژی پێشتر کۆبوونەوەیەکی فرەوانیان بەستووە، بەزۆرینەی دەنگ، لاڤیسیان وەک پیاوکوژی تایەفەکەیان هەڵبژاردووە، هەر لەبەرئەوە، لاڤیس بەبیستنی هەواڵی هەڵبژاردنی، لە بۆردۆوە هاتووە هاوکاریی جان گالاس و هاوسەرەکەی و پیێری کوڕیان بکا، لە شەو و ڕۆژێکدا هاوڕێ و کوڕ و برا هەڵواسن.

ئەم دەنگۆیانە گەیشتنە بەڕێز دێڤید قازیی تۆلۆز، خوێنی گەرم بوو، دەشیویست بەکاردانەوەی خێرا، خۆی پیاوچاک پێشان بدا و پلە و پایەی بەرزتر بێتەوە، ئەوە بوو چەند ڕێوشـوێنێکی پێـچـەوانەی یاسـا و ڕێسـاکـانی گـرتە بەر؛ هەمـوو خێزانەکەی جان گالاس و لاڤیسی گەنج و کارەکەرە کاتۆلیکییەکەی، فڕێ دایە گرتیگەوە.

دواتر دەسـتی بەبانگکردنی نایاسـایی کـرد بۆ ناچارکـردنی ئەوانەی گـوایە شایەتن، تا بێن شایەتییەکانیان بدەن. لەوەش زیاتر، لە ڕێوڕەسمێکی شایەندا مارک _ ئەنتوان _ یان لە کلێسای ئیستیفان ناشت. سەرەڕای ناڕازیبوونی سەرپەرشتیاری کلێساکە کە پێی وابوو ئەوە پێشێلکردنی پیرۆزیی شوێنەکەیە. ئاخر ئەو گەنجە تا مرد لەسەر مەزهەبی کالڤنی بوو؛ لەوەش واوەتر، بەدەستی خۆی خۆی کوشتووە، بۆیە دەبوو تەرمەکەی بخرێتە سەر حەسیرێک و بەجادەکانی شاردا ڕابکێشرایە.

تۆبەکارانی ناوچەی لانگدۆنگ[٧] چوار گرووپ یان کۆمەڵەیان هەبوو: سپی، شین، خۆڵەمێشی و ڕەش. ئەندامانی ئەو کۆمەلانە ڕووپۆشیان هەڵدەبەست کە تەنیا کونی چاویان بەدەرەوە بوو، هەولیان دا فەرماندەی ناوچەکە دۆق فیتز جیمس، بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و بچێتە سەر ڕێی ئەوان، بەڵام ئەو ملی نەدا، ئەوە بوو ئەندامانی کۆمەڵەی سپی کە بەبرایانی سپی دەناسران، ڕێوڕەسمێکی ئاهەنگ ئامێزی وایان لە ناشتنی مارک – ئەنتواندا ڕێک خست، وەک ئەوەی

شەهید بووبێ. ڕاستییەکەی پێش ئەوە هیچ کڵێسایەک ڕێوڕەسمی لەو شێوەیەی بۆ شەهیدێکی ڕاستەقینە ڕێک نەخستبوو؛ بەڵام ئەوەی مارک – ئەنتوان، بەهەموو مانایەکی وشەکە شایەن بوو. تەرمەکە لەسەر سەکۆیەکی بەرز دانرابوو، پەیکەرێکی ئێسکانەی (هیکل عظمي) جووڵۆکی مارک ئەنتوان، بەدەستێک چڵە دارخورمایەک و پەڕێکیش بەدەستەکەی تریەوە تا بەڵگەنامەی پاشگەزبوونەوەی لە هێرتیک (پرۆتستانتی بەبۆچوونی ئەوان _ و. ک)، ئیمزا بکا: ڕاستت دەوێ واتە؛ ئیمزاکردنی لەداردانی باوکی. ئیتر هێندە مایەوە، ئەو بەستەزمانە بکرێتە یوتوپیا (تطویب)[8]: تا وای لێ هات خەڵک بەپیرۆزیان دادەنا. خەڵک دەچوون لێی دەپاڕانەوە، خەڵکێکی تر سەلاواتیان لەسەر گۆڕەکەی لێ دەدا، هێندێک داوایان دەکرد مۆجیزە (کەسنەکردە – موعجیزە)یان پێشان بدا، کەسانێکی تر باسیان لەوە دەکرد بەچاوی خۆیان مۆجیزەیان لێ بینیوە. ڕاهیبێک چەند ددانێکی وەک موفەرک دەرهێنا و لە باخەڵی خۆی دانا، ژنێکی خواناسی نیوچەکەر، دەیگوت گوایە بەجوانی گوێی لە لێدانی زەنگوڵە بووە. کاهینێک نەخۆشیی مێشکی هەبوو، دەیگوت هەر ئەوەندەی قومێک شلەی وەرشێنم خواردەوە، چاک بوومەوە. هەموو ئەم مۆجیزانەش تۆمار کران، نووسەری ئەم چیرۆکە، شایەتی گەنجێکی سەرلێشێواوی لایە کە چەندان شەو بەدیار ئەو مەزارە پیرۆزە تازەیەوە شەونوێژی کردووە بێ ئەوەی نیازی حاسڵ بێ. ژمارەیەک لە قازییەکانی شار ئەندامی کۆمەڵەی تۆبەکارانی برایانی سپی بوون، بۆیە لەداردانی جان گالاس، گومانی تێدا نەمابوو.

ئەوەی کەشەکەشی بۆ لەداردانەکە زیاتر ساز و لەبار کرد، نێزیکبوونەوەی ئەو جەژنە سەیرە بوو کە دانیشتوانی تۆلۆز ساڵانە یادی ئەو کوشتارە دەکەنەوە چوار هەزار هۆگۆنوتی تێدا بوونە قوربانی[9].

ساڵی ١٧٦٢ سەد ساڵەی ئەو جەژنە بوو. شار بەو بۆنەیەوە ڕازابووەوە، ئەمەش هێندەی تر دانیشتوانی شاری توندتر و ڕق ئەستوورتر کردبوو، وا بڵاو بووەوە بەنێو خەڵکەکەدا کە لە یادی ئەمساڵدا، خێزانی گالاس هەموویان لەدار دەدرێن بە دۆلاب (تەختەی سوراوە)[10]، ئەمەش جوانترین جەژنانەیە؛ دەگوترا ئەوە تەنیا گەورەیی خوایە ئەمساڵ ئەو قوربانییانەی پێ داون تا لەپێناوی ئاینە پیرۆزەکەماندا سەریان بڕین. بیست کەس بەگوێی خۆیان گوێیان لەم قسەیە

بووبوو، قسـەی لەوە توندتریش. ئا ئەمـەش لەم ڕۆژگـارەدا، لە زەمـەنێکدا کـە فەلسەفە هێندە پێش کەوتووە!، لە کاتێکدا سەد ئەکادیمیسیۆن پەیامەکانیان بڵاو دەکـەنەوە و داوای ئاکـارێکی باڵاتر و سـووککردنی باری گرانی داوونـەریتـەکـان دەکەن! بەڵام وا دیارە دەمارگری، کە دەستکەوتەکانی عەقڵانییەتی بەدڵ نەبوو، لە پەلەقاژێی بن ئەو پاڵەپەستۆیەدا، تا دەهات دڵڕەقتر و هارتر دەبوو.

سێزدە قازی ڕۆژانە بۆ ڕایکردنی کەیسـەکەی خێزانی گالاس کۆ دەبوونەوە، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک دژیان هەبێ، بگرە مـەحـاڵ بوو بەڵگە هەبێ، بەڵام ئاینی نکووڵی لێکراو، جێگەی بەڵگەکانی گرتەوە. شەش قازی سوور بوون لەسەر ئەوەی دەبێ جان گالاس و کـوڕەکـەی و لاڤیس، لەدار بدرێن و هاوسـەرەکـەی گالاسیش بچێتە نێو ئاگردانەوە. بەڵام حەوت قـازییەکەی تر، کـە نێوانڕۆتر بوون لەوان، داوایان دەکرد هیچ نەبێ، لێکۆڵینەوەیەک لە پرسـەکـەدا بکرێ. کـۆبوونەوە و گفتوگـۆی قـازییـان بەردەوام و بوو، درێژەی کێشـا، یەک لە قـازییەکـان، بڕوای تەواوی هەبوو کە تۆمەتباران بێبەرین و تاوانی وا مەحاڵە ڕووی دابێ؛ بۆیە زۆر بێ پەروایانە داکۆکیی لێ دەکردن و بەنێوی مرۆڤـایەتییـەوە دژی دەمـارگـری و توندڕەوێی وەستایەوە، تا قازییەکە وەک تاکە پارێزەری خێزانی گالاس دەناسرا لەنێو هەموو ماڵەکانی تولۆزدا کە بەردەوام بوون لە داواکاریی ڕشتنی خوێنی ئەو قـوربەسـەرانـە، بەناوی ئاینێـکی تانە لێـدراوەوە. بەڵام قـازییـەکی تر کـە بەدەمارگر ناسرابوو، بچووایەتە هەر جێیـەک هێرشی دەکردە سەر خێزانی گالاس، بەهـەمان دڵگەرمیی ئەو کاتەی داکۆکـیی لە خێزانی گالاس دەکرد، بەهەمـان دڵگەرمـییـەوە کەوتبووە تەقـە لێیـان و تێی هەڵپێچابوون، ئا ئەم دوو هەڵوێستـە دژبەرە ناجـۆر و شـەرمهێنەی ئەو دوو قازییە، هێندە دەنگی دایەوە ناچار هەردووکیان دەستیان لەکار کێشایەوە و شاریان بەجێ هێشت و گەڕانەوە گوند.

بەڵام بۆ بەدبەختی، لە دەمێکدا قـازییـە لایەنگرەکـەی مـاڵی گالاس، چونکە خـاوەنی ئاکـارێکی بەرز و بەڕێز بوو، پێی لەسـەر دەست لەکارکێشـانەوەکـەی داگرت، ئەوی تریان، پەژیوان بووەوە و دەنگی بەدژی کەسانێک دا کە شایەن نەبوو بۆ لەدادگەدانیان: دەنگێک بووە هۆی دەرچوونی بڕیاری لەداردان: ئاخر لە سێزدە قازی، شەشیان دژی لەداردان بوون، بەڵام پاش بگرە و بەردەیەکی زۆر، یەکێک لە

قــازییــەکــانی لایەنـی نێـوانرۆ، چووە پاڵ ئەو شــەش قــازییــە توندڕۆیەی داوای لەداردانیان دەکرد.

ئەوەی جێـی گفـتوگـۆ و مشـتومـڕ نییـە، کـاتێک دادگە دەست بەتاووتـوێکردنی پرسـی لەداردانی باوکێک دەکا، کاتێک دەیەوێ قورسترین جۆرەکانی سزا بەسـەر خــاوەن خــێـزانـێکدا بـدا، دەبێ بڕیارەکـەی بـەکـۆی دەنگ بێ. ئاخـر بەڵگەکـانی تاوانێکی ناماقووڵی وەک ئەم تاوانە، دەبێ زۆر ڕوون و حاشاهەڵنەگر بن[١١].

لە دۆخێکی وادا، کەمترین گومان، دەبێ بـەس بێ بۆ ئەوەی دەستـی ئـەو قازییـە لە ترسان بلەرزێ کە حوکمی مردن دەدا. کورتبینی و کەمتەرخەمیی یاساکانمان، پرسـێکی ڕۆژانە هەسـتی پێ دەکـەین؛ بەڵام ئەو دەمـەی تـەنیـا دەنگێک بەسـە بۆ لەداردانی هـاووڵاتییـەک، زەقـتـر دەبێـتـەوە. لە ئـەسینا، حـوکمی لەداردان، پـەنجا دەنگی لـە سـەروو نیـوەوە پێـویسـت بوو تا ڕەوایی وەرگـرێ. چ لەمـە تێ دەگـەین؟ ڕاسـتییـەک کـە دەیزانین بەڵام بێـهوودەیە؛ گریکەکان لە ئێمـە عاقڵتـر و مرۆڤـانیتـر بوون.

ئاشکرایە، جـان گـالاس، ئەو پیـاوەی تەمـەنی لـە شـەست و هـەشت لای دابوو، بەزەحمەت دەجووڵا لە تاو ئازار و ئاوسـانی قاچەکانی، نەیدەتوانی بەتەنیا کوڕێکی بیـست و هـەشت سـاڵان کە لەشـولارێکی تۆکـمـە و دامـەزراوی زیاد لە پێـویسـتـی هـەبوو، بخنکێنی. خۆ ئەگەر بیەوێ ئەوە بکا، دەبوو هاوسـەرەکەی و پیێری کوڕی و لاڤیس و کـارەکـەرەکە هاوکاریـی بکەن، با هـەمـووشـیـان لە تاوانەکەوە نـەئاڵێنین، چونکە لە کـاتی ئەو کارەسـاتە تۆقێنـەرەدا یەک چرکـەش لێکتر جیـا نەبوونەتەوە. بەڵام بێ سـەروبەریی ئـەم گریمانەیە، لەوەی پێشـووتر کـەمـتر نییـە: باشـە، بۆچی دایەنێکی کاتۆلیکی لە خواترس ڕازی دەبێ کۆمـەڵێک هۆگۆنوتی گـەنجێک بکوژن کـە خـۆی پەروەردەی کـردووە، لەبەرئەوەی چووەتە سـەر مـەزەبەکـەی ئەو؟ چۆن دەچێـتـە ئەقـڵـەوە لاڤیـسـێکی گـەنج لە بۆردۆوە تەنیـا بۆ خنکاندنی برادەرەکـەی هـاتبێ، لـە کـاتێکدا ئاگای لێ نییـە گـوایە لە پرۆتسـتـانـتی هەڵگەڕاوەتەوە؟ ئـاخـر دایکێکی بەبەزەیی چۆن دەستی دەچێتە جەرگی خۆی؟ با هـەروا بڵێین بەهەموویان ئەو کوڕە گەنجەیان خنکاندووە کە لەوانەیە لە تێکڕایان بەهێزتر بێ، بڵێی بتوانن کـارێکی وا بکەن بێ شـەڕەدەسـتێکی توند، بەبێ هاوارهاوارێک کە هـاوسـێکان

گوێیان لێ نەبێ، بەبێ تێ هەڵدان و ڕاکێش ڕاکێش، بەبێ ئەوەی جلکەکانی هیچ کامیان بدڕێ؟

ئاشکرایە، ئەگەر ئەو تاوانە بێزەوەرە ڕووی بدایە، ئەوا هەموو تۆمەتباران مادامەکی یەک چرکە لێک جیا نەبوونەتەوە، خەتابارن، بەڵام ئاشکراشە، تاوانێکی وا هەر عەقڵ نایبڕێ لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن، دوا جار ئاشکرایە، ئەو باوکە بەتەمەنەی مەحاڵە بتوانێ بەتەنیا تاوانێکی وا ئەنجام بدا، کەچی لەنێو هەموو تۆمەتباراندا، حوکمی لەداردان بۆ ئەو دەرچوو.

ئەو پاساوەی حوکمەکە پشتی پێ بەست، لە سەرلەبەری کەیسەکە، ماقووڵتر نەبوو. ئەو قازییانەی سوور بوون لەسەر لەداردانی جان گالاس، بەم پاساوە هاوکارەکانی خۆیان گەیاندە ئەو بڕوایەی پشتگیریی بۆچوونەکەیان بکەن: گوتیان گوایە ئەم پیاوە بەتەمەنە، لەڕوالاوازە، خۆی بەرگەی دارکاری ناگرێ و کاتێک جەلادەکان دەست بەوردوخاشکردنی ئێسکەکانی دەکەن، دان بەتاوانەکە و بەشداریی ئەوانی تریش لەگەڵیدا دەنێ. بەڵام وا دەرنەچوو، زۆر بەخۆیاندا شکانەوە دەمێک پیرەمێردەکە گیانی دەدا و ئەوەی نەکرد، هێندە نەبێ، خوای دەکردە شایەت کە لەو تاوانە بێبەرییە و دەپاڕایەوە خوا لە گوناهەکانی خۆش بێ.
بۆیە ناچار بوون، حوکمێکی تر دەربکەن، پێچەوانەی یەکەم، بێبەریکردن و ئازادکردنی دایکەکە، پییێر، لاڤیس و کارەکەرەکەیان. بەڵام ڕاوێژکارێکی دادگە، پێی گوتن کە حوکمی دووەم تانەیە لە حوکمی یەکەم و قازییان خۆیان تاوانبار دەکەن بەو حوکمە کە بەڵگەیە بۆ بێبەری و بێ گوناهیی باوکە غەدرلێکراوەکەش کە لە کاتی کارەساتەکەدا، یەک چرکەش لەوان جیا نەبووتەوە، بۆیە قازییەکان حوکمێکی تریان دەرکرد: شاربەدەرکردنی پییێری کوڕە ناوەنجییەکەی جان گالاس. ئەم بڕیارەش دیسان نالۆجیکی بوو. ئاخر یان دەبێ پییێر گالاس بێبەری بێ لە خوێنی براکەی، یان دەبێ دەستی لە تاوانەکەدا هەبێ و ئەمیش وەک باوکی لەدار بدرێ، خۆ ئەگەر بێبەری بوو، ئیتر پاساوێک بۆ شاربەدەرکردنی نامێنێ.
ڕاستت دەوێ، قازییەکان کە بە دارکاری و لەداردانی باوکەکە شاگەشکە بووبوون، ئەو خواناسییەش کە باوکەکە پێشوازیی مردنی پێوە کرد، بەهەڵەدا چوون کە پێیان وابوو شەرەفی خۆیان دەکڕنەوە و ڕووی خۆیان سپی دەکەنەوە ئەگەر وای پێشان بدەن گوایە لە کوڕەکە دەبوورن؛ وەک ئەوەی ئەم لێبووردنە کەمتەرخەمییەک

نەبێ لەو ئەرکەی لە ئەستۆیانە. بەهەڵەشدا چوون کە پێیان وابوو شاربەدەرکردنی بێ بەڵگەی گەنجێکی هەژار، هیچ گرینگ نییە، سزایەکە، زوڵمێکی زۆری تێدا نییە بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی دەرهەقی باوکەکەیان کردووە.

پییێر گالاس سوێندی دەخوارد[١٢] کاتێک لە گرتیگە بووە، زۆرجاران هەڕەشەی لێ کراوە بەدەردی باوکی دەبەن ئەگەر لە ئاینەکەی وەرنەگەڕێ. ئەو دەمەی شاریشی بەجێ هێشت لە ڕێگە تووشی قەشەیەک بوو، قەشەکە، پییێری بەتۆپزی گەڕاندەوە بۆ تۆلۆز و ناچاری کرد لە مەزارێکی بابە دۆمینیکییەکاندا تێکڕای سرووتە کاتۆلیکییەکان ئەنجام بدا: خۆ خەڵکەکەش هەر ئەمەیان لێی دەویست. بەو جۆرە خوێنی باوکەکە حەڵاڵ کرا و ئاینێکیان ڕازی کرد کە قازییەکان بەهەڵە پێیان وابوو تۆڵەی بۆ دەسەننەوە.

هاوکات، کچەکانی جان گالاس بەزۆر لە دایکیان جیا کرانەوە و لە دێرێکدا دەستبەسەر کران. ئەو دایکە کە هێندەی نەمابوو خوێنی مێردەکەی تەڕی بکا، باوەشی بە تەرمی کوڕە گەورەکەیدا کردبوو، کوڕێکی تری شاربەدەر کرا، کچەکانی لێ دوور خراوەتەوە، ماڵەکەی تالان کرا، تاک و تەنیا لەم دنیایەدا، نە هیوا و ئومێدێک نە دوعا و پاڕانەوە، نە پشتیوانێک نانە ڕەقەیەکی بۆ پەیدا بکا پێی بژی، کۆستەکانی هێندە گەورە بوون، ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، هێندێک خەڵک بەزەییان پێدا دەهاتەوە، کاتێک ئەو هەموو کارەساتەیان بینی و گوێیان لە وردەکارییەکان بوو، ئیستەرمیان کرد، دەستەوئەژنۆ دانەنیشێ و سکالانامەیەکی زوڵم لێکراوی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ پاشا. دایک، هێز لەبەربڕاو، بگرە لە گیانەلادا بوو، چونکە بەڕەچەڵەکیش ئینگلیز بوو، بای ڕۆژگار لە منداڵییەوە فڕێی دابووە شوێنێکی دوورەدەستی فرەنسا، تەنیا ناوهێنانی پاریس بەس بوو بۆ ئەوەی بتۆقێ. بەلای ئەوەوە پایەتەختی پاشا، دەبێ زۆر دڕندانەتر بێ لە پایەتەختی لانگدۆنگیان. بەلام سوێی مێردەکەی و ویستی تۆڵەسەندنەوە، گوڕێکی وەبەرهێنایەوە و دوا جار ڕووی لە پاریس کرد، سەری سوڕما لەو پێشوازی و هاوپشتی و هاوسۆزییەی لەوێ بینی.

لە پاریس، عەقڵ لە سەروو دەمارگرییەوەیە چەندی توند بێ، وەلێ لە هەرێم و ناوچەکانی تردا، هەر دەمارگری دەیبردەوە.

ئەوە بوو بەڕێز دی بۆمـــۆن، پارێزەری نـاســراو لای دادگـەی بـاڵای پاریس، یەکـەمـین کـەس بوو، بەرگـریکردنی لە خـاتوو گـالاس گـرتە ئەسـتـۆی خـۆی: سکالانـامـەیەکی بەئیـمزای پازدە هاوکاری نووسی. بەڵام بەڕێز لـوازۆ، کە کـەس هێندەی ئەو قـسـەزان نەبوو، یاداشـتنامـەیەکی نووسـی بۆ بەرگـری لە خـێـزانی گالاس، هاوکات بـەڕێز مـاریێت، پارێزەر لە ئـەنجـوومـەنی شـاهانە، داواکـارییـەکی نووسی بۆ چاوخشـاندنەوە بەپرسی ئـەم خێزانەدا: داواکارییەکەی سـەرنجی زۆر خـەڵکی ڕاکـێـشـا. نابێ بیـرمـان بچێ، ئەو سـێ داکـۆکیکارە مـەردە لـە یاسـا و بێبەریبوون، بەبێ هیچ پارەیەک بەرگرییان لەو بێوەژنە قوربەسەرە دەکرد(١٣).

سـەرلەبەری پاریس، بگرە سـەرانسـەری ئەوروپا، هـاوسـۆزی و پشـتـیـوانیی داواکانی ئەو بێدەسـەڵاتەی دەکرد. ئەوە بوو بـەڕاستی، جـەماوەرێکی زۆر پشـتیان گرت و حوکمی خۆیان دا، ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی دادگەی باڵا حوکمی خۆی بدا.

ئەو هاوسـۆزی و بەزەییـیـە، گـەیشـتـە داواکاریی گشـتـیش، هـەرچەندە لێشـاوی کـێـشـە و سکالاکـان لەوانەیە بەزەیی کـەم بکاتەوە، سـەرەڕای ئـەوەی، مـامـەڵەی ڕۆژانە لەگـەڵ کلـۆڵاندا، دڵی مـرۆڤ ڕەق دەکا. دواجـار دادگـەی باڵا بڕیاری دا و کچـەکان گـەڕێندرانەوە لای دایکیـان. ئـەو سێ قـازییـانەی، سێ کـچـەکەی گـالاس بەڕەشپۆشی و ڕووی بەفرمێسکەوە چوونە بەردەمیان، دەستیان بەگریان کرد.

لەگەڵ ئەوەشـدا، هێشـتـا خـەڵکێک هـەبوو دژایەتیی خێزانی گـالاسـیان دەکرد، چونکە پرسەکە پێوەندیی بەئاینەوە هەبوو. ژمـارەیەک لەو کەسانەی، لە فرەنسـا بە Les devots (ورعاء)(١٤) واتە؛ لە خـواترس یان خوانـاس، دەناسران، دەنگیـان بەرز کردەوە و ڕایان دەگەیاند، لەداردانی پیرەمـێردێکی کـاڵڤنی، با بێبـەرییش بێ، لەوە باشـترە، هەشت قـازیی لانگدۆنگی دان بەوەدا بنێن حـوکمەکەیان هەڵە بووە، بگرە بەئەنقەست ئەم ڕستـەیەیان بەکار دەهێنا: "ژمـارەی قـازییەکان لە ژمارەی خێزانی گالاس زیاترە"، بۆ ئەوەی وا لـە خـەڵکەکـە بگەیەنن کە قـەیدی چییـە گـەر خـێـزانی گالاس ببنە قوربانی بۆ کڕینەوەی شـەرەفی قازییەکان. بێ ئەوەی ئەوە بەعـەقڵیاندا بێ کـە شـەرەفی قـازییـەکـان وەک شـەرەفی هـەمـوو مـرۆڤـەکـان لەوەدایـە فـریای هەڵەکەیان بکەون. ئێمە لێرە، لە فرەنسا، لەوانە نین کە باوەڕیان وایە پاپا بەهەموو کەرادیلەکانی دەورپشـتـیشـییەوە، هەڵە ناکا؛ کەواتـە بۆچی هـەشت قـازیی تۆلۆز

هەڵە ناكەن؟ ڕاستییەكەی، سەرلەبەری خەڵكە عاقڵ و پاكەكە لەو بڕوایەدا بوون؛ ئەو حوكمەی دادگەی تۆلۆز بچووبایە بەردەم هەر دادگەیەكی ئەوروپا، ڕەت دەكرایەوە، ئەگەرچی لەبەر هێندێك حسێبی تایبەتی دادگەی باڵای فرەنسا ڕەتی نەكردەوە.

لێكەوتەوەكانی ئەو پرسە سەیرە گەیشتبووە، ئەو ئاستە، پاڵی بەكەسانێكەوە نا كە نیازێكی كەسێنییان نەبوو، بەڵام دەركیان بەگەورەیی كارەساتەكە دەكرد، هێندێك هزر و ڕامانی خۆیان لەبارەی لێبووردەیی، بەزەیی و خەونەكانی مرۆڤەوە پێشكێش بەجەماوەر بكەن، ئەو هزرانەی ڕەبەنێكی وەك هۆتفیلْ[١٥]، لە ڕۆمانێكی پڕ لە هەڵە و خۆنواندندا، كاتێك هەڵكەوتەكان دەگێڕێتەوە، بێ دوودڵی، ناتۆرەی "بیروباوەڕی ناشیرین"یان لێ دەنێ، ئەمە لە كاتێكدا ئەگەر بەعەقڵ لێكیان بدەینەوە، ئەو هزرانە، لە خەسڵەتە سروشتییەكانی مرۆڤن.

كەواتە، یان قازییە دەمارگرە دڵڕەشەكان، فەرمانیان بەلەداردانی باوكێكی بێبەری دا، ئەمەش پێشتر ڕووی نەداوە؛ یان باوكەكە، بەهاوكاریی هاوسەرەكەی و كوڕەكەی تری و برادەرێكی كوڕە خنكاوەكەی، كوڕە گەورەی خۆی هەڵواسیوە، ئەمەش پێچەوانەی سروشتە. لە هەردوو دۆخدا، زێدەڕۆیی لە ئاینپەروەریدا، با ئاینەكەش لە پیرۆزترین ئاینەكان بێ، بووە هۆكاری تاوانێكی بێزراو، دواتر، لە بەرژەوەندیی سەرلەبەری مرۆڤایەتییە بەدوای ئەم پرسیارەدا وێڵ بێ: ئاخۆ پێویستە ئاین میهرەبان بێ یان دڕندە.

پەراوێزەكان:

١- تۆلۆز: پایەتەختی پێشووی دەڤەری لانگدۆنگی باشووری ڕۆئاوای فرەنسا؛ ساڵی ١٢٢٩ پەیمانگەیەكی بابە دۆمینیكانییەكان و زانكۆیەكی لاهووتی تێدا بەمەبەستی دژایەتیی هەرتەقە (زەندەقە، هێرتیك) هاتە دامەزراندن (و . ع). هەرتەقە لە بنەچەدا لە وشەی "ئیرسیس" ی یۆنانییەوە هاتووە، واتە ئەو كەسەی مانایەكی نوێ، یان تەفسیری نوێ و جیاواز لەوەی باوە، بۆ دەقە ئاینییەكان دەكات، لە ئاینی ئیسلامیشدا، هەرتەقە، زۆر لە دەستەواژە و مانای "بدعە"وە نێزیكە. لە ئیسلامیشدا، بەلای سەلەفییە جیهادییەكانەوە، هەموو "بدعە"كارێك سەرلێشێواوە و سەرلێشێواویش ئاكامەكەی ئاگرە، بۆیە لای ئەوان خوێنی حەڵاڵە. لە هەموو ئاینە

ئاسمانییەکانیشدا، مەزهەبە جیاجیاکان یەکتر بە هێرتیک و بیدعەکار و هەڵگەڕانەوە و لادان لە بنەماکانی ڕەسەنی ئاینەکە، تۆمەتبار دەکەن... کورت و کرمانجی: هەرتەقە بەو کەسانە یان بەو مەزهەبە دەگوترێ کە بەلای ئەوان یان مەزهەبەکەی ترەوە، لە ئاین هەڵگەڕاونەتەوە. (و . ک).

٢- ڕۆژی ١٢ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٧٦٢.

٣- پاش گواستنەوەی بۆ تەلاری شارەوانی، جەستەی گەنجەکە هیچ شوێنەوارێکی پێوە نەبوو، ڕووشانێکی کەمی لای لووتی نەبێ، پەڵەیەکی بچووکیش بەسەر سینگییەوە بوو کە وا دیارە لە کاتی گواستنەوەی تەرمەکەدا، وای لێ هاتووە.

٤- هینریی سێیەم: پاشای فەرەنسا لە ساڵی ١٥٧٤ەوە تا ساڵی ١٥٨٩، لە نێوان پرۆتستانتییەکان و "یەکەتیی کاتۆلیکییەکان"دا کە دۆق دی گیز سەرۆکایەتیی دەکرد، پەتپەتێنی بوو، تا دوا جار لە دی گیز هەڵگەڕایەوە و فەرمانی کوشتنی دا. دەمێک خۆی ساز دەکرد بۆ شەڕێکی تر دژی کاتۆلیکییەکان تا شاری پاریسیان لێ بسەنێتەوە، بەڵام پێ ڕانەگەیشت و بەدەستی ڕاهیبێکی دۆمینیکانی بەنێوی جاک کلیمان لە ئاب/ئۆگستسی ١٥٨٩دا کوژرا. (و . ع).

٥- هینریی چوارەم: پاشای فەرەنسا لە ساڵی ١٥٨٩ەوە تا ساڵی ١٦١٠؛ بەبنەچە پرۆتستانی بوو، بەهەڵگەڕانەوە لە ئاینەکەی، گیانی خۆی لە کوشتارەکەی شەوی جەژنی قدیس بارتلیمی ڕزگار کرد، پاش ئەوەی هاتە سەر حوکم، توانی هاوسەنگییەک لە نێوان پرۆتستانتی و کاتۆلیکەکاندا دروست بکا، چاکسازییەکی گەورەی ئەنجام دا و زۆربەی خەڵکەکە خۆشیان دەویست. بەدەستی فرانسوا ڕاڤایاک کە پیاوێکی ئاینیی سەرشێت و دژی پرۆتستانتییەکان بوو، کوژرا. بەلێکدانەوەی ڕاڤایاک، پەلامارادانی خاکی ئیسپانیای کاتۆلیکی لەلایەن هینریی چوارەمەوە، سەرەتایەک بوو بۆ شەڕ دژی پاپا. (و . ع).

٦- دەڤەرێکە لە باشووری ڕۆژئاوای فەرەنسا و بنکەی کاتارییەکان بوو، کاتارییەکان، ڕەچەڵەکێکی مانەویی سەدەکانی نێوەڕاستن کە باوەڕیان بە دووانەی خواوەندی خێر و خواوەندی شەڕ هەبوو. پاش شاڵاوەکانی خاچپەرستانی سەدەی سێزدە بۆ ڕیشەکێشکردنیان، ئەم دەڤەرە کەوتە بن دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی پاشاکانی فەرەنساوە، ئەگەرچی دامەزراوەگەلێکیان تا شۆڕشی ١٧٨٩، هەر مایەوە. (و . ع).

٧- تۆبەکار: ئەندامی یەکێک لەو کۆمەڵە یان براگەلانەی کە بانگەشەی خۆپاککردنەوە لە گوناح و تاوانەکانیان دەکرد لە ڕێی نوێژکردنەوە. بێ ئەوەی ئەوە ڕێی پەنابردن بۆ

توندوتیژییان لێ بگرێ. ئەندامانی ئەم براگەلانە، ڕووپۆش و پەچەیان دەبەست کە لە گرووپێک (براگەل)ەوە بۆ گرووپێکی تر ڕەنگیان جیاواز بوو. (و . ع).

٨- بەخەیاڵیکردن (بەیۆتۆپییاکردن - تطويب): قۆناغی یەکەمە لە کڵێسادا پێڕەو دەکرێ، پێش ئەوەی بەفەرمی پیرۆزیی قدیسەکە ڕابگەیەندرێ. (و . ع).

٩- هۆگۆنوتی: نێوێکی گاڵتەجارییە لە ئەڵمانییەوە وەرگیراوە، واتە؛ پیلانگێڕ، بە پرۆتستانتە فرەنساییەکان دەگوترا. (و . ع).

١٠- لەختەدان (الدولبة): جۆرێکە لە ئەشکەنجە یان دارکاری، بریتییە لە وردوخاشکردنی ئێسکەکانی ئەو کەسەی حوکمی لەداردانی بەسەردا دەسەپێنرێ، بەچوارپەل بەستراوی بەتەختەیەکەوە کە دەخولێتەوە، لێی دەگەڕێن تا گیانی دەردەچێ. (و . ع).

١١- بە درێژاییی مێژوو، نموونەی دوو باوکم بیستووە، کوڕەکانی خۆیان سەبارەت بەهۆکاری ئاینی کوشتبێ. یەکەمیان باوکی قدیسە باربرا. ئەم باوکە ڕای سپاردبوو، دوو پەنجەرە لە گەرماوەکەی بکرێتەوە، ڕۆژێک باوکەکە لەوێ نەبوو، باربرا وەک بەرزڕاگرتنی "سێکوچکەی پیرۆز" پەنجەرەیەکی تری کردەوە؛ بەسەری پەنجەشی، وێنەی خاچێکی لەسەر پایە بەردەکان هەڵکۆڵیبوو، وێنەی خاچەکان بەپایەکانەوە بەجوانی دیار بوون. باوکەکە زۆر تووڕە بوو و بەشمشێرەکەیەوە شوێنی کەوت، بەڵام لە چیایەکەوە ڕای کرد کە لەپێناوی ئەودا قڵیشا، باوکەکە بە دەوری چیادا سووڕایەوە تا کچەکەی گرت. باوکەکە کەوتە دارکاریی کچە ڕووتوقووتەکەی، بەڵام خوا ڕووتییەکەی بەهەورێکی سپی داپۆشی. دوا جار باوکەکە، کچەکەی خۆی سەربڕی. کتێبی "پیرۆزترین قدیسەکان" بۆمان دەگێڕێتەوە.

بەڵام نموونەی دووەم: پاڵەوانەکەی شازادە هێرفیگیڵدە [کوڕی لۆفیگیڵدی پاشای ئیسپانیا] (و . ع)؛ لە پاشای بابی یاخی بوو،ساڵی ٥٨٤ شەڕی بەرپا کرد، ئەوە بوو تێک شکا و بەدەستی ئەفسەرێکی پاشا کوژرا، دواتر کرایە شەهید، چونکە باوکی لە لایەنگرانی ئاریۆس بوو.

١٢- ڕاهیبێکی دۆمینیکانی لە گرتیگە سەردانی کردم و سوێندی خوارد بەدەردی باوکمم دەبا ئەگەر لە ئاینەکەم هەڵنەگەڕێمەوە: سوێند دەخۆم بەخوا کە ڕاست دەکەم. ٢٣ی تەمووز/یۆلیۆ ١٧٦٢، پیێر گالاس.

١٣- کۆپیگەلێکی دەستکار لە داکۆکیکارییەکانی (مرافعات)، دادگە بەشارەکاندا بڵاو بووەوە، بۆیە خاتوو گالاس هیچ قازانجێکی مایەکیی ئەو دەستپێشخەرییە مەردانەیەی دەست نەکەوت.

١٤- وشەی DEVOT لە وشەی DEVOTUSی لاتینییەوە هاتووە. "دیڤۆتیۆ" لە ڕۆمای کۆندا، بەو کەسانە دەگوترا کە خۆیان تەرخان دەکرد بۆ ڕزگارکردنی کۆمار لە نموونەی وەک کۆرتیۆس و دامیۆس.

١٥- باب کلۆد فرنسوا هۆتفیلْ (١٦٨٦ - ١٧٤٢) قەشە و نووسەرێکی ئاینیی فرەنسایی و ئەمینداری ئەکادیمیای فرەنسا بوو، لایەنی مالْبرانشی گرت بەدژی سپینۆزا. لە کتێبەکەیدا "ئاینی مەسیحی بەبەڵگەی سەلمێنەرەوە" لێبووردەییی ئاینی کە پاش مردنی پاشا لویسی چواردەم، فرەنسای تەنیبووەوە، لۆمە و ڕیسوا کرد و بەلای هۆتفیلْەوە، لێبووردەییی ئاینی بەرەو هەڵگەڕانەوە لە ئاین و بێ ئاینیمان دەبا. (و. ع).

بەشی دووەم

ئەنجام و لێکەوتەوەکانی لەداردانی جان گالاس

ئەگەر تۆبەکارانی سپی، هۆکاری لەداردانی مرۆڤێکی بێبەری بوون، هۆکاری تێکدانی خێزانێک و ریسواکردنیان ئاخر لەداردانی هەر کەسێک، واتە ریسواکردنیشی، هەرچەندە ئەگەر ریسواییەک لە ئارادا بێ، ئەوە ریسواییە بۆ ستەم و جەور و ناعەدالەتی، خۆ ئەگەر تۆبەکارانی سپی، پەلەیان کرد لە پیرۆزکردنی کەسێکدا کە بەگوێرەی داوونەریتە هوڤییانەکانمان تەنیا شایانی ئەوە بوو بە شەقامەکاندا رابکێشرێ، هەروەها بوونە هۆکاری لەداردانی پیاوچاکێکیش، بۆیە وا باشە تا دەمرن تۆبە لەو گوناهانەیان بکەن، لەسەر ئەوان و قازییەکانیش پێویستە، بگرین، بێ ئەوەی عەبای سپی بپۆشن، بێ ئەوەی پەچە و رووپۆش هەڵبەستن تا فرمێسکەکانیان نەشارنەوە.

کۆمەڵە و گرووپەکانی براگەل، شایانی رێزن، چونکە بانگهێشتنی لە خوا ترسان دەکەن، بەڵام ئاخۆ چاکەیان هەرچەندێ بێ بۆ دەوڵەت، دەگاتە ئەو خراپەیەی هۆکاری بوون؟ وا دیارە، ئەو براگەلانە لەسەر بنەمای ئەو دژایەتییە دامەزراون کە کاتۆلیکییەکان هەیانە بەرانبەر ئەوانەی ناومان لێ ناون هۆگۆنۆتییەکان.

ئاخر ئەم براگەلانە خۆیان نەزری خوا کردووە تا براکانیان ببوغزێنن، وەک ئەوەی هێندە ئایندار بن بەشی بوغزاندن و چەوساندنەوەشیان بکا، لە کاتێکدا بەشی خۆشەویستی و بەدەنگەوەچوونیان ناکا. بڵێی چی رووی بدایە ئەگەر سەرانی براگەلەکان خەڵکێکی دەمهەراش و سەرچڵ بوونایە، وەک دۆخی پێشتری کۆمەڵە پیشەییەکان و سەرکاران کە قسەی پروپووچ و خەوننامە بووبوونە نەریت و رێگەیەکی بریاردراو، بەپێی قسەی یەکێک لە لێهاتووترین و زاناترین قازییەکانمان؟ دۆخەکە چۆن دەبوو ئەگەر کۆمەڵەکانی براگەل ئەو ژوورانەیان هەبووایە کە پێی دەگوترێ "ژووری رامان"، لەو ژوورانەدا وێنەی ئیبلیسی شاخدار بەنینۆکی درێژەوە، گێژاوێک گری ئاگری لێ بەرز دەبێتەوە، خاچ و خەنجەر

هەڵواسراون و لەسەری تابلۆکەشەوە ناوی یەسوعی پیرۆز نووسراوە؟ دەزانی چ دیمەنێکە بۆ چاوانێکی سیحراوی و مێشکگەلێکی گڕگرتووی ئامادە بۆ کەسێک تەنیا فەرمانی پێ بکا. پێویست ناکا ئەوە بیر بێنینەوە کە کۆمەڵەکانی براگەل ڕۆژگارێک مەترسیدار و زیانگەیێن بوون؛ ئاخر ئەندامانی ئەو براگەلانە و زەرگوەشێنەکان[١٦] گەلێک جاران پشێوی و ئاژاوەیان ناوەتەوە.

ڕاستییەکەشی ئەوەیە؛ یەکگرتووی کاتۆلیکییەکانیش، هەر لەسەرینیی ئەو براگەلانەوە هاتبووە دامەزراندن. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێش: بۆچی وا سوورن لەسەر خۆجیاکردنەوە لە هاوولاتییانی تر؟ ئاخۆ بەهۆی لەخۆڕازیبوون و هەست بەبالادەستییەوەیە؟ ئەگەر وایە، چما ئەوە سووکایەتی نییە بە خەڵکەکەی تر؟ ئاخۆ دەبێ سەرلەبەری مەسیحییەکان سەر بەبراگەلێک بن؟ ئای ئەورووپا چەند جوانە ڕۆبێکی لە خۆی پێچاوە و دەموچاوی هەڵپێچاوە و تەنیا کونی چاوی بەدەرەوەیە؟ باشە ماقووڵە پیاو پێی وابێ خوا ئەو جلکە عەنتیکەیەی مایەی پێکەنینە لە جلکی ئاسایی بەچاکتر بزانێ؟ لەوەش زیاتر: ئەو جلکە، هەمان ئەو جلکەیە کە لایەنە ئاینییە ناکۆکەکان لەبەریان دەکرد.

ئەوانەی ئەو جلکانە دەپۆشن وەک ئەوەیە بە ڕکابەرەکانیان بڵێن ئامادە بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. کوانووی هەڵگیرساندنی شەڕێکی نێوەخۆ دەهێنێتەوە پێش چاوان کە تەڕ و وشکی پێکەوە دەسووتاند، ئەگەر پاشا و وەزیرەکانی هێندەی بێ عەقڵی و سەرچڵی دەمارگرەکان، عاقڵ نەبوونایە. ئێمە دەزانین، نرخی ئامبازبوون و شەڕی خۆبەخۆی مەسیحییەکان لەسەر بیروباوەڕ چەند بووە. لە سەدەی چوارەمەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، هەر خوێنە و دەڕژێ، یان لەنێو ئاگردان و لەسەر سەکۆکانی لەداردان یان لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا. بەڵام با لێرەدا تەنیا باسی ئەو شەڕ و کارەساتانە بکەین کە لە دژکارییەکانی بزووتنەوەی چاکسازیی پرۆتستانتی کەوتنەوە، با لە بنەوانەکانی بکۆڵینەوە لە فرەنسا. بەڵکو ئەمە خوایە خستنەڕوویکی کورت و ڕاستیی ئەو هەموو ئازار و کارەساتانە، چاوی خەڵکێکی ناحاڵی و بێ ئاگا بکاتەوە و کار لە دڵە باشەکان بکا.

پەراوێز:

١٦- بەو کەسانە دەگوترا لە ڕێگەوبانەکاندا خۆیان دارکاری دەکرد تا لە گوناهان پاک بنەوە. (و. ع).

بەشی سێیەم

بیرۆکەی چاکسازی لە سەدەی شازدەمدا

کاتێک لە سەردەمی بووژانەوەدا، خەڵکەکە کەمێک عەقڵ و چاوی کرایەوە، خەڵک بەگشتی داد و بێدادیان بوو لە دەست جەور و ستەمی دەسەڵات؛ ئەمڕۆ هەمووان یەک دەنگن ئەو سکاڵایەی خەڵک ڕەوا بوو. بۆ نموونە، پاپا ئەلکسەندەری شازدەم، بەئاشکرا تاجی پاپای کڕی. هەر پێنج کوڕە بیژییەکەشی، هاوبەشی دەستکەوتەکانی بوون. بەتەگبیر لەگەڵ باوکیدا، کوڕێکی پاپا، کاردینال و دۆقی بۆرجیا، دەستی گرت بەسەر بەشێک لە موڵک و ماڵی بنەماڵەی ڤیتیللی، ئۆربینۆ، گراڤینا، ئۆلیڤریتۆ و نێزیکەی سەد موڵکداری تردا. هەر بۆ دەستکەوتی کەسێنی، پاپا یۆلیۆسی دووەم، سزای کڵێسای بەسەر شا لویسی دوازدەمدا سەپاند و موڵکەکانیشی دا بەوانەی چاویان تێ بڕیبوو؛ بەشێکی ئیتاڵیاشی بەدەستی خۆی وێران کرد و خراپەکاریی تێدا بڵاو کردەوە. لەگەڵ شەڕکەراندا دەستی بەشەڕ کرد، کڵاوی ئاسنینی لە سەر کرد و قەڵغانی گرت بەدەستەوە، لە کاتێکدا ئەو سەرداری کڵێسای باڵا بوو. هەرچی پاپا لاونی دەیەمیشە، دەستی بەفرۆشتنی پسوولەی لێخۆشبوون کرد، وەک ئەوەی شمەکێک بێ و لە بازاڕدا بفرۆشرێ، بۆ ئەوەی بەخەرجیی تەخشانوپەخشان و لەزەتەکانیدا ڕابگا. ئەوانەش کە ڕەخنەیان لەم دزی و تاڵانییە گرت، لە ڕووی ئاکارییەوە هەڵەیان نەکردووە، دەبا بزانین ئەی لە ڕووی سیاسییەوە چی هەڵەیەکیان دەرهەق کردووین.

گوتیان مەسیح هەرگیز باجێک یان جیزییەیەکی دانەناوە بدرێتە کڵێسا. قەت لێبووردنی ئەم دنیا و پسوولەی لێخۆشبوونی ئەو دنیای نەفرۆشتووە؛ کەواتە بۆچی ئەوەی مەسیح داوای نەکردووە، بیکەینە ماڵ لەسەر خۆمان و بیدەینە کاربەدەستێکی بێگانە؟ با بڵێین باجی ساڵانەی کڵێسا و داواکانی بەردەم دادگەی ڕۆما و لێبووردنەکانی کڵێسا کە تا ئەمڕۆ کاری پێ دەکرێ، ساڵانە ناگاتە زیاتر لە

پێنجسەد هەزار فرەنک، مانای وایە؛ ئێمە لە سەردەمی شا فرانسوای یەکەمەوە، واتە؛ لە ماوەی دووسەد و پەنجا ساڵدا، نزیکەی سەد و پەنجا ملیۆن فرەنکمان بە کڵێسا داوە. خۆ ئەگەر هەڵبەز و دابەزی نرخی مارکی زیوین[١٧] وەرگرین لەو دووسەد و پەنجا ساڵەدا، لەوانەیە ئەو برە پارەیەی بە کڵێسامان داوە، خۆی لە دووسەد و پەنجا ملیۆن فرەنکیش بدا. کەواتە، بێ ئەوەی بەبێ ئەمەکی تۆمەتبار بکرێین، دەتوانین بڵێین هەرتوقییەکان (هیرتیکیکەکان)، هیچ ئازارێکی شانشینەکەیان نەداوین کاتێک داوای لابردنی ئەم هەموو باجە عەنتیکەیە دەکەن کە ڕۆژێک دێ نەوەکانی داهاتوو سەیریان پێیان دێ. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی خەڵکێکن، دەست بەماڵی خۆیانەوە دەگرن، نەک پێمان وابێ میللەتێکی ڕەزاگرانن. سەرباری ئەوەش، تەنیا ئەوان زمانی یۆنانی دەزانن و بەهۆیەوە شارەزای مێژووی کۆنن، کەواتە با ڕاشکاو بین و بڵێین، سەرەڕای هەڵەکانیان، ئێمە قەرداربارییانین لە پێشڤەچوونی عەقڵی مرۆڤایەتی کە سالانێکی زۆر لەژێر چنگی هۆڤیایەتییەکی (همجية) تاریکدا دەینالاند.

بەلام مادام نکووڵییان لە بوونی پاکخانە (المطهر)[١٨] کرد، کە نابێ گومان لە بوونی بکرێ و هاوکات دەستکەوتێکی چاکیشی بۆ راهیبەکان تێدایە؛ چونکە ئامادە نەبوون ڕێز لەو مەزارانە بگرن کە ئێمە لەسەرمانە ڕێزیان بگرین، چونکە پیرۆزن دەستکەوتی ئەمەشیان بۆ قەشەکان زۆر زیاترە؛ لەبەرئەوەی هێرشیان کردە سەر بیروباوەڕەکانی کڵێسایەک کە حسیبێکی مەزنی بۆ دەکرێ[١٩]، دەبووا تاکە وەلامدانەوەیان، یەکەم شت، سووتاندنیان بووایە، ئاخر پاشا لە ئەڵمانیا دەیانپارێزێ و هاوکارییان دەکات و پێیاندا هەڵدەدا، کەچی کاتێک بەنێو پاریسدا دەڕۆیشت، دوا وێستگەی کاروانەکەی، لەداردانی ژمارەیەک لەو بەستەزمانانە بوو. با لەداردانەکەشیان بگێڕمەوە: هەموویان بەنیرگەیەکی درێژی تەختەوە بەسترانەوە و بەدارێکی بەرزەوە هەڵواسران، ئاگرێکی گەورەیان لە بن پێیاندا کردەوە، بەم شێوەیە تالاوی مردنیان قوم قوم چەشت، تا دوا هەناسەیان دا لەنێو دارکارییەکدا گینگڵیان دەدا، لە بێ ویژدانانەترین جۆرەکانی دارکاری بوو.

کەمێک بەر لە مردنی شا فرانسوای یەکەم، چەند ئەندامێکی دادگەی دەڤەری برۆڤانس، داوایان لە پاشا کردبوو، ئەڵبەت بەدنەدانی هێندێک پیاوانی ئاینی لە دژی دانیشتوانی هەردوو شارۆکەی مریندۆڵ و کابرییێر[٢٠]، بە هێزی چەکدار

هاوکـارییـان بکا تا بتـوانن نۆزده کـەسـی ئەو دەڤـەرە لەدار بدەن؛ ئەوە بـوو لە جیاتیی نۆزدە، فەرمانی سەربڕینی نێزیکەی شەش هەزار کەسیان دا، بە منداڵ و ژن و پیرەکانەوە، سی شارۆکەیان وێران کرد و کردیانە خۆڵەمێش. تەنیا تاوانی ئەو خەڵکەش ئەوە بوو بەڤالدی لەدایک بوون[٢١]. ئەڵبەت، ڤالدییەکان، سێسەد ساڵ بوو نیشتەجێی ئەو ناوچە چۆڵە و لووتکەی چیاکانی بوون و بەدەست و بازووی خۆیان ناوچەکەیان ئاوەدان کردبووەوە، ژیانێکی شوانکارەیی هێندە بێبەری دەژیان، دەتگوت ژیانی سەردەمە هەرە کۆنەکانە. شارەکانی دەوروبەری خۆیان نەدەبینی، مەگەر بۆ فرۆشتنی میوە نەبووایە؛ نەیاندەزانی داوای قەزایی و شەڕ چییە، کاتێک هێرشیشیان کرایە سەر، بەرگرییان لە خۆیان نەکرد، کەچی وەک ماڵات لەنێو گەورەکەیاندا سەر بڕان[٢٢].

پاش مردنی شا فرانسوای یەکەم، ئەو پاشایەی سەرەڕای هەر شتێ، بە عاشقانێ و کارەساتەکانیەوە ناسرا، زیاتر لەوەی بەدڵڕەقی و ستەم بناسرێ. لە سەردەمی ئەودا، دووهەزار هەرتوقی لەدار دران کە ڕاوێژکار دێ بۆر[٢٣]یان لەنێودا بوو، دواتر کۆمەڵکوژییەکەی شاری ڤاسی[٢٤]، ئەو کۆمەڵکوژییەی، بووە هۆکاری دەستدانە چەک و وەستانەوەی چەوساوان، کە تا دەهات لەژێر باری سووتاندن و شمشێری جەلادەکاندا ژمارەیان زۆرتر دەبوو، بە ڕووی چەوسێنەراندا. کاتێک ئیتر زوڵم ئۆقرەی لەبەر بڕین، ئەمانیش هەمان تاوانەکانی دوژمنەکانیان دووپات کردەوە، کۆمەڵکوژی سەرلەبەری فرەنسای گرتەوە، فرەنسا گیرۆدەی نۆ شەڕی خۆبەخۆ بوو، دوا جاریش کاتێک ئاشتی ڕاگەیەندرا، زیاتر لە شەڕەکان، بووە هۆکاری بەدبەختی و نەگبەتی، ئاخر لە شەوی جەژنی ساڵوەگەڕی قدیس بارتلیمی[٢٥]دا، کۆمەڵکوژییەک بەرپا کرا، لە تۆمارەکانی تاواندا بێ وێنە بوو.

یەکگرتوو[٢٦] دەستی تەواوی هەبوو لە کوشتنی هەردوو پاشا، هینریی سێیەم و چوارەمدا، یەکەمیان بەدەستی ڕاهیبێکی دۆمینیکانی و دووەمیشیان بەدەستی کەسێکی هوڤییانە کە پێشتر سەر بە براگەلە دەستگرەوەکان بوو. خەڵکانێک هەن دەڵێن، مەیلی مرۆڤانە و لێبووردەیی و ئازادیی ویژدان، پرسگەلێکی تۆقێنەرن، بەڵام ئاخۆ ئەو کارەساتانەیان لێ دەکەوتەوە؟ با ڕاستگۆیانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

پەراوێزەکان:

١٧- دراوێکی کۆنە، کێشەکەی ٧٥ . ٢٤٤ گرام زیوە، نرخەکەی جێگیر نەبوو. (و. ع).

١٨- پاکخانە (المطهر): لە بیروباوەڕی مەسیحییەتدا، جێی ئازارەکانە و نەفسی ئەو هاوەڵانەی تێدا پاک دەبێتەوە کە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی نموونەیی بەدەنگ داخوازییەکانی عەدالەتی خوایانەوە بچن، تا دوا جار، ڕاستەوخۆ بەرز بکرێنەوە بۆ ئاسمان. وا باو بوو کاتۆلیکییەکان ماڵی خۆیان دەدا بە کڵێسا تا ماوەی مانەوەی نەفسیان تێیدا کورت بکەنەوە و بەزووترین کات بگەنە بەهەشت.

١٩- بۆچوونی بیرانژیێ(*)یان بۆ قوربانیی پیرۆز نوێ کردەوە و ئەوەیان ڕەت دەکردەوە کە گوایە جەستەیەکی دیاریکراو لە سەدهەزار شوێنی جیاوازدا هەبێ، یا دەسەڵاتی ڕەهای خــواش هـاوکـــار بێ**؛ هەروەها "بەردەوامــبـــوونی ڕواڵەت پاش نەمــانی گەوهەرەکەی"یان ڕەت دەکردەوە. لەو باوەڕەدا بوون، مەحاڵە نان و مەی بەچاو ببینی و بە سەلیقە بیناسی و بەگەدە چێژیان بکەی، لە هەمان چرکەی بوونیاندا نەمێنن. باوەڕیان بەهەموو ئەم سەرلێشێواوییانە هێنابوو کە پێشتر بیرانژیێ سەرکۆنەی کردبوون. لەمەشدا پشتیان بەهێندێک دەقەکانی بابە ئەوەڵینەکانی کڵێسا دەبەست. بەتایبەتی قدیس یۆستانس کە ڕاشکاوانە لە وەڵامی ترۆفۆندا دەڵێ: "پیرۆز ڕاگرتنی وردە ئارد... وێنەیەکە لە قوربانیی پیرۆز، کە مەسیح فەرمانی داوە دروستی بکەین وەک خۆسازدانێک بۆ یادی ژان و ئازارەکانی" (چاپی لۆندینسیس، ١٧١٩، ل١١٩).

هەروەها، باوەڕیان بەهەموو ئەو قسانە هەبوو کە لە سەدەکانی سەرەتادا لە دژی خۆموبارەککردن (تبرک) بە تەرم و مەزاری قدیسەکان و شمەکەکانیان، دەگوترا؛ بەڵگەشیان بەم وتەیەی ڤیژیلانتیۆس*** دەهێنایەوە: "ئاخۆ ناچارییە ڕێزی خۆڵێکی پڕوپووچ بگرین، بگرە بیپەرستن؟ بڵێی گیانی شەهیدان هێشتا لە خۆڵەمێشەکەیاندا بێ؟ ئەوە نەریتی بتپەرستانەیە دزەی کردووەتە نێو کڵێسا. وامان لێ هاتووە بەڕۆژی نیوەڕۆ، شاپڵێتە هەڵدەکەین! دەتوانین تا لە ژیاندا بین نوێژ بۆ یەکتری بکەین، بەڵام ئەو نوێژانە پاش مردن چ سوودێکیان هەیە؟".

کەچی هەرگیز خۆیان لە دارەتی وەڵامەکانی قدیس بیرۆنیمۆس نەدەدا، بەکورتی و پوختی؛ دەیانویست هەموو شتێک بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەران، دانیان بەوەدا نەدەنا کــە کــڵـێـســا فــراوان و جــێگیــرتر بووە و ناچارە چوارچێوەی بیروباوەڕەکانی فراوان بکا. ئەوان سەرکۆنەی ئەو دەوڵەمەندییەیان دەکرد، لە کاتێکدا بۆ خواپەرستییەکی شایەن زۆر پێویستە.

* بیرانژیێ ئالتۆری: لاهۆتییەکی فرەنساییە (دەوروبەری ٩٩٨ – ١٠٨٨ز): لەو مشتومڕە ڕووبەڕووە بەناوودەنگەکەی نێوەڕاستی سەدەی یازدەدا بەشداریی کرد لەبارەی قوربانیی پیرۆزەوە، بەهۆی ئەوەی ئامادەبوونی ڕاستەقینەی مەسیحی لەو قوربانییەدا ڕەت کردەوە، کۆمەڵەی کڵێسا سەرکۆنەیان کرد و لاهووتییەکانیش وەڵامیان دایەوە.

** تا لەم بەشەی دەقەکە تێ بگەین، پێویستە وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە مەسیحییە کاتۆلیکییەکان و ئەرتەدۆکسییەکان، باوەڕیان وایە قوربانیی پیرۆز، کە کاهینەکە لە نان و مەی ئامادەی دەکات لە هەزاران کڵێساکانی سەرانسەری دنیادا، بەڕاستی دەبێتە جەستە و خوێنی یەسوعی مەسیح و باوەڕدارانیش لە کاتی سرووتەکاندا دەیخۆن. (و. ع).

*** ڤیژیلانتیۆس، ڕاهیبێکە لە سەدەی حەوتەمی زاین و ڕۆشنبیرییەکی بەرزی هەبوو؛ چووەتە قودس، لە بەیتلەحم، قدیس بیرۆنیمۆسی بینیوە، بیرۆنیمۆس زۆر هەوڵی لەگەڵ دا، تا باوەڕ بێنێ کە دەبێ تەرم و وێنەی قدیسەکان پیرۆز ڕابگیرێن، پێویستە نوێژەکان بۆ ئەوان بەرز بکرێنەوە، دەبێ مۆم لەسەر مەزارەکانیان داگیرسێنرێ، بەڵام ڤیژیلانتیۆس باوەڕی بەو بۆچوونانە نەهێنا و ڕووی کردە دەڤەری لۆمباردیا لە ئیتاڵیا و قەشەکانی ئەوێندەر باوەڕیان بەبۆچوونەکانی هێنا. (و. ع).

٢٠- مریندۆڵ و کابریێر دوو شارۆکەی باشووری فرەنسان، ساڵی ١٥٤٥ کۆمەڵکوژییەکیان تێدا ئەنجام درا، ڤاڵدییەکان بوونە قوربانی. (و. ع).

٢١- ڤاڵدییەکان: لایەنگرانی پییێر ڤاڵدوا ئەو کەسەی وازی لە هەموو ماڵی دنیا هێنا تا هەژارانە بژی وەک هاوەڵەکانی مەسیح: ساڵی ١١٨٤کەوتنە بەر حەرامکردنی کڵێسا و هاوکات مەزهەبەکەیان حەرام و سەرکۆنە کرد. مەزهەبی ڤاڵدییەکان لەسەر: خۆبەستنەوە تەنیا بەدەقی پیرۆزەوە، ڕەتکردنەوەی توندوتیژی، نوێژکردن بەشێوەزاری میللی، واتە بەلاتینی نا، دەستگرتنەوە و خۆنەویستی، وەستاوە. لە ترسی شاڵاوە نیوچە خاچپەرستانییەکانی سەدەی پازدە، پەنایان بردە بەر چیاکانی ئەڵپ، ئەوانەی تریشیان چوونە سەر مەزهەبی کاڵڤنی. (و. ع).

٢٢- خاتوو دی سنتاڵ خاوەنی زۆربەی ئەو زەوییە وێرانکراوانە بوو کە تەنیا تەرمی خاوەکانیانی تێدا بەرچاو دەکەوت، سکالانامەیەکی بەرز کردەوە بۆ شا هینریی دووەم کە ئەویش ڕەوانەی دادگەی باڵای پاریسی کرد. دادگەکەش کەسی سەرکۆنە نەکرد، پارێزەری گشتیی دەڤەری برۆڤانس نەبێ کە ناوی گیران بوو، گیران، بەبەرپرسی یەکەمی کۆمەڵکوژییەکە درایە قەڵەم، حوکمی لەداردانی درا. لاهووتێکی فرەنسایی بەنێوی دی تو، دەڵێ، بۆیە لەنێو هەموو خەتابارانداا بەتەنیا گیران حوکم درا، چونکە

له کۆشکی پاشادا برادەرێکی نەبوو مشوورێکی بخوا.

٢٣- دی بۆر: پیاوێکی ئاینی و ڕاوێژکارێکی یاسایی فرەنسایی بوو، ڕاشکاوانە بەپاشای گوت، ئاکاری دەوروبەرەکەی چاک بکا و لێبووردەیی ئاینیش دەرهەق بەپرۆتستانتەکان پێڕەو بکا، پاشا فەرمانی گرتنی دا، برایە بەردەم دادگە و حوکمی لەداردانی درا، ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر ١٥٥٩، لە گۆڕەپانی گشتیدا، حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێ کرا و سووتێندرا. لە کاتی دادگەییکردنیدا زۆر ئازا بوو، لە کاتی لەداردانیشیدا، ئەوە بوو بەڕووی قازییەکاندا هاواری دەکرد: ئاگرەکانتان بکوژێننەوە و لە گوناهەکانتان وەگەڕێن، لەسەر پەتی سێدارەکەش گوتی: وەک خزمەتکارێکی خوا و دوژمنی جەور و ستەمی کڵێسای کاتۆلیکی دەمرم. پاش مردنی، ململانێیەکی زۆر لە نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکاندا ڕووی دا.

٢٤- ڤاسی: شارۆکەیەکە لە دەڤەری شەمپانیای فرەنسا: لە کاتی تێپەڕبوونی سەرۆکی "یەکگرتووی کاتۆلیکەکان" دۆق دی گیز ڕۆژی ١ ئادار/مارسی١٥٦٢دا، لە کڵێسای شار ڕاوەستا تا ئامادەی نوێژی جەماعەت بێ، بینی وا پرۆتستانتەکان سرووتەکانی خۆیان لەو کڵێسایەدا ئەنجام دەدەن، فەرمانی بەپیاوەکانی دا کڵێساکە بسووتێنن. دەوروبەری هەشتا پرۆتستانتی بێ چەکیان کوشت و سەدانی تریشیان بریندار کرد. کۆمەڵکوژییەکەی ڤاسی، ئەو بڵێسەیە بوو ئاگری شەڕی ئاینیی ئەورووپای هەڵایساند کە سەدە و چەند ساڵێکی خایاند. (و. ع).

٢٥- کۆمەڵکوژییەکەی جەژنی قدیس بارتلیمی: کۆمەڵکوژییەکی تۆقێنەر، شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی ئاب/ئۆگستسی ١٥٧٢ قەوما، ژمارەی قوربانییە پرۆتستانتەکانی، خۆی لە سێ هەزار دا، ئەم کۆمەڵکوژییە بەفەرمانی شا شارلی نۆیەم و بەدنەدانی کاترین دی مدیچی دایکی شا و سەرۆکی یەکگرتووی کاتۆلیکەکان دۆق دی گیز، ئەنجام درا. لەنێو قوربانییەکاندا، ئەمیراڵ کۆلینی تێدا بوو، کە دایکی شا سەبارەت بەوەی قسەی زۆر دەڕۆیشت لای شارلی کوڕی، ڕقی لێی دەبووەوە. ئەم کۆمەڵکوژییە بۆیە وا ناسراوە، چونکە شەوی یادی قدیس بارتلیمی ڕووی دا. (و. ع).

٢٦- یەکگرتووی پیرۆز: نێوێکە لە چوار گرووپی چەکداری کاتۆلیکی نرا، ئامانجی دوو گرووپیان (١٤٩٥ ١٤٩٦) و (١٥٠٨ - ١٥١٢)، دەرکردنی فرەنساییەکان بوو لە ئیتاڵیا. بەڵام سێیەمیان کە بە "یەکگرتوو" (١٥٧٦ - ١٥٩٥) ناسراوە، کاڵڤنییەکانی فرەنسای کردبووە ئامانج، بەڵام گرووپی چوارەمیان (١٥٦٩ - ١٥٧١) و (١٦٦٤ - ١٦٩٩) دژی تورک بوو. (و. ع).

بەشی چوارەم

ئاخۆ لێبووردەیی مەترسییە؟ لای کام گەلانە ڕێی پێ دەدرێ؟

ڕەنگە کەسێک بڵێ ئەگەر ئێمە نەرمونیانییەکی باوکانەمان بەرانبەر براگەلە سەرلێشێواوەکانمان نواند کە بە شرە فرەنسییەک نوێژەکانیان دەکەن، ئەوە چەکداریان دەکەینەوە و ئاگری ئاژاوەیەکی تازە لە: ژرناک، مونکۆنتۆر، کۆتراس، درۆ، سان دۆنی[٢٧] و... هتد، هەڵدەگیرسێنین.

ئا لەمە تێ ناگەم، چونکە پێغەمبەر نیم؛ بەڵام پێم وایە کارێکی چاک ناکەین ئەگەر بڵێین: "کاتێک مامەڵەی خراپمان لەگەڵ ئەو خەڵکەدا کرد، چەکیان هەڵگرت و یاخی بوون، خۆ ئەگەر بەجوانیش مامەڵەیان بکەین، هەر یاخی دەبن".

ڕێ بەخۆم دەدەم، داوا لە فەرمانڕەوایانی خۆمان و ئەوانەی خۆیان بۆ پلە و پایەی گەورە ئامادە کردووە، بکەم، چاک لەم پرسیارانە ورد بنەوە: ئاخۆ دەبێ لەوە بترسین ئەو نەرمونیانییە باوکانەیە ئاژاوەگەلێکی لێ دەکەوێتەوە، وەک ئەو کاتەی دڵڕەق بووین بەرانبەریان؟ ئاخۆ ئەوەی لە دۆخێکی دیاریکراودا ڕووی دا، لە دۆخێکی جیاوازیشدا دووپات دەبێتەوە؟ بڵێی، ڕۆژگار، بۆچوونەکان و نەریتەکان هەروەک خۆیان بن و نەگۆڕێن؟

لەوانەیە دەمارگری هۆگۆنوتییەکانیشی گرتبێتەوە، ڕەنگە دەستی ئەوانیش وەک ئێمە خوێناوی بووبێ؛ بەڵام ئاخۆ نەوەی ئێستا وەک باو و باپیرانیان هۆڤین؟ بڵێی زەمانە، پێشکەوتنی عەقڵ، بڵاوبوونەوەی کتێبی چاک و هێوربوونەوەی کۆمەڵگە، کاری خۆیان لەوانە نەکردبێ کە چارەنووسی گەلانیان بەدەستە؟ مەگەر ڕوخساری سەرلەبەری ئەوروپا لەم پەنجا ساڵەی دواییدا نەگۆڕاوە؟

بەڵێ، لە هەموو شوێنێک فەرمانڕەوایی، بەهێز و جێگیر بووە، هاوکات ئاکاری گشتی جوانتر و نەرمتر بووە. زیاتریش دەڕۆم و دەڵێم، پۆلیس، بەپشتیوانیی سوپایەکی زۆر و کاریگەرەوە، وامان لێ دەکا لە گەڕانەوەی ڕۆژانی ئاژاوە

نەترسێین، ئەو ڕۆژانەی جووتیارە کاڵڤنییەکان کە بەپەلەپرووزێ دنە دەدران شەڕی جووتیارە کاتۆلیکییەکان بکەن لە نێوان وەرزی تۆوکردن و دروێنەدا.

زەمانە گۆڕاوە، هەڵسوکەوتەکانیش، ئاخر گێلێتییە ئەگەر ئەمڕۆ بیر لە تێکدانی زانکۆی سۆربۆن[٢٨] بکەینەوە بەبیانووی ئەوەی پێشکەوتووە، یان گوایە لە کۆندا، بەنووسراوێک داوای سووتاندنی پاکیزەکەی ئۆرلیان[٢٩]ی کردووە، یان بەبیانووی ئەوەی سۆربۆن وای کرد کڵێسا ماف نەداتە هینریی سێیەم لە تەختی پاشایەتیدا بمێنێتەوە و لێی حەرام بکا، هەمان شتیشی لەگەڵ هینریی چوارەمدا کرد. هەروەها ناشێ بکەوینە دووی دەزگاکانی تریش بەبیانووی ئەوەی لە کاتی هەڵچوون و پێکهەڵپڕژانەکاندا، پێشێلکارییان ئەنجام داوە؛ ویژدان قبووڵی ناکا، بگرە شێتایەتییە ئەمڕۆ داوا بکەین شاری مارسیلیا لە تێکڕای دانیشتوانەکەی پاک بکرێتەوە، بەبیانووی ئەوەی ساڵی ١٧٢٠ تاعوونی تێدا بڵاو بووەتەوە.

بچین ڕۆما تاڵان بکەین و جارێکی تر بیسووتێنینەوە وەک ئەوەی شارلی پێنجەم[٣٠] کردی، چونکە پاپا سیستۆسی پێنجەم[٣١]، نۆ ساڵان "لێخۆشبوونی"[٣٢] دا بەهەموو ئەو فرەنساییانەی چەک بە ڕووی پاشاکانیاندا بەرز دەکەنەوە؟ باشە وا چاکتر نییە ڕێ لە ڕۆما بگرین سەرلەنوێ ئەو پێشێلکارییانە نەکاتەوە؟

ئەو توندوتیژییە دژەی عەقڵی لاهووتی داخراو برەوی پێ دەدا و ئەو زێدەڕۆییەی لە ئەنجامی تێ نەگەیشتن، لە ئاینی مەسیحیدا دەکرێ، کارەساتی کەمتری لە فرەنسا، بەسەر ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و تەنانەت هۆڵەنداشدا نەهێناوە، کەچی ئێستە لەو وڵاتانە، فرەئاینی نابێتە مایەی ئاژاوە و کێشەنانەوە، لەوێ جوولەکە، کاتۆلیکی، ئەرتەدۆکسی، لۆسەری، کاڵڤنی، بانگخوازانی نوێکردنەوەی پاکژی (داعی تجدید المعمودية)[٣٣]، سۆسینی[٣٤]، مینۆنی[٣٥]، مۆراڤی[٣٦] و خەڵکی تریش، وەک برا پێکەوە دەژین و بەیەکسانی خزمەتی کۆمەڵگەکەیان دەکەن.

ئێستە لە هۆڵەندا، خەڵک لەوە ناترسن شەڕە قسەیەک لەبارەی قەدەرەوە، وەک ئەوەی گۆمار[٣٧]، ببێتە هۆی سەربڕینی وەزیری یەکەم. خەڵک لە لەندەن چیی تر مەترسیی ئەوەیان نییە، گفتوگۆیەکی ڕووبەڕووی کاڵڤنی[٣٨] و

ئەنگلیکانییەکان[٣٩] لەبارەی سرووتێک لە سرووتە ئاینییەکان یان جلکەکانی قەشە لە کاتی نوێژدا، ببێتە هۆی حەلالکردنی خوێنی پاشا و لەداردانی[٤٠]. ئێرلەندا کە دەوڵەمەند بووە و ژمارەی دانیشتوانی دوو هێندەی جارانە، چیی تر هاووڵاتییە کاتۆلیکییەکان، بەناوی خواوە کۆمەڵکوژییەکی دوو مانگە بەرپا ناکەن بۆ سەربڕینی هاووڵاتییە پرۆتستانییەکان، نابینی زیندەبەچاڵیان بکەن، دایکانیان بە دارتێلەکاندا هەڵواسن و کچەکانیشیان توند بەدایکەکانەوە ببەستنەوە و زەق زەق تەماشایان بکەن تا گیانیان دەردەچێ. چیی تر ئێرلەندا بەخۆیەوە نابینێ، هاووڵاتییە کاتۆلیکییەکانی ورگی ژنە دووگیانەکان هەڵدڕن و کۆرپەلەکەی لێ دەربێنن و بیخەنە بەردەم بەراز و سەگەل تا بیخۆن؛ یان دەستی دیلەکانیان ببەستنەوە و کێردێک بخەنە دەستی بەستراوی دیلەکانیانەوە و بەدەستی ئەوان چەقۆکە لە سکی ژنەکانیان، دایکیان، باوکیان و کچەکانیان بدەن و دواتر تۆمەتباریان بکەن بەکوشتن و لەداریان بدەن. ڕایان _ تواراس کە ئەفسەرێکی ئێرلەندییە و ئێستەش لە ژیاندایە، ئەم چیرۆکانەی گێڕاوەتەوە؛ ئەم چیرۆکانە لە تەواوی کتێبە مێژووییەکانی ئینگلتەراشدا هەن؛ کە پێم وا نییە جارێکی تر دووبارە ببنەوە. ئاخر ئەوە تەنیا فەلسەفەیە، دەستەخوشکی ئەم ئاینە، وای کرد خەڵکانێک چەکەکانیان فڕێ بدەن کە بەهۆی بیروباوەڕی پڕوپووچەوە، سالانێکە دەستیان خوێناوییە؛ عەقڵی مرۆڤیش، ئەگەر هاتەوە هۆش خۆی، تووشی شۆک دەبێ لەو دڵڕەقی و جۆرە توندوتیژییانەی، دەمارگرانە، پێڕەویان بکا.

ئێمە لە فەرەنسا دەڤەرێکی دەوڵەمەندمان هەیە، زۆرینەی دانیشتوانی دەڤەرەکە لۆسەرین (١٥) نەک کاتۆلیکی. زانکۆی ئەلزاس ئەمڕۆ بەدەست لۆسەرییەکانەوەیە، زۆربەی کاربەدەستانی شارەوانیش هەر لۆسەرین، کەچی لەو ڕۆژەوەی دەڤەرەکە بووە بەبەشێک لە شانشینەکەمان، یەک ڕووداوی ناخۆشیش ڕووی نەداوە. بۆچی؟ چونکە یەک تاقە کەسیش نەچەوسێنراوەتەوە. ئەگەر کەس بریندار نەکەین، هەموو کەس هاوسۆزمان دەبێ.

من ناڵێم ئەوانەی لەسەر ئاینی پاشا نین، هەقە هەموو پلە و پایە و دەستکەوتەکان لەگەڵ لایەنگرانی ئاینی زۆرینەدا وەک یەک دابەش بکەن. ئەوەتا لە ئینگلتەرا، کارە حکوومەتییەکان نادرێ بەو کاتۆلیکییانەی لایەنگری ئەو کەسەن کە داوای تەختی پاشایەتی دەکات[٤١]، بگرە باجەکەشیان دووقاتە. بەلام جگە

لەوە، ئیتر هەموو مافێکی هاووڵاتییان هەیە.

گومان زۆر لەو قەشە فرەنسییانە دەکرا کە گوایە گوتوویانە؛ هاتوچۆی کاڵڤنییەکان بۆ ئەبرەشییە و کڵێساکانیان، نە مایەی شانازییانە و نە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیشیان دەکا. ئا ئەم هەڵوێستەیان، بەئاستەنگێکی سەخت دێتە ژماردن لە بەردەم لێبووردەییدا. نامەوێ بڕوا بەم شتە بکەم، ئاخر قەشەگەلی فرەنسا، کەسانی زۆر بەرزیان تێدایە کە بنەچەیان وایان لێ دەکات هەڵسوکەوتیان زۆر مەردانە بێ. ڕاستییەکەی؛ زۆر پیاوچاک و دەست و دڵ فرەوانن، بۆیە مەزندە دەکەم، بەم شێوەیە شەنوکەوی پرسەکان دەکەن: ئەگەر ئەو کاڵڤنییانەی هاتوچۆی ئەبرەشییەکانیان دەکەن، ناچار کران پەنا ببەنە بەر وڵاتێکی تر، ئەوە لەسەر مەزەبی کاتۆلیکی نامێنن؛ بەڵام ئەگەر لە سەردانی ئەبرەشییەکانیان بەردەوام بن، بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە و گوێ لە ڕێنوێنییەکانیان دەگرن، دوا جار، قەشەکان شانازیی ئەوەیان پێ دەبڕێ بیانخەنە سەر مەزەبی کاتۆلیکی، جیا لەمە، قازانجێکی تریش دەکەن؛ تا ژمارەی هاووڵاتییان زۆر بێ، قازانجی زەویوزاری قەشەکان بەرز دەبێتەوە.

جووتیارێکی سەر بەداخوازیکارانی تازەکردنەوەی پاکژی و باج وەرگرێکی سۆسینی سەر بەیەکێک لە ئەبرەشییەکانی شاری ڤارمی بوون لە پۆڵۆنیا. خەڵکانێک دنەی قەشەیان دەدا هەردووکیان دەربکا و بیانداتە دادگە: یەکەمیان لەبەرئەوەی کوڕەکەی پاکژ نەکردووەتەوە تا تەمەنی نەگەیشتووەتە پازدە ساڵ، دووەمیشیان چونکە باوەڕی بە "هاوبەشییەتیی لەناو کرۆکدا (گەوهەردا)"[٤٢]، نییە. کاتێک قەشەکە وەڵامی دانەوە پێی گوتن: ئەو دووە، لەو دنیا بەر سزای تاهەتایی دەکەون، بەڵام بۆ ئەم دنیا، پێویستم پێیانە.

با لە بازنەی تەسکی خۆمان دەرچین و بزانین لەو دنیا پان و بەرینەدا چ دەگوزەرێ. سوڵتانی هەرە مەزن[٤٣]، بەئاشتییانە و بەشایەنییەوە، حوکمی بیست گەل دەکات کە سەر بەئاینگەلێکی جیاوازن. نێزیکەی سەد هەزار یۆنانی بەئاسوودەیی لە قوستەنتینییە دەژین؛ موفتی بەخۆی ناوی پاتریارکی تایەفەی ڕۆمەکان دەستنیشان و دەکات و دەیداتە سوڵتان. هەروەسا ڕێ بەتایەفەی لاتین دەدرێ پاتریارکیان هەبێ. سوڵتان خۆی قەشەکانی لاتین بۆ هێندێک دوورگەگەلی

یۆنان[٤٤] دەستنیشـان دەکات. سوڵتان لەو ڕێورەسمەدا، ئەم ڕستەیە بەکار دێنێ: "فـەرمـانـی پێ دەدەم، ببـێـتـە قـەشـەی خـێـوس، بـەپێی نەریتـە کـۆن و سـرووتە هەڵەکانیـان". ئیمپـراتۆرییەتی عوسـمانی، خەڵکانێکی زۆر جیاواز لە سایەیدا دەژین: یەعقووبییەکان[٤٥]، نەستوورییەکان[٤٦]، ئەوانەی بڕوایان بەتاک ئیرادەیی هەیە[٤٧]. هەروەها قیبتییەکان، مەسیحیی سەر بە قدیس یوحنا[٤٨]، جوولەکە، زەردەشتییەکان، براهمانییەکان، کەچی سەرەڕای ئەم تێکەڵەیە، نەمانبیست ڕۆژێ ئاژاوەیەک ڕووی دابێ هۆکارەکەی ئاینێک بێ لەو ئاینانە.

خـۆ ئەگـەر هـەمـوو هینـدسـتـان و وڵاتـی فـارس و خـاکـی تـەتاریش تەی بکەین، هەست بەهـەمـان لێـبـووردەیی و ئاسـوودەیی دەکـەین. پوتروسـی گـەورە[٤٩]، بێ دوودڵی چاودێریی تێکڕای ئاینەکانی دەکرد لە ئیمپراتۆرییـەتە پانوپۆڕەکەیدا، هەر بەهۆی ئـەو سـیـاسـەتەشـەوە، بازرگـانی و کـشـتوکـاڵ پەرەیـان سـەند، بێ ئەوەی زیانێک بەجەستەی سیاسیی نەتەوەی ڕووس بگەیەنێ.

فـەرمـانڕەوایانـی چین کـە بەمـێـژووە چوار هەزار سـاڵانەکـەیانەوە نـاسـراون، نەچوونە سەر هیچ ئاینێک، ئاینی نووحی[٥٠]، نەبێ، کە بریتییە لە پەرستنێکی زۆر پـاک بۆ خـــوایەکی تاک و تـەنیـــا. بەڵام هـاوکـات، چاویان لـە قـســـە و بیـــرە پروپووچەکانی بوودایی و ئەو هەمـوو ڕاهیبـەپۆشی، کە ئەگـەر دانایی و حیکمـەتی قازییەکان ڕێی لێ نەگرتنایە، دەبوونە سەرچاوەی مەترسی.

ڕاستە یۆنگ چینگی[٥١] ئیمپراتۆری مەزن، داناترین و مەردترین پاتریارکەکانی چین، یەسـوعـیـیـەکـانی لە وڵاتـەکـەی دەرکـرد، بەڵام چینگ، ئەوەی نەکـرد نەک لەبەرئەوەی پیاوێکی نالێبووردەیە، نەخێر، لەبەرئەوەی یەسووعییەکان نالێبووردە بوون. خۆ هەر خۆیان لە "نامەکانی نامۆی"[٥٢]دا قسەکانی ئەو پاشا پیاوچاکەیان تۆمـار کردووە کە پێی گوتوون: "چاک دەزانم ئاینەکەتان، ئاینێکی لێبـووردە نییـە؛ چاکیش دەزانم لە مـانێلا و ژاپۆن چیـتان کردووە؛ توانیـتان بابم لـە خشـتـە ببـەن، وەلێ لـە خـەونیـشـدا نـاتوانن من بخـەڵەتێـنن". ئەگـەر تێکڕای وتارەکـەی پاشـا بخـوێنینەوە کـە گـەورەیی خـۆی وەلاوە نا و ئاراسـتـەی یەسـوعـیـیـەکانی کـرد، دەبینـین؛ لە خـەڵکە هـەرە عـاقـڵـەکـان و نەرمـونیـانتـرینـیـان بوو. باشــە هـەق بوو پێشـوازیی زاناگـەلێکی فیـزیکی ئەوروپایی بکا کە بەنـاوی پێشـاندانی "تەرازووی

گەرمای" و "تۆپەکانی هاروونی ئەسکەندەرانی"[٥٣]یەوە بەدانیشتوانی کۆشکی پاشـایەتی، چووبوونە ئەو ولاتە، بۆنەکە بقۆزنەوە و لەوێ داوا لە شـازادەیەکی بنەماڵەی پاشایەتی بکەن یاخی بێ؟ ئەو ئیمپراتۆرە چ دەڵێ ئەگەر کتێبەکانی مێژوومان بخوێنێتەوە، ئەگەر سەردەمی "یەکگرتووی کاتۆلیکی" و "پیلانی بارود"[٥٤]ی بدیتبایە؟

ئەرێ هێندە بەس نەبێ کە ئیمپراتۆر بەوردی ئاگەدار بوو لەو هەموو مشتومڕ و شەڕەقسەیەی نێوان بابە یەسووعییەکان[٥٥] دۆمینیکانییەکان[٥٦]، کەپووچییەکان[٥٧] و ئەو کاهینە مەدەنییانەی لەمسەری دنیاوە ڕەوانەی چین کرابوون، گوایە ڕاستی و چاکە بڵاو دەکەنەوە، کەچی لەوێ تۆمەتیان بۆ یەکتر هەڵدەبەست و یەکتریان نەفرەت و کافر دەکرد. ئەڵبەت بەدەرکردنیشیان، ئیمپراتۆر هیچی نەکرد، جگە لە گەڕاندنەوەی کۆمەڵێک ئاژاوەچی بۆ ولاتی خۆیان؛ سەرەڕای ئەوەش، هێشتا بەخەمخۆرییەکی باوکانەوە، فەرمانی دا، لە گەشتی گەڕانەوەیاندا بەشیاوی مامەڵەیان بکرێ و سووکایەتییان پێ نەکرێ. ڕاستییەکەی؛ دەرکردنیان، نموونەی لێبووردەیی و مرۆڤدۆستیی ئیمپراتۆر بوو.

ژاپۆنییەکان لە هەمووان لێبووردەتر بوون[٥٨]: لە ئیمپراتۆرییەتەکەیاندا دوازدە ئاینی جیاواز بەئاسوودەیی دەژیان. بابە یەسووعییەکانیش چوون و ئاینێکی تریان زیاد کرد، ئاینی سێزدەم. بەڵام هێندەی نەبرد، یەسووعییەکان بەئاشکرا، ئاینەکانی تریان ڕەت کردەوە، شەڕێکیان نایەوە، هیچی لە فەرەتەنەکەی یەکگرتووی کاتۆلیکەکان کەمتر نەبوو؛ کاولکاری و ماڵوێرانی دنیای گرتەوە، کارێک بەئاینی مەسیحی کرا قەت نەکرابێ. ژاپۆنییەکان، دەرگەی ئیمپراتۆرییەتەکەی خۆیان بە ڕووی دنیادا داخست، وایان لێ هات وەک دڕندە تەماشایان دەکردین، وەک چۆن ئینگلیزەکان دوورگەکەی خۆیان لەو دڕەندەییە پاک کردەوە، کاتێک کۆڵبێر[٥٩]ی وەزیرمان، دەرکی کرد پێویستمان بەژاپۆنییەکانە لە کاتێکدا ئەوان پێویستیان بەئێمە نەبوو ویستی پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی ژاپۆندا ببەستێ، لە دەمیان دایەوە و ئامادەی بچووکترین پێوەندی نەبوون.

هەموو دنیا بووەتە شایەتی ئەو کارەساتانە، کەواتە، پێڕەوکردنی دەمارگری و

بانگەشە بۆ کردنیشی هیچ سوود و ئەنجامێکی نییە.

دەبا ئێستا تەماشای نیوەکەی تری گۆی زەوی بکەین، دروست، تەماشای کارۆلاینا بکەین، ئەو دەوڵەتەی "لۆک"ی دانا یەکەمین کەس بوو بانگەشەی بۆ دەکرد(٦٠)، لە کارۆلاینا، تەنیا حەوت خێزاندار بۆیان هەیە ڕێک کەون و بناخەی ئاینێکی تازە دارێژن، یەکسەر یاسا بڕیاری لەسەر دەدا و دانی پێدا دەنێ؛ ئەم ئازادییە ڕەهایەش، هیچ بێ سەروبەرییەکی لێ نەکەوتووەتەوە. خوا شایەتە، ئەم نموونەیە بۆ ئەوە ناهێنمەوە تا بڵێم با لە فەرەنساش شتێکی وا بکەین! تەنیا بۆ ئەوەم بوو بیسەلمێنم؛ لێبووردەیی، چەند زێدەڕۆییشی تێدا بکرێ، کەمترین لێکترازان و فەرەتەنەی لێ ناکەوێتەوە. وەلێ مەرجیش نییە ئەوەی بۆ کۆلۆنیایەکی تازەهەڵکەوتوو بگونجێ، بۆ شانشینێکی کۆنیش گونجاو بێ.

ئاخر لەبارەی ئەو پریمیتیڤانەی بۆ گاڵتەپێکردن ناوم لێ نابوون کویکەرز(٦١)، بڵێم چی، ئەوانەی بەپێی نەریتەکانیان ئەگەرچی چەند شتێکی مایەی پێکەنینیشیان تێدا بوو ڕێگەی چاکەکارییان گرتبووە بەر و بێ پەروایانە بانگەشەی ئاشتی و پێکەوەژیانی مرۆڤایەتییان دەکرد؟ ژمارەیان لە پنسلڤانیا نێزیکەی سەدهەزار کەسە؛ لەو وڵاتە بەختەوەرەی دروستیان کردووە، جێگەی ناکۆکی و لێکترازان نابێتەوە، بگرە ناوی شارەکەیان، فیلادلفیا(٦٢)، کە هەموو چرکەیەک بیریان دەخاتەوە کە سەرلەبەری مرۆڤەکان، برای یەکترن، وەک نموونەیەک وایە بۆ ئەو گەلانەی هێشتە نازانن لێبووردەیی چییە، تا چاوی لێ بکەن، سیمبولێکیشە تا ئەو گەلانە هەست بەشەرمەزاری بکەن، چونکە ئێستەش لێبووردەیی نازانن.

بەکورتی؛ لێبووردەیی، هەرگیز نەبووەتە هۆکاری فەرتەنە و شەڕی نێوەخۆ و خۆبەخۆ، لە کاتێکدا، نالێبووردەیی، شوێنێکی ئەم سەرزەوینەی لە کۆمەڵکوژی بێ بەش نەکردووە. دەبا ئێستە سەرپشک بین لە نێوان ئەم دوو دۆخەدا: لە نێوان ئەو دایکەی دەیەوێ کوڕەکەی سەرببڕدرێ، ئەو دایکەش کە ئامادەیە لێی جیا بێتەوە بەو مەرجەی کوڕەکەی بمێنێ و بژی(٦٣).

من لێرەدا باسی هیچ ناکەم، بەرژەوەندیی نەتەوەکان نەبێ، لەگەڵ ڕێزیشمدا کە پێویستە لەسەرم، بۆ لاهووت، مەبەستم لەم وتارە تەنیا خزمەتی لایەنی مایەکی و ماناکیی کۆمەڵگەیە. داواش لە هەر خوێنەرێکی بێلایەن دەکەم، چاک لەم

ڕاستییانە ورد بێتەوە، هەوڵی ڕاستکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان بدا. ئاخر کاتێک خوێنەرگەلێکی وریا دەست بەگۆڕینەوەی ڕا و بۆچوون دەکەن، بەردەوام زۆر لە دانەری ئەم کتێبە واوەتر دەچن(٦٤).

پەڕاوێزەکان:

٢٧- چەند شارێکی فرەنسان، لە سەدەی شازدەدا، شەڕی گەورەیان تێدا قەوما لە نێوان کاتۆلیکەکان و پرۆتستانتییەکاندا. (و . ع).

٢٨- سۆربۆن: زانکۆیەکە بۆ ڤەکۆڵینی لاهووتی، ساڵی ١٢٥٧ هاتووەتە دامەزراندن تا قوتابییە هەژارەکانی تێدا بخوێنن. لە ساڵی ١٥٥٤ەوە سۆربۆن بووە شوێنی گفتوگۆکان لەبارەی کاروبارە لاهووتییەکانەوە و وای لێ هات جیاوازییە ئاینییەکانی یەکلا دەکردەوە. لە سەدەی شازدەدا بەدژی یەسووعییەکان وەستایەوە، دواتر، لە سەدەی حەڤدەدا، سەرکۆنەی جانسینییەکانی ڕکابەریشیانی کرد. ساڵانێکی زۆر ڕۆڵی دادگەیەکی کڵێسایی دەبینی و سانسۆرێکی توندیشی خستە سەر کتێب و نووسینەکان. دواتر ئەو ڕۆڵەی لە دەست دا و بووە زانکۆیەکی ئاسایی، ئەمڕۆ زانکۆی یەکەمی پاریسە. (و. ع).

٢٩- پاکیزەی ئۆرلیان یان خاتوونە قدیس جان دارک: پاڵەوانێکی فرەنسایی (١٤١٢ – ١٤٣١)، بەبنەچە، گوندییە. دەیگوت گوایە پەیامێکی ئاسمانیی هەڵگرتووە، هەوڵی دا یارمەتیی شارلی حەوتەمی پاشای فرەنسا بدا کە وڵاتەکەی لە بن داگیرکاری ئینگلیزەکاندا دەینرکاند، چەند سەرکەوتنێکی سەربازیی چاکی بەدەست هێنا، دواجار بەدیلی کەوتە چنگی ئینگلیز، بەتۆمەتی سیحربازی، داوەرییان کرد و لە شاری ڕوانی فرەنسایی سووتاندیان. (و . ع).

٣٠- شارلی پێنجەم (١٥٠٠ – ١٥٥٨): پاشای ئیسپانیا و سقلییە، دواتر بووە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەتی جەرمەنیی پیرۆز؛ چاوی لە داگیرکردنی هەموو ئەورووپا بوو، شەڕی سی ساڵەی بەدژی پاشای فرەنسا فرانسوای یەکەم، بەرپا کرد. (و . ع).

٣١- سیستۆسی پێنجەم (١٥٢٠ – ١٥٩٠): پاپای ڕۆما لە ١٥٨٥ەوە تا ١٥٩٠، پێ بەپێی بڕیارەکانی کۆڕوەندی کڵێسایی ترنتۆ، چاکسازیگەلێکی ئەنجام دا، لە سەردەمی هاتنە سەر تەختی پاشا هینریی چوارەمدا، خۆی لە ململانێی ئاینییەکانی فرەنسا هەڵدەقورتاند. (و. ع).

٣٢- لێخۆشبوون (الغفران): بریتییە لە چاوپۆشین لە مانەوە لەنێو پاکژخانەدا بۆ

ماوەیەکی دیاریکراو، پاپا دەتوانێ بیداتە هەر کەسێک کە خزمەتی کڵێسا بکا. لەوانەیە ئەو خزمەتە پێدانی پارە بێ، وەک ئەوەی پێی دەگوترا "پسوولەکانی لێخۆشبوون" کە بازرگانی پێوەکردنیانەوە، بووە هۆکاری ڕاستەوخۆی بزاڤی چاکسازیخوازی بە سەرکردایەتیی لوسەر. (و. ع).

٣٣- بانگخوازانی نوێکردنەوەی پاکژی (داعی تجدید المعمودیة): هەر دەستەواژەی پاکژی (المعمودیة) بۆ خۆی واتە: پاککردنەوە و واتایەکی ئاینی دەدا. پاککردنەوە (تعمید)؛ سرووتێکی ئاینی مەسیحییە و لەنێو چیرۆکەکانی ئینجیلیشدا چەند جارێک باسی هاتووە. بریتییە لە خۆشووشتنێکی تایبەت کە بەلای زۆربەی مەزهەبەکانی ئاینی مەسیحییەوە، دەبێتە هۆی پاککردنەوەی مرۆڤ لە پیسی و گوناه و هەڵەکانی، هەروەها دەبێتە دەستپێکی ئینتیما بۆ ئاینەکە و دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و خواپەرستییەکی ڕاست.

وەک چۆن لە ئاینی ئیسلامیشدا غوسل (خۆشووشتن) هەیە، بەگوێرەی سەرچاوە ئیسلامییە جێباوەڕەکان، لە ئاینی ئیسلامدا، حەڤدە جۆر غوسل هەیە. لە ئیسلامەتیدا، تاوانە گەورەکان غوسلککردن واجب دەکەن و تا گوناهکار نیەت نەهێنێ و غوسل نەکات، پاک نابێتەوە و هیچ خواپەرستییەکیشی لێ وەرناگیرێ، لە ئاینی ئیسلامدا، ئەرکە ئاینییەکان و سرووتەکانی خواپەرستییش، غوسلی تایبەتییان هەیە، وەک غوسلی تۆبە و غوسلی پۆشینی جلکی ئیحرامی حەج و.. هتد. (و. ک).

٣٤- سۆسینییەکان: ناوێکە بەباڵای ئەو هەرتوقییانەدا بڕاوە کە دوای ڕێنوێنییەکانی لیلیۆ سۆسینی (١٥٢٥ - ١٥٦٢) و فاوستۆ سۆسینی (١٥٣٩ - ١٦٠٤) کەوتن، خوایەتیی مەسیحیان ڕەت کردەوە و دژی هەر بیروباوەڕێکی لاهووتی وەستانەوە کە لەگەڵ بنەما عەقڵییەکاندا نەیەتەوە، بانگەشەی لێبووردەیی و خۆشەویستییان دەکرد. (و . ع).

٣٥- مینۆنییەکان: گرووپێکی ئاینیی سویسرایی بوون، لە بزووتنەوەی چاکسازیی پرۆتستانتی جیا بوونەوە، ئەم گرووپە لە هۆڵەندا و ئەڵمانیا لە دەوری ڕێبەرەکەیان مینۆ سیمۆنز گرد بوونەوە. مینۆ سیمۆنز ئەو کاهینە کاتۆلیکییەیە کە کڵێسای ڕۆمانی بەجێ هێشت، سەبارەت بە مەزهەبە ناعەقڵانییەتەکەیان لە بواری نهێنییەکان و ڕێڕەوە ستەمکارییەکانی کڵێساکە. مینۆنییەکان بەگشتی وەک داهێنەرانی عیلمانییەت دەناسرێن. (و . ع).

٣٦- مۆراڤییەکان: گرووپێکی پرۆتستانی بوون، پاش لەداردان و سووتاندنی

چاکسـازیخـوازی چیکی یان هـۆس سـاڵی ١٤١٥، له مـۆراڤـیـاوه سـەریان هـەڵدا. گرووپەکه داوای ئازادیی بانگەشەی ئاینی مەسیحییان دەکرد، دژی دەوڵەمەندبوونی پیـاوانی ئاینی و دەمـارگـریی کـڵـێـسـا بوون. داوای گـەڕانەوەی ئەو برایەتیـیـەی سـەردەمانی سەرهەڵدانی مەسیحییەتیان دەکرد. (و . ع).

٣٧– فـرانسـوا گـۆمـار: پیـاوێکی لاهووتی پرۆتسـتـانت بوو، له مـشـتـومـڕێکدا لەگەڵ ئارمـینـیـۆسی هاوکـاری، دەیگوت: گـوایـه خـوا هـەر له ئەزەلەوه بڕیاری داوه زۆربەی مرۆڤایەتی بخاته ئاگرەوه و تاهەتایه لێی دەرناچن. وەک پێشبینی دەکرا، ستەمکاران پاڵپشتیی ئەم قسه دۆزەخییەیان کرد؛ ئەوه بوو بارنگلدت، وەزیری یەکەمی هۆڵەندا، که دژی گۆمار بوو، له ١٣ی ئایار/مایۆی ١٦١٩دا له تەمـەنی حەفتا و دوو سـاڵیدا، سـەربڕدرا؛ تۆمـەتەکـەشی ئەوه بوو "کـڵـێـسـای خـوای تا دەست هەڵبـڕی خـەمـبـار کردووه". (و . ع).

٣٨– کاڵڤنییەکان: لایەنگرانی چاکسازیخـوازی فرەنسـای جان کاڵڤن (١٥٠٩ – ١٥٦٤)، ناچار بـوو فـرنسـا جێ بێـڵـێ و لـه شـاری جنێـڤی سـویسـرا نیـشـتـەجێ بوو، لەوێ دەوڵەتێکی دامەزراند که بەگوێرەی بنەماکانی ئینجیل بەڕێوەی دەبرا. (و . ع).

٣٩– ئەنگلیکانییەکان: لایەنگرانی کڵێسای فەرمیی ئینگلتـەرا لەوەتەی له کڵێسـای ڕۆما جیـا بووەتەوە، پاش تێکچوونی پێوەندیی پاشا هینریی هەشتـەم لەگەڵ پاپا، چونکه پاپا ڕازی نەبوو ڕێی پێ بدا ژنی یەکەمی تەڵاق بدا. (و . ع).

٤٠– له کاتی داکۆکیکردن له هەڵوەشانەوەی فەرمانی فەرمیی (مرسـوم) "نانت"دا، یەکێک لەو نووسـەرانەی خـۆیان دەنوێـنن، واته له نووسـینەکـانیـاندا خـۆ بـادەدەن، له دژی ئینگلتـەرا دەڵـێ: "هـەر دەبوو ئاینێکی درۆینه ئـەم بەروبوومـەی لێ بکەوێتـەوە؛ دارەکە، تاقه بەرێکی پێوه مابوو خەریک بوو پێ دەگەیی، دانیـشتوانی ئەو دوورگەیه ئەویشیان بڕییـەوە؛ ئـەوانه له چاوی هـەمـوو نـەتەوەکـاندا سـووک و ڕیسـوان". دەبێ بـڵـێین، ئەو نووسـەره کـاتێکی لەباری هەڵنەبژارد تـا بیـسـەلمێـنێ گـوایه ئینگلیـزەکـان شـایانی سووکایەتین و له هەموو دنیـاشدا ڕیسوان". بەبۆچوونی من، ناشـێ، نەتەوەیەک بەکەم ببینین و پێـمـان وابێ شـایانی ڕیسـواکردنن، له کاتێکدا ئازایەتی و پیاوەتیی خـۆیان دەسـەلمێنن و له هەمـوو دنیـادا سـەرکەوتن بەدەست دێنن. ئا ئەو زێدەڕۆییـیـه ناوازەیه، بەشـێکه له نالێبووردەیی؛ ڕاسـتت دەوێ، ئـەوانەی بانگەشـەی نالێـبـووردەیی دەکەن، هـەر ئەم شـێـوازه نووسـینـانەیان لێ دەوەشـێـتـەوە. ئەو کـتـێـبـه نـاشـیـرینه، کـه دەڵـێی بەقـەڵەمی شێتەکەی فـەربۆری* نووسـراوه، له مرۆڤـێکەوه دەرچووه که هیـچ پەیامـێکی

پێ نییە. ئاخر کام قەشەیە ئەگەر وتارێک بنووسێ، ئەوهای دەنووسێ؟ شێتایەتیی نووسەرەکە دەگاتە ئاستێک، پاساو بۆ کۆمەڵکوژییەکەی قدیس بارتلیمی دەهێنێتەوە. مرۆڤ وای بۆ دەچێ، کتێبێکی وا پڕاوپڕ لەو هەموو ناجۆرییە ناشیرینە، شایانی ئەوە بێ، هەر لەبەرئەوەی ناوازە و سەیرە، زۆر بەهەرمێن بێ، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە؛ وەختە بڵێم کەس هەر نایناسێ.

---

* ڤۆڵتێر لە زۆر جێی نووسینەکانیدا سەرکۆنەی ئەو کەسە دەکات کە پێی دەڵێ "شێتەکەی فەربۆری"، بێ ئەوەی قەت ڕوونی بکاتەوە، فەربۆری کێیە. ڕاستییەکەشی؛ مەبەستی جاک ڕانکیێی کاهینی یەکێک لە ئەبرەشییەکانی شاری کامبریێ. لە کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ١٧٦٢ و لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، حوکمی لەداردانی درا. یەسووعی بوو، یان هەر بەو ناوە خۆی بە ڕاهیبە ماتۆرییەکانی شاری فەربۆری دەناساند. دەمارێکی شێتیی تێدا بوو، خۆی دەیگوت گوایە دەستی هەبووە لە هەوڵی کوشتنی شا لویسی پازدەمدا لە کۆشکی ڤێرسای. (و . ع).

٤١– ناوێکە بەبالای مەزەبی چاکسازیخوازیی کڵێسای ئەڵمانیا مارتن لۆسەر و تێکڕای ئەو کڵێسا پرۆتستانتییانە بڕابوو کە لەسەر ئەو مەزەبە بوون.

٤٢– لێرەدا مەبەست لە جاک ئەدوارد ستیوارت، کوڕی جاکی دووەمی پاشای ئینگلتەرایە کە ساڵی ١٦٨٨ چووە سەر مەزەبی کاتۆلیکی، بۆیە لایەنگرانی یاخی بوون، ناچار پەنای بردە بەر فرەنسا. (و . ع).

٤٣– هاوبەشییەتی لەناو کرۆکدا (گەوهەردا): بیروباوەڕێکی کاتۆلیکییە کە دەڵێ: هەرسێ بنەما پیرۆزەکانی خواوەند، لەناو کرۆکدا هاوبەشن. (و . ع).

٤٤– لە ئەورووپا بە سوڵتانی عوسمانیی ئەستانە دەگوترا سوڵتانی مەزن. (و . ع).

٤٥– بڕوانە ریکۆت، لێرەدا ڤۆڵتێر داوا لە خوێنەر دەکا بڕوانێتە کتێبەکەی پۆڵ ریکۆت: مێژووی کڵێسای یۆنانی و کڵێسای ئەرمەنی، کە لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە. (و.ع).

٤٦– یەعقووبییەکان: ناوی ئەو مەسیحییە ئەرتەدۆکسییانەی سەر بە کڵێسای سریانییە کە باوەڕیان بەیەکبوونی سروشت لە کەسیەتیی مەسیحدا هەیە. (و . ع).

٤٧– نەستوورییەکان: لایەنگرانی نەستوور، پاتریارکی قوستەنتینییە (٣٨٠ _ ٤٥١)، لەلایەن کۆڕوەندی "ئەفەسس"ەوە ساڵی ٤٣١ لابرا، چونکە ڕازی نەبوو، نازناوی "دایکی خوا" لە مریەمی پاکیزە بنێ، لەسەرینی جیاوازیکردن لە نێوان هەردوو سروشتی: خوایانە و مرۆڤانەی کەسییەتیی مەسیحدا. نەستوور، بەردەوام دووپاتی

دەکردەوە: مریەم، دایکی مەسیحە نەک دایکی خوا. (و . ع).

٤٨- بیروباوەڕی تاک ئیرادەیی: جۆرێک بوو لە هەرتوقییەت، سەدەی حەوتەمی زاینی سەری هەڵدا، هەوڵی دا پێکەوە گونجاندنێک لە نێوان لایەنگرانی دوو سروشتی و تاک سروشتیدا دروست بکا، دەیگوت: مەسیح دوو سروشتی هەیە، بەڵام خاوەنی یەک ئیرادەیە کە ئیرادەی خوایە. ئەم بیروباوەڕە، ساڵی ٦٨١ی زاین، لەلایەن سێیەمین کۆڕوەندی قوستەنتینییەوە سەرکۆنە کرا. (و . ع).

٤٩- یوحنای مەعمەدان: سۆفییەکی فەڵەستینی بوو، مژدەی نێزیکبوونەوەی هاتنی مەلەکوتی ئاسمانەکانی بەخەڵک دەدا، مەسیحی لە ڕووباری ئەردەندا پاکژ (تعمید) کردووە. ساڵی ٢٨ی زاین، لەسەر داوای سەلومەی کچی هیرۆدیا، سەریان پەڕاند. (و . ع).

٥٠- پوترسی یەکەم (١٦٧٢ - ١٧٢٥)، پوترسی گەورەشیان پێ دەگوت: قەیسەری ڕووسیا و دواتر ئیمپراتۆری ڕووسیا، بە داگیرکردنەکان و چاکسازییەکانی ناوی دەرکردبوو. (و . ع).

٥١- نووحییەکان: لایەنگرانی نووح، گرووپێکی ئاینین باوەڕیان بەدنیاگیریی ئاین هەیە بۆ سەرلەبەری مرۆڤایەتی، چونکە خوا داوای لە نووح کرد تێکڕای زیندەوەرەکان بێ جیاوازی، ڕزگار بکا، بەپێچەوانەی زۆربەی پێغەمبەرانی دوای ئەوەوە کە هەریەکەیان بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەیەکی دیاریکراو هاتن. (و . ع).

٥٢- یۆنگ چینگ: ئیمپراتۆری چین (١٧٢٢ _ ١٧٣٥)، ڤۆلتێر بەنموونەی ستەمکارێکی عەقڵکراوەی دەزانێ. (و . ع).

٥٣- نامەکانی نامۆی: نامەگەلێکی زۆر زۆرە و بریتییە لە ٢٤ بەش، بابە یەسووعییەکان لە ڕۆهەڵات و هیندستان و ئەمەریکاوە ناردبوویان. ئەم نامانە، لە نێوان ساڵانی ١٧٠٢ تا ١٧٧٩، بڵاو کرانەوە، بڵاوکردنەوەیان تا ئاستێکی چاک ڕۆڵی بینی تا ئەورووپای ڕوو لە بوژانەوە، ئاگەداری کولتووری نائەورووپاییەکان بێ. (و . ع).

٢٨- تۆپەکەی هارونی ئەسکەندەرانی: تۆپێکی کانزاییە بەدەرچوونی هەڵم لە چەند کونێکییەوە، دەخولێتەوە، هارونی ئەسکەندەرانی لە سەدەی یەکەمی زایندا دای هێنا. (و . ع).

٥٤- پیلانی بارود: پیلانێکی شکستخواردوو، گرووپێکی کاتۆلیکی ساڵی ١٦٠٥ی زاین، ئەنجامیان دا، ئامانجیش؛ کوشتنی شا جاکی یەکەم، پاشای ئینگلتەرای ئەنگلیکانی و خێزانەکەی و بەشێک لە ئۆرستوکراتییەتی ئینگلیز بوو. دواتر دێینە سەر

باسکردنی. (و . ع).

٥٥- یەسووعییەکان: ڕەهبانییەتێک بوو، ئەغناسیس دی لوایولا ساڵی ١٥٤٠ دای مەزراند، هەوڵی دا کاتۆلیکییەت لە ڕۆهەڵاتی دوور و ئەمەریکای هیندی بڵاو بکاتەوە، شەڕێکی لاهووتیی توندی دژی پرۆتستانتییەت بەرپا کرد، بەرەنگاری شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی و ڕۆشنکاری بووەوە، دەمارگرانە لایەنی پاپایەتیی گرت، ڕکابەرانی خۆی دەچەوساندەوە، بەر لەوەی خۆشی لەلایەن ڕکابەرەکانییەوە جار ناجار بچەوسێتەوە. (و . ع).

٥٦- دۆمینیکانییەکان: ڕەهبانییەتێکی کاتۆلیکی بوو، دۆمینیکۆس قشتاڵی (١١٧٠ _ ١٢٢١) کە کڵێسا پیرۆزی کرد و کردیە قدیس، دایمەزراند. دۆمینیکانییەکان، بەتایبەتی ڕووبەڕووی هەرتوقییە کاتارییەکانی دەڤەری لاندۆگی فرەنسایی بوونەوە. (و . ع).

٥٧- کەپووچییەکان: ڕەهبانییەتێکی کاتۆلیکی بوو، سەدەی شازدە بەجیابوونەوە لە ڕەهبانییەتیی برا بچووکەکانی ئاسیزییەکان، دامەزرا. ئەو ناوەشیان لەو کڵاوەوە (CAPUCHON) هاتووە کە لایەنگرانی لە سەری دەکەن.

٥٨- بڕوانە کامپڤەر و چیرۆکەکانی تر لەبارەی ژاپۆنەوە [ڤۆڵتێر، داوا لە خوێنەر دەکا بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی کامپڤەر وتۆتبێرگ: چەند گەشتێک بۆ ژاپۆن، کە لە ئینگلیزی و ئەڵمانیاییەوە کراوە بە فرەنسایی. (و . ع)].

٥٩- جان پاتیست کۆڵبێر (١٦١٩ _ ١٦٨٣): پیاوێکی دەوڵەتیی فرەنسایی بوو، ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵاتی ناوەندیدا. هانی بازرگانی و پیشەسازیی دا، بەرەنگاری گەندەڵی و بەرتیلخۆری بووەوە، ئەکادیمیای زانیارییەکان (١٦٦٦) و ڕوانگەی پاریسی دامەزراند. (و . ع).

٦٠- کارۆلاینا: ئەو دەمەی، ڤۆڵتێر ئەم دەقەی لەبارەی لێبووردەییەوە نووسی، هێشتە کارۆلاینا وڵاتێکی بندەست و داگیرکراوی ئینگلیز بوو. دواتر سەربەخۆ بوو و چووە ڕیزی یەکەتیی ئەمەریکاوە تا ساڵی ١٧٧٨ – ساڵی کۆچی دوایی ڤۆڵتێر – بووە سێزدەمین وڵاتی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. (و . ع).

٦١- کویکەرز: گرووپێکی ئاینی بەبنەچە ئینگلیزییە و بە "کۆمەڵەی برادەران" دەناسرا، لە کڵێسای ئەنگلیکانیی تارانی، جیا بووەوە و پێی وابوو: باوەڕ پرسێکی کەسێنییە و سەرلەبەری پلە بەپلەکانی (تراتبیە) کڵێسای ڕەت دەکردەوە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەموو شوێنێک زیاتر بڵاو بووەوە، چونکە لەوێ باڵ یان لایەنگرانی

ئینجیلی زۆرینە بوون. (و . ع).

٦٢- فیلادلفیا: شارێکی ئەمەریکاییە لە وڵاتی پنسڵڤانیا. ناوی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ "دلفیا" ناوی ئەو شارە یۆنانییەی بەپەرستگەی هەردوو خواوەند "ئەپۆلۆن و ئەسینا" بەناوبانگ بوو، هەروەها "فیلا"، واتە: "کچە خۆشەویست" یان "کچە برادەر". (و . ع).

٦٣- ئاماژەیە بۆ ئەو چیرۆکەی تەوراتی پیرۆز لەبارەی پەنابردنی دوو ژنەوە بۆ شا سلێمانی دانا تا بڕیار لە دایکایەتیی یەکێکان بدا بۆ منداڵێکی شیرەخۆرە. کاتێک پاشا پێشنیازی کرد، منداڵەکە بکرێ بەدوو لەتەوە و هەر لەتەی بۆ یەکێکیان، ئەوەی دەیگوت من دایکیم بەپێشنیازەکە ڕازی بوو، وەلێ دایکە ڕاستەقینەکەی جیابوونەوەی لە منداڵەکە پێ باشتر بوو لەوەی منداڵەکە لەنێو بچێ. (و . ع).

٦٤- بەڕێز دێ لا بۆرۆنیێ، شارداری شاری "ڕوان"، دەڵێ: کارگەی دروستکردنی کلێتەکان لە کۆدبیک و نۆشاتڵ، بەهۆی کۆچکردنی پەنابەرەکانەوە شکستیان خوارد. بەڕێز فۆکۆ، شارداری "کان" دەڵێ: بازرگانی لە ناوچە داراییەکەیدا بەڕێژەی لە٥٠٪ دابەزی. بەڕێز دی مۆبیۆ، شارداری "بواتیێ" دووپاتی دەکاتەوە: پێ دەچێ کارگەی چنین هەر وێران بێ. لای خۆیەوە بەڕێز بۆزۆن، شارداری "بۆردۆ" سکاڵای ئەوە دەکا کە لە هەردوو شاری کلیراک و نیراک، بازرگانی هەر نەماوە. بەڵام بەڕێز میرۆمنێل، شارداری دەڤەری تۆرین، جەخت دەکاتەوە: بازرگانی لە شاری "تۆر"دا بڕی دە ملیۆنان لە ساڵێکدا پاشەکشەی کردووە؛ هۆکاری هەموو ئەمانەش چەوساندنەوەیە (بڕوانە بەیاننامەکانی شاردارەکان، ساڵی ١٦٩٨). با ئەوەشمان بیر نەچێ، بەتایبەتی، ژمارەی ئەفسەرانی زەوینی و دەریایی، ئەوانەی ناچار بوون لە دژی فرەنسا شەڕ بکەن، زۆر بەلێهاتووییشەوە؛ دەبا بپرسین، ئەرێ نالێبووردەیی، زیانی بەدەوڵەت نەگەیاندووە؟

نیازمان نییە سەرەڕۆیی بکەین و پێشنیازگەل پێشکێشی وەزیرانێک بکەین کە دەزانین چەند بلیمەت و نیازپاکن و لە پیاوەتی و بنەچەیان دڵنیاین؛ وەلێ ڕۆژێک دێ بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە چاکسازیی هێزەکانی دەریایی، بڕێک لێبووردەییی بەرانبەر دانیشتوانی لێواری دەریاکانی پێویستە*.

---

* دانیشتوانی چەندان شاری لێواری زەریای ئەتڵەسی پرۆتستانتی بوون. (و . ع).

بەشی پێنجەم

چۆن لێبووردەیی قبووڵ دەکرێ؟

پێ لە جەرگی خۆم دەنێم و وای دادەنێم وەزیرێکی عەقڵکراوە و مەرد، یان قەشەیەکی مرۆڤدۆست و دانا، یان پاشایەک کە دەرک بەوە بکات بەرژەوەندیی ئەو لە زۆربوونی ژمارەی لایەنگرانی و نەمریشی لە خۆشگوزەرانیی ئەواندایە، ئەو چاکەیە بکا و چاوێک بەم دەقە تێکرژاو و کەمتاکورتەدا بگێڕێ، لە هزری ڕووناک و کراوەی خۆی چی پێ باشە بیخاتە سەری و خۆی بدوێنێ: باشە چ زەرەر دەکەم ئەگەر ژمارەیەکی زۆرتر خەڵکی زەحمەتکێش کار بکەن لە چاندن و جوانکردنی ئەم خاکەدا، خێڵەکان گەورە بن و ژمارەیان چەند هێندە بێ، وڵات ئاوەدان بێ و بگەشێتەوە؟

ئەمڕۆ ئەڵمانیا، شتێکی تر نەدەبوو، جگە لە بیاوانێکی چۆڵی پڕ لە ئێسک و پرووسکی ئەنجیلییەکان، پرۆتستانتییەکان، کاتۆلیکییەکان و لایەنگرانی نوێکردنەوەی پاکژی، ئەوانەی بەرودوا یەکتریان سەربڕی، ئەگەر ڕێککەوتننامەی ویستڤالیا[١]، ئازادیی بیروباوەڕی بۆ هەمووان دەستەبەر نەکردایە.

جوو لە هەردوو شاری بۆردۆ و میتنەر لە دەڤەری ئەلزاس هەن؛ لۆسەری، مۆلینی[٢]، جانسینییەکان[٣]یشمان هەیە؛ باشە بۆ کالڤنییەکانیش قبووڵ نەکەین و دەست بەسەریاندا بێنین، ئینگلیزەکان چۆن مامەڵەی کاتۆلیکییەکانی لەندەن دەکەن، ئێمەش ئەوها مامەڵەی کالڤنییەکانمان بکەین؟ ئاخر تا ژمارەی تایەفە و تیرەگەل زیاد بن، مەترسییان لەسەر یەکتر کەم دەبێتەوە؛ فرەیی، لاواز و شانوشەوکەتیان لار دەکات، نەخاسمە، ئەگەر هەر هەموویان بێ جیاوازی لە سایەی یاساگەلێکی قەڵغان ئاسادا بژین؛ یاساگەلێک گردبوونەوە بەهەڵاوهوریاکان قەدەخە بکا، ڕێ بەجنێو و فەرتەنە نەدات، یاساگەلێکی بەکار کە هێزیان لەوەدا بێ وەک یەک بەسەر هەمووناندا جێبەجێ بکرێن.

ئێمە دەزانین چەندان خێزاندار، ئەوانەیان کە بەهەزار دەردەسەریی غەریبایەتی سامانێکی زۆریان پێکەوە ناوە، ئامادەن بگەڕێنەوە نیشتمانەکەیان. ئەوانە تەنیا داوای پاراستنی یاسای سروشتی دەکەن، داوا دەکەن دان بە هاوسەرێتییەکەیان و ڕەوایی منداڵەکانیاندا بنرێ، مافی میراتگریی باوانیان هەبێ و لە ژیانی خۆیان دڵنیا بکرێنەوە. ئەوانە داوای شوێنی گشتی ناکەن بۆ نوێژەکانیان، داوای مافی وەرگرتنی پلە و پایەی حکوومەتییان نەکردووە. ئاخر کاتۆلیکییەکان لە لەندەن و وڵاتگەلێکی تریش لەو مافانە بێبەشن.

لە بنەڕەتیشدا، کەس داوای دەستکەوتی گەورە و مسۆگەر بۆ توێژێک لە توێژەکان ناکات، بەڵکە بوار بدرێ بە گەل بە دڵنیایی و ئاسوودەیی بژی و سنوورێکیش بۆ ئەو یاسا و ڕێوڕەسمە ڕەقوتەقانە دابنرێ کە جاران پێویست بوون، وەلێ نەها چ پاساوێکیان نەماوە. ئەرکی ئێمە نییە پێڕەوی حکوومەت داڕێژین و پێی بڵێین چ بکا و چ نەکات، هێندە هەیە، ئێمە بەناوی ئەو لێقەوماوانەوە هانای بۆ دەبەین.

ڕێگە زۆرە بۆ ئەوەی سوود لەو کەسانە وەرگرین و نەهێڵین ببنە سەرچاوەی مەترسی. دانایی وەزارەت و ئەنجوومەن، بەپاڵپشتیی هێز، وا دەکەن بەسانایی ئەو ڕێگەیانە بگرنە بەر کە پێش ئێمە چەندان نەتەوەی تر گرتیانە بەر و بەرێکی چاکیان لێ چنینەوە.

بێگومان، تا ئێستەش لەنێو پیاوە ناودار و زیرەکەکانی کالڤنییەکاندا، خەڵکێکی دەمارگر هەن، بەڵام بێ سێ و دوو، ژمارەی دەمارگران لەنێو ناوداران و پیاوە زیرەکەکانی دەروێشاندا (حاڵ لێهاتووان)[٤]دا زیاترە.

خۆ ئەگەر بگوترێ گەجەروگوجەرە شێتەکانی شاری سان ـ میدار، بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی نەتەوەکەماندا، هەر هیچ نین، دەبێ بشزانین، بەرانبەر بەوە، گەجەروگوجەرە کالڤنییەکان لە ڕیشەوەڕا کۆمەڵکوژ کران. چاکترین ڕێگەش بۆ کەمکردنەوەی دەمهەراشەکان، ئەگەر تا ئێستە مابێتن، ئەوەیە؛ واز لەو زەینە نەخۆشە بهێنرێ و خەڵک عەقڵ و هۆش بهێننەوە بەرخۆیان، مەبەست، ئەو عەقڵەیە کە لەسەرخۆ و بەرێکوپێکی بەرچاوی مرۆڤەکان ڕووناک دەکاتەوە، ڕووناککردنەوەیەکی هەمیشەیی.

ئەم عەقڵە؛ جوانە، مرۆڤانەیە، هانی مرۆڤ دەدات نەرمونیان بێ، فەرتەنە لە بێشکەدا دەخنکێنێ، دەچێتە ژێر باڵی چاکەکاری، گوێڕایەڵی بۆ یاساکان خۆشەویست دەکات زیاتر لە هێز و چاوسوورکردنەوە. دواتر، باشە نابێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ، دەمارگری و هەڵەشەیی، بوونەتە مایەی گاڵتەجاڕیی خەڵکە بەشەرەفەکە؟ ئا ئەم گاڵتەجاڕییە، بووەتە ئاستەنگ لە بەردەم ئەو سەرچیخچوون و بێ سەروبەرییەی ئاخری ڕۆژێک هەموو ئەوانەی تێ دەکەوێ کە خۆمانە خۆمانە و مەزەبچیەتی دەکەن. لاپەڕەکانی ڕابردوو هەڵدرانەوە، وەک ئەوەی هەر نەبووبن وایە. بۆیە پێویستە لەسەرمان، هەردەم لەو خاڵەوە دەست پێ بکەین کە پێی گەیشتووین، ئەو جێیەی میللەتانی تری پێ گەیشتووە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، دەزگا پێوەندیدارەکان لەو باوەڕەدا بوون، هەر کەسێک لە مەزەبێک فێری خەڵک بکا کە لەگەڵ گوتەکانی ئەرستۆ، لەگەڵ ترس لە چۆڵی و چییەکان و گشتبوونی بەشدا، نەیەتەوە، دەبێ بدرێتە دادگە. لە ئەوروپا زیاتر لە سەد کتێبی ئیجتیهادی قەزاییمان هەیە لەبارەی سیحرەوە، هەروەسا لەبارەی ڕێگەکانی جیاکردنەوەی سیحربازە جادووگەرەکان و سیحربازە ڕاستەقینەکانەوە. زۆرجار گوێمان لێ بووە، کوللە و هەموو ئەو مێروانەی زیان بە بەروبوومی کشتوکاڵی دەگەیەنن، بەر نەفرەتی کڵێسا کەوتوون؛ ئەم نەریتە، لە چەندان سرووتی ئاینیدا ماوەتەوە، بەڵام بەگشتی، ئەو داوونەریتانە، بوونەتە موڵکی ڕابردوو، ئێستە وامان لێ هاتووە، وازمان لە ئەرستۆ هێناوە، هەروەها سیحرباز و کوللە.

نموونەی ئەو سەرلێشێواویانە، ڕۆژگارێک هێندە بەهەرمێن بوون، نایەنە ژماردن؛ ئەگەر ئێستەش جار ناجارێک، باویان دێتەوە، کەفوکوڵێکە و دادەمرکێتەوە. خۆ ئەگەر کەسێک بیەوێ کاربۆکراتی[٥] یان ئۆتیخی[٦] بێ، یان لەوانە بێ کە باس لە تاک تاکی ئیرادەی یان تاک سروشتی دەکەن[٧]، نەستووری یان مانەوی[٨] بێ، چی ڕوو دەدا؟ خەڵک گاڵتەی پێ دەکەن، هەمان ئەو گاڵتەیەی بەکەسێکی دەکەن کە لەم ڕۆژگارەدا، جلکێکی مۆدێلی کۆن لەبەر دەکات.

خەریک بوو خەڵکەکە چاویان دەکرایەوە، لەولاوە، دوو بابی یەسووعی، لوتلیێ[٩] و دوسان[١٠]، ئەو "بێبەریکردنە"یان نووسی کە ناویان لێ نابوو ئونیگنتوس[١١]

UNIGENTUS و ناردیان بۆ ڕۆما.

وا ســەریـان لێ تێک چووبـوو، دەتگوت لـە ســەردەمــە تـاریکەکـاندا دەژیـن، ئەو ڕۆژەی، گەلان بێ لێکدانەوە و وردبوونەوە، دەکەوتنە دوی ئەو قسـە هـەرزانانە. ئەو دووانە، ڕێیـان بەخـۆیان دا و داوایان لـە خـەڵک کرد دەسـتبـەرداری ئەو بنەوایە بن کە مـرۆڤ دەبێ لە هـەمـوو دۆخ و سـەردەمـەکـاندا پارێزگاری لە مـرۆڤبـوونی خـۆی بکا، ئەو بنەوایەی دەڵێ: "نابێ ترس لە نەفرەتی کڵێسا وا لە مرۆڤ بکا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکا".

ئا ئەم داوایە، وەک فـرێدانی عەقڵ و وەلانانی ئـازادییـەگەلی کڵێسـای گـالیکانی وابوو، هـەروەها بنچینەکانی ئاکاریش.

ئەو دووانە، بەو داوایەیان، وەک ئەوەی بـە مرۆڤـەیلی دنیـا بڵێن: خـوا فەرمـانتـان پێ دەکا، ئەرکەکـانتان جێبەجێ مـەکەن ئەگەر لە زوڵم و ستەم ترسـان. هـەرگیز بەو ڕووقایمییەوە تانە لە عەقڵی کامڵ، نەدراوە. بەڵام ڕاوێژکارە لاهووتییەکـانی ڕۆما، ســەرنجی ئەوەیـان نەدا، ئەوە بوو دەوروبـەرەکـەی ڤـاتیکانیـشـیــان بردە ســەر ئەو بڕوایەی گوایە ئەو "بێبەریبوونە" ویستی خەڵکەکەیە. ئەوە بوو؛ ئیمزا کرا، مۆر کرا و بڵاو کرایەوە؛ ئەو ئەنجامانەشی لێ کەوتەوە کە دەیزانین.

بەدڵنیاییەوە، هـەر کەسێک مەزەندەی ئەو ئـەنجامانەی بکردایە؛ بێبـەریبوونەکە، هەمـوار دەکرا، زمـانەکەی نـەرمـتر دەکرا: ئـاخر ئەو مـشـتـومـڕ و پێک هـەڵـبـژانەی بـەرپـای کـرد، تـا بڵـێی توند بوو، هێـور و خـاویش نەدەبووەوە ئەگـەر دووربـینیی ئەو پاشا پیاوچاکە نەبووایە.

زۆربەی پرسـەکانی نێوان ئێمـە و پرۆتستـانتەکـان، هـەر وایە: هێندێکیان هیـچی وایان لـێ ناکــەوێتــەوە، وەلـێ هێنـدێکی تریان، جـێـی مــەترسـین؛ بەڵام ئـەو هـەڵا و شـەڕوشـۆڕەی لێیـان کەوتەوە، ئێستـە خـاو بووەتەوە تا ئەو ئاستەی پرۆتستـانتەکان بۆ خــۆیان، زۆر پێ دانـاگــرن لەســـەر مــشــتـــومــڕ و دەمــەدەمێ لـە هیـچ کــام لە کڵێساکانیاندا.

کـەواتـە، ئەم ڕۆژگـاری دڵ تێکەڵاتن و تێـرییـەی ئـەمـڕۆ، یان ڕوونـتـر بڵـێم ئەم ڕۆژگـاری عـاقـڵـبـوونـەی ئەمڕۆ، لەوانەیە هەر بەردەوام بێ، ئـەگەر وەک ڕۆژگـاری جێگیریی گشتی و زامنی جێگیرییەکە، لێکی بدەینەوە. ئاخر دەردی شـەڕەقسە لە

دوا قـۆناخـیـدایە؛ ئەم تاعـوونـەی لێی چاک بووینەوە، لە پارێزێکی کـەم زیاتری پێویستە. دوا جار، بەرژەوەندیی وڵات بەتایبـەتی، پێویستی بەوەیە، کۆچ پێکراوان بێ هەراوهوریا بگەڕێنەوە زێدی خۆیان: هەستی مرۆڤانە داوای ئەوە و عەقڵیش وا ڕێنوێنیمـان دەکـات، سـیـاسـەتیش بەم هەنگاوە، دووچاری هیچ مـەترسـیـیـەک نابێتەوە.

پەراوێزەکان:

١- ڕێککەوتننامـەی ویستڤالیا: ئەو ڕێککەوتننامە یان بەڵێننامەیەیە کە کۆتای بە شـەڕی سی ساڵە و شـەڕی هەشتا ساڵەی نێوان وڵاتە کاتۆلیکییەکان و وڵاتانی ئەوروپا هێنا. لە ٢٤ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٦٤٨دا ئیمزا کرا. گرینگترین برگەکانی: داننان بوو بەبوونی سێ مـەزهەب: کاتۆلیکی، لۆسـەری، کالڤنی لە ئیمپراتۆرییەتی جێرمـانیی ڕۆمـانیی پیرۆزدا، دوا جـار بنەوای (پرەنسـیـپی) سـەروەریی دەوڵەتی نەتەوەیی وەک بنچـینـەیەک بۆ یاسـای نێـودەوڵەتی، پەسند کـرا، ئەوەش؛ هەڵوەشـاندنـەوەی بنەوای "مافی دەستێوەردانی بەهێزی لە کاروباری بێ هێزدا"ی لێ کەوتەوە. (و . ع).

٢- مۆلینییەکان: لایەنگرانی یەسوعی ئیسپانیایی لویز مۆلینا (١٥٣٥ _ ١٦٠١) کە بۆچوونەکانی لەبارەی خێروبێری خواوە، مـەزهەبی "دڵنیایی"ی لێ کەوتەوە، دڵنیایی، مەزهەبێکی سۆفیزمە کە پێی وایە؛ کەمـاڵ، لەسەر خۆشەویستیی خوا و ئاسـوودەیی دەروون دەوەستێ. (و . ع).

٣- جـانسـینییـەکان: لایەنگرانی لاهووتیی هۆڵەندایی کۆرنیلۆس جانسینیۆس (١٥٨٥ _ ١٦٣٨)، دەیگوت، ڕزگـاربوون تـەنیـا بۆ کـۆمـەڵێک خـەڵکە کـە لە خـەڵکەکـەی تر لە پێشـترن. ڕاسـتـە ئەم بزاوە لـە هەریەک لە هۆڵەندا و ئیـتـاڵیـا بڵاو بووەوە، بەڵام بنکە سەرەکییەکەی هەر فرەنسا بوو، ئەوە بوو لەگەڵ یەسوعییەکاندا، لێکیان دا. بەهۆی لێهاتوویی و کاریگەریی دێری "بۆر _ ڕۆیاڵ"ەوە، ئەم مەزهەبە پەرەی سەند. (و . ع).

٤- دەروێشـان یان حـاڵ لێـهاتووان (المختلجین): گرووپێکی ئاینیی مـەسـیحی بوون کە سرووتە ئاینییەکانیـان هێندێک پێڕەوی دەروێشانەی* وەک حـاڵلێـهاتنی تێدا بوو. شاری سان _ میداری فرەنسا، بنکەی سـەرەکییان بوو، لە گۆڕستانەکەی ئەوێندەر گرد دەبوونـەوە بۆ ئەنجامدانی سرووتە دەروێشـانەکـانیـان، باسـیـان لە پێشـاندانی هێنێک مۆجیزە (کەسنەکردە _ معجزە)، دەکرد. (و . ع).

* لە جـیـاتیی (المختلجین _ اختـلاج)، دەروێشـان و حـاڵ لێـهاتنم بەکار هێناوە، چونکە

وشــەیەکی پڕ بەپێـست و گـونجـاوترم نەدۆزییــەوە، هـەروەهـا وەک لە لێکدانـەوەکــەی وەرگێڕی عەرەبی تێ گەیشـتم، زۆر لە حـاڵ لێـهـاتن و دەروێشـایەتییـەکەی خـۆمـانـەوە نێزیکە، ئەگەر ئەو نەبێ.

٥- کـاربۆکـراتیــەکـان: بـەناوی کـاربۆکـراتسـی فـەیلەسـووفـەوەیە. کـاربـۆکـراتس، فـەیلەسـووفێکی عیرفـانییە، لە سـەدەی هـەشـتـەمی زایندا لە ئەسکەندەرییە لەدایک بووە، کاربۆکراتییەکان باوەڕیان بەلەبەرگرتنەوە یان دووپاتبوونەوە (تناسخ) هەبوو، پێیـان وابوو دنیـا دروسـتکراوی فریشـتـەگـەلێکە، مـەسـیـحـیش وەک فـیـسـاگـۆرس و ئەفلاتوون وایە. (و . ع).

٦- ئۆتیـخـیـیـەکـان: تایەفـەیەکن لە لایەنگرانی ڕاهیـبـێکی مـەسـیـحی بەناوی ئۆتیـخـا کـە دەیگوت: مـەسـیح تاکسـروشـتـە؛ ئـەوە بوو سـاڵی ٤٥٥ی زاین، کۆڕوەندی خلـقـیدونی سەرکۆنەی کرد. (و.ع).

٧- مەزەبی تاکسروشت یان مۆنۆفیزیکی: مەزەبێکی لاهووتی بوو، سەدەی پێنجەمی زاین سـەری هەڵدا، لایەنگرانی ئەم مـەزەبە هەوڵیـان دەدا، ئەو دژبـەرییەی لـە بڕیارەکـانی کۆڕوەندی "نیقیـا"دا هەیە لەبارەی سروشـتی مەسیحەوە، نەیهێڵن. لە بڕیارەکانیاندا هـاتبوو گـوایە "کوڕ لەناو کرۆکدا لەگەڵ خوا هـاوبەشـە". مۆنۆفیزیکییەکان، سروشتی مرۆڤبـوونی مـەسـیـحـیـان ڕەت دەکردەوە و دەیانگوت، مـەسـیح خـاوەنی سـروشـتێکی خـوایانەیە. بەپێـچـەوانەی نەسـتـوورییــەکـانەوە کـە دەیانگوت، مــەسـیـح هەردوو سروشـتـەکەی (مـرۆڤـانە و خـوایانە) تێدا کـۆبووەتەوە. سـاڵی ٤٥١ی زاین، مەزەبی مۆنۆفیزیکی، لەلایەن کۆڕبەندی خلقیدونییەوە سەرکۆنە کرا. (و . ع).

٨- مانەوییەکان: مەزەبێکی جووتەیە (دووانە) باوەڕیان بە ململانێی بنەوای خێر و بنەوای شـەڕ هەیە، لایەنگرانی ئەم مـەزەبە بڕوایان بە چێـژی جـەسـتـە نییـە، کـوشـتن و نکووڵیکردن (التـجـدیف)(*) بەحــەرام دەزانن. نـاوەکـەی دەگـەڕێتـەوە بۆ "مـانی"ی دامـەزرێنەر و خـاوەنی "وەسیەتنامە دە خـاڵییەکە". لە ئاینی مـەسـیـحیدا، بەگرووپی مانەوی دە نلسرێن. (و . ع).

* نکووڵیکردن (التجدیف): واتە نکووڵیکردنی ڕاسـتییـەک لەبارەی مـەسـیـحـەوە. وەک لە ئینجیلیشدا هـاتووە، هەموو گوناه و نکووڵیکردنێک، لێخۆشبوونی هەیە، نکووڵیکردن لەبارەی مەسیحەوە نەبێ. (و.ک).

٩- میشێل لوتلیێ: ڕاهیبێکی یەسووعیی فەرەنسایی (١٦٤٣ _ ١٧١٩)، کاتب باشی یان میـرزای شا لویسی چواردەم بوو، دنەی شـای دەدا بەدژی جانسینییەکان، ئەوە بوو

بەفەرمانی شا، دێرەکەیان لە بۆر ـ رۆیاڵ رووخێنرا. (و . ع).

١٠- لویس دوسان: لە بابە یەسووعییەکانە (١٦٥٢ ـ ١٧٢٦)، نووسەری "مێژووی نەستوورییەکان" و "مێژووی ئۆریجانییەکان"، دژایەتییەکی توندی جانسینییەکانی دەکرد، "یاداشتنامەی کورت"یشی بەدژی ئەوانە نووسی. (و . ع).

١١- ئونیگنتوس: ئەو "بێبەریبکردنەیە" کە پاپا کلیمنزۆسی یازدەم بەشا لویسی چواردەمی دا لە ئەیلوول/سێپتەمبەری ١٧١٣دا، لەوێدا، پاپا، جانسینییەکانی بە سەد و یەک پرس سەرکۆنە کرد؛ بێبەریکردنەکە، لە چەندان نێوەندەوە ڕەت کرایەوە، لەوانە دادگەی باڵای پاریس. کەچی دوا جار جێبەجێکردنی سەپێنرا و وەک یاسایەکی شانشینی فرەنسا هاتە پەسندکردن. (و . ع).

بەشی شەشەم

ئاخۆ دەمارگری یاسایەکی سروشتی و یاسایەکی مرۆڤانەیە؟

یاسای سروشتی، ئەو یاسایەیە کە سروشت بۆ سەرلەبەری مرۆڤەکانی دادەنێ. هەر کەسێک کورەکەی خۆی پەروەردە کرد، ئەو ڕێزەی لێ دەگیرێ کە شایەنی هەموو باوکێکە، لە بەرچاوبوون و وەفا، ئەرکی هەموو مرۆڤێکە بەرانبەر ئەوانەی چاکەیەکیان لەگەڵیدا کردووە؛ ئەوەی پارچەیەک زەویی بەدەست و بازووی خۆی بچێنێ، بەروبوومەکەی مافی خۆیەتی؛ ئەوەی بەڵێنێکی دا، دەبێ بیباتە سەر؛ ئەوەی کە بەڵێنێکی پێ درا، مافی خۆیەتی چاوەڕێی جێبەجێکردنی بەڵێنەکە بێ.

یاسای مرۆڤانە، ناتوانرێ دابڕێژرێ بەگوێرەی یاسای سروشتی نەبێ؛ بنەوای هەرە مەزن، بنەوای گشتیی تێکڕای یاساگەلە لە هەموو دنیادا، کە پوختەکەی بریتییە لە: "کارێک بەرانبەر خەڵک مەکە کە ناتەوێ دەرهەقت بکرێ". ڕاستییەکەی، ئێمە تێ ناگەین چۆن مرۆڤ لە سەرینی ئەم بنەوایەوە بە مرۆڤێکی تر بڵێ: "باوەڕ بێنە بەوەی من باوەڕم پێیەتی و بەوەی تۆ باوەڕت پێی نییە، دەنا چارەنووست مردنە". دروست ئا ئەمەیە لە پورتوگال و ئیسپانیا و گوا[١٢] بەخەڵک دەگوترێ. بەڵام لە وڵاتانی تر، هێندە دەگوترێ: "باوەڕ بێنە دەنا دەتبوغزێنم؛ باوەڕ بێنە دەنا چی خراپە پێت دەکەم؛ شتە پیس مادام باوەڕت بەئاینەکەی من نییە، کەواتە بێ ئاینی و حوکمی پێشوەختە دراوی، بۆیە هاوسێکانت، شارەکەت، دەڤەرەکەت، ڕقیان لێت دەبێتەوە".

خۆ ئەگەر یاسای سروشتی ڕێگەی بەم جۆرە ڕەوتارە بدایە، دەبوو ژاپۆنی ڕقی لە چینی بێ، ئەو چینییە لای خۆیەوە ڕقی لەو سیامییانە ببێتەوە کە داوا دەکەن لە دوی گانگاریدییەکان[١٣] نەبنەوە، ئەوانیش داخی خۆیان بەدانیشتوانی هیندۆسی دەڕێژن؛ هەروەها، مەنگۆلییەکان، چەقۆکەیان لە سنگی یەکەمین مالاباری[١٤] ڕۆکەن کە دەیبینن، مالابارییەکان، فارسەکان سەربڕن، فارسەکان، چی خراپە بە

تورکان بکەن؛ هەر هەموویان بکەونە سەروگوێلاکی مەسیحییەکان کە کەمیان بەیەکتر نەکردووە.

ماف لە دەمارگریدا، مافێکی بەرەلایانە و هۆڤییانەیە؛ وەک مافی پڵنگانە و لەویش بێزەوەرتر؛ پڵنگ کەڵبەکانی لە گۆشت گیر ناکات بۆ خواردن نەبێ، بەڵام ئێمە یەکتریمان نەهێشت لەپێناو چەند دێڕێکدا کە لێرە و لەوێ نووسراون.

پەراوێزەکان:

١٢- ئاینی مەسیحی لە دەڤەری گوای هیندستان بڵاو بووەوە پاش داگیرکردنی لەلایەن پورتوگالەوە کە تا ١٩٦١ی خایاند. ئەو دەڤەرە ئازارێکی زۆری چەشت بەدەست عەقڵییەتی "دادگەکانی پشکنین"ەوە، کە لە دەست قورسییەکەی لە ئیسپانیا و پورتوگال جۆری وڵاتانی تری ئەوروپا نەبوو. (و . ع).

١٣- گانگاریدییەکان: گەلێکی خەیاڵیی ڤۆڵتێرە، لە زۆر نووسیندا وەک گەلێکی نموونەیی کە بەپێی بنەواکانی عەقڵ دەژین، وێنایان دەکات، گەلێک داشۆراو لە دەمارگری و ڕا و بۆچوونی پێشوەختە؛ ڤۆڵتێر، بەری ڕۆژئاوای رووباری گەنجی هیندستانی وەک نیشتمانی ئەو گەلە خەیاڵییە داناوە. (و . ع).

١٤- دانیشتوانی ناوچەی مالابار لە هیندستان. (و . ع).

بەشی حەوتەم

ئاخۆ گریکەکان دەمارگرییان دەزانی؟

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە مێژووی گەلان بۆمان ماوەتەوە، هەر هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە ئاینە جیاوازەکانیان، وەک ڕایەڵەی نێوانیان بووە، ئاینەکان وەک پردی پێکەوە بەستنەوەی مرۆڤەکان بووە. دەبینین ڕێزگرتنی میوان و میوانداری تەنانەت لە نێوان خواوەندەکانیشیاندا پێڕەو کراوە وەک چۆن لە نێوان خۆیاندا پێڕەویان کردووە. بۆ نموونە ئەگەر میوانێک سەردانی شاری "تەفەق"ی بکردایە، خواوەندی ئەوێی دەپەرست. گەلان خواوەندی دوژمنەکانیشیان بەپیرۆز دەزانی و ڕێزیان لێ دەگرتن. تەروادییەکان، نزا و نوێژەکانیان بۆ هەمان ئەو خواوەندە بوو کە یارمەتیی گریکەکانی دەدا لە شەڕدا.

ئەسکەندەری گەورە ڕووی لە ساراکانی لیبیا کرد تا ڕاوێژ بە "ئامون"ی خواوەند بکا، ئەوەی گریکەکان "زویس"یان پێ دەگوت و لاتینییەکانیش "جۆبیتێر"، لەگەڵ ئەوەی لای خۆیان "زویس" و "جۆبیتێر"یان هەبوو دەشیانپەرستن. کاتێک سوپایەک گەمارۆی شارێکی دەدا، نوێژ و قوربانییان بۆ خواوەندەکانی ئەو شارە دەکرد تا لێیان ڕازی بن و پشتیوانییان بکەن. کەواتە، لە گەرمەی شەڕیشدا، ئاین خەڵکی گرد دەکردەوە، هێوری دەکردنەوە، ئەگەرچی جارجارێکیش بووەتە هۆکاری ڕەوتاری نامرۆڤانە و بێزەوەر.

لەوانەیە بەهەڵەدا چووبم؛ بەڵام پێم وایە، گەلێک نییە لە گەلە دێرینە شارستانییەکان، ڕێی لە ئازادیی بیر گرتبێ. هەر نەتەوە، ئاینی خۆی هەبوو؛ لەو بڕوایەدام ئەو ڕۆژگارە، خەڵکەکە مامەڵەی خواوەندەکانیان چۆن دەکرد، مامەڵەی یەکتریشیان ئەوها دەکرد. سەرلەبەریان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خوایەکی باڵادەست هەیە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر زۆر خواوەندی لەو خوارتریان دەکردە هاوبەش؛ تەنیا یەک جۆر پەرستن هەبوو، ئەگەرچی ڕێ بەژمارەیەکی لە بن

نەهاتووی شێوازەکانی پەرستن دەدرا.

گریکەکان، بۆ نموونە، هەرچەندە ئاینیان زۆر قایم بوو، بەڵام هەرگیز ڕێیان لە نکوولّیکردنی پشتیوانیی خواوەند و بوونی خۆ (نەفس) نەدەکرد. ئەوە باسی ئەو هەموو کۆمەڵە و بنەچانە ناکەم کە هەموویان لەو بیرە ڕاست و ڕەوانە لایان دابوو کە دەبێ مرۆڤ دەرهەق بەخوای پەروەردگار هەیبێ؛ کەچی هەموو ئەو گرووپ و کۆمەڵانە، ڕێگەپێدراو یان چاو لێپۆشراو بوون.

سوکرات، کە گەیشتە بەرزترین پلەکانی خواناسی، باجی ئەوەشی دا، وەک دەگوترێ، سوکرات شەهیدی بالآیی و بێهاوتاییی خوایە، تاکە مرۆڤە کە گریکەکان سەبارەت بەبۆچوونەکانی کوشتبێتیان. خۆ ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، هەرگیز مایەی شکۆمەندی نییە بۆ دەمارگری، چونکە ئەو کەسەی بەتاقی تەنیا خوای بەبالآدەست و نەمر دەناسی، خراپترین سزا بدرێ، کەچی بەپێچەوانەوە، ئەوانەی نزمترین چەمکیان پێش خوایەتی دەخست، پاداشت بکرێن. بۆیە، بۆ دوژمنەکانی لێبووردەیی، وا چاکە خۆیان لەو نموونە ناشیرینە ببوێرن کە دادوەرەکانی سوکرات پێشکێشیان کرد.

بێگومان، هەرچۆنێک بێ، سوکرات بووە قوربانیی گەلەکۆمەکێی خەڵکێکی تووڕە و توند. ئاخر سوکرات، دوژمنێکی زۆری بۆ پەیدا بووبوو لەنێو وتاربێژ و شاعیران و وتەبێژاندا، ئەوانەی لە قوتابخانەکاندا وانەبێژ بوون، تەنانەت لەنێو پەروەردەکارانی منداڵی بنەماڵە خواپێداوەکاندا. سوکرات خۆی دەیگوت لەو وتارەدا کە ئەفلاتوون لە زارییەوە دەیگێڕایەوە، ئەو ماڵ بەماڵ دەگەڕا تا بەو پەروەردەکارانە بڵێ ئێوە نەزانن. ئەڵبەت ئەو ڕەوتارە لە کەسێک نەدەوەشایەوە کە زانایەک نازناوی "داناترین مرۆڤ"ی لێ نابوو. ئەوە بوو پیاوێکی ئاینی و ڕاوێژکارێکی ئەنجوومەنی پێنجسەدی[١٥]، سەریان کرد بەیەکدا و دەنگیان کرد بەیەک بۆ تۆمەتبارکردنی؛ ناشزانم تۆمەتەکەی بەڕاستی و بەوردی چ بوو، چونکە دان پێدانانەکەی سوکرات خۆی زۆر ڕوون نییە؛ بەکورتی، ئەوەی لەو بەرگری لەخۆکردنەی بەردەم دادوەراندا[١٦] دەردەکەوێ، سوکرات، تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بۆچوونی دژ بە ئاین و دەسەڵاتی بەنێو گەنجاندا دراوەتە پاڵ. ئەوەش تۆمەتێکە؛ هەردەم مرۆڤە زمان لێدەر و بوختانچییەکان پەنای بۆ دەبەن لە سەرانسەری دنیادا.

ڕاسـتـیـیـەکـەی، دەبـێ دادگـە پشت بە بـەڵگەی ڕوون ببـەسـتـێ و ڕەگـەزەکـانـی تاوانبارکردنەکە، دیاریکراو و ورد بن. لە دادگەکردنی سوکراتدا ئەمـەمان نەبینی؛ هێندە دەزانین، سـەرەتا دووسـەد و بیست دەنگ، لایەنی سـوکراتیـان گرت، ئەمـەش مـانای وایە، لە ئەنجوومـەنێکی پێنجسـەد کەسیدا، دووسـەد و بیست فەیلەسـووف هەن. ئەم ڕێژەیەش، لە هیچ ئەنجوومەنێکی تردا دەست ناکەوێ، بەڵام ئەوە بوو دوا جار هـەر زۆرینە بڕیاری خۆی دا کە سـوکرات ژەهر بخواتەوە. وەلـێ نابێ ئەوەمان لە بیـر بچـێ، کـاتێک دانیـشـتـوانی ئەسـینا هاتنەوە هۆش خـۆیان، لۆمـەی دادوەرەکانیـان کرد و نەفرەتیـان لە حوکمەکەیان کرد، مـالیتس کە بەرپرسـیاری یەکەمی ئەو حوکمە بوو، بەهۆی ئەو ستەمـەوە لە سـوکراتی کرد، حوکمی مـردن درا، ئەوانەشی هـاوڕا و هاوکاری بوون، لە ئەسـینا شـاربەدەر کـران، هەر بەیادی سوکراتیشەوە، پەرستگەیەک لە ئەسینا دروست کرا. ئەم نموونەیەی سوکرات، دوا جـار، بەهێـزترین و تۆقێنەرترین پاسـاوە بە ڕووی دەمـارگـریدا. ئەسـیناییـیـەکان، پەیکەرێکیـان هەبوو تـایبـەت بە خـواوەندە بیـانیـیـەکـان، واتە؛ بەو خـواوەندەی نەیاندەزانی هەیە. بڵـێی بـەڵگەیەکی لەوە بەهێـزتر هەبێ لەسـەر لێـبـووردەییـیـان بەرانبەر نەتەوەکانی تر، نەک هێندە بگرە ڕێزگرتنی ئاینەکانی تر؟

کەسێکی سـەنگین کە دوژمنـی عەقڵ و ئەدەب و پـاکیـەتی و نیشـتمان نییـە، بەم دواییـیـانە هـەر بەئەنقەست، لەمیانی پاساوهێنانەوەدا بۆ کۆمەڵکوژییەکەی جەژنی قدیس بارتلیمی، شەڕی "فوقییەکان"(١٧)، بەنموونە دەهێنێتەوە و بە "شەڕی پیرۆز" ناوی دێنـێ، وەک ئەوەی ئەو شـەڕە بەهۆی ئاین، بیـروباوەڕێک یان پاسـاوگەلێکی لاهووتییەوە، بەرپا بووبـێ، ڕاستییەکەی ئەو شەڕە لەسـەر موڵکایەتیی کێڵگەیەک بوو، ئەمـەش هـۆکاری تێکڕای شـەڕەکـانە. ئاخر هـەرگیـز پەڵەگەنمێک، نیـشـانەی بیروباوەڕێک نییە، ڕاستت دەوێ، یەک شـاری گریکی نییە لەپێناو بیر و بۆچووندا شەڕی کردبێ. کەواتـە دوا جار ئەم پیـاوە خاکییە جوانە مەبەسـتی چییـە؟ دەیەوێ شەڕێکی پیرۆز بەرپا بکەین؟

پەراوێزەکان:

١٥- ئەنجـوومـەنی پێنجسـەدی: ئەنجـوومـەنی فـەرمـانڕەوایی و دادوەریی باڵای ئەسـینا لە سـەردەمی دیموکراسـیدا. لە پێنجسەد ئەندامی هەڵبژێردراو پێک دەهات، هەر خێڵێک

له ده خێڵەکەی ئەسینا، پەنجا نوێنەری لەو ئەنجوومەنەدا هەبوو. ساڵانە ئەندامیەتییان بە هەڵبژاردن تازە دەکرایەوە، مەرج بوو پاڵاوکەکان (مرشحین)، تەمەنی سەروو سی ساڵ بێ و پێشتر ئەندامی ئەنجوومەنەکە نەبووبێ. (و . ع).

١٦- بەرگرییەکە، یان بەرگرییەکەی سوکرات: گفتوگۆیەکە، ئەفلاتوونی قوتابیی سوکرات نووسیویەتییەوە، وردەکاریی داوەریکردن و بەرگری لەخۆکردنی سوکرات دەگێڕێتەوە. (و . ع).

١٧- مەبەست شاری فۆقیایە، شارێکی کۆنی ئاسیای بچووکە، ڕۆڵێکی بازرگانیی زۆر گەورەی بینیوە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا؛ فۆقییەکان _ چەند مێژوونووسێک دەڵێ لە فینیقییەکانن _ بەدرێژاییی دەریای سپیی نێوەڕاست بازرگانییان دەکرد و ژمارەیەک سەنتەری بازرگانییان لە لێوار دەریا بۆ خۆیان دروست کردبوو دواتر ئەو سەنتەرانە چەندان شاری لێوار دەریایان لێ پەیدا بوو، لەوانە شاری مارسیلیای فرەنسایی. (و . ع).

بەشی هەشتەم

چی دەبوو گەر ڕۆمانەکان لێبووردە بوونایە؟

لای ڕۆمانە کۆنەکان، لە سەردەمی "ڕۆمۆلۆس"[١٨]ەوە، تا ناکۆکی کەوتە نێوان مەسیحییەکان و کاهینەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەوە، هەرگیز مرۆڤێک سەبارەت بە بیر و بۆچوونەکانی نەچەوسێنراوەتەوە. ئەوە شیشرۆن[١٩] بۆ نموونە، گومانی لە هەموو شتێک هەبوو، لۆقراسیۆس[٢٠]، سەرلەبەری شتەکانی ڕەت دەکردەوە، کەچی ساناترین لۆمە نەکران. لەوانیش واوەتر، بلینۆسی[٢١] سروشتناس، پێی لە جەرگی نا و کتێبەکەی بەڕەتکردنەوەی خوا و پێداگرتن لەسەر خوایەتیی "ڕۆژ"، دەست پێ کرد. شیشرۆن لە کاتی قسەکردن لەبارەی شانشینی دنیای ژێرەوە دەڵێ: "یەک گێل نابینی بڕوای بەبوونی هەبێ". لۆینالیس[٢٢] واوەتریش دەڕوا و دەڵێ: "منداڵیش باوەڕی بەوە نییە". سروودبێژانی شانۆی ڕۆما هاواریان دەکرد:

"پاش مردن هیچ شتێک نییە
مردنیش، بۆ خۆی، هیچ نییە"[٢٣].

با وای دابنێین ئەم قسانە زۆر خراپن یان با لێیان خۆش بین لەنێو گەلێکدا کە هێشتا تیشکەکانی ڕووناکی، نەگەیشتبوونە مێشکی؛ با بڵێین هەڵەن و خەڵکیش بەهەڵەدا دەبەن، نەخێر کفرن، بەڵام دوا جار هەر دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆمانەکان تا دەست هەڵگری، لێبووردە بوون، چونکە ئەو قسانە هیچ دڕدۆنگی و ناڕەزاییەکی لێ پەیدا نەبوو.

پوختەی بنەوای باڵا بەلای ئەنجوومەنی پیران و گەلی ڕۆمانەوە بریتی بوو لە: "تەنیا خواوەند خۆی پێوەندیدارە بەو سووکایەتییانەی پێی دەکرێ". ئەم گەلە جەربەزەیە، تەنیا بیری لای گرتنی دنیا و حوکمکردنی و دەستگرتنیەتی بەرەو شارستانیەت. ڕۆمانەکان، هاوزەمان، داگیرکەر و یاسادانەریشمان بوون؛ قەیسەر[٢٤] کە مەرج و یاسا و یارییەکانی فێر کردین، ناچاری نەکردین

لەپێناویدا، دەستبەرداری کاهینەکانمان بین[٢٥]، سەرەڕای ئەوەی پاشای هەرە مەزنی نەتەوەی سەرکاری (أمة سيدة) ئێمە بوو.

ڕۆمانەکان خودانی هەموو ئاینەکان نەبوون، ڕەوایەتیشیان لە هەمووان وەرنەدەگرتەوە؛ بەلاّم بێ جیاوازی ڕێیان بەهەموویان دەدا. لە سەردەمی نۆما[٢٦]دا، هیچ بابەتێکی مایەکییان نەبوو بیپەرستن، نە مەزار و نە پەیکەر، بەلاّم دواتر نوێژیان بۆ دوازدە خواوەندەکە دەکرد کە گریکەکان بۆیان هێنان. ڕاستە یاسای دوازدە تەختی، دەڵێ نابێ خواوەندێکی بیانی بپەرستی و ئاینی گشتی، تەنیا پەرستنی خواوەندی مەزنە کە ئەنجوومەنی پیران دانی پێدا ناوە. بەلاّم ئەمە ڕێی لەوە نەگرت، ئیزیس پەرستگەی هەبێ لە ڕۆما، ئەو پەرستگەیە مایەوە تا سەردەمی تیباریۆس[٢٧] کە فەرمانی ڕووخاندنی دا، چونکە کاهینەکانی پەرستگەکە خۆیان ناپاکییان کرد. ئەوە بوو بەرتیلیان لە مۆندۆس[٢٨] وەرگرت و ڕێیان پێ دا گوایە خواوەند ئەنۆبیسە، لەنێو پەرستگەکەدا لەگەڵ ئافرەتێک بەنێوی پاولینا بخەوێ. ئەوی ڕاست بێ، تەنیا یۆسیفۆس[٢٩] ئەم چیرۆکەی گێڕاوەتەوە کە تێیدا نەژیاوە و زۆر خۆشباوەڕ و حەزی لە زێدەڕۆییش بووە. ڕاستت دەوێ، کەمێک گرانە بڕوا بکەین ئافرەتێک لە خانەدانانی سەردەمی تیباریۆسی کراوەدا، هێندە گێل بووبێ لەگەڵ پیاوێکدا بخەوێ و پێی وابێ لەگەڵ خوداوەندێکدا دەخەوێ.

جا ئەم چیرۆکە ڕاست بێ یان نا، ئەوەیان ڕاستییە کە پەرستگەیەک لەنێو ڕۆمادا بۆ خواوەندێکی میسری دروست کراوە و بە ڕەزامەندیی هەموو لایەکیش. لە ڕۆما، جوو، لە ڕۆژگاری شەڕی بوونییەکانەوە[٣٠]، بازرگانییان دەکرد؛ لە سەردەمی ئۆگستۆسدا، کڵێساگەلێکیان بۆ خۆیان بنیات نا، ئەو کڵێسانە تا ڕۆمای نوێش، هەر مانەوە، بڵێی بەڵگەی لەمە ڕوونتر هەبێ کە ڕۆمانەکان، لێبووردەییان بە بڕگەی هەرە پیرۆزی یاسای ژیان لە قەڵەم دەدا؟

پێمان گوترا مەسیحییەکان لە یەکەمین ڕۆژی دەرکەوتنیانەوە، چەوسێنراونەتەوە، لەلایەن ڕۆمانەکانەوە کە هەرگیز کەسیان نەچەوساندووەتەوە. لای من ڕوون و ئاشکرایە، ئەم قسەیە ڕاست نییە؛ بەڵگەشم، قدیس پۆڵس خۆیەتی. "کارەکانی پەیامبەران"[٣١] پێمان دەڵێ، قدیس یەعقووب پێشنیازی کرد

بۆ قدیس پۆڵس (کە جوو تۆمەتباری دەکەن بەوەی هەوڵی داوە بەنێوی یەسووعی مەسیحەوە شەریعەتی مووسایی لەنێو بەرێ)، سەری بتاشێ و لە پەرستگەکەیدا لەگەڵ چوار جوو، خۆی پاکژ بکاتەوە، "تا سەرلەبەری دنیا بزانێ ئەوەی لە بارەتەوە دەگوترێ ڕاست نییە و تۆ تا ئێستە پارێزگاری لە شەریعەتی مووسایی دەکەی".

بەو شێوەیە، پۆڵسی مەسیحی، حەوت ڕۆژان هەرچی سرووتی جوان هەیە جێبەجێی کردن؛ وەلێ بەر لەوەی حەوت ڕۆژەکە تەواو بێ، جوولەکەگەلێکی ئاسیایی ناسییانەوە؛ دەبینن کە دەچێتە نێو پەرستگەکەوە هەر تەنیا جوو هاوڕێی نین، بگرە "غەوارە"[٣٢]شی لەگەڵدان، ئەوەش بەلای ئەوانەوە پێشێلکردنی پیرۆزیی شوێنەکەیە؛ گرتیان و ڕاپێچی بەردەم دادگەی فلیسیان کرد؛ دواتر بۆ بەردەم دادگەی فستۆس[٣٣]. جوو، کۆدەنگ بوون لەسەر لەداردانی؛ فستۆس وەڵامی دانەوە: "ئەوە ڕۆمانەکان نین مرۆڤێک حوکم بدەن، پێش ئەوەی تۆمەتبار بەرەوڕووی تۆمەتکارانی ببێتەوە و دەرفەتی بەرگری لەخۆکردنی پێ بدرێ".

ئا ئەم دەستەواژەیە، گرینگییەکەی لەوەدایە، هیی دادوەرێکی ڕۆمانییە کە پۆڵس بەهیچ نازانێ، بگرە بێزی لێ دەبێتەوە: ئەوە بوو خۆی پێ عاقڵ بوو، سەری لێ شێوا و بەشێتی دەزانی، بگرە ڕاستەڕاست دەیگوت، ئەوە شێت بووە[٣٤]. کەواتە کاتێک، فستۆس، کابرایەکی نەناسی پاراست، هیچی نەکرد جگە لە پێڕەوکردنی دادپەروەریی شەریعەتی ڕۆمانی نەبێ.

ئەوەتا ڕوحی قودس خۆی ڕای دەگەیەنێ کە ڕۆمانەکان چەوسێنەر نەبوون، بگرە بەویژدان بوون. ئاخر جوو، نەک ڕۆمان، لە قدیس پۆڵس هەڵگەڕانەوە، بەفەرمانی جوویێکی سدووقی[٣٥]، نەک بەفەرمانی ڕۆمانییەک، قدیس یەعقووبی برای یەسووع، بەردباران کرا. هەروەسا ئەوە تەنیا جوو بوون، قدیس ئیستیفانیان[٣٦] بەردباران کرد، کە قدیس پۆڵسیش کەلوپەلەکانی جێبەجێکارانی پاراست، بەدڵنیاییەوە وەک هاووڵاتییەکی ڕۆمانی هەڵسوکەوتی نەکردووە.

وا دیارە، مەسیحییە کۆنەکان، ڕکابەرییەکیان لەگەڵ ڕۆمانەکان نەبووە؛ هیچ دوژمنێکیشیان نەبووە، جووەکان نەبێ کە بەرەبەرە لێیان جیا دەبوونەوە. ئاخر هیچ کینەیەک ناگاتە ئەو کینەیەی لایەنگرانی ئاینێک بەرانبەر ئەوانە هەیانە کە لە

ئاینەکەیان جیا دەبنەوە. بێگومان، مقۆمقۆیەک کەوتە نێو کڵێساکانی ڕۆماوە؛ سویتۆنیۆس[٣٧]، لە کتێبەکەیدا "ژیانی کلاودیۆس"(بەشی بیست و پێنجەم) باسی دەکات. دەڵێ "ئەو جووانە لە ڕۆما دەرکران کە بەدەست لەپشتدانی کەسێک بەناوی مەسیح، بەردەوام یاخی دەبوون"[٣٨].

پێ دەچێ سویتۆنیۆس، بەهەڵەدا چووبوو کە ئەو مقۆمقۆیەی دەخستە ئەستۆی مەسیح. ڕاستییەکەی، نەیدەتوانی ئاگەداری وردەکاریی ژیانی گەلێکی وەک گەلی جوو بێ کە ڕۆما ڕقی لێی دەبووەوە؛ بەڵام لە بەرانبەردا لەبارەی هۆکاری ئەو شەڕەوە بەهەڵەدا نەچووبوو. ئاخر سویتۆنیۆس، ئەوەی لە سەردەمی هەدریانۆس[٣٩]دا، نووسیوە، لە سەدەی دووەمی زایندا، واتە؛ ئەو ڕۆژگارەی ڕۆمانەکان هێشتە مەسیحییەکانیان لە جووەکان جیا نەدەکردەوە. ئەو بڕگەیەی وەک نموونە لە کتێبەکەی سویتۆنیۆس هێنامانەوە، بەڕوونی دەری دەخات، ڕۆمانەکان، مەسیحییە کۆنەکانیان نەچەوساندووەتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە، لەو جووانەیان دا کە مەسیحییەکانیان دەچەوسانەوە. دوای ئەوە، کڵێسای ڕۆما ویستی لێبووردە بێ دەرهەق بەو برایانەی جیا بوونەتەوە، وەک چۆن ئەنجوومەنی پیران، لێبووردە بوو لەگەڵیاندا. ئەوە بوو هەر خێرا جووە دەرکراوەکانی ڕۆما گەڕانەوە، بگرە گەیشتنە پلە و پایەی زۆر بەرز، سەرەڕای ئەوەی یاساکان ڕێگەی پێ نەدەدان. دیۆن کاسیۆس و ئۆلپییانۆس، وا دەگێڕنەوە[٤٠].

باشە دەچێتە عەقڵەوە، پاتریارکەکانی ڕۆما کە پاش وێرانکردنی قودس، پلە و پایەی بەرزیان ڕژاند بەسەر جووەکاندا، مەسیحییەکان بچەوسێننەوە و کردویانن بەخۆراکی خوێنمژ و دڕەندەکان لە کاتێکدا بە بەشێکیان لە جوو دادەنان؟

لەوانەیە بگوترێ نیرۆن مەسیحییەکانی چەوساندووەتەوە؛ وەک تاقیتۆس دەڵێ[٤١]، ئەوانە بە سووتاندنی ڕۆما تۆمەتبار بوون و درانەوە گەلێکی تووڕە. ئاخۆ تۆمەتبارکردنیان، سەبارەت بەبیروباوەڕیان بوو؟ وا پێ دەچێ، نەخێر. دەکرێ لەبارەی ئەو چینییانەوە، کە هۆڵەندایییەکان پێش چەند ساڵێ لە قەراغ شاری باتاڤیا[٤٢] سەریان بڕین، بڵێین قوربانیی ئاینەکەیان بوون؟ چەند حەزمان لێ بێ خۆمان بەهەڵەدا بەرین، مەحاڵە ئەو کارەساتەی بەسەر هێندێک نیوچە مەسیحی و نیوچە جوودا هات لە سەردەمی نیرۆندا، هۆکارەکەی ئاین بووبێ.

پەراوێزەکان:

١٨- دامەزرێنەری داستانییانەی شاری ڕۆما (٧٥٣ پ . ز) و یەکەمین پاشایان بوو، ڕۆمانەکان وەک خواوەندێک کە شارەکەیان دەپارێزێ، دەیانپەرست. (و . ع).

١٩- مورقس تۆلیۆس شیشرۆن (١٠٦ _ ٤٣ پ . ز): سیاسەتوان و وتارخوێنێکی لاتینی و لە لایەنگرانی مەزەبی گومانکردن بوو. نەوەی خێزانێکی میللی بوو کە زۆر خێرا پایەی کۆمەڵایەتیی هەڵگەڕا؛ کەوتە نێو دنیای سیاسەتەوە بەهێرشکردنە سەر فەرماندە و پیاوی دەوڵەتیی ڕۆمانی سۆلا؛ دواتر بووە کونسوڵ، دوایی بووە لایەنگری بۆمبیۆسی فەرماندە، پێش ئەوەی لاگیریی خۆی بۆ یۆلیۆس قەیسەر ڕابگەیەنێ. پاش کوشتنی قەیسەر، پشتی ئۆکتاڤیۆسی گرت لە دژی مورقس ئەنتۆنیۆس. لە سایەی "حکومەتی سێقۆڵی"ی دووەمدا، لە ڕۆما شاربەدەر کرا و کوژرا. سیاسەتوانێکی لێهاتوو نەبوو، وەلێ وتارخوێنێکی ڕەوانبێژ بوو، لە کتێبێکدا گاڵتە بە بیروباوەڕە ئەفسانەیی و پڕوپووچەکانی ڕۆمانەکان دەکات. (و . ع).

٢٠- تیتۆس لۆقراسیۆس کارۆس: شاعیرێکی لاتینیی لەدایکبووی ڕۆما (٩٨ _ ٥٥ پ . ز): لە ئەبیقۆر نێزیک بوو، وای بۆ دەچوو، ترس لە مردن، ئەو ترسەی تەنیا غایلە (هاجس) و وەهمی سیاسی و ئاینی دروست دەکات، سەختترین ئاستەنگی بەردەم خۆشگوزەرانیی مرۆڤە. (و . ع).

٢١- بابە بلینۆس: سروشتناس و نووسەرێکی لاتینی،ساڵی ٢٣ی زاین لە کۆمۆ لەدایک بووە، ئەمیراڵی هێزی دەریاوانی بوو، لە تەقینەوەکەی گڕکانی فیزۆف ساڵی (٧٩ ز) تێداچوو. کتێبی "مێژووی سروشت"ی نووسیوە کە کتێبێکی زۆر گەورەیە و ٣٧ بەرگە. (و . ع).

٢٢- لۆینالیس: شاعیرێکی لاتینیی (نێزیکەی ٦٠ _ ١٤٠ ز) ڕەخنەگرە. نووسەری کتێبی "داشۆرینەکان"، لەو کتێبەدا هێرش دەکاتە سەر کەموکورتییەکانی سەردەمەکەی. (و . ع).

٢٣- سینیکا: "تەروادە" لە سروودەکانی شانۆی ڕۆما، کۆتاییی بەشی دووەم.

٢٤- مەبەست، داگیرکردنی فرەنسا دەکات کە بەوڵاتی غالییەکان دەناسرا، لەلایەن یۆلیۆس قەیسەرەوە. (و . ع).

٢٥- وشەی "کاهینەکان" لێرەدا، ئاماژەیە بۆ "درۆیدییەکان" واتە؛ کاهینە کلتییەکان. (و . ع).

٢٦- نۆما بۆمبیلیۆس (نێزیکەی ٧١٥ _ ٦٧٢ پ . ز): دووەمین شای داستانییانەی ڕۆما،

ڕێکخستنی دامەزراوە ئاینییەکانی ڕۆما لەسەر دەستی ئەم بوو. (و . ع).

٢٧- تیباریۆس یۆلیۆس قەیسەر: ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی بوو (٤٢ پ . ز _ ٣٧ ز)، سیاسەتوانێکی لێهاتوو، کارگێڕێکی دانا؛ وازی لە هێندێ دەسەڵات هێنا بۆ ئەنجوومەنی پیران، بایەخی زۆری بەتۆکمەکردنی سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەی و کاروباری دارایی دەدا. لە پاش خۆی، ئۆگستۆسی کوڕی جێی گرتەوە کە هەڵی گرتبووەوە (تبنی). (و . ع).

٢٨- داقیۆس موندۆس: سوارچاکێکی ڕۆمانی عاشقی ئافرەتێکی خانەدان بووبوو بەنێوی پاولینا کە بەچاکە و وەفاداری بۆ مێردەکەی ناسرابوو. پاولینا، لە ڕێی کارەکەرەکەیەوە کە لە بەندەکانی ئیزیس بوو، بەرتیلی دا بە کاهینەکانی ئەو ئاینە تا ئاسانکاریی بۆ بکەن لەگەڵ مۆنۆس بخەوێ لە پەرستگەکەدا گوایە لەگەڵ ئەنۆبیسی خواوەند دەخەوێ. کاتێک لێیان بووە هەڵا، سیباریۆس فەرمانی دا، کاهینەکان لە خاچ بدرێن و پەرستگەکە برووخێنرێ، مۆندۆسیش شاربەدەر کرا. (و . ع).

٢٩- فلاڤیۆس یوسیفۆس (٣٧ _ ١٠٠ ز): مێژوونووسێکی جووە، بەیۆنانی دەینووسی، بەناوودەنگترین کتێبەکانی: سەردەمە کۆنەکانی جوو. (و . ع).

٣٠- بوونییەکان یان فونیقییەکان: ئەغریقەکان ئەم ناوەیان بەباڵای دانیشتوانی قەرتاجەدا بڕیبوو، مەبەست گریکەکانە، شەڕگەلی بوونییەکان، بڕێتییە لە شەڕەکانی ڕۆمان و قەرتاجییەکان کە بەشکستی ئەمانەی دوایی کۆتایی هات. (و . ع).

٣١- بڕوانە "کارەکانی پەیامبەران" هەردوو بەشی ٢١ و ٢٤.

٣٢- غەوارەکان یان "غوییم" بەزمانی عیبری: ناوێکە بەهەر کەسێک دەگوترێ جوو نەبێ، لە مەسیحییەتدا ئەو ناوە بەباڵای وەسەنییەکان بڕا. (و . ع).

٣٣- فستۆس: فەرمانڕەوای وڵاتی جووەکانی ڕۆمان. (و . ع).

٣٤- "کارەکانی پەیامبەران"، بەشی بیست و پێنجەم، ئایەتی ١٦.

٣٥- "کارەکانی پەیامبەران"، بەشی بیست و شەشەم، ئایەتی ٢٤.

٣٦- لەگەڵ ئەوەی جوو مافی "حوکمی شمشێر"یان لێ سەندرابووەوە لەوەتەی ئەرخیلاوس* دوور خرابووەوە بۆ وڵاتی ئەلۆبرۆجییەکان** لەو ڕۆژەوە ئیتر وڵاتی جووان وەک ویلایەتێک لە ویلایەتەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمان حوکم دەکرا، ڕۆمانەکان زۆرجاران چاویان لە جووان دەپۆشی کە حوکمی "تکووڵیکردن - التجدیف"یان دەسەپاند؛ واتە؛ لە کاتی فەرتەنەیەکی لە ناکاودا، بۆ پاراستنی حورمەتی ئاینەکەیان، بەردبارانی ئەو کەسانەیان دەکرد کە لەو باوەڕەدا بوون

"نكوولّی"یان كردووه. (و . ع).

---

* ئەرخـیـلاوس: فـەرمـانڕەوای وڵاتـی ئیـهـودا و سـامـیـرە لە ٤ پێش زاینەوە تا ٦ زاینی، ئۆگستۆس بەهۆی ناڵێهاتوویی كارگێڕییەوە، فەرمانی شاربەدەركردنی دا. (و . ع).

** ئەلۆبرۆجییەكان: ئێلێكن لە وڵاتی غال، دانیشتووی ئەو دوو دەڤەرەی فرەنسای ئێستەن: دوفینیێ و ساڤوا. (و . ع).

٣٧- سـویتۆنیـۆس: مـێژوونووسـێكی لاتینییە، لە ئۆسـیتیان یان هیبۆنای جەزایر لەدایک بووە (نێزیكەی ٦٩ _ ١٢٥ ز)، دانەری كتێبی "ژینامەی دوازدە قەیسـەرەكە"یە. (و . ع).

٣٨- بەلاتینی لە دەقەكەدا. (و . ع).

٣٩- هەدریانۆس (٧٦ _ ١٣٨ ز): ئیـمپراتۆرێكی مـەزنی ڕۆمـانەكان بـوو، هانی ئەدەب و فەلسەفە و هونەرەكانی دەدا، چاكسازی لە كارگێڕیی ئیمپراتۆرییەتەكەدا ئەنجام دا، كاری دەكرد بۆ یەكخستنی یاساكان و تۆكمەكردنی سنوورەكان بە ڕووی هێرشی خێڵە كێوییەكاندا. ئاگربەستی لەگەڵ فارسدا ڕاگەیاند و بەتوندی شۆڕشی جووانی دامركاندەوە كە بە سـەركردایەتیی بركۆكبا (١٣٢ _ ١٣٥ ز) وەک نارەزایی دەربڕین بەرانبەر دروستكردنی شـاری ئایلیـا كـاپیـتـۆلینا لـە شـوێنی ئۆرشـەلیم، هەروەها قەدەخەكردنی خەتەنە، شۆڕشەكەیان بەرپا كرد. (و . ع).

٤٠- دیۆن كـاسـییـۆس (نێـزیكەی ١٥٥ _ ٢٣٥ ز): مـێـژوونووسـێكی ڕۆمـانییـە بەیۆنانی دەینووسی، ئۆڵمپیۆس ئۆلپیانۆس (دەوروبەری ٢٢٨ ز): پسپۆڕێكی یاسـاییی ڕۆمانی بەناوبانگ، لە نەوەی سـەیداویی لبنانی بـوو، كـتـێـبـێكی شـەرحی یاسـای مـەدەنیی ڕۆمانی هەیە پەنجا بەرگە. (و . ع).

٤١- پۆپلیـۆس تاقیـتـۆس (٥٥ _ ١٢٠): مـێژوونوس و فـەیلەسـووفی ڕۆمـانی، خزمـەتی پاتریاركەكانی دەكرد، هاوكات ڕەخنەی لێ دەگرتن. (و . ع).

٤٢- باتـاڤـیـا: بەپایەتەخـتی ئێـسـتـای ئەندۆنیـسی دەگـوترا لـە كـاتی داگـیـركـاریی هۆڵەندابییەكاندا. (و . ع).

٤٣- تاقیتۆس لە كتێبی (سـەربردەكان _ حولیات، بەشی ١٥، ل٤٤)دا دەڵێ: "زەحمـەتە ناوی "مەسیحی" ئەوێ ڕۆژێ لە ڕۆما ناسراو بووبێ"، چونكە تاقیتۆس، لە سەردەمی فسباسیانۆس و دۆمیتیانۆسدا (٦٩ _ ٩٦ز فەرمانڕەوا بوون) كتێبەكەی نووسیوە، بۆیە وەک خـەڵكی ئەو ڕۆژگارە، باسی مـەسیحییەكانی كردووە، پێ لە جەرگی خۆم

Odio humani generic convicti دەنێم و دەڵێم ئەو دەستەواژەیەی بەکاری هێناوە لەوانەیە، بەگوێرەی شێوازی تاقیتۆس، مانای ئەوە بێ: "لەو بڕوایەدا بوون کە سەرلەبەری مرۆڤایەتی ڕقی لێیانە" لەوانەشە بەمانای: "لەو بڕوایەدا بوون کە ڕقیان لە هەموو مرۆڤایەتی" بێ.

ئەرێ یەکەمین پۆستەی بانگەشەکاران خەریکی چی بوون لە ڕۆما؟ هەوڵیان دەدا دڵی خەڵکەکە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، فێری ڕەوشت و ئاکارێکی چاکتریان بکەن؛ دژی هیچ دەسەڵاتێک نەبوون، لە دڵ و دەست و هەڵسوکەوتیاندا، زۆر خاکی بوون. کەس هەر نەیدەناسین، ڕاستت دەوێ هیچیان لە خەڵکە جووەکەی تر جیاواز نەبوو. کەواتە مرۆڤایەتی بۆ ڕقی لێیانە لە کاتێکدا نایانناسێ؟ یان بۆچی ئەوان لە ناخی خۆیاندا ڕقیان لە هەموو مرۆڤایەتی دەبێتەوە؟ کاتێک لەندەن سووتا، پەنجەی تۆمەتباری بۆ کاتۆلیکییەکان درێژ کرا؛ کەچی ئەوە پاش شەڕە ئاینییەکان بوو، پاش پیلانی بارود بوو کە زۆر لەو کاتۆلیکییانەی دەستیان تێدا هەبوو، شایەنی مەزهەبەکەیان نەبوون.

مەسیحییە پێشەنگەکان لە سەردەمی نیرۆندا لە دۆخێکی ئەوهادا نەبوون. ئاخر ڕاستییەکەی زەحمەتە، تاریکستانی مێژوو تەی بکەین؛ تاقیتۆسیش، هیچ بەڵگەیەکمان ناداتێ بیسەلمێنێ ئەوە نیرۆن بوو دەیویست ڕۆما بکاتە خۆڵەمێش. بۆیە، گومانی ئەوەی شا سارلی دووەم دەستی لە سووتاندنی لەندەندا هەبووبێ، زۆرتر دەچێتە عەقڵەوە. خوێنی باوکی کە لە گۆڕەپانی گشتیدا بەپێش چاوی ئەو خەڵکەوەی داوای سەریان دەکرد، دەهێنێ پاساوێک بێ؛ بەڵام نیرۆن، نە بیانووی هەبوو، نە پاساو و نە بەرژەوەندی.

لە هەر وڵاتێکدا، کەسانێک هەن ئەو دەنگۆ نابەجێیانە بەنێو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە، لە هیچ کاتێک وەک ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، دەنگۆگەل هێندە بێ سەروبەر و دوور نەبوون لە ڕاستییەوە.

تاقیتۆس کە پسپۆڕ بوو لە خوێندنەوەی ناخی پاشاکاندا، بەدڵنیاییەوە لە خوێندنەوەی مەیلی خەڵکەکەشدا شارەزا بوو، هەردەم لە خۆڕازی، بۆچوونەکانی توند و ئاوەژوو، هیچی نەدەبینی وەلێ دەیتوانی هەموو شت بڵێ، باوەڕ بەهەموو شتێک بێنێ، زۆر خێرا هەموو شتیش لە بیر بەرێتەوە.

فیلۆن [ئەسکەندەری(و.ع)] لە نامەیەکدا لەبارەی چاکەکاری و پاسادانانەوە بۆ کایۆس، دەڵێ: "سیانۆس لە سەردەمی تیباریۆسدا دەیچەوساندنەوە، بەڵام پاش مردنی سیانۆس، ئیمپراتۆر تێکڕای مافەکانی بۆ گێڕانەوە". کەواتە، هەموو مافەکانی

هاووڵاتییانی ڕۆمانیان هەبوو، سەرەڕای بێزاریی هاووڵاتییان لێیان؛ بەشە گەنمی خۆیان وەک خەڵکەکەی تر وەردەگرت، خۆ ئەگەر ڕۆژەی سەرەکەیان بکەوتایەتە ڕۆژی شەممووەوە، بەشە گەنمەکەیان ڕۆژی دواتر وەردەگرت. ڕەنگە ئەمە لە بەرانبەر ئەو پارەیەدا بێ کە بەدەوڵەتیان دەدا، ئاخر ئەوان لە هەموو وڵاتەکاندا، لێبووردەییان دەکرێ، دواتر هەوڵیان دەدا زیانەکەیان بەخێرایی پڕ بکەنەوە.

ئەم بڕگەیەی نامەکەی فیلۆن، زۆر جوان ئەو بڕگەیەی تاقیتۆسمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێ: چوار هەزار جوو یان میسری نێردران بۆ سەردینیا، ئەگەر لە سەرماشدا ڕەق هەڵاتنایە، زیانەکە هێچگار وا گەورە نەبوو (سەربوردەکان، بەشی دووەم، ل٨٥).

لەم تێبینییەش واوەتر دەچم، فیلۆن، تیباریۆسی بەپاشایەکی دانا و دادپەروەر دەزانی، بەڵام بەلای منەوە، لەو باوەڕەدام دادپەروەرییەکەی تیباریۆس، تا ئەو جێیە بوو، بەرژەوەندیی خۆی تێدا بێ؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو قسە چاکانەی فیلۆن لەبارەی تیباریۆسەوە، وام لێ دەکەن سووکە گومانێک لەو خراپەکارییانە بکەم کە تاقیتۆس و سویتۆنیۆس دەیگێڕنەوە. ڕاستت دەوێ، عەقڵم نایبڕێ پیرێکی حەفتا ساڵە بەتاقی تەنیا بچێتە دوورگەی کابری و لەوێ چی ناشێ بیکا، ئاخر ئەوە لەگەڵ سروشتیشدا نایەتەوە، پیرێک هەڵسوکەوتی وا بکا تەنانەت لە گەنجە بەرەڵاکانی ڕۆماش نەوەشێتەوە کە بۆ سێکس سەر لە هیچ شتێک ناکەنەوە.

نە تاقیتۆس و نە سویتۆنیۆس، ئەم ئیمپراتۆرەیان نەناسیوە؛ ئەوەی هەیە دەنگۆی سەر زاری خەڵکە و نووسیویانەتەوە. ئۆکتاڤیۆس و تیباریۆس و ئەوانی پاش ئەوانیش لۆمەی زۆر کران، چونکە دەستیان بەسەر گەلێکدا گرت کە پێویست بوو ئازاد بێ؛ مێژوونووسان چێژیان لە ڕیسواکردنیان دەبینی؛ خەڵکەکەش بڕوایان بەمێژوونووسەکان دەکرد، چونکە نە یاداشتنامە، نە ڕۆژنامە و بەڵگەنامە لە ئارادا نەبوون. مێژوونووسان کەسیان بەشایەت نەدەگرت، بۆیە زەحمەت بوو کەس بەرگرییان بکا. خوێنەری دانا دەبێ دەرک بکا ئاخۆ تا چەند بڕوا بەو مێژوونووسانە دەکات، بەهای ئەو هەڵکەوتە و ڕووداوانە چەندە کە نووسەرانێکی سەنگین لەنێو گەلێکی چاوکراوەدا نووسیویانە، سنووری بڕواکردنی خوێنەر بەو چیرۆکانەی ئەو نووسەرانە بێ هیچ بەڵگە و سەلمێنەرێک نووسیویانەتەوە تا کوێیە.

بەشی نۆیەم

لەبارەی گەشمردە "شەهید"ەکانەوە

ماوەیەک پاش ئەوە مەسیحیگەلێک گەشمردە بوون، زۆر زەحمەتە هۆکارەکان بزانرێ، بەڵام دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە کە لەو باوەڕەدا نیم هیچ کام لەو گەشمردانە بەهۆی ئاینەوە تێداچووبێ، بەتایبەتی لە سەردەمی قەیسەرەکانی بەراییدا. هەموو ئاینەکان ڕێگەپێدراو بوون، کەوا بێ، بۆچی خەڵکانێکی هەڵکەوتوو دەدرێنە دادگە، گوایە ئاینێکی خۆیان هەیە، لە کاتێکدا ڕێگە لە ئاینەکانی تر ناگیرێ؟

پاترپاکەکانی وەک، تیتۆس، ترایانۆس، ئەنتۆنینۆس و داقیۆس، کێوی نەبوون. ئەدی چۆن بچێتە عەقڵمانەوە، مەسیحییەکانیان لە خێرێک بێبەری کردووە کە بەر هەموو دنیا کەوتووە؟ کەی ڕاستە تۆمەتی پێڕەوکردنی سرووتگەلی ئاینی بەنهێنی، درابێتە پاڵ ئەو مەسیحییانە، لە کاتێکدا بێ هیچ چەندوچوونێک، سرووتەکانی ئیزیس و میترا[١] و خواوەندەکانی سوریا[٢] بەئاشکرا ڕێگەیان پێ دەدرا، لەگەڵ ئەوەی بەتەواوی لە ئاینی ڕۆمانەکان جیاواز بوون؟ کەواتە؛ هەر دەبێ شاڵاوەکانی چەوساندنەوەی مەسیحییەکان، هۆکاری تریان لە پشتەوە بووبێ، دەبێ کینەی تایبەتی بەپاساوی بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەت، ڕۆڵی لە خوێنڕشتنی مەسیحییەکاندا هەبووبێ.

بۆ نموونە، دەمێک قەدیس لۆرنسیۆس، ڕازی نەبوو ئەو پارە و پوولەی مەسیحییەکان کە وەک "ئەمانەت" لای دانرابوو، بداتە کۆرنیلیۆس سکۆلاریسی والی ڕۆما، دیارە والی و قەیسەر توورە دەبن، هەردووکیان ئاگەدار نەبوون کە قدیس لۆرنسیۆس، وەک خێر و چاکە، پارەکانی بەسەر هەژاراندا دابەش کردووە، بۆیە، بەلای هەردووکیانەوە، بەیاخی هاتە ژماردن و فەرمانی کوشتنیان دا[٣].

دەبێ لە گەشمردەبوونی قدیس پۆلیاکتۆس ڕامێنین، ئاخۆ تەنیا بەهۆی

ئاینەکەیەوە تاوانبار کرا؟ پۆلیاکتۆس چووە نێو پەرستگەیەکی رۆمانەکانەوە کە قوربانیی تێدا پێشکێشی خواوەند دەکرا سەبارەت بەسەرکەوتنی ئیمپراتۆر داقیۆس، لە خۆیەوە کەوتە جنێودان بەخەڵکەکە و بەرشەقدانی قوربانییەکان و تێکشکاندنی پەیکەرەکان. چ وڵاتێک لەم پەلامارە نارەوایە خۆش دەبێ؟ ئەو مەسیحییەی لە دوا دووساڵی حوکمی ئیمپراتۆر دیوقلیسیانۆس[٤] فەرمانێکی قەیسەری دراند و بووە هۆکاری شاڵاوێکی گەورەی چەوساندنەوەی میللەتەکەی، کارێکی عاقڵانەی نەکرد، دەبووا زۆری خەم بخواردایە، چونکە خۆی هۆکاری ئەو کارەساتە بوو کە بەسەر میللەتەکەیدا هات. ئەم خوێنگەرمی و هەڵەشەییە کە چەندپات بووەوە و باەکانی کڵێسا سەرکۆنەیان کرد، پێ دەچێ لە پشت تێکرای شاڵاوەکانی چەوساندنەوەی مەسیحییەکانەوە بووبێ.

ئەڵبەت من پێشەنگانی پرۆتستانتی بەپێشەنگانی مەسیحییەکان بەراورد ناکەم. من هەڵە و راست لە شانی یەکتر دانانێم؛ بەڵام فارێل[٥]، جێنشینی جان کالڤن، لەنێو شەقامەکانی شاری ئارلی فەرەنسادا، هەڵسوکەوتەکانی پۆلیاکتۆسی لە ئەرمینیا، دووبارە کردەوە. ئەوە بوو کەژاوەیەک بەنێو شاردا دەرۆیشت و پەیکەرێکی قدیس ئەنتۆنیۆسیان بەرز کردبووەوە، فارێل و برادەرەکانی پەلاماری ئەو راهیبانەیان دا کە پەیکەرەکەیان هەڵگرتبوو، کەوتنە تێ هەڵدان و بڵاوە پێکردنیان. فارێل، پەیکەرەکەی قدیس ئەنتۆنیۆسی فڕێ دایە رووبارەکەوە. بەم هەڵسوکەوتەی، فاریل شایەنی سزای مردن بوو؛ بەڵام نەکوژرا، چونکە رای کرد. خۆ ئەگەر فارێل بەوەندە وازی بهێنایە بچووبایە یەک بەخۆی رووبەرووی ئەو راهیبانە هاواری بکردایە کە باوەڕی بەوە نییە کوندەپەپوویەک نیوەنانێکی بۆ قدیس ئەنتۆنیۆس هێنابێ، باوەڕیشی بەوە نییە قسەی لەگەڵ سەنتوور ین ساتوورێک[٦] کردبێ، ئەوە بەتوندی ئاگادار دەکرایەوە، چونکە ئاسایشی تێک داوە؛ یان ئەگەر بۆ ئێوارەکەی، پاش تێپەڕبوونی کەژاوەکە، دەستی بکردایە بەشرۆڤەیەکی لەسەرخۆ و سەنگینیی چیرۆکی کوندەپەپوو و سەنتوور و ساتوورەکە، هەرگیز شایەنی لۆمەکردن نەدەبوو.

باشە دەچێتە عەقڵەوە، رۆمانەکان رازی بن، ئەنتۆنیۆسێکی هیچوپووچ[٧] بۆ ئاستی خواوەندی گچکە بەرز بکرێتەوە، خەڵکێک پارچە پارچە بکەن و لاشەکانیان جانەوەر بیخوات کە پێمان دەگوترێ ئەوانە چ گوناهێکیان نەبووە جگە لەوەی پەنا

و پارانەوەیان بۆ پیاوچاکێک بووە. عەقڵ دەیبڕێ کەوتبنە دووی کەسانێکی یەکتاپەرست، لە کاتێکدا خۆیان باوەڕیان بەخوایەکی تاک و تەنیا و باڵا هەبوو[٨]، خوایەک، دەستی بەسەر هەمووانیدا دەڕوا و گەورەی هەموو خواوەندە لاوەکییەکانە، بڵێی ئەم دەستەواژەیە شایەتحاڵی ئەو باوەڕەی ڕۆمانەکان نەبێ: Deus Optimos Maximus، خوای هەرە باڵا و هەرە مەزن؟

دیسان، ناچێتە عەقڵەوە مەسیحییەکان لە سەردەمی پاتریارکەکاندا نێردرابن بۆ بەردەم ئەوەی دواتر "دادگەکانی پشکنین"یان پێ دەگوترا، واتە؛ لەنێو ماڵی خۆیاندا سەبارەت بەبیروباوەڕیان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کرابێ. ئاخر کارێکی وا، دەرهەق هیچ کۆمەڵ و گرووپێکی تر نەکراوە، نە جوو، نە سوورییەکان، نە میسرییەکان، نە درۆیدییەکان[٩]، نە شاعیران، نە فەیلەسووفان. کەواتە، گەشمردەکان ئەوانەن دژی خواوەندە درۆزنە، یاخی بوون، خۆ ئەگەر باوەڕیان بەو خواوەندانە نەهێناوە، ئەوە پێرەوێکە ئەوپەڕی دانایی و خواترسیی تێدایە؛ بەڵام کاتێک هەر بەخواپەرستی عاقڵانە و ڕەواوە نەوەستانەوە، ئەودەمی ڕێیان بەخۆیان دا بەوپەڕی توندی ڕووبەڕووی ئەو ئاینە ببنەوە کە بۆ خەڵکەکە ماوەتەوە ـــ جا ئاینەکە چەند بێسەروبەر بێ –، ئێمە ناچارین بڵێین: ئەوان دەمارگر و نالێبووردە بوون.

ترتۆلیانۆس[١٠]، لە کتێبەکەیدا "بەرگری" (بەشی ٢٩)، دان بەوەدا دەنێ تێڕوانینی باو بۆ مەسیحییەکان ئەوە بوو؛ خەڵکێکی ئاژاوەچین. ئەمەش تۆمەتێکی بێ بەزەییانەیە. بەڵام هاوکات دەیسەلمێنێ؛ توندیی دادگەکان بەرانبەریان لەبەر ئاینەکەیان نەبووە. هەروەها دان بەوەدا دەنێ (بەشی ٣٥) مەسیحییەکان، لە ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی پاتریارکەکاندا، دەروازەی ماڵەکانیان نەدەڕازاندەوە؛ لێکدانەوەی ئەم هەڵسوکەوتە ئەنقەست و لۆمەهەڵگرەیان، زەحمەت نەبوو؛ تانەدان لە کەسێتیی پاشا.

یەکەمین حوکمی قەزایی دەرهەق مەسیحییەکان لە سەردەمی دۆمیتیانۆسدا بوو؛ بەڵام سزاکەی تەنیا بریتی بوو لە "شاربەدەرکردن کە ساڵێک زیاتری نەخایاند": ترتۆلیانۆس وا دەڵێ (بەرگری، بەشی پێنجەم)، بەڵام لاقتانسیۆس[١١]، کە نووسینەکەی هەڵەشەیی پێوە دیارە، لەو بڕوایەدایە کڵێسا لە گەشەسەندن و

ئارامـيـدا ژياوە هەر لە سـەردەمی دومـيـتـيـانـۆسـەوە تا هاتنی داقـيـۆس (بەشی سێيەم). ئەم ئاشتييە درێژخايەنە لەگەڵ "دەستپێكردنی چەوسانەوەی كڵێسا لە سـەردەمی داقـيـۆسـدا، ئەو جـانەوەرە بوغـزنە، كـۆتـايـيی هات" (بـەرگـری، بەشی چوارەم)(١٢).

لێرەدا مـەبەست گفتـوگـۆكـردن نييـە لەگەڵ بۆچوونەكـانی دۆدويل(١٣) لەبارەی كەمـيی ژمارەی گەشمـردەكانەوە، بەڵام پرسـيـارێك خـۆی دەسەپێنێ: ئەگەر ڕاست بێ ڕۆمانەكان ئاينی مەسيحييان چەوساندبێتەوە، دروست بێ ئەنجوومەنی پيرانی ڕۆمان، هـەزاران بێ گوناهی ڕەوانەی مردن كردبێ پاش داركارييەكی زۆر، ئەگەر وابێ گوايە ڕۆمانەكان، مەسـيـحييەكانيان فڕێ داوەتە نێو ڕۆنی قرچاوەوە، كچە گـەنجـەكـانـيـشـيـان بەڕووتی بـەدەم سـەگـەلەوە داون، ئەدی بۆچی لە قـەشـە پێشەنگەكانی ڕۆما گەڕان بەئاشـتی و ئاسوودەيی بژين؟ قديس ئيرانيۆس، لەنێو ئەو قەشانەدا، تەنيا ناوی گەشمردەيەك دەبات، ئەويش پاپا تلسفۆرۆسە كە ساڵی ١٣٦ تێدا چووە؛ وەلێ هيچ بەڵگەيەك نييـە بيسـەلمێنێ تلسـفـۆرۆس لەدار درابێ. هەرچی پاپا زفيرنۆسە، هەژدە ساڵ پاپای ڕۆما بوو و ساڵی ٢١٩ بەمردنی خۆی مرد. خۆ ئەگەر ناوی هـەموو پاپاكان لە ليسـتی گەشـمردە كۆنەكاندا نووسراوە، لەبەرئەوەيە كە وشـەی "گەشـمـردە ـ شـەهيد" هێشتا بەو مانايە نەبوو كە دواتر وەری گرت: گـەشـمـردە؛ بەهەمـوو ئەوانە دەگوترا كە شـايـەتمانيان دەهێنا، نەك ئەوانەی لەژێر داركاريدا دەمردن.

ڕاستييـەكەی، مرۆڤ دادەمێنێ لە نێوان ئەو چەوسانەوە زۆرەی باس دەكرێ و لە نێوان ئەو ئازادييەی ڕێی بەمەسـيـحـييـەكان داوە كۆڕوەندگەلێكی كلێسـايی دامەزرێنن كە بەگوێرەی نـووسـەران خۆيان لە پەنجا و شەش كۆڕوەند دەدا لە سێ سەدەی دەستپێكی زاينيدا.

بێگومـان چەوسـانەوە بـووە؛ بەڵام ئەگـەر بەو تـونديـيـە بووبـێ كـە باس دەكرێ، ترتۆليـانۆس، لە پێـخـەفـدا نەدەمرد، ئەو كـەسـەی كـە يەكـجـار بەتوندی، هێرشی دەكـردە سـەر ئاينی خـەڵكەكـە. ئێـمـە چاك دەزانين، پاترياركەكان كـتـێـبـەكـەی ترتـۆليـانۆس (بەرگـری)يان نـەبينيـوە، دەقـێك لە ئەفـريـقـيـا(١٤) نووسـرابێ، نەگەيشتـووەتە دەست ئەوانەی فەرمانڕەوای دنيا بوون؛ بەڵام دڵنيايين ئەم دەقە لای

دەوروبەرەکەی والیی ئەفریقیای رۆمانی ناسراو بوو؛ دەبێ خەڵکەکە رقێکی زۆریشیان لە نووسەرەکەی هەڵگرتبێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، بەگەشمەردەیی نەمرد. هەروەها ئۆریجانۆس[١٥]، کە بەئاشکرا وانەکانی مەسیحییەتی دەگوتەوە لە ئەسکەندەرییەی میسر، کەس داوای سەری نەکرد، ئا ئەم ئۆریجانۆسە، کە بەوپەڕی ئازادییەوە، مژدەی هاتنی بەخەڵکە وەتەنی و مەسیحییەکە دەدا، هەر خۆی لە کتێبەکەی سێیەمیدا کە دژی قلسۆس[١٦] نووسیویەتی بەڕوونی دەڵێ: "پێشتر ژمارەی گەشمەردەکان کەم بوو، تا دەهات کەمتریش دەبووەوە"، کتێبەکە لەسەری دەڕوا و دەڵێ: "لەگەڵ ئەوەشدا، مەسیحییەکان، بەهەموو شێوازێک بانگەشەیان بۆ ئاینەکەیان دەکرد بەسەرلەبەری دنیادا، بۆیە لە هەموو شار و شارۆکە و گوندێکدا دەبینران".

بەدڵنیاییەوە ئەم بزاوە بەردەوامە، شایەنی ئەوە بوو بەئاسانی لەلایەن کاهینە دوژمنەکانەوە وەک جۆرێک لە یاخیبوون و فەرتەنەنانەوە بێتە ژماردن. لەگەڵ ئەوەشدا، چاو لەم چالاکی و بانگەشە ئاینییانە پۆشرا، بەمەرجێک، گەلی میسر هەروا ناسرابوو کە گەلێکی ئاژاوەگێڕ، سەربەگۆبەند و ترسنۆکە. گەلێک، هاوولاتییەکی رۆمانی ئەنجن ئەنجن کرد، چونکە پشیلەیەکی کوشتبوو؛ گەلێک تەنیا شایانی ریسواکردنە، سەرەڕای تێڕوانینی ئەو خەڵکەی بەئەهرامەکان سەرسامن[١٧].

خۆ ئەگەر کەسێک هەبێ شایەنی رق و کینەی کاهین و دەسەڵاتداران بێ، قدیس گریگۆریۆسی سەرسوڕهێنەر بوو، قوتابی ئۆریجانۆس. غریغۆریۆس، گوایە لە شەودا پیرەمێردێکی نێردراوی خوای بینیوە، ئافرەتێکی نوورانیی لە تەکدا بووە. ئافرەتەکە، کەس نەبووە جگە لە مێرەمی پاکیزە، پیرەمێردەکەش، قدیس یوحنای ئینجیلی بووە، گوایە قدیس یوحنا بیروباوەڕێکی بۆ خوێندووەتەوە، هەر بۆ سبەی دەستی کرد بەبانگەشە بۆ ئەو بیروباوەڕە. جارێکیان بەرەو قەیسەرییە تازەکە دەڕۆیشت، بەلای پەرستگەیەکدا تێ پەڕی کە سرووتی ئاینیی رۆمانەکان و راوێژی خواوەندەکانی تێدا بەڕێوە دەچوو، باران ناچاری کرد ئەو شەوە لە پەرستگەکە بمێنێتەوە؛ لەوێ چەند وێنەیەکی خاچی لەسەر دیوارەکان نەخشاند، بۆ رۆژی پاشتر، گەورەکاهینی پەرستگەکە سەری سوڕمابوو لەوەی جنۆکەکان، سرووشی بۆ ناهێنن، لەگەڵ ئەوەی پێشتر هەرگیز داواکەیان ڕەت نەکردووەتەوە. کاهینەکە

ناردی بەشوێن جنۆکەکاندا و هاتن، بەڵام ئاگەداریان کردەوە کە ئەوە دوا جارە بێن بەدەنگییەوە؛ پێیان ڕاگەیاند، مەحاڵە بتوانن بێنە نێو پەرستگەکەوە، دوای ئەوەی غریغۆریۆس شەوێکی لەوێ بەسەر بردووە و وێنەگەلی خاچی لەسەر دیوارەکان کێشاوە.

گەورە کاهین فەرمانی دا گریگۆریۆس بگیرێ و بیهێنن، بەڵام ئەو وا وەڵامی دایەوە: "دەتوانم ئیبلیسەکان دەربکەم و لە هەر کوێوە بمەوێ، بیانهێنمە ژوورەوە لە هەر جێیەکەوە پێم خۆش بێ". "باشە کەواتە با بێنە نێو پەرستگەکەمەوە"، کاهین وەڵامی دایەوە. گریگۆریۆس، پارچە کاغەزێکی لە کتێبەکەی بەردەستی کردەوە و نووسی: "لە گریگۆریۆسەوە بۆ ئیبلیس: فەرمانت پێ دەکەم بێیتە ژوورەوە بۆ ئەم پەرستگەیە". هەر ئەوەندەی پارچە کاغەزەکەی لەسەر تەختەی قوربانی دانا، ئیبلیسەکان بەگوێیان کرد و وەک ڕۆژانی ڕابردوو، هەرچییان پێ بوو گوتیان.

قدیس گریگۆریۆسی نوسەوی، لە ژینناممەی قدیس گریگۆریۆسی سەرسوڕهێندا ئەم هەڵکەوتەیە دەگێڕێتەوە. لە دۆخێکی ئەوهادا، کاهینانی بتگەل هەر دەبێ ئیرەییان پێ هاتبێ، بۆیە داوای دادگەییکردنیان کرد. سەرەڕای ئەوەش کە دوژمنی یەکەمی ئەو کاهینانە بوو، بەهیچ جۆرێک نەچەوسێنرایەوە.

چیرۆکی ژیانی قدیس کبریانۆس وا دەردەخات کە یەکەمین قەشەی قەرتاجەیە حوکمی مردنی درابێ. ئەم قدیسە لە ٢٥٨ی زایندا گەشمردە بوو؛ واتە لە ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژدا، یەک قەشەی قەرتاجە سەبارەت بەئاینەکەی نەکوژراوە. بەهەر بارێک، ژینامەی کبریانۆس ئەوەمان بۆ ناگێڕێتەوە ئاخۆ ئەو بوختانانەی پێی کراوە چ بوون و دوژمنەکانی کێ بوون، هەروەها هۆکاری تووڕەبوونی والیی ئەفریقیای ڕۆمانی چییە. قدیس کبریانۆس لە نامەیەکدا بۆ کۆرنالیۆسی قەشەی ڕۆما دەڵێ: "بەم دواییانە، دوو جار ژاوەژاوێک لەنێو خەڵکی قەرتاجەدا پەیدا بوو، خەڵکەکە بەدەنگی بەرز داوایان دەکرد بکرێمە خۆراکی شێران". کەواتە دوور نییە، تووڕەیی قەرتاجەییەکان بووبێتە هۆکاری تێداچوونی کبریانۆس؛ بەدڵنیاییەوە، لەو دوورەوە ئیمپراتۆر گالوس فەرمانی کوشتنی کبریانۆسی نەداوە سەبارەت بەئاینەکەی، ئەو ئیمپراتۆرەی هیچ خراپەیەکی بەرانبەر کۆرنالیۆس نەکرد کە لە بەرچاوی بوو.

له کاتێکدا هۆکاره شاراوەکان زۆرجاران تێکەڵ بەهۆکاری ڕاگەیەندراو دەبن، له کاتێکدا، چەندان هۆکاری نەزاندراو ڕۆڵ دەبینن له چەوساندنەوەی کەسێک لەلایەن خەڵکەوه، بۆیه مەحاڵه پاش تێپەڕبوونی سەدەگەلێک، سەرچاوەی نادیاری ئەو کارەساتانه ئاشکرا بکرێن که ئازارێکی زۆری خەڵکی پایەبەرزیان داوه. ئاخۆ چەند هۆکاری نەزانراو ڕەوایەتییان بەچەوساندنەوەی کەسێک دابێ که کەس نەیناسیبێ، ڕۆڵەکانی تایەفەکەی نەبێ.

لەگەڵ مندا سەرنج بدەن، قدیس گریگۆریۆسی سەرسوڕهێن و قدیس دۆنیسیۆسی قەشەی ئەسکەندەرییه، دارکاری نەکران و نەکوژران، لەگەڵ ئەوەی هاوسەردەمی قدیس کبریانۆس بوون. باشه بۆچی ئەو دووانه بەئاسوودەیی ژیاون، سەرەڕای ئەوەی ناوبانگیان له قەشەی قەرتاجه کەمتر نەبوو؟ بۆچی قدیس کبریانۆس چەوسێنرایەوه؟ بڵێی، ئەمەی دوایی نەبووبێته قوربانیی دوژمنگەلێکی کەسێنیی دەستڕۆیشتوو، قوربانیی زمان لێدان و دەستگرتن بەبەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتەوه که زۆرجاران تێکەڵ بەئاین دەبێ، له کاتێکدا دووانەکەی تر بەختیار بوون و له ئازاری مرۆڤ و بەدبەختی دوور بوون؟

زەحمەته بگەینه ئەو باوەڕەی تۆمەتی مەسیحیبوون بەتەنیا هۆکاری کوژرانی قدیس ئەگناتیۆس بووبێ له سەردەمی ئیمپراتۆر ترایانۆسی نەرم و بەویژداندا؛ بەتایبەتی، ئەو ڕێگەی بەمەسیحییەکان دا هاوڕێی ئەگناتیۆس بن و دڵی بدەنەوه کاتێک ڕاپێچی ڕۆما کرا[١٨]. ئەگناتیۆس قەشەی نهێنیی مەسیحییەکانی ئەنتاکیا بوو، ئەو شارەی هەردەم گۆڕەپانی گۆنگەر و ئاژاوەگێڕی بوو. لەوانەیه، بەنیازی خراپ خرابێته ئەستۆی مەسیحییه بێبەرییەکان و بوونه جێی گومانی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتداران بەهەڵه و لەخشته برابن، وەک زۆرجار ڕووی داوه.

بۆ نموونه، قدیس سەمعان، له بەردەم شاپووردا[١٩]، تۆمەتی سیخوڕیی ڕۆمانی درایه پاڵ. له چیرۆکی گەشمردەبوونیدا هاتووه که ئیمپراتۆر شاپوور داوای لێ کردووه ڕۆژ بپەرستێ؛ بەڵام ئێمه چاک دەزانین، فارس، ڕۆژپەرست نەبوون. بەلای فارسەکانەوه، ڕۆژ، نیشانەی بنەمای خێر بوو که له ئاهورامەزدای خواوەندی خوڵقێنەردا بەرجەسته بووبوو بەگوێرەی بۆچوونی ئەوان.

مرۆڤ چەند لێبووردە بێ، زەحمەته ڕقی هەڵنەستێ کاتێک گوێی لەو دەمدرێژانه

دەبێ کە دیۆقلیسیانۆس تۆمەتبار دەکەن گوایە لە ڕۆژی هاتنە سەر تەختیەوە، مەسیحییەکانی چەوساندووەتەوە. با لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ شایەتیی ئۆسابیۆسی قەیسەری[٢٠] کە مایەی تانە لێدان نییە. ئەم کەسە، لە دەستوپێوەندەکانی قوستەنتین بوو، کاری پێداهەڵدانی قوستەنتین بوو بە نووسین، زۆر دژی پاتریارکەکانی پێشوو بوو، بۆیە، کاتێک بێبەریان دەکات، شایەتییەکەی شایەنی بڕواپێکردنە. دەبا بزانن ئۆسابیۆس[٢١] دەڵێ چی: "پاتریارکەکان، بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ چاویان لە مەسیحییەکان بوو، فەرمانڕەوایی ویلایەتەکانیان پێ دەسپاردن، ڕێگەیان بەچەندانیان دا لە کۆشکەکانیاندا بژین؛ بگرە هێندێکیان کچە مەسیحییان خواست، ئەوە دیۆقلیسیانۆس، پریسکای هێنا کە کچەکەی بووە ژنی ماکسمیانۆس گالیریۆس[٢٢]،... هتد".

کەواتە، با لەم شایەتییە گومانبڕەوە فێر بین، واز لە بوختان و ناو و ناتۆرە بێنین؛ با هەوڵ بدەین بزانین ئاخۆ ئەو شاڵاوە چەوساندنەوەیەی گالیریۆس فەرمانی بەرپاکردنی دا، پاش نۆزدە ساڵ فەرمانڕەوایی چاک و نەرمونیان، بڵێی لە ئەنجامی پیلان یان تەڵەکەبازییەکەوە نەبووبێ کە ئێمە نایزانین؟

دەبا ئێستە لە چیرۆکی سوپای تیبە (فیلق تیبة) ڕامێنین کە گوایە بەهۆی ئاینەوە، لە ڕەگ و ڕیشەیان دەرهێنان، با بزانین ئەم چیرۆکە چەند لە ڕاستییەوە دوورە. ساویلکەییە ئەگەر پێمان وابێ ئەو فەیلەقە ئاسیاییە لە دەربەندی قدیس برناری گەورەوە (لە چیاکانی ئەلپ) هێنرابن؛ ناچێتە عەقڵەوە لە ئاسیاوە هێنرابن بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری فەرتەنەیەک لە وڵاتی گالییەکان، پاش ساڵێک لە سەرکوتکردنی ئەو فەرتەنەیە. مەحاڵیشە، شەش هەزار سەربازی پیادە و حەوتسەد سوارە لەنێو دەربەندێکدا سەرببڕدرێن کە تەنیا دووسەد سەرباز دەتوانن پێشڕەوی سوپایەکی زەبەلاحی تێدا ڕاگرن. چیرۆکی ئەو قەسابخانەیەی باس دەکرێ، بەم درۆ زەقە دەست پێ دەکات: "کاتێک زەوی لەبن جەور و ستەمی دیۆقلیسیانۆسدا دەیناڵاند، ئاسمان بەگەشمردەکان دەدرەوشایەوە". گوایە ئەم ڕووداوە وەک دەگوترێ ساڵی ٢٨٦ قەوماوە، واتە لە سەردەمی دیۆقلیسیانۆسدا کە تا ئەوپەڕی چاوی لە مەسیحییەکان بوو. ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان لە خێر و خۆشیدا دەژیا. بۆ یەکلاکردنەوەی هەموو مشتومڕ و شەڕەقسەیەک؛ با جارێ ڕوونی بکەینەوە: سوپایەکی وا کە باس دەکرێ هەر لە بنەڕەتدا نەبووە. ڕۆمانەکان لەوە

لەخۆڕازیتر و عاقڵتر بوون، سوپایەک لەو میسرییانە پێک بێنن کە لە کۆیلە زیاتر، شتێکی تر نەبوون. بڵێی ڕۆمانەکان سوپایەکیان لە جوو هەبووبێ؟ ئێمە ناوی هەر سی و دوو سوپاکەمان لە بەردەستدایە کە لەشکری فەرمیی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیان لێ پێک هاتبوو؛ بەدڵنیاییەوە، سوپای تیبەیان تێدا نییە.

کەواتە ئەم حیکایەتە لەو شیعر و شانامانەی سەر زاری کاهینان و پێشبینکارانی موجیزەکانی مەسیحە، هەموو ئەمانە لە پاڵ بەڵگە دروستکراوەکانی تردا کە دڵگەرمیی ئاینی خوڵقاندوونی.

پەراوێزەکان:

١- میترا: خواوەندێکی ئێرانییە، لە هیندستانیش دەپەرسترا. ئاینەکەی لە سەردەمی هلنستیدا بەئاسیای بچووکدا بڵاو بووەوە، دواتر لە سەدەی یەکەمی پێش زاین گەیشتە ڕۆما. (و . ع).

٢- ئاماژەیە بۆ عەشتار. (و . ع).

٣- ئێمە بەدڵنیاییەوە ڕێزی هەموو ئەوانە دەگرین کە کڵێسا ڕێزیان بۆ دادەنێ. دواتر ئێمە لە گەشمردە قدیسەکان دەپارێینەوە؛ بەڵام ئاخۆ بۆمان نییە گومان بکەین، لەگەڵ ڕێزماندا بۆ قدیس لۆرانسیۆس کە قدیس سیستۆس پێی گوتبێ: پاش سێ ڕۆژی تر دێی بۆ لام؛ والیی ڕۆماش لەو ماوە کورتەدا داوای لێ کردبێ پارە و پوولی مەسیحییەکانی بداتە دەست ؛ شەماشە لۆرانسیۆس لەو ماوە کەمەدا سەرلەبەری هەژارانی شارەکەی کۆ کردبێتەوە، پێش والی کەوتووە تا بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی خەڵکە ڕووتوڕەجاڵەکەی لێ گرد بووەتەوە؛ حوکم و دارکاریش کراوە؛ گوایە والی داوای لە ئاسنگەرێک کردووە ئاگردانێکی برژاندنی بۆ ئامادە بکا کە بەکەڵکی برژاندنی مرۆڤێک بێ؛ گەورە دادوەرانی شاریش، شایەتی بەچاودیتەی ئەم دارکارییە سەیرە بووبێ، قدیس لۆرانسیۆس ئەو دەمەی بەسەر ئاگردانەکەوە بووە گوتوویەتی: "ئەم لایەم تەواو برژاوە، بمخە سەر لاکەی تر ئەگەر دەتەوێ بمخۆی"؟ ئاخر ئاگردان یان مقەڵی برژاندن، لای ڕۆمانەکان هەرگیز وەک دارکاری بەکار نەهاتووە، دوای ئەوە، ئەدی بۆچی هیچ نووسەرێکی وەتەنی ئەو ڕووداوانەی نەگێڕاوەتەوە؟

٤- کایۆس دیوقلیسیانۆس (دەوروبەری ٢٤٥ _ ٣١٣ز): ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی، ماکسیمیانۆسی کردە هاوبەشی خۆی لە فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆماندا و بەشی ڕۆژئاوای پێ سپارد، ڕۆهەڵاتیشی بۆ خۆی هێشتەوە، دواتر بۆ ئەوەی

ڕێگەگەلی چاکتر بۆ بەرگریکردن لە ئیمپراتۆرییەت بدۆزێتەوە، بناخەی فەرمانڕەواییی چوارقۆڵیی داڕشت، ئەوە بوو ئیمپراتۆرییەکەی کرد بەچوار قەیسەرییەوە، هەڵمەتێکی چاکسازیی فرەوانی بەرپا کرد کە کارگێڕی و لەشکر و دادوەری و دارایی گرتەوە، لە نێوان ساڵانی ٣٠٣ _ ٣٠٤دا مەسیحییەکانی چەوسانەوە، لە ٣٠٥دا وازی لە تەختی ئیمپراتۆریی هێنا. (و . ع).

٥- گیوم فارێل (١٤٨٩ _ ١٥٦٥): قەشەیەکی فرەنسایی و لە پێشەنگەکانی بزاڤی چاکسازیخوازی پرۆتستانتی بوو، لە ساڵی ١٥٣٨ی زاینەوە، سەرۆکایەتیی کڵێسای نوشاتێلی سویسراییی وەرگرت. (و . ع).

٦- سەنتوور: لە میتۆلۆجیای گریکدا، بوونەوەرێکی ئەفسانەییە، نیوە مرۆڤ و نیوە ئەسپ؛ سانتوور جنۆکەیەکە، پێوەستە بەپەرستنی دیۆنیسیۆسەوە هەر لە میتۆلۆجیای گریکدا. (و . ع).

٧- ئەنتۆنیۆس: گەنجێکی گریکی زۆر جوان، شانسێکی چاکی هەبوو لای ئیمپراتۆر هەدریانۆس. (و . ع).

٨- ویستمان بگەڕێینەوە بۆ فرجیلیۆس، تا ببینین چۆن ڕۆمانەکان باوەڕیان هەبووە بەخوایەکی مەزن و باڵا و گەورەی سەرلەبەری بوونەوەرە ئاسمانییەکان:

"ئەی تۆ، ئەی ئەوەی توانا
ئەزەلییەکەت حوکمی مرۆڤ و خواوەند دەکات
ئەی تۆ، ئەی ئەوەی برووسکەکانت گەردوون دەتۆقێنێ"
(ئەنیادە، سروودی دەیەم، بەیتی ١٨)

هۆراسیۆس هێشتە ئاشکراتر دەیدرکێنێ:

"ناشێ شتێکت لێ دەرچێ لە تۆ مەزنتر بێ
ناشێ شتێک لە تۆ بچێ، شتێک هاوتات بێ"
(کتێبی یەکەم، سروودی ١٢، هەردوو بەیتی١٧ و ١٨)

لە سرووتە ئاینییەکانی ڕۆماندا کە زۆربەی ڕۆمانەکان بەشدارییان تێدا دەکردن، هەموو تکا و نزا و نەزیلەکان باسیان لە یەکتاییی خوا دەکرد. با بگەڕێینەوە بۆ سرووده هەرە جوانەکەی ئۆرفیۆس؛ با نامەکەی ماکسیمۆسی مادووری بۆ قدیس ئۆگستینۆس بخوێنینەوە کە دەڵێ:

"تەنیا نەزانەکان باوەڕیان بە خوایەکی مەزن و باڵادەست نییە"

دیسان لۆنجینیانۆسی وەتەنیش، بۆ ئۆگستینۆسی نووسیوە: "خوا یەکە، نە دەرک

دەکرێ، نە وەسپ هەڵدەگرێ"؛ بگرە تەنانەت لاقتانسیۆس کە پیاوێکی کەللەڕەق بوو، لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەیدا "ڕێنوینییە خواییەکان" دەیسەلمێنێ "ڕۆمانەکان خواوەندەکانیان دەخەنە بندەستی خوایەکی بالادەستەوە". هەروەها ترتۆلیانۆس خۆی لە "بەرگری"یەکەیدا (بەشی ٢٤)، دەڵێ سەرلەبەری ئیمپراتۆرییەت باوەڕیان بە خوایەکی گەورەی هەموو دنیا، خاوەنی هێزێکی ڕەها و مەزن، هەبووە. با بەتایبەتی بگەڕێینەوە بۆ ئەفلاتوون، مامۆستای شیشرۆن لە فەلسەفەدا و ببینین چیی نووسیوە: "تەنیا خوایەک هەیە، دەبێ ئەو بپەرستین، خۆشمان بوێ، کار بکەین بۆ ئەوەی لە پیرۆزی و دادپەروەریی و بەویژدانیدا لەو بچین". ئیقتاتۆس لە تۆمارەکانیدا و ئەنتۆنیۆس لە وتارەکانی تەختدا، هەمان ئەو قسانەیان هەزاران جار گوتووەتەوە.

٩- درۆیدییەکان: نازناوی ئەو دەستەبژێرە ئاینی و کۆمەڵایەتییە بوو کە لە شارستانیەتی کلتیدا، خودان ئاین و زانست بوون و تکاکاری مرۆڤ بوون لای خواوەند، سەرباری بەجێگەیاندنی سرووتەکان و پێشکێشکردنی قوربانی، درۆیدییەکان، ڕاوێژکاری پاشا و فەرماندەگەلی شەڕ بوون، ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی ڕۆمانەکان و پەلکێشانی مەسیحییەت. (و . ع).

١٠- کوانتۆس ترتۆلیانۆس: پیاوێکی لاهووتی، لاتینییەکی بەرگریکار لە بیروباوەڕی مەسیحییەت، لە نێوان ١٥٥ و ١٦٠ی زایندا لە قەرتاجە لەدایک بووە و دەوروبەری ٢٣٠ مردووە، بەڕەچەڵەک لە خێزانێکی وەتەنیی ئەفریقیایی بوو. لە قەرتاجە ئەدەب و یاسای پێکەوە خوێند، کۆکردنەوەی ئەم دووانە، وای کرد ناوبانگێکی باش پەیدا بکا لە کاتی بەرگریکردن لە بیروباوەڕی مەسیحییەت، ناودارترین کتێبەکانی "بەرگری"یە. (و . ع).

١١- لۆقیۆس لاقتانسیۆس: فەیلەسووف و بەرگریکارێکی مەسیحیی لەدایکبووی ٢٥٠ز نومیدیای باکوری ئەفریقیا بوو، ساڵی ٣٣٠ز لە سەردەمی قوستەنتینی یەکەمدا، لە تریڤنی ئەڵمانیا مردووە. خوێندەوارییە بەرزەکەی وای لە ئیمپراتۆر دیۆقلیسیانۆس کرد ساڵی ٢٩٠ز داوای لێ بکا کورسیی ڕەوانبێژیی لاتینی لە نیقۆمیدیای ئاسیای بچووک وەرگرێ. ئەو شاڵاوە چەوساندنەوانەی دیۆقلیسیانۆس بەدژی مەسیحییەکان بەرپای کرد، ئەمیشی بەرکەوت، ناچار بوو نیقۆمیدیا جێ بێڵێ. قوستەنتین پەروەردەکردنی خریزیبۆسی کوری پێ سپارد. ناوداترین کتێبەکانی "لەبارەی دروستکراوەکانی خواوە"، "ڕێنوێنییە خواییەکان"، لەبارەی غەزەبی خواوە". (و . ع).

١٢- هەڵەی ڤۆڵتێرە یان بلاڤکارەکە، ئاخر ئەم شایەتییە لەبارەی داقیۆسەوە لە کتێبی

"بەرگری"ی ترتۆلیانۆس وەرنەگیراوە، بەڵکە لە کتێبی لاقتانسیۆس وەرگیراوە کە ناونیشانەکەی: "لەبارەی مردنی چەوسێنەرانی کڵێساوە"یە. (و . ع).

١٣ هینری دۆدویل: لاهووتی و مێژوونووسێکی ئێرلەندایییە (١٦٦١ _ ١٧١١)، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، چەندان کتێبی هەیە لەبارەی سەردەمی ڕۆمانەکان و هێندێک لە قدیسەکان. (و . ع).

١٤- ئاماژەیە بۆ تونس کە ڕۆمانەکان پێیان دەگوت ئەفریقیا. (و . ع).

١٥- ئۆریجانۆس: لاهووتییەکی یۆنانی ساڵی ١٨٥ی زاین لە ئەسکەندەرییە لەدایک بووە، وەک دەگوترێ هەر لە سوور (لبنان)، ساڵی ٢٥٢ یان ٢٥٣ مردووە. بنکەیەکی خوێندنی باڵای ئاینیی لە ئەسکەندەرییە دامەزراند، ئەو بنکەیە کە ناوی "دیدا سکالیۆن" بوو، بووە بناخەی ئەو زانکۆیەی لە سەدەکانی نێوەڕاستدا دامەزرا. سەروەختێ داقیۆس گیرا و دارکاری کرا، بەڵام نەکوژرا. ئۆریجانۆس، بەبلیمەتترین کەسەکانی کڵێسای مەسیحی بەزمانی یۆنانی دادەنرێ. لە کتێبە بەناوودەنگەکانی "لەبارەی بنەواکانەوە" و "شەشینەکان". (و . ع).

١٦- قلسۆس: فەیلەسووفێکی ئەبیقۆری یۆنانی بوو، لە سەدەی دووەمی زاین سەروەختی ئیمپراتۆر ترایانۆس و پاشتردا ژیاوە. لەوانەیە دەوروبەری ١٧٨ز مردبێ. هیچ لەبارەی نووسینەکانیەوە نازانین، تەنیا کتێبێکی نەبێ "وتاری ڕاستەقینە"، لەو کتێبەدا، قلسۆس بەناوی عەقڵەوە بەرەوڕووی نەسرانیەتی نوێ بووەوە. ئۆریجانۆس لە کتێبی "لە وەڵامدانەوەی قلسۆسدا" بەرپەرچی دایەوە. (و . ع).

١٧- ئەم گوتە و بۆچوونە پێویستی بەسەلماندنە، ئەو کات پێویستە لەسەرمان دان بەوەدا بنێین کە لەوەتەی مێژوو جێگەی ئەفسانە و داستانەکانی گرتووەتەوە، وا تەماشای میسرییەکان دەکرێ کە پەرت و ترسنۆکن. قەمبیز بەشەڕێک دەستی بەسەر میسردا گرت؛ ئەسکەندەر، بێ شەڕ خۆی سەپاند، بێ ئەوەی تاکە شارێک خۆی تووشی گەمارۆ بکا؛ بەتاڵمییەکان زۆر ئاسان گرتیان؛ قەیسەر و ئۆگستس وەک ئاوخواردنەوە دەستیان بەسەردا گرت، عومەر "عەمری کوڕی عاس (و . ع)" بەیەک هێرش میسری هەموو گرت؛ دوای ئەو، مەمالیک کە لە کۆلخیدیا و "گورجستانی ئێستا(و . ع)" دەوروبەری قەوقازەوە هاتبوون، بوونە کاربەدەستی میسر؛ ئەوە مەمالیکەکان بوون، نەک میسرییەکان، لەشکری قدیس لویسیان تێک شکاند و پاشایان بە دیل گرت. بەڵام هەرکە مەمالیکەکانیش بوونە میسری، واتە شل و شێواو، ترسنۆک، تەمبەڵ، حولحولی بوون وەک دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ناوچەکە، سوڵتان

سەلیمی یەکەم توانی لە ماوەی سێ مانگاندا بیانخاتە بندەستی خۆیەوە، سوودانیش داگیـر بکا، ئەو ویلایەتەشی خـسـتـە سـەر ئیـمـپـراتۆرییـەتی تورک، تا ڕۆژێک بەربەرییەکانی تر دێن و دەستی بەسەردا دەگرن.

هیرۆدۆتس، دەگێڕێتەوە، سەردەمانێکی زۆر کۆن و نەمر، پاشایەکی میسری بەنێوی سیـزۆسـتـریس، ویستی دنیا داگیر بکا؛ ئاشکرایە پڕۆژەی وا هەر لە خـەڵکی وەک بیکرۆکـۆڵ "کەسـێـتـییـەکی خـەیاڵییـە لە پاڵەوانانی چیرۆکی گرگنتوای نووسـەری فـرەنسـایی فـرانسـوا رابلیـێیـە. (و . ع)." یان دۆن کـیـشـۆت؛ جا لەبەرئەوەی ناوی سیـزۆسـتـریس، مـیـسـری نەبوو، هەقی خۆمانە ئەم رووداوە و ڕووداوەکانی پێشـوو، بخـەینە چوارچێـوەی حـیکایەتەکـانی هەزار و یەک شـەوەوە. ناوکـۆییی هـەمـوو گـەلە ژێردەسـتـەکان؛ هەڵبـەسـتنی چیـرۆکگەلی پڕوپـووچە لەبارەی مـەزنیی ڕابردوویانەوە، وەک چۆن خێزانە بێ دەرەتانەکان، دەڵێن گوایە بەڕەچەڵەک دەچنەوە سـەر بنەماڵەی پاشـایان. کـاهینەکـانی مـیـسـر بۆ هێـرۆدۆتسـیـان گـێڕاوەتەوە گوایە پاشـاکـەیان، سـیـزۆسـتـریس، بۆیە چاوی بڕیبـووە کـۆلخـیـدیا تا داگیـری بکا و بیـخـاتە سـەر مـەملەکەتەکەی، ئەم قسـەیەی کاهینەکانی میسر، چەند لە قسـەی ئەوانە دەچێ کە دەیانگێڕایەوە گوایە پاشـای فرەنسـا، دەڤـەری تۆرینی جێ هێـشـت تا دەست بەسـەر نەرویجدا بگرێ.

ئەم حیکایەتانـە هـەزاران جار بگوترێنەوە و بنووسرێنەوە، بڕوای زیاتریان پێ ناکرێ؛ ئەوەی زیاتر دەچێتە عـەقڵـەوە ئەوەیە؛ کۆلخـیـدییـەکان، دانیشـتوانی ئازا و جـەربەزەی قـەوقـاز، لە پاڵیـاندا سـیـقـییـەکانیش کە زۆرجاران ئاسـیـایان وێران کردووە، ئەوانن ڕوویان کردبێتـە مـیسـر؛ ئەوەی کاهینە کۆلخیدییەکان نـەریتی خەتەنەیان بردبێتـەوە وڵاتەکـەیان، هەرگـیـز بەڵگەی ئەوە نییـە ئەوان ژێردەسـتـەی مـیـسـرییـەکـان بووبێتن. دیۆدۆرسـی سـقللی دەیگێـڕێتـەوە گـوایە هەمـوو ئەو پاشـایانەی سـیـزۆسـتـریس، شکاندبوونی، سـاڵانە لەوپەڕی دنیـاوە دەهـاتنە لای و باج و خــەراجی خـۆیان دەدا، سـیـزۆسـتـریسـیـش دەیکردنە ئەسـپی ئەو عـەرەبانە پاشـایانـەیەی پێی دەچوو بۆ پەرستگە. ئەم حیکایەتانەی گرگنتوا، ڕۆژانە نووسەران دووپاتیان دەکردەوە. بێگومان دەبێ شانوشەوکەتی ئەو پاشـایانە بەڕاستی ئەوەی هەڵگرتبێ تا لەوپەڕی دنیاوە بچن ڕۆڵی ئەسپ بگێڕن.

هـەرچی ئەهـرامـەکـان و شـوێنەوارەکـانی ترە، ئەگـەر نیشـانـەی شـتێ بن، نیشـانـەی کـەپوبەرزی و گەندەڵیی پاشـاکـانی مـیـسـرن، هـەروەهـا نیشـانـەی کـۆیلایـەتیی گـەلێکی گێلن کە دەست و بازووی خۆی و چی شک دەبات، بۆ ڕازیکردنی گەورەکانی تەرخان

دەکـات. ئەو ڕێژیمەی بەم شـێـوازە فـەرمـانڕەواییی گـەلێک بکا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ملهوڕتر دەبێ، تەنانەت لەو سـەردەمـانەشدا کە زۆری پێدا هەڵدەدەن. هێندێک دەڵێن گوایە ڕۆژگارێک پاشاکانی میسر حوکمی ئەمسەر و ئەوسەری دنیایان کردووە؛ بڵێی ئەو کۆیلانە دنیایان داگیر کردبێ.

ئەوەی لەبارەی زانستی کاهینەکانی میسریشەوە دەگوترێ، لە پڕوپووچترین ئەفسانە دەمـاودەمکراوەکـانـی سـەردەمـە کۆنەکانە. ئاخـر ئەوانەی دەڵێن گوایە لە مـاوەی یازدە هـەزار سـاڵدا، دوو جـار ڕۆژ لە ڕۆئاواوە هـەڵاتووە و لـە ڕۆهـەڵاتەوە ئـاوا بووە، پـێ دەچێ، ئاستی زانسـتییـان زۆر نزمتر بێ لە دانەری ڕۆژمـێری گەردوونیی شـاری لییج [ڕۆژمێرێکی بەناودەنگ بوو، لە سـەدەی حەڤدەم و هەژدەمدا کاری پێ دەکرا، خـەڵکە ڕەشـۆکـیـیـەکە و خـانەدانانیش بـەکـاریان دەهێنا، بریتی بـوو لە ئەسـتـێرەناسـیـیـەکـی تێکەڵ لە زمـانی گـەردوونی و هـێمـا هـیـرۆگـلـیـفـیـیـەکان، پێشـبـینیـیـەکـانی جـۆرێک لە ڕاستییان پێوە دیاربوو (و . ع)].

هـەروەهـا، ئاینی ئـەو کـاهینانـە، ئەوانەی فـەرمـانڕەوای دەوڵـەت بوون، لەگـەڵ ئـاینـی هۆڤیترین گەلانی ئەمەریکا بەراورد ناکرێ. ئێمە دەزانین ئەوانە تیمسـاح، مەیموون، پشـیلە و پیـازیان دەپەرست؛ لەوانەیە ئەمـڕۆ لە هەمـوو دنیـادا، ئـاینێک نـەدۆزینەوە هێندەی ئاینەکەی ئەوان دوور بێ لە عەقڵ، مەگەر ئاینەکەی دالای لاما.

باری هونەرەکەشیان لە باری ئاینەکەیان باشتر نەبوو؛ پەیکەری میسری نییە جێی سـەرنج بێ؛ ئەوەی چاکـە، دروسـتکراوی ئەسکەندەرییـەی سـەروەخـتـی باتلمی و قەیسـەرەکانە کە هونەرمەندانی گریک دروستیان کردوون، زانستی ئەندازەش هەر لە گریکەکانەوە فێر بوون.

بوسـوێی ناودار، سـەرسـامـیـیەکی زۆر گەورە بەنـەخشـی مـیـسـرییـەکان دەردەبڕێ لە کتێبـەکەیدا "گوتارێک لەبارەی مێژووی گەردوونەوە" کە ئاراسـتەی کوڕی شـا لویسـی چواردەمی کردووە، لەوانەیە قسەکانی بوسـوێ، شازادەیەکی گەنج شـاگەشکە بکەن، بەڵام زانایان ڕازی ناکـەن؛ کتێبـەکە، وەک گوتار تا بڵێی ڕەوانە، بەڵام مـێژوونووس پێویسـتە فـەیلەسووف بێ نەک گوتارنووس. هـەر چۆنێک بێ، تێڕامانـەکانمان لەبارەی مـیـسـرییـەکانەوە، جـۆرێکە لە مـەزەندە، باشـە ناوێکی گونجـاوتر هـەیە لە سـەردەمـە کۆنەکانی بنێین*؟

---

* لەوانەیە ئەرکمـان بێ ئەم دان پێدانانەی ڤۆڵتـێر بقۆزینەوە کە دەڵێ بۆچوونەکانی لەبارەی مێژووی مـیسـرەوە تەنیا مـەزەندەن، تـا سـەرنجی ئەوە بدەین کە مـێژووی

میسر و شارستانیەتی میسری لەو سەردەمەدا هێشتا باش نەناسراو بوون، چونکە هێشتە هێما هیرۆگلیفییەکان نەکرابوونەوە، ڕاستت دەوێ، بەوردی هۆکاری ئەم کۆنەقینەی (تحامل) ڤۆلتیر – کە لەگەڵ دروشمی لێبووردەییەکەیدا نایەتەوە – دەرهەق میسرییەکان نازانرێ چییە. لەوانەیە تەنیا ویستبێتی وەڵامی بوسوێ بداتەوە کە زۆری بەشارستانیەتیی میسریدا هەڵداوە، چونکە بوسوێ سیمبوڵی کڵێسای کاتۆلیکی فرەنسایی و ئەو شەڕە ئایدیۆلۆجی و لاهووتییە بوو کە بەدژی پرۆتستانتییەکان بەرپا کرا. هەر چۆنێک بێ، ڤۆڵتێر خۆی نموونەیەکی خراپمان لە ناپاکیی گێڕانەوەدا پێشکێش دەکات: ئەو دەڵێ عومەر "بەیەک هێرش سەرلەبەری میسری داگیر کرد". ڕاستییەکەی، لەشکری موسڵمانان بەسەرکردایەتیی عەمری کوڕی عاس لەو هێرشەدا ڕووبەڕووی میسرییەکان نەبوونەوە، بەڵکە ڕووبەڕووی لەشکری بێزەنتییەکان بوونەوە، بێزەنتییەکانیش نەوەی یۆنانەکان و ڕۆمانەکانن کە ڤۆڵتێر ڕێزێکی مەزنیان لێ دەگرێ. (و . ع).

١٨– ئێمە بەهیچ شێوەیەک گومان لە مردنەکەی قدیس ئەگناتیۆس ناکەین؛ بەڵام خوێندنەوەیەکی چیرۆکی شایەتییەکەی، پرسیارگەلێک لای مرۆڤی عاقڵ دروست ناکات؟ ئەو کەسە نەناسراوەی ئەو شایەتییەی گێڕاوەتەوە دەڵێ: "ترایانۆس چووبووە سەر ئەو باوەڕەی گەر خواوەندی مەسیحییەکان نەخاتە بن دەستی، دەسەڵاتی کامڵ نابێ". ئای لەم بیرۆکەیە! چما ترایانۆس دەیویست بەسەر خواوەندەکاندا سەرکەوێ؟ کاتێک ئەگناتیۆسیان بردە بەردەم ئیمپراتۆر، ئەمەی دوای لێی پرسی: "تۆ کێی ئەی ڕوحی پیس؟" ڕاستییەکەی، پێ ناچێ ئیمپراتۆر ئەم قسەیە بەرانبەر بەندییەک بکا، یان خۆی حوکمی دابێ؛ ئەوە نەریتی پاشاکان نەبوو. با بڵێین ترایانۆس ناردی بەشوێن ئەگناتیۆسدا، ئەدی چۆن لێی دەپرسێ "تۆ کێی؟" چونکە دەزانێ کێیە. دوای ئەوە، کەسێکی وەک ترایانۆس چۆن دەستەواژەیەکی وەک "ئەی ڕوحی پیس" بەکار دێنێ؟ باشە هەر بەئاشکرا دیار نییە ئەوە دەستەواژەی مەسیحییەکە و خستوویەتە سەر زاری ئیمپراتۆر؟ ئاخر خوا بناسن، ئەوە شێوازی ترایانۆسە؟

دەچێتە عەقڵەوە ئەگناتیۆس وەڵامی دابێتەوە: ناوم تیۆفۆرۆسە "بەیۆنانی مانای: خواهەڵگر، ئەوەش ناوێکە لە جۆرێک پەیکەر دەنرا؛ پیاوێک پەیکەری خواوەندێکی هەڵگرتبوو، ئەو پەیکەرانە لای هامۆشۆکەرانی پەرستگە ڕۆمانییەکان زۆر خۆشەویست بوون. (و . ع)"، چونکە مەسیحی لە دڵیدا هەڵگرتووە، گوایە ترایانۆس، گفتۆگۆیەکی زۆری لەگەڵ ئەگناتیۆسدا کردووە لەبارەی مەسیحەوە؟ گوایە ترایانۆس لە کۆتاییی ئەو گفتوگۆ درێژەدا گوتوویەتی: "فەرمان دەدەین چارەنووسی ئەگناتیۆس

کە خۆی بادەدا گوایە لەخاچدراوی لە دڵیدا هەڵگرتووە، گرتیگە بێ... هتد". ڕەنگە لەوە تێ بگەین، پیاوێکی درێژدادڕ، دوژمنی مەسیحییەکان، لە باسی یەسووعی مەسیحدا، پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەی لەخاچدراو ببا؛ بەڵام لەوە ناچێ ئەو وشەیە لە بڕیارێکی ئیمپراتۆردا هاتبێ. ئاخر لەخاچدان لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا هێندە باو بوو، مەحاڵە لەگەڵ ئەو شێوازە زمانەوانییەی یاساکانی پێ دادەڕێژرا، بەوشەی لەخاچدراو باس لە پەرستنەکانی مەسیحیگەل بکرێ؛ نە یاساکان باس لە حوکم بەو وشەیە دەکەن، نە پاتریارکەکان بەو شێوازە حوکمەکانیان دەردەکرد.

دیسان دەڵێن، گوایە ئەگناتیۆس پاش حوکمدانی نامەیەکی درێژی ئاراستەی مەسیحییەکانی ڕۆما کردووە تێیدا دەڵێ: "سەرەڕای ئەوەی دەستوپێوەند کراوم". ئاخر هەر هێندەی ئەگناتیۆس ڕێگەی پێ درابێ نامە بۆ مەسیحییەکانی ڕۆما بنووسێ، ئەوە، بەدڵنیاییەوە، بەڵگەیە کە مەسیحییەکان ئازاد بوون، کەواتە؛ ترایانۆس نیازی نەبووە، خواکەیان بخاتە بن دەستی خۆیەوە. بەڵام با بڵێین بەڵێ مەسیحییەکان دەچەوسانەوە، باشە کەواتە ئەگناتیۆس پیاوێکی کورتبین بووە کە نامەی بۆ نووسیون؟ ئاخر بەو نامەیە، تووشی مەترسییان دەکات، دەیانناسێنێ، وەک ئەوەی زمانیان لێ بدا.

کەواتە، وا باشتر بوو، نووسەری "کارەکان"، زیاتر ڕەچاوی ڕاستیی پرسەکان و بنەوای ڕێوشوێنە باوەکانی بکردایە. دیسان، چیرۆکی گەشمردەبوونی قدیس بۆلیکاربۆس، گومانێکی زۆرتر دروست دەکات. لەو چیرۆکەدا هاتووە؛ دەنگێک لە ئاسمانەوە هاواری کرد: "بۆلیکاربۆس خۆڕاگر بە". گوایە جگە لە مەسیحییەکان، کەسی تر گوێی لەو دەنگە نەبووە. هەروا چیرۆکەکە دەڵێ، کاتێک بۆلیکاربۆسیان بەدارتەلێکەوە بەستەوە، ئاگردانەکەیان داخست، بڵێسەی ئاگرەکە لە جەستەی دوور دەکەوتەوە و دوا جار بڵێسەکە کەوانەیەکی بەدەوری سەریدا دروست کرد، هێندەی نەبرد، کۆترێک لە ژوور سەریەوە فڕی؛ هەروەها لە چیرۆکەکەدا هاتووە، قدیس کە ئاگری پێ نەکەوتبوو، بۆنێکی خۆشی لێ بەرز بووەوە و گەیشتە هەموو دەوروبەرەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کەسەی ئاگرەکە نەیوێرا توخنی بکەوێ، بەرگەی دەمی شمشێرەکەی نەگرت.

کەواتە، با دانی پێدا بنێین، ئێمە ناچارین لەو کەسانە خۆش بین کە لەم نیوچە حیکایەتانەدا بۆ خواناسی دەگەڕێن، نەک بۆ ڕاستی.

١٩- مەبەست لە شاهپووری دووەمە (٣١٠ _ ٣٧٩)، پاشایەکی ساسانی وڵاتی فارس

بوو، شەڕی ڕۆمانەکانی کرد و ئەرمینیای داگیر کرد. بەسەر مەزدەکییەوە چاودێر بوو، مەسیحییەکانی چەوساندەوە.

٢٠- ئۆسابیۆس (حوشەب)ی قەیسەری: نووسەر و داکۆکیکارێکی بیروباوەڕی مەسیحی بوو، بابی "مێژووی مەسیحییەت"؛ لە نێوان ساڵانی ٢٦٠ و ٢٦٥دا لە فەڵەستین لەدایک بووە، وا پێ دەچێ لە قەیسەرییە، ساڵانی ٣٣٧ تا ٣٤١ مردووە. سەرۆکی قەشەکانی فەڵەستین بووە و نموونەی ئەو قەشانە بوو کە مەراییان بۆ دەسەڵاتداران دەکرد، بەڵام وەک مێژوونووسێک زۆر جێی بڕوا بوو. لە نووسینە شیکارییەکانی: "یاسا ئینجیلییەکان" و "نامەگەلێکی ئینجیلی و شیکردنەوەیان". لە داکۆکیکردنیش لە نەسرانییەت، کتێبێکی هەیە وەڵامی هیرۆقلیس دەداتەوە. (و . ع).

٢١- مێژووی کڵێسا، بەشی هەشتەم.

٢٢- ماکسیمیانۆس گالیریۆس (س٣٧١ز): ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی، زاوای ئیمپراتۆر دیۆقلیسیانۆس. ئەم پلانی چەوساندنەوەی مەسیحییەکانی بۆ خەزووری دادەنا، بەڵام لە دوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا، دەستی لەو سیاسەتە هەڵگرت و فەرمانی ئیمپراتۆرییانەی لێبووردەی ناسراو بەفەرمانی نیقۆمیدیای دەرکرد. (و . ع).

بەشی دەیەم

لەبارەی چەوساندنەوە و مەترسیی داستانە درۆینەکانەوە

دەمێکە درۆ مرۆڤەکانی لەخشتە بردووە؛ ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پەردە لەسەر ئەو بڕە ڕاستییە لابدەین کە دەکارین بیانگەینێ، لە سەرینی پەڵە هەورەکانی ئەو ئەفسانانەی دەورەی مێژووی ڕۆمانیان تەنیوە، هەر لە تاقیتۆسەوە تا سویتۆنیۆس کە بووەتە سێبەرێکی تاریک بەسەر مێژووگەلی نەتەوە کۆنەکانەوە.

باشە چۆن بڕوا بکەین، بۆ نموونە، ڕۆمانەکان ئەو گەلە سەنگین و توندەی یاساکانمان لەوانەوە بۆ ماوەتەوە، کچە پاکیزە مەسیحییەکان، کچی بنەماڵە خانەدانەکانیان ناچار کردبێ سێکسفرۆشی بکەن؛ ئەگەر بڕوامان کرد، ئەو مەندی و مێشک و شکییەمان (الوقار والتزمت) لەبیر نییە کە بەحوکمە توندەکانی یاسادانەرەکانمانەوە دیار بوو، کاتێک لەسەر هەڵە یان لادانێک سزای کچە ڤستالییەکانیان[٢٣] دەدا.

ئەوە ڕوینار[٢٤]ە لە کتێبەکەیدا "کارە ڕاستگۆکان" باسی ئەو کارە نزمانە دەکات؛ بەڵام ئاخۆ هەقە بڕوا بەکتێبەکەی ڕوینار بکەین وەک چۆن بڕوا بە "کارەکانی پێغەمبەران" دەکەین؟ "کارە ڕاستگۆکان" لە زاری پۆلاندۆس[٢٥]ەوە دەگێڕێتەوە، حەوت پاکیزەی مەسیحی لە شاری ئەنقورە[٢٦] هەبوون، هەر حەوتیان تەمەنیان لە نێوان شەست و حەفتادا دەبوو، تیۆدۆکتۆس، والیی شار حوکمی دا کە کچێنیی هەر حەوتیان لەلایەن گەنجانی شارەوە ئەتک بکرێ، دەمێ گەنجەکان ڕازی نەبوون ئەوە بکەن، والی، پاکیزەکانی ناچار کرد، لە سرووتەکانی خواوەند دیانادا، بەڕووتی خزمەت بکەن، لە کاتێکدا، ئافرەتان بۆیان نییە بەشداریی ئەو سرووتانە بکەن بەلەشپۆشەوە نەبێ. قدیس تیۆدۆتس، کە پیاوێکی لە خواترس بوو هەرچەندە مەیخانەی هەبوو، لە خوا دەپاڕایەوە دەست بەباڵی ئەو پاکیزانەوە بگرێ نەبادا لە تاقیکردنەوەکەیاندا بکەون. دیارە خوا بەدەم نزاکانییەوە چوو، والی

فەرمانی دا پاکیزەکان فڕێ بدەنە دەریاچەیەکەوە پاش ئەوەی چەند بەردێکی قورس بەگەردنیانەوە دەبەستن. دەمودەست هانایان برد بۆ قدیس تیۆدۆتس و لێی پاڕانەوە ڕێگە نەدا ماسی جەستەیان بخوا.

هەر تاریک داهات، خاوەن مەیخانە پیاوچاکەکە لەگەڵ هاوڕێیانیدا بەرەو کەناری دەریاچەکە بەڕێ کەوتن کە سەربازان پاسەوانی بوون. بڵێسەیەک ئاگری ئاسمانی لە پێشیانەوە بوو؛ کاتێک گەیشتنە لای شوێنی گردبوونەوەی پاسەوانەکان، سوارێکی ئاسمانیی چەکدار پەیدا بوو، بەزەبری خەنجەرەکەی پاسەوانەکانی دەرکرد. ئینجا قدیس تیۆدۆتس توانی تەرمی پاکیزەکان لە دەریاچەکە دەربێنێ، کاتێک هێنایانە بەردەم والی، فەرمانی دا سەری بپەڕێنن، ئەم جارەیان، سوارچاکە ئاسمانییەکە بەفریای تیۆدۆتس نەکەوت. دووپات و چەندپاتی دەکەینەوە، ئێمە ڕێز لە گەشمەردە ڕاستەقینەکان دەگرین؛ بەڵام زەحمەتە بروا بەچیرۆکەکەی پۆلاندۆس و روینار بکەین.

لێرەدا چیرۆکی قدیس ڕۆمانۆس بگێڕینەوە. فڕێ درایە نێو ئاگرەوە، وەک ئۆسابیۆس دەڵێ، ئەو جووانەی لەوێ ئامادە بوون، کاتێک دیمەنەکەیان بینی، دەستیان بەجنێودان کرد بەیەسووعی مەسیح، چونکە ڕێگەی دا یەکێک لە شوێنکەوتووانی بسووتێنرێ، لە کاتێکدا خوا سیداخ و میزاخ و ئەدیناگۆی لە مەنجەنیق ڕزگار کرد[٢٧]. بەڵام هەر جنێوەکانیان لە دەم دەرچوو، قدیس ڕۆمانۆس بەساغی هاتە دەرەوە. دەمودەست ئیمپراتۆر لێی خۆش بوو، بەدادوەرەکەشی گوت ئەو نایەوێ بکەوێتە دوژمنکاری لەگەڵ خوادا؛ قسەیەکی سەیرە لە زاری دیۆقلیسیانۆسەوە! بەڵام سەرەڕای نەرمی و لێبووردەیی ئیمپراتۆر، دادوەر بڕیاری دا زمانی قدیس ڕۆمانۆس ببڕن؛ هەرچەندە کۆمەڵێک دارکارکەریی لە بەردەستدا بوو، کەچی داوای لە پزیشکێک کرد ئەو کارە ئەنجام بدا. دوای ئەوە سەرباری ئەوەی قدیس ڕۆمانۆس هەر لە منداڵییەوە زمانی دەیگرت، زمانی پڕا و زۆر بەڕێکی قسانی دەکرد، دەمێک پزیشکەکەیان لۆمە کرد، ویستی بیسەلمێنێ کارەکەی بەگوێرەی پێویست ئەنجام داوە، یەکێک لە ڕێبوارانی ڕاگرت و چەندی لە زمانی قدیس ڕۆمانۆس بڕیبوو، ئەوەندەشی لە زمانی ئەو بڕی؛ ڕێبوارەکە دەستبەجێ مرد، ئاخر، وەک نووسەری کتێبەکە بەوپەڕی زانست و داناییەوە پێمان دەڵێ: "شیکاری جەستەی مرۆڤ دەری دەخات کە مرۆڤ بێ زمان ناژی".

ڕاستت دەوێ، ئەگەر ئۆسابیۆس بەڕاستی ئەم قسە پڕوپووچانەی نووسیبێ ــ ئەگەر بۆ کتێبەکەی زیاد نەکرابێ ــ کەواتە چۆن متمانە بە "مێژووی کڵێسا"کەی بکەین؟

کاتێک چیرۆکی خاتوو نەقدیس فلیستیا و حەوت منداڵەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەدەستی ئەنتۆنیۆسی عاقڵ و لە خواترس تێداچوون، ناوی نووسەری ئەم چیرۆکەمان بۆ ئاشکرا ناکات.

زیاتر پێ دەچێ، نووسەرێکی ڕاستگۆتر و دڵگەرمتر بۆ ئاین، دەیەوێ چیرۆکی مەککابی[٢٨]یەکان، بگێڕێتەوە. بەم شێوەیە دەست بەگێڕانەوە دەکات: "خانمەقدیس فلیستیا ڕۆمانی بوو، لە سەردەمی ئەنتۆنینۆسدا دەژیا"، لەم قسەیە ڕوون دەبێتەوە، نووسەر هاوسەردەمی خاتوونە قدیسەکە نەبووە، دەشڵێ، والیی ڕۆما لە دادگەکەی کە دەکەوێتە گۆڕەپانی کامپۆس مارسیۆس، داوەریکردن، کەچی ڕاستییەکە ئەوەیە، والی لە تەلاری کاپیتۆڵدا، داوەریی دەکرد، نەک لەو گۆڕەپانەی کۆمەڵانی دەنگدەرانی لێ گرد دەبووەوە، دواتر، لە سەردەمی ئەنتۆنینۆسدا، نواندنەکانی لەشکر و کێبەرکێ و یارییە سەربازییەکانی تێدا بەڕێوە دەچوو. ئەمەش دیسان بەڵگەیە کە نووسەرەکەمان لەو سەردەمەدا نەژیاوە.

هەروەها لە زاری ئەوەوە دەڵێم، ئیمپراتۆر، پاش ئەوەی حوکمەکانی دەردەکرد، ئەوجا داوای لە دادوەران دەکرد حوکمەکە جێبەجێ بکەن. ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی ڕێوشوێنە پێڕەوکراوەکانی ئەو سەردەمە بوون، لە هەموو سەردەمێکیشدا هەر وا بووە.

دیسان قدیسێک هەبوو ناوی هیپۆلیتۆس، دەگوترێ گوایە لە دووی ئەسپانیان ڕاکێشاوە، وەک هیپۆلیتۆسی کوڕی تازیۆسی پاشای گریک. ڕاستییەکەی ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە، لای ڕۆمانە کۆنەکان باو نەبووە، بێگومان، لێکچوونی ناوەکان، سەرچاوەی ئەم ئەفسانەیەیە.

لەگەڵ مندا سرنج بدەن، چیرۆککەلی گەشمردەکان، کە مەسیحییەکان خۆیان گێڕاویانەتەوە، بەردەوام باسی دیمەنگەلێکمان بۆ دەکەن، مەسیحییەکان، بەوپەڕی ئازادی، پێش بەندیخانەکە لە حوکمدراوەکە دەگرن، لەگەڵی دەچن بۆ گۆڕەپانی لەداردانەکە، بڕێک خوێنی هەڵدەگرن، دەینێژن، موجیزەگەل لە تەرمەکەی چێ دەکەن. باشە ئەگەر ئاین، وەک ئاین، ئامانجی چەوساندنەوەکە بووایە، ئەدی ئەو

مەسیحییانەی مەسیحیبوونی خۆیان ناشارنەوە و پشتی برا حوکمدراوەکانیان دەگرن، تۆمەتبارێشن بەوەی سیحربازی دەکەن بەپارچەکانی لەشی ئەوانەی تا مردن دارکاری دەکرێن، بۆچی ناکوژرێن؟ نەدەبووایە مامەڵەکردنیان وەک مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ڤالدییەکان، کاتارییەکان، هووسییەکان[٢٩] و گرووپە پرۆتستانتییەکانی ترمان کردبووایە؟ سەرمان برین، بەکۆمەڵ سووتاندمانن بێ گوێدانە تەمەن و ڕەگەز. ئاخ چیرۆکە ڕاستەکانی چەوساندنەوە کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، بەراورد دەکرێن لەگەڵ قەسابخانەکەی قدیس بارتلیمی یان قەسابخانەکانی ئێرلەندا؟ ئەوانەی گێڕامانەوە، یەک ڕووداویان تێدایە لەگەڵ ئاهەنگە ساڵانەکەی تۆلۆز بەراورد بکرێ، ئەو ئاهەنگە بێزەوەرە زۆر ناشیرینەی دەبێ نەمێنێ، سەرلەبەری دانیشتوانی شارێک بەکەژاوەیەکی ڕازاوە دەردەچن، تا سوپاسی خوا بکەن و پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن بەبۆنەی کوشتنی چوار هەزار هاوشاری خۆیانەوە پێش دووسەد ساڵ؟

بەڕاشکاوی، بەڵام ڕاستگۆیانە دەڵێم: ئێمە، مەسیحییەکان، خەڵکمان چەوساندووەتەوە؛ ئێمە خەڵککوژ و کوژراو بووین! کێمان کوشت؟ براکانمان. ئێمە بووین خاچ و کتێبی پیرۆزمان بەرز کردەوە و سەد شارمان وێران کرد؛ ئێمە وازمان لە خوێنڕێژی و هەڵگیرساندنی ئاگرەکان نەهێنا، هەر لە سەردەمی قوستەنتینەوە تا سەرشێتییەکانی مرۆڤخۆرەکانی چیاکانی سیڤین[٣٠]، سوپاس بۆ خوا کە ئێستا دووبارە نابنەوە.

ئێستەش، بەداخەوە، ماوە ناماوەیەک، سێدارە بۆ داماوەکانی بواتۆ، ڤیڤارێ، ڤالانس و مۆنتۆبان[٣١] هەڵدەخەین. لە ساڵی ١٧٤٥وە هەشت کەسمان لەوانە هەڵواسیوە کە پێیان دەگوترێ "مژدەدەر" یان "کاهینەکانی ئینجیل"، ئەوانەی هیچ گوناهێکیان نەکردبوو تەنیا پاڕانەوە نەبێ لە خوا، بەزمانی خۆیان، کە پاشا بپارێزێ، تنۆکێکیش مەی و نانەڕەقەیان دابووە هێندێک جووتیاری نەزان. لە پاریس شتی وا ڕوو نادات، لەوێ هیچ شتێک لە خۆشیی ژیان لە پێشتر نییە، لەوێ کەس ئاگەدار نییە لە دەڤەرەکان و نازانن دەرهەق بیانییان چ دەگوزەرێ. ئەو جۆرە داواکارییانە لە کەمتر لە سەعاتێکدا، حوکمەکەیان دەبڕێتەوە، خێراتر لە داوەریی سەربازێکی هەڵاتوو. ئەگەر پاشاش پێی زانی یەکسەر لێی خۆش دەبێ.

کاهینە کاتۆلیکییەکان، لە هیچ وڵاتێکی پرۆتستانتیدا وا مامەڵەیان لە تەکدا

ناکرێ. ئاخر ژمارەی کاهینە کاتۆلیکییەکان لە ئینگلتەرا و ئێرلەندا، دەگاتە سەد؛ لەگەڵ ئەوەی ناسراون و پێناسەیان دیارە، کەچی لە شەرەکەی ئەم دواییانەدا، بەئاسوودەیی دەژیان[٣٢].

ئاخۆ هەر دەبێ دواین کەس ڕاستەڕێ بگرین؟ نەتەوەکانی تر هەڵەکانی خۆیان ڕاست کردەوە. ئەدی ئێمە کەی هەڵەکانمان ڕاست دەکەینەوە؟ شەست ساڵمان ویست تا بڕوا بە تیۆرییە سەلمێنراوەکەی نیوتن بکەین؛ تازە بەهەزار حاڵ دەوێرین دەرزی لە منداڵەکانمان بدەین تا لە مردن ڕزگاریان بکەین؛ بەم دواییانە، ئینجا بنەوا دروستەکانی کشتوکاڵ جێبەجێ دەکەین؛ ئەدی کەنگێ دەست دەکەین بەجێبەجێکردنی بنەوا مرۆڤانییە ڕاست و ڕەوانەکان؟ بە چ ڕووقایمییەکەوە لۆمەی وەتەنییەکان دەکەین کە گەشمەردەکانیان کوشتووە، کەچی هەمان دڵڕەقی و بێبەزەییمان دووبارە کردەوە؟

با وای دابنێین، ڕۆمانەکان، مەسیحیگەلێکی زۆریان سەبارەت بەئاینەکەیان کوشتووە. ئەگەر وابێ، ڕۆمانەکان تاوانبارن، بەڵام ئاخۆ ڕاستە ئێمە بێین هەمان ستەم دووبارە بکەینەوە؟ ئاخۆ دەمانەوێ ببینە ستەمکار، لە کاتێکدا لۆمەی ئەوان دەکەین کە ستەمیان لێ کردووین؟

خۆ ئەگەر لێرەدا مرۆڤێکی دەمارگر و نیازخراپ دەنگ بەرز بکاتەوە و پێم بڵێ: خێرە تۆ هەر خەریکی پێشاندانی هەڵە و گوناهەکانمانی؟ بۆچی بەهای موجیزە درۆینە و ئەفسانە هەڵبەستراوەکانمان کەم دەکەیەوە؟ ئاخر ئەوانە، وەک خۆراکی خواناسی و تێشووی خواپەرستین بۆ خەڵکێکی زۆر؛ بیرت چووە، هێندێک هەڵە هەن زۆر پێویستن؟ نازانی ئەگەر لوویەکی خۆرسک لە جەستەی مرۆڤ دەرهێنی، جەستەکە دەمرێ؟ ئەگەر دەنگێکی ئەوها بەرز بێتەوە، منیش ئەوها وەڵام دەدەمەوە:

تێکرای ئەو موجیزە درۆینانەی باوەڕی خۆتانی پێ کەم دەکەنەوە، ئەو باوەڕەی بۆ موجیزە ڕاستەقینەکان پێویستە، هەموو ئەو ئەفسانە ناماقووڵانەی دەیخەنە سەر ڕاستییەکانی نێو ئینجیل، چرای ئاین لەنێو دڵاندا دەکوژێنێتەوە. ئاخر خەڵک زۆرن حەزیان لێیە فێر بن، وەلێ چونکە کاتی خۆڕۆشنبیرکردنیان نییە، دەگەنە ئەوەی بڵێن: مامۆستاکانمان لەخشتەیان بردین، نە ئاین هەیە و نە هیچ، کەواتە وا چاکترە خۆمان بهاوینە ئامێزی سروشت نەک ئامێزی هەڵە، خۆمان

بدەینە دەست سروشت نەک تووڕەهاتەکانی مرۆڤ. خەڵکانێک لەمەش واوەتر دەچن، بەداخەوە لەخشتەبردن تاکە ڕێگەی ڕاگرتنیان بووە، بۆیە مل بۆ ڕاستیش نادەن و بەرەو بێباوەڕی (الالحاد) دەخزێن. بەم شێوەیە، هێندێک کەس نزم و بێ ئەدەب دەردەچن، چونکە هێندێکی تر، فێڵباز و ساختەچی بوون لەگەڵیاندا.

ئا ئەوە ئەنجام و لێکەوتەوەی لەخشتەبردنە بەناوی خواپەرستی و هەموو جۆرەکانی تری بیروباوەڕی هیچ لەبار نەبوودا. خۆ خەڵکە ڕەشوڕووتەکە، نازانن تا ئەوپەڕی پرسگەل بڕۆن و شەنوکەویان بکەن.

پاساوێکی چەند بێ سەروبەر و بۆشە، پاساوی ئەوانەی دەڵێن: مادام ڤۆراجین[٣٣]، نووسەری "داستانی زێڕین"، ڕاهیبی یەسووعی ڕیبادنێرا[٣٤]، لە قسەی پڕوپووچ زیاتریان نەگوتووە، مانای وایە خوا هەر نییە؛ یان پاساوی ئەوەی دەڵێ چونکە کاتۆلیکییەکان، ژمارەیەک هۆگۆنووتیان سەر بڕیوە، هۆگۆنووتییەکانیش، کەمیان بەکاتۆلیکییەکان نەکردووە، ئیتر خوای چی، کوا خوا؟ یان پاساوی ئەوانەی دەڵێن: مادام نهێنییە پیرۆزەکان هەر هەموویان خرانە خزمەت بێزەوەرترین تاوانگەلەوە، ئەوە نیشانەی نەبوونی خوایە. بەڵام من دەگەمە ئەنجامێکی تەواو پێچەوانە و دەڵێم: کەواتە خوایەک هەیە بەزەیی پێماندا دێتەوە و دڵمان دەداتەوە و هەقی ئەو هەموو کارەسات و مەرگەساتانەمان بۆ دەکاتەوە. لە دنیایەکی کاتیدا، خوامان بیر چووەوە و بەناوی ئەوەوە، دەستمان چووەتە هەموو تاوانێکەوە. ئاخر ئەگەر لە شەڕە ئایینیەکان ڕامێنین؛ لە لێکترازانی پاپاکان کە خۆیان لە چل جاران دەدەن ورد بینەوە کە نێزیکەی هەر هەموویان ڕووداوگەلێکی خوێناوی بوون؛ دیقەت لەو هەموو جۆرە فێڵبازی و لەخشتەبردنە بدەین کە تا بڵێی خراپەیان لێ کەوتەوە؛ لەو هەموو کۆنەقینەی بیروباوەڕی لێک نەچوو تەقاندنیانەوە؛ ئەگەر باس لە هەموو خراپەکانی سەرگەرمیی ئایینی درۆینە بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤگەل ڕۆژگارێکی زۆر لەم دنیادا لە دۆزەخدا ژیاون.

پەراوێزەکان:

٢٣- ڤستایە: خاتوونە کاهینێکی ڤستای خواوەندی ڕۆمای کۆن بوو، نەزری لەسەر خۆی کردبوو کە بەپاکیزەیی بمێنێتەوە، مادام خزمەتی پەرستگە دەکا. (و. ع).

٢٤- دۆم تییێری ڕوینار: ڕاهیبێکی بەنەدیکتی فرەنسایی (١٦٥٧ _ ١٧٠٩)، کتێبێکی

هەیە بەزمانی لاتینی "کارە ڕاست و دەستەبژێرەکانی گەشمردە پێشەنگەکان".
هەروەها لە یەکەمین ئەو کەسانەیە کە شەمپانیایان داهێنا. (و . ع).

٢٥- یوحنا پۆلاندۆس: ڕاهیبێکی یەسووعی بەلجیکایی (١٥٩٦ _ ١٦٠٥)، خاوەنی پۆلێنکردن و لێکدانەوەی پێنج بەرگەکەی "کارە پیرۆزەکان"ە لەبارەی ژیانی قدیسەکانەوەیە. (و . ع).

٢٦- ئەنقورە: کۆنە ناوی شاری ئەنقەرەی ئێستە. (و . ع).

٢٧- نەبوخزنەسر، سێ گەنجی جووی بەدیل گرت و پلە و پایەی بەرزی خستە پێشیان، کاتێک ڕازی نەبوون، فەرمانی دا بسووتێنرێن، وەلێ نەسووتان. چیرۆکەکەیان لە سفری دانیالدا هاتووە. (و . ع).

٢٨- مەککابییەکان: ناوێکە نووسەرانی کلێسا بەبالای کوڕەکانی کاهینی جوو "مەتی مەککابی"یاندا بڕی، لە شۆڕشی ١٦٧ پ.ز، بەدژی پاشای سلووقی سووریا، سێ لەو کوڕانە یەک لە دوای یەک، سەرکردایەتیی نەتەوە و لەشکری جوویان کرد. دوای ئەوەی سەرکردەی لەشکر بوون، کوڕانی مەککابی بوونە سەرۆکی کاهینان و دواتر بنەماڵەی ئەشمۆنییەکانیان دامەزراند کە دواتر نازناوی پاشایەتییان وەرگرت. سفری مەککابییەکان باس لە گەشمردەبوونی حەوت برا دەکات لەسەر دەستی شا ئەنتیۆخۆسی چوارەم ئیبیفانۆس کە دەیویست ناچاریان بکا گۆشتی بەراز بخۆن، وەک دەزانرێ ئاینی مووساییش ئەو گۆشتەی حەرام کردووە. براگەل گۆشتەکەیان نەخوارد، بۆیە لە پێش چاوی دایکیان دارکاری کران، دایکیان هاواری دەکرد نەیخۆن و گەشمردە بن، خۆشی دوای ئەوان مرد. (و . ع).

٢٩- هووسییەکان: لایەنگرانی چاکسازیخوازی چیکی یان هووس کە کۆڕوەندی کۆنستانس، بیرۆکەکانی سەرکۆنە کرد، بەتۆمەتی هەرتووقی سووتێنرا. (و . ع).

٣٠- سیڤێن: زنجیرە چیایەکە دەکەوێتە نێوەڕاستی فرەنساوە. (و . ع).

٣١- ناوی شارگەلێکی باشووری فرەنسان. (و . ع).

٣٢- لێرەدا باس لە شەڕی حەوت ساڵەی نێوان فرەنسا و نەمسا، لەلایەک و ئینگلتەرا و برووسیاش لەلایەکی ترەوە. فرەنسا لە کەنەدا و هیند و لویزیانا شکا. (و . ع).

٣٣- یەعقووب دارڤۆراجین: نووسەرێکی ئیتاڵیاییە (١٢٢٨ _ ١٢٩٨)، قەشەی جەنەوا بوو، کتێبی "داستانی زێڕینی"ی داناوە کە برێتییە لە ژیننامەی ژمارەیەکی زۆر قدیس و خاتوونە قدیسەکان و گەشمردە مەسیحییەکانی سەردەمی ڕۆمانەکان. (و . ع).

٣٤- بدرۆ ریباندنێرا: قەشەیەکی یەسووعی ئیسپانیایی (١٥٢٦ _ ١٦١١)، لە کتێبەکانی: گوڵی قدیسان. (و . ع).

بەشی یازدەم

زێدەڕۆیی لە دەمارگریدا

لەوانەیە کەسێک بڵێ: پێم وایە مافی هەر هاووڵاتییەکە بەگوێرەی عەقڵی خۆی بکا، باوەڕیشی بەهیچ نەبێ جگە لەوەی دەچێتە عەقڵییەوە، جا عەقڵی لەسەرخۆی یان شێواو بێ؟ بەڵێ، هەر ئەمەش دەویستری[٣٥]، بەو مەرجەی ڕێسا تێک نەدەین. ئاخر ئەگەر باوەڕهێنان و نەهێنان بەدەست مرۆڤ خۆی نەبێ، کەواتە ناچارە، ڕێزی نەریتەکانی نیشتمانەکەی بگرێ؛ خۆ ئەگەر دەڵێن باوەڕنەهێنان بەئاینی باو، تاوانە، ئەوە خۆتان سەرکۆنەی باوانتان، مەسیحییانی پێشەنگ دەکەن، پاساویش بۆ هەڵوێستی ئەوانە دێننەوە کە تۆمەتباریان دەکەن بەوەی باوانی ئێوەیان چەوساندووەتەوە و کوشتوویانن.

ڕەنگە وەڵام بدەنەوە بڵێن، جیاوازییان زۆرە، خۆ هەموو ئاینەکانی تریش، دروستکراوی مرۆڤن، تەنیا کڵێسای کاتۆلیکی و پەیامبەرێتیی ڕۆمانی نەبێ دەستکردی خوان. بەڵام سەیرە: چونکە ئاینەکەمان خواییە، پێویستە بەکینە، توندوتیژی، شاربەدەرکردن، دەستبەسەراگرتنی موڵک و ماڵ، بەندیخانە، دارکاری، کوشتن و سوپاسگوزاریی خوا سەبارەت بەئەنجامدانی ئەم تاوانانە، بیسەپێنین؟ ڕاستت دەوێ، چەند ئاینی مەسیحی، ئاینێکی خوایی بێ، پێویستە هێندە دەستی مرۆڤەکانی لێ دوور بێ. مادام ئاینەکە دروستکراوی خوایە، خوا بۆ خۆی جێگری دەکات و دەیپارێزێ بێ یارمەتیی هیچ کەسێک. ئێوە چاک دەزانن، دەمارگری، تەنیا یاخی و دووڕوویی لێ شین دەبێ، ئای کارێکی چەند نابەجێیە! ئاخۆ دەتانەوێ، لە کۆتاییدا، پەنا ببەنە گرووکاران (جەلادان) بۆ پشتیوانی لە ئاینی خوایەک کە هەرچی پێی ناخۆشە، گرووکاران کردوویانە، خوایەک، بانگەشەی هیچی نەکردووە بەزەیی و دان بەخۆداگرتن نەبێ؟

تکاتان لێ دەکەم، لە ئەنجامە تۆقێنەرەکانی یاسای دەمارگری، ڕامێنن. خۆ

ئەگەر بشێ دەست بەسەر ماڵ و موڵکی هاووڵاتییەکدا بگیرێ، فڕێ بدرێتە کونجی گرتیگەوە و بگرە بکوژرێ، چونکە لە ناوچەیەکی جوگرافیاییدا، نەچووەتە سەر ئاینی ئەو ناوچەیە، کەواتە چی دەبێتە ڕێگر لە بەردەم سەپاندنی هەمان ئەو سزایانە بەسەر گەورە بەرپرسانی دەوڵەتدا؟ ئاخر ئاین بۆ شا و گەدا وەک یەکە. لەبەرئەوە بوو، نێزیکەی پەنجا فەقێی لاهووتی بەکۆی دەنگ بڕیارێکی قێزەونیان دا کە ڕێ بەلابردن و لەنێوبردنی هەر پاشایەک دەدا، بیروباوەڕی وەک کلێسای وڵاتەکەی نەبێ. دروست ئەمەش وای لە دادگەکانی شانشین کرد، حوکمگەلێکی یەک لە دوای یەک دەربکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە بێزەوەرەی کۆمەڵە لاهووتییەکی بوغزن[٣٦].

هێشتا خوێنی هینریی مەزن[٣٧]، تەڕ بوو، دەمێک، دادگەی باڵای پاریس، بڕیارێکی دەرکرد کە سەربەخۆیی تەختی پاشایەتی، دەکاتە یاسایەکی بنچینەیی لە یاساکانی دەوڵەت. بەڵام کاردینال دوبرۆن[٣٨]، کە پاشای غەدرلێکراو پلە و پایەیەکی پێ ڕەوا بینیبوو، ئەوە بوو لە کاتی بەستنی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی سێ چینەکەی[٣٩]، لە ساڵی ١٦١٤دا، بەرەنگاری ئەو بڕیارە بووەوە و توانی هەڵی وەشێنێتەوە. ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە بەشێک لە وتارەکەی کاردیناڵیان بڵاو کردەوە کە دەڵێ: "ئەگەر پاشایەک لە پاشایان ویستی باوەڕ بەئاریوسییەت بێنێ، دەمودەست لای دەبەین".

نەخێر، بەدڵنیاییەوە، ئەی ڕێزدار کاردینال، تەنانەت ئەگەر ئەشهەدوو بۆ گریمانە خەیاڵییەکەت بکەین، بیسەلمێنین کە پاشایەک لە پاشاکان مێژووی بابەکانی کلێسا و کۆڕوەندەکانی خوێندووەتەوە و ئەم ڕستەیەش: "بابم لە من مەزنترە"، زۆری کار تێ کردووە و پیت بەپیت تێیان گەیشتووە و لە نێوان هەردوو کۆڕوەندی نیقیا و قوستەنتینیەدا هەر ئەمبەر و ئەوبەری بووە، دوا جار لایەنی ئۆسابیۆسی نیقۆمیدی[٤٠] گرت، من هەر گوێڕایەڵی پاشای خۆم دەبم و پابەندی بەڵێنەکەشم دەبم کە پێم داوە. خۆ ئەگەر وێراتان لێی یاخی بن، منیش یەکێک بم لە قازییەکانتان، بەتاوانبارتان دادەنێم دەرهەق بەپاشا.

کاردینال دوبرۆن، لە ڕووبەڕبوونەوەکەیدا، زۆر لەوە واوەتر چوو کە بەئەنقەست کورتم کردەوە. ئاخر لێرەدا هێندە بوار نییە لە بۆچوونە سەقەتەکانی ورد بینەوە

کە مایەی بێزارین. هێندە دەڵێم، قسەکەشم قسەی نێو دڵی هەموو هاووڵاتییانە، ئێمە لەبەرئەوە گوێڕایەڵی هینریی چوارەم نەبووین، چونکە لە کاتدرائییەی شارتەرەوە کرا بەپاشا، بگرە لەبەرئەوەی مافی کوڕایەتی کە چەندوچۆنی لەسەر نییە، تەختی پاشایەتیی دا بەو پاشا ئازا و پیاوچاکەی شایەنی بوو.

دەبا کاردینالّ ڕێگەمان بدا بڵێین: هەر هاووڵاتییەک، بەگوێرەی مافی کوڕایەتی، مافی خۆیەتی هەرچی لە بابی دەمێنێتەوە بۆ ئەو بێ، ئیتر بەڕاستی ئێمە لەوە تێ ناگەین بۆچی لەو میراتییە بێ بەش دەکرێ و ڕاپێچی سێدارە دەکرێ، چونکە پشتیوانیی لە راترامۆس[٤١] کرد دژی ڕادبرتۆس باشیاسۆس، لایەنی بیرانجێی[٤٢] گرت دژی سکۆت.

ئێمە دەزانین بیروباوەڕەکانمان وەک پێویست ڕوون نەکراونەتەوە، هەرگیزیش کڵێسا لەبارەیانەوە یەکدەنگ نەبووە. چونکە یەسووعی مەسیح ئاگەداری نەکردووین گیانی پیرۆز (روح القدس) لە کوێوە هەڵدەکشێ، کڵێسای لاتینی، وەک کڵێسای یۆنانی، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەو باوەڕەدا بوون، کە هەر دەبێ لە بابەوە هەڵکشێ؛ وەلێ دواتر باوەڕێکی تریان خستە سەر کە لە کوڕیشەوە هەڵدەکشێ. من دەپرسم ئاخۆ ئەوە داپەروەرییە، لە سەروبەندی ئەو بڕیارەدا، سزای مردن بدرێ بەسەر هاووڵاتییەکدا کە لەسەر بیروباوەڕەکەی دوێنێ بوو؟ ئاخۆ ئێمە لەو خەڵکانە کەمتر دڵڕەق و ستەمکارین لۆمەیان دەکەین، ئەگەر ئەمڕۆ کەسێکمان سزا دا کە لەسەر بیروباوەڕی دوێنێ ماوەتەوە؟ ئاخۆ کێ لەوە گوناهبارترە لە سەردەمی هۆنۆریۆسی یەکەمدا[٤٣] باوەڕی وابوو مەسیح یەک ئیرادەی هەیە نەک دووان؟

ڕۆژگارێکی زۆر بەسەر باوەڕی "دووگیانی بێ پیسی"[٤٤]دا، تێ نەپەڕیوە، ئەو باوەڕەی هێشتە بابە دۆمێنیکانییەکان نەیانسەلماندووە، باشە، ئەدی کەنگێ سزا دەدرێن، لەم دنیا یان لەو دنیا؟ لە چ سەردەم و ڕۆژگارێکدا؟

ئەگەر یەکێک شایەنی ئەوە بێ بەشایەتی بگرین لەم شەڕەقسانەماندا کە نابڕێتەوە، پەیامبەران و نووسەرانی ئینجیلن. ئەو ناکۆکییەی کەوتە نێوان هەردوو قدیس پۆڵس و پوترسەوە بای هێندێ بوو، لێک ترازانێکی توند دروست بکا. لە نامەیەکدا بۆ خەڵکی غەلاتییە، پۆڵس بەڕاشکاوی دەڵێ، بۆیە دژی پوترس بوو،

چونکە هەڵوێستەکەی ئەمەی دوایی، شایانی سەرکۆنەکردنە، چونکە وەک برنابا[٤٥]، مەراییی دەکرد. ئاخر چونکە ئەو دووانە هەر لەگەڵ وەتەنییەکان (بتپەرستان) نانیان دەخوارد پێش گەیشتنی یەعقووب[٤٦]، دوایی هێندەی نەبرد بەنهێنی خۆیان دزییەوە و لێکتر جیا بوونەوە، نەبادا هەستی خەتەنەکراوان بروشێنن[٤٧]. "بۆم روون بووەوە، پۆڵس دەڵێ، هەستان و دانیشتنیان، بەگوێرەی ڕێنوێنییەکانی ئینجیل نەبوو؛ بە پوترسم گوت، ئەگەر تۆی جوو، وەک وەتەنییەکان دەژیت نەک وەک جوو، بۆچی وەتەنییەکان ناچار دەکەی ببنە جوو؟".

ئەمە مایەی ناکۆکییەکی توند بوو: ئاخۆ ئەوانەی تازە بوونەتە مەسیحی دەبێ بچنە سەر ئاینی جووان یان نا، ئەو کاتە، قدیس پۆڵس تا ئەو جێیە دەچوو، قوربانیی لەبەر پەیکەرەکەی قودسدا پێشکێش دەکرد. وەک دەزانرێ، هەر پازدە قەشە پێشەنگەکەی قودس، جووی خەتەنەکراو بوون، بەتەواوی پابەندی ئەرکەکانی ڕۆژانی شەموو دەبوون و گۆشتی حەرامیان نەدەخوارد. ڕاستت دەوێ، گەر ئەمڕۆ قەشەیەکی ئیسپانیایی یان پورتوگالی خەتەنە بکات و پابەندی ئەرکەکانی شەمووان ببێ، دەیسووتێنن. کەچی قەت پەیامبەران و پێشەنگانی مەسیحییەت، بەم پرسە هەستیار و بنەڕەتییە، شێلو نەبوون.

ئەگەر بنووسانی ئینجیل وەک بنووسانی ئەمڕۆ بوونایە، مەودای ناکۆکییان زۆر فرەوانتر دەبوو. ئاخر قدیس مەتیی ئینجیلی، بیست و هەشت نەوە لە نێوان داود و مەسیحدا دەبژێرێ، کەچی قدیس لۆقا، چل و یەک نەوە دەبژێرێ، ناوەکانی لای ئەمیان زۆر جیاوازە لەویان. سەرەڕای ئەوە، ناکۆکیی نەکەوتە نێوان قوتابییانی مەسیحەوە سەبارەت بەم دژبەرییە ئاشکرایانەی کە کۆمەڵێ بابی کڵێسا، توانییان بەجوانترین شێوە ناوکۆیی لە نێوانیاندا دروست بکەن. بەم شێوازە، خۆشەویستی مایەوە و ئاشتی نەکەوتە مەترسییەوە. بڵێی وانەیەک لەمە مەزنتر هەبێ بۆ ئەوەی بەرانبەر یەکتر لێبووردە بین و لەو پرسانەدا کە جێی لێک تێ نەگەیشتنی نێوانمانن، نەرمی بنوێنین.

لە نامەکەیدا بۆ هێندێ لەو جووانەی ڕۆما کە بووبوونە مەسیحی، قدیس پۆڵس، سەرلەبەری کۆتاییی بەشی سێیەمی نامەکە تەرخان دەکات بۆ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە مرۆڤ تەنیا بەباوەڕداری بەنەمری دەمێنێتەوە، کەسیش بە کار و کرداری

ناچێتە پلە و پایەی هاوەڵان. بەپێچەوانەوە، دەبینین قدیس یەعقووب، لە بەشی دووەمی نامەکەیدا بۆ ئەسپاتەکانی هەر دوازدە نەوەکەی ئیسرائیل کە بەچوار نکهالی دنیادا پەرت بوون، چەندان جار دووبارەی دەکاتەوە کە ڕزگارکەری مرۆڤ، تەنیا کردارە. ئا ئەمە جیاوازیی نێوان ئەو دوو گەورە تایەفەیەیە، کەچی نەگەیشتە ئەوەی پەیامبەران دووکەرت بن.

ئەگەر چەوسانەوەی ئەوانەی لە بۆچووندا لەگەڵیان جیاوازین، بەڕاستی ئەرکێکی ئاینی بووایە، دەبا دەست لە سنگان بکوتین کە ئەو کەسەی زۆرترین هەرتوقی دەکوژێ، دەبێتە مەزنترین قدیسەکانی بەهەشت؛ بڵێی پلە و پایەی ئەو کەسەی تاوانەکەی لە ڕووتکردنەوەی براکانی و بەندکردنیان تێ نەپەڕاندبێ چی بێ، بەبەراورد لەگەڵ ئەو هەڵەشەکارە ئاینییەی لە ڕۆژی جەژنی قدیس بارتلیمیدا سەدانی کوشت؟ دە لێ گەڕێن بەڵگەتان بدەمێ.

وەک پێمان دەگوترێ، جێگری (خەلیفە) قدیس پوترس و کۆڕوەندی کاردیناڵەکانی، بێبەرین لە گوناهان؛ ئەوانە (خەلیفە و کۆڕوەند)، پشتیوانییان لە ڕووداوەکانی جەژنی قدیس بارتلیمی کرد و پێیاندا هەڵگوت و چەسپاندیان. کەواتە، ئەو ڕووداوانە، بەڕوخسار پیرۆزن. ئەمەش مانای وایە، تەنانەت ئەگەر دوو لە بکوژان لە ئاستی لە خواترسیدا یەکسان بن، ئەگەر یەکێکیان ورگی بیست و چوار دووگیانی پرۆتستانتی هەڵدڕیبێ، نەمرترە لەوەی ورگی تەنیا دوازدەی هەڵدڕیوە. هەر بەو پێیە، دەمارگرەکانی چیاکانی سیڤین، باشی بۆ چووبوون کە باوەڕیان وا بوو تا کاهین و پیاوانی ئاینی و ژنانی کاتۆلیکی زیاتر سەربڕن، هێندە نەمرتر دەبن. ئای چەند پسووڵەگەلێی سەیر و عەنتیکەن بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە نەمریی تاهەتایی.

پەراوێزەکان:

٣٥- بڕوانە نامە نایابەکەی لۆک لەبارەی لێبووردەییەوە.

٣٦- بوزامباومی یەسووعی دەڵێ: بەگوێرەی لێکدانەوەی لاکروای یەسووعی: "هەر پاشایەک، پاپا، حوکمی لادانی لە کڵێسای دەرهەق دا، دەشێ بکوژرێ، جا پاشای هەر وڵاتێک بێ، چونکە سەرلەبەری گەردوون، موڵکی پاپایە؛ ئەوەی ئەم ئەرکەش جێبەجێ دەکات، خێری دەگاتێ". ئەم بانگەشەیەی لە ماڵە چکۆلە دۆزەخ ئاساکانەوە

بەرز بووەوە، ڕۆڵی هەرە گەورەی بینی لە هەڵگەڕانەوەی سەرلەبەری فرەنسا لە یەسووعییەکان. ئەم بیروباوەڕە، کە زۆر لەسەری ڕۆیشتن و دواتر زۆریش خۆیان لێ بێبەری کرد، لە هەموو کات زیاتر پێوەی گیرۆدە بوون. مەزەندەیان دەکرد دەکارن پاساوی هەڵوێستەکەیان بەوە بدەنەوە کە هێندێک حوکمی لەو جۆرە لای قدیس تۆما ئەکوینی و بابە دۆمینیکانییەکان وەدۆزن (گەر توانیت، بڕوانە، نامەیەک لە پیاوێکی دنیاوە بۆ پیاوێکی لاهووت لەبارەی قدیس تۆماوە، نامیلکەیەکی یەسووعییە ساڵی ١٧٦٢ بڵاو کراوەتەوە). هەر بەڕاستیش، قدیس تۆما ئەکوینی، ئەو فەقێ فریشتەییە و تەئویلکاری ئیرادەی خوایانە (ئەوە نازناوەکەی بوو)، بانگەشەی ئەوە دەکات، هەر پاشایەک لە ئاین هەڵگەڕێتەوە، مافی بەتەختی پاشایەتییەوە نامێنێ، گوێڕایەڵیشی پێویست نییە؛ کڵێسا بۆی هەیە سزای لەداردانی بدا (کتێبی دووەم، بەشی دووەم، پرسی ١٢) پوختەی لاهووتێتی (و . ع)؛ چاویشی لە ئیمپراتۆر یۆلیانۆس نەدەپۆشی ئەگەر بەهێز بووایە (کتێبی دووەم، بەشی دووەم، پرسی ١٢)؛ بەپێی شەریعەتیش، پێویستە هەموو هەرتوقییەک بکوژرێ (کتێبی دووەم، بەشی دووەم، پرسی١١و ١٢)؛ ئەوانەش کە گەلێک لە پاشایەکی ستەمکار ڕزگار دەکەن، جێگەی ڕێز و پێزانینن،... هتد. ئێمە ڕێزێکی تەواومان بۆ ئەو فەقێ فریشتەییە هەیە؛ بەڵام بهاتایە لە سەردەمی جاک کلیمانی برادەری، یان سەردەمی ڕاهیب ڕاڤایاکدا، لە فرەنسا، ئەم جۆرە قسانەی بکردایە، ئاخۆ چۆن مامەڵەیان لە تەکدا دەکرد؟

پێویستە دان بەوەدا بنێین، جان جرسۆن، سەرۆکی زانکۆ، زۆر لە قدیس تۆما ئەکوینی واوەتر چوو، ڕاهیبی فرنسیسکانی جان بوتی، لە جرسۆنیش واوەتر چوو، زۆر لە فرنسیسکانییەکانیش پشتیوانیی تەرزە ترسناکەکانی جان بوتییان کرد. ڕاستییەکەی، ئەم تیۆرییە دۆزەخییانەیەی شیانی کوشتنی پاشا، هەڵقوڵاوی بیرۆکەیەکی شێتانەیە کە نێزیکەی لای هەموو ڕاهیبەکان باوی بوو. مەبەستم بیرۆکەی؛ پاپا، خوای سەر زەوینە، مافی ڕەهای دەستکاریکردنی تەخت و ژیانی پاشایانی هەیە. لەم لایەنەوە، زۆر لە خوار ئەو تەتارانەوە بووین کە باوەڕیان بەنەمریی دالای لاما هەیە کە کورسییە کۆنەکەی مەبەستی ئاودەستەکەیەتی (و . ع) خۆیان بەسەردا دابەش دەکات تا پاشەڕۆکەکەی وشک بکەنەوە و تیفتیفەی بکەن و بەوپەڕی کڕنووشەوە ماچی بکەن. ئەوەی پێوەندیی بەخۆمەوە هەیە، ڕاشکاوانە دەڵێم، لەپێناو ئاشتیدا، ئامادەم ئەو پاشەڕۆکانە لە گەردنم بئاڵێنم ئەگەر لەو باوەڕەدا بم، پاپا، کەمترین مافی هەیە بەسەر کاروبارە دنیاییەکانی پاشایانەوە، تەنانەت ئەگەر هیچ مافێکی بەسەر کاروباری دنیاییی منیشەوە هەبێ.

٣٧- مەبەست شا هینریی مەزن، هینریی چوارەمی پاشای فەرەنسا کە ڕێگەی بەئازادیی خواپەرستی دا و کۆتاییی بە فەرتەنەی نێوەخۆ هێنا. لە پرۆتستانتی لای دا تا ببێتە پاشا، بەڵام ساڵی ١٥٩٨ فەرمانەی (مەرسوم) نانتی دەرکرد، فەرمانەکەی پاشا، مافەیلێکی زۆری دا بەپرۆتستانتییەکان، لەوانە مافی ئازادیی خواپەرستی. (و . ع).

٣٨- کاردینال دوبرۆن: شاعیر و پیاوێکی ئاینیی فەرەنسایی (١٥٥٦ _ ١٦١٨)، نەوەی بنەماڵەیەکی پرۆتستانتی، چووە سەر مەزەبی کاتۆلیکی و شا هینریی سێیەمی لە خۆی ڕازی کرد، کە دواتر زۆر بەزاناییەکەی سەرسام بوو، بۆیە کردییە خوێنەرەوەی خۆی. کە وەک شاعیر و وتاربێژ ناوبانگی دەرکرد، ویستی بچێتە نێو دنیای کەهەنووتی و هاوکاریی سەرۆکی یەکگرتووی کاتۆلیکیی دەکرد کە دژی شا هینریی چوارەم بوو. هێندەی نەبرد، لە یەکگرتووەکە هەڵگەڕایەوە و چووە پاڵ پاشا و وای لە پاشا کرد ببێتە کاتۆلیکی و نێوانیشی لەگەڵ پاپادا چاک کردەوە. دوای مردنی، گومان لە بیروباوەڕی دەکرا. (و . ع).

٣٩- دەستەی سێ چینەکە: کۆمەڵەیەک بوو، نوێنەرانی پیاوانی ئاینی و پیاوماقوولان و ئەوەی پێی دەگوترا چینی سێیەمی تێدا بوو، واتە ئەو توێژانەی کۆمەڵگەی فەرەنسا کە نە بەجلک و نە بەشمشێر، پیاوماقوول نەبوون. (و . ع).

٤٠- ئۆسابیۆسی نیقۆمیدی (٢٨٠ _ ٣٤١): یەک لە گەورەترین خوڵقێنەرانی ڕکابەرییە ئاینییەکان لەبارەی پێوەندیی نێوان خواوەندی باب و خواوەندی کوڕ لە سەدەی چوارەمی زایندا. لەگەڵ ئەوەی سەر بە ئاریۆس بوو، وەلێ دوا جار بیروباوەڕە ڕاستەکەی کۆڕبەندی نیقیای هەڵبژارد. بەڵام پشتیوانیکردنی لە ئاریۆسیزم، وای لە ئیمپراتۆر قوستەنتین کرد، شاربەدەری بکا. لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا، گەڕایەوە و کورسییەکی قەشەیی لە قوستەنتینییە پێ برا. (و . ع).

٤١- ڕاترامۆس (٨٦٨ ز مرد): لاهووتییەکی فەرەنسایی هەوڵی دەدا پێکەوە گونجانێک لە نێوان ئاین و زانستدا پەیدا بکا، کتێبێکی لەبارەی قوربانیی پیرۆزەوە دانا و ناوبانگێکی چاکی پەیدا کرد، لە کتێبەکەدا، مەزەبی (گۆڕان لەناو کرۆک)دای ڕەت کردەوە، بەپێچەوانەی هاوسەردەمێکی بەنێوی ڕادبراتۆس باشیاتۆسەوە کە جەختی لەسەر ئەو مەزەبە دەکردەوە. (و . ع).

٤٢- بیرانجیێ توری (نێزیکەی ٩٩٨ _ ١٠٨٨): لاهووتییەکی فەرەنسایی بوو، نازناوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قوتابخانەی سان _ مارتانی لە شاری تور بەڕێوە دەبرد. لە گفتوگۆ ڕووبەڕووە بەناودەنگەکەی نێوەڕاستی سەدەی یازدەمدا بەشداریی کرد کە

لەبارەی ئامادەبوونی ڕاستەقینەی مەسیحەوە لە قوربانیی پیرۆزدا بوو. کەوتە بەر کاریگەریی سکۆت ئەریجینا (٨٠٠ _ ٨٧٢) و سەرەتا لایەنگری ئەو بۆچوونە بوو کە ئامادەبوونی مەسیح لە قوربانیی پیرۆزدا، ئامادەبوونێکی سیمبولیکە، بەڵام کۆڕوەندی ڕۆما سەرکۆنەی کرد، بۆیە ناچار کتێبەکەی سکۆت ئەریجینای بەدەستی خۆی سووتاند و چووە سەر ئەو باوەڕەی کە ئامادەبوونی مەسیح لە قوربانیی پیرۆزدا، ئامادەبوونێکی ڕاستەقینەیە. (و . ع).

٤٣- هۆنۆریۆسی یەکەم: پاپای ڕۆما لە ساڵی ٦٢٥ەوە تا ساڵی ٦٣٨، هەوڵی دا گونجاندنێک لە نێوان "بیروباوەڕ ڕاستەکان" و یەعقووبییە مۆنۆفیزیکییەکاندا دروست بکا، بۆیە ڕازی بوو بەو چارەسەرە مامناوەندییەی پاتریارکی قوستەنتینییە، سێرجیۆسی یەکەم، پێشنیازی کرد. پێشنیازەکە دەڵێ: مەسیح خاوەنی دوو سروشتە، وەلێ یەک ئیرادەی هەیە. (و . ع).

٤٤- بیروباوەڕی "دووگیانی بێ پیسی"، بیروباوەڕێکی کاتۆلیکییە دەڵێ، خاتوونە پاکیزە، دووگیان و منداڵی بوو، جیاواز لە هەموو مرۆڤایەتی، بێ ئەوەی کەس توخنی بکەوێ. (و . ع).

٤٥- برنابا، لە قوتابییانی مەسیح بوو. (و . ع).

٤٦- یەعقووب: لە قوتابییانی مەسیحە. (و . ع).

٤٧- مەبەستی جووە خەتەنەکراوەکانە. (و . ع).

بەشی دوازدەم

ئاخۆ لە ئاینی جوولەکەدا دەمارگری شەریعەتێکی خوایی بوو؟ ئاخۆ بەردەوام کاری پێ کراوە؟

شەریعەتی خوایی، وەک من بزانم، بەو ڕێنوێنییانە دەگوترێ کە لە خوا خۆیەوە دەرچوون. وای پێ باش بوو، جوو، بەرخێکی کوڵاو بە کاهووەوە بخۆن، داوەتکراوانیش بەپێوە بخۆن و هەریەکەیان دارێکی بەدەستەوە بێ، لە یادی بەجێهێشتنی میسردا، هەروەها فەرمانی دا، بۆ گەورەکردنی کاهینی هەرە گەورە، گوێچکە و دەست و پێی ڕاستی بەخوێن بسڕێت؛ نەریتگەلێکی سەیرن بەلای ئێمەوە، بەڵام لە سەردەمە کۆنەکاندا باو بوون؛ هەروەها خوا پێی باش بوو، گوناهەکانی خەڵک هەمووی بە خوێنی بەرانی قوربانییەکەوە بڕوات، خواردنی[١] ماسیی بێ پوولەکە، بەراز، کەروێشکە کێوی، ژیشک و کوندەپەپوو. و.. هتد.

هەر خۆشی جەژنەکانی دەستنیشان دەکرد، ڕێورەسمی ئاهەنگەکان. هەموو ئەم شتانە کە بەلای نەتەوەکانی ترەوە، بێ بەڵگە بوون و دەکەوتنە بەر حوکمی یاسا دانراوەکان و دابە پێڕەوکراوەکان، لای جوو، شەرعێکی خوایانە بوون، چونکە خوا خۆی فەرمانی پێ دابوون، دروست، وەک چۆن هەموو فەرموودەکانی یەسووعی مەسیح، کوڕی مێرەم، کوڕی خوا، بەلای ئێمەی مەسیحییەوە، شەرعێکی خوایین.

نابێ بەشوێن ئەو هۆیانەدا بگەڕێین خوا ئەو ناموسە(*)ی بەمووسای دا گۆڕیی بەناموسێکی تر، یان بۆچی فەرمانی زیاتر بەمووسا دا وەک لە ئیبراهیم، ئیبراهیم زیاتر لە نووح[٢]. وا دیارە، ویستوویەتی، ڕاسپاردەکانی لەگەڵ سەردەمەکان و گەلاندا بگونجێن، وەک جۆرێک لە نواندنی باوکایەتی؛ بەڵام ئەو نهێنییانە زۆر لەوە قووڵترن، بینایی لێڵی ئێمە پەییان پێ ببەن.

کەواتە، با لە بابەتەکەی خۆمان دەرنەچین و پێش هەر شتێک بزانین، دەمارگری لای جوو چۆن بووە.

لە سفری (دەرچوون – Exode) و سفری (لاوییەکان – LEVTTICUS) و سفری (ژمارەکان – NUMBERS) و سفری (دووانەی شەریعەتدانان -DEU-TERONOME)(**)، بێگومان، یاسای توندیان تێدایە تایبەت بەخواپەرستی و سزای توندتریش، زۆر لەوانەی شەرحی تەوراتیان کردووە، سەرکەوتوو نەبوون لە شەرحکردنی نێوان حیکایەتەکانی مووسا و چەند برگەیەکی دیاریکراو لە سفری (ئیرمیا) و سفری (عاموس)، هەروەها نێوان حیکایەتەکانی مووسا و وتارە بەناوبانگەکەی قدیس ئیستیفان وەک لە "کارەکانی پێغەمبەران"دا هاتووە. عاموس دەڵێ(٣): جووەکان لە سارادا مابوونەوە و مۆلۆخ و ڕممانۆ و قەییومیان دەپەرست. ئیرمیا بەڕستەیەک کە چەندوچۆن(٤) هەڵناگرێ دەڵێ: خوا داوای هیچ قوربانییەکی لە باوکانیان نەکرد، کاتێک لە میسر دەرچوون. هەرچی قدیس ئیستیفانیشە لە وتارەکەیدا بۆ جووەکان دەڵێ: "سوپای ئاسمانیان دەپەرست(٥)؛ بەدرێژاییی چل ساڵ لەو سارایەدا، قوربانییان پێشکێش نەکرد؛ هەر چەترەکەی خواوەند مۆلۆخ و ئەستێرەی خواوەند ڕمانۆیان هەڵگرتبوو".

ڕەخنەگرانێکی تر، لە پەرستنی ئەو ژمارەیە لە خواوەندی بیانی، گەیشتنە ئەو بڕوایەی، ئەو خواوەندانە لەلایەن مووساوە ڕێگەپێدراو بوون؛ وەک بەڵگەیەکیش لەسەر ئەم بۆچوونەیان، پشت بەم دەستەواژانە دەبەستن کە لە سفری (دووانەی شەریعەتدانان) وەرگیراون(٦): "کاتێک دەچنە خاکی کەنعان، ئەوە ناکەین کە ئەمڕۆ دەکەین؛ هەر کەسە و بەئارەزووی خۆی ڕەوتار دەکات"(٧).

ئەوەی بڕوای ڕەخنەگران بەم لێکدانەوەیەیان زیاتر دەکات، هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی جوو لەو سارایەدا، ئەرکی ئاینییان جێبەجێ کردبێ. هەرگیز ئاهەنگیان نەگێڕاوە بەبۆنەی جەژنی پەڕینەوە "فوسح ـ ڕزگاربوون– Peissah"(٨)، یان جەژنی "پەنجاینە"(٩)وە، هیچ باسێکی جەژنی "سایە"(١٠) نەکراوە، نوێژێکی جەماتیان نەکردووە، دوا جار، خەتەنەشیان نەکردووە کە دوایین بەڵێنی خوایە لەگەڵ ئیبراهیمدا.

هەروەها، لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی یۆشع(١١)دا، ئەو شەڕوانە ڕووی لە جوو

کـرد گـوتی[١٢]: "ئێـوه سـەرپشـک بن و دەتوانن هـەڵبـژێرن: یان ئەو خـواوەنده دەپەرستن کـه له خـزمـەتیاندا بوون له وڵاتی ئامـوورییـەکـان یان ئەو خـواوەندانه دەپەرستن کـه له وڵاتـی نێـوان دوو ڕووباردا پێـیـان ڕازی بـوون". گـەلیش وەڵامی دایەوە: "نـا وا نابێ، ئێـمـه ئەدونای دەپەرسـتین[١٣]"، یۆشـع له وەڵامـدا گـوتی: "خۆتان ئەوەتان هەڵبژارد؛ کەواته، خواوەنده بیانییەکان لەنێو خۆتاندا لابدەن". ئەوەش بەڵگەیه کـه جوو له سـەردەمی مووسـادا، خـواوەندگەلێکی تریان پەرستووه نەک ئەدونای.

لێرەدا ڕەتکردنەوەی بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانەی کـه پێیـان وایه تەورات لەلایەن مـووسـاوه نەنووسـراوه، سـوودێکی ئـەوتۆی نەمـاوه؛ ئەو بـابەته زۆری لـه بارەوه گوتراوه و شـەنوکەوکردنی ڕۆژگارێکی زۆری خایاند؛ ئاخر ئەگـەر وای دابنێین، دانه دانەیەکی کـەمیشی لـه سـەردەمی قـازییـان و قـەشـەکاندا نووسـرابێ، تەورات هـەروەک کارێکی خوایانه و ئیلهامدەر دەمێنێتەوه.

بەلای منەوه، هێنده بەسه، کتێبێی پیرۆز بۆمان دەسەلمێنێ کـه جوو، ڕۆژگارێکی درێژ، ئازادییەکی چاکیان هەبووه سـەرەڕای ئەو سزا توندەی بەسەریاندا سەپێنرا بەهۆی پەرسـتنی خـواوەند ئابیسـەوه[١٤]؛ ڕەنگه مـووسـا، پاش ئەو قـەسـابخـانه بیـست و سێ هـەزار کـەسـیـیەی ئەنجـامی دا، سـەبارەت بەوەی براکـەی پەیکەری گوێرەکه زێڕینەی دانـابوو، دەرکی بەوه کردبێ، توندڕۆیی هیچ ئـەنجامێکی نابێ، بۆیه چاوی پۆشی له سەرسامی گەلەکەی بەخواوەنده بیانییەکان.

مـووسـا، خۆی پێ ڕانـەگیرا و دوا جـار لەو شـەریعـەته لای دا کـه خـۆی فـێری خـەڵکی دەکرد[١٥]، ئاخـر لەگەڵ ئەوەی هەمـوو جۆره پەیکەرێکی حـەرام کـردبوو، کـەچی ڕێی بەدانـانی پـەیکەری مـارێک دا کـه لـه مس و زەرد دروست کـرابوو. هـەروەها ڕێگەدان بەپەیکەری سولەیمانیش، دەرچوونێکی تر بوو له شـەریعەت. ئەو پاشـایەی ویسـتی حـەوزی پەیکەره گەورەکه لـەسـەر پشـتی دوازده پەیکەری گاگـەل دابنرێ، هـەروەها پەیکەری فـریشـتـەگـەل بخـرێتـه سـەر تـابووتی بەڵێننامـه[١٦]؛ فـریشـتـەگـەلێکی دووسـەره، سـەرەبازێک و سـەرەگـوێرەکـەیەک، وا دیاره سـەرەگـوێرەکـەکـه، هێنده ناوەسـتـایانـه دروست کـرابوو، پاش دۆزینـەوەی لەنێـو پەیکەرەکەدا لەلایەن سـەربازانی ڕۆمـانەوه، خـەڵک گـەیشـتنه ئەو بڕوایەی، جـوو،

کەرپەرست بوون.

چەندی کرا، نەتوانرا پەرستنی خواوەندە بیانییەکان حەرام بکرێ. سولەیمان بەوپەڕی ئاسوودەییەوە بتگەلی دەپەرست؛ یەروبعام[١٧]، کە خوا دە بەشە "مەلەکوتی" پێ دابوو، ڕۆژگارێک بۆ ماوەی دوازدە ساڵان کە هاوزەمان پاشا و پاپاش بوو پێکەوە، پەیکەری دوو گوێرەکەی دانابوو؛ لە سەردەمی ڕبعام[١٨]دا، لە شانشینە چکۆلەکەی یەهودادا، پەرستگەگەلێکی خواوەندانی بیانی دروست کران و پەیکەرگەل دانران؛ بەڵام ئاسا پاشای قدیس[١٩]، ئەو پەرستگانەی تێک نەدا[٢٠]؛ هەرچی ئۆریاسی کاهینی گەورەشە، لەنێو پەیکەرەکەدا، تەختێکی سەربڕینی بۆ پاشای سووریا دروست کرد لە جێی تەختی قوربانی[٢١].

بەکورتی و پوختی؛ هەست بەهیچ جۆرە زۆرەملێیەکی ئاینی ناکەین، دەزانم زۆربەی پاشایانی جوو، یەکتریان لەنێو بردووە، دەشزانم بەدەستی یەکتر ڕۆیشتوون، بەڵام هەموو شەڕەکانیان لەسەر بەرژەوەندی بووە، نەک بیروباوەڕ.

بەدڵنیاییەوە، پەیامبەرگەلێک هەن، بەهاوکاریی ئاسمان، تۆڵەیان لە ڕکابەرانیان کردووەتەوە[٢٢]، ئەوە ئەلیاس پێغەمبەر داوای کرد ئاگر لە ئاسمانەوە بێ و کاهینەکانی بەعل بسووتێنێ؛ ئەلیشع[٢٣]، دێوگەلێکی هێنا بۆ گیانی ئەو منداڵانەی پێیان دەگوت "کەچەڵ". بەڵام ئەمانە موجیزەگەلێکی دەگمەنن، هەڵکەوتەیەکن، زەحمەتە دووبارە ببنەوە.

ڕەنگە هەبێ بەم قسانەمان ڕازی نەبێ و بڵێ: گەلی جوو زۆر نەزان و کێوی بوون، ئاخر دەگوترێ[٢٤]، گوایە مووسا، سەروەختی شەڕی مدیانییەکان[٢٥]، فەرمانی داوە هەموو منداڵە نێرینەکان و دایکانیان بکوژرێن، تالانییەکەش دابەش بکرێن. دەگوترێ، سەرکەوتووان لە سەربازگەی دوژمنانیاندا تالانی زۆریان دەست کەوتووە؛ ٦٧٥٠٠٠ سەرمەڕ، ٧٢٠٠٠ سەرمانگا، ٦١٠٠٠ کەر، ٣٢٠٠٠ پاکیزە. ئەم تالانییانەیان دابەش کردووە و ئەوانی تریان کوشتووە، بگرە چەند موفەسیرێک دەڵێن گوایە سی و دوو پاکیزەی کردووەتە قوربانی بۆ خوا[٢٦].

جوو، مرۆڤیان دەکردە قوربانیی خواوەند؛ بەڵگەش زۆرن؛ یفتاح کچەکەی کردە قوربانی[٢٧]، کوشتنی ئەجاج پاشا[٢٨] کە کاهین سامۆئیل، ئەنجن ئەنجنی کرد. بگرە حزقیال، بۆ ئەوەی ورەی جوان بەرز بکاتەوە، بەڵێنی گۆشتی مرۆڤی پێ دان:

"لەمــەودوا، ئـەسپ و ســوارەکـەی دەخـۆن، خـوێنی شـازادان دەخـۆنـەوە". چەندان شرۆڤـەدەر پێیان وایە، ئەم پێشبینیکردنە، بەسەر جوو خۆیاندا جێبـەجێ دەبێ و ئایەتەکانی تریش، بەسەر ئاژەڵە گۆشتخـۆرەکاندا جێبـەجێ دەبێ. خۆمـان ماندوو دەکـەین، ئەگـەر سەرلەبـەری مێژووی ئەم گەلە شـەنوکـەو بکەین تا تاقـە بەڵگەیەکی دەسـتکراوەیی یـان دەست و دڵ باشی، مـەردایەتیـیـەک یان چاکـەیەک بـدۆزینەوە، بەڵام لەنێو ئەم هـەورە چڵکنە دوور و درێژەدا، هـەمـوو کات تیشکێکی لێبـووردەییی گەردوونی دەدرەوشێتەوە.

یفتاح کە خوا ئیلهامی دابوویە و کچـەکەشی لەپێنـاویدا کردە قـوربانی، ڕوو لە عمونییەکان[٢٩] دەکات دەڵێ: "ئاخـۆ ئەوەی شموسی خـواوەندتان پێی داون، مافی خـۆتان نییـە؟ کـەواتە مـوڵکایەتیی زەویش بـەئێمـە ڕەوا ببـینن کە خـواکـەمـان پێی داوین". ئەمـە دەربڕینێکی روون و وردە، مـاناکـانیشی دوورمـەودان؛ بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی خـوا، ڕێگەی داوە بەپەرستنی خـواوەند شـمـوس. ئاخر کتێبی پیرۆز ناڵێ: "ئێوە لەو باوەڕەدان کە مـافتـان هـەیە لەو زەوییـانەی گـوایە خـواوەند شـمـوس پێی داون"، بەڵکە ڕاستەوڕاست دەڵێ: "مافتان هەیە".

چیـرۆکی مـیـخـا و لاوی کـە لە هـەردوو بەشی حــەڤـدە و هەژدەی "سـفـری دادوەران"دا هاتووە، بەڵگەیەکی بنەبڕە لەسەر ئەوەی لێبووردەیی و ئازادیی ئاینیی فـرەوان لای جـوو باو و باڵادەست بوون لەو ڕۆژگـارەدا. دایکی مـیـخـا، هاوسـەری ئەفـرائیم، هـەزار و سـەد لیـرەی زیوی لـێ بزر بووبـوو؛ کـاتێک کـوڕەکـەی بۆی ژمـاردەوە، وای بـەباش زانی ئەو پـارەیە لە پێناو خـواوەنددا خـەرج بکا، ئەوە بوو ڕای سپارد چەندان پەیکەر داتاشرێ و پەرستگەیەکی بچـووکیشی دروست کرد. لاوییـەک[٣٠]، لە بـەرانبـەر بژێویی ڕۆژانە و سـاڵانەش دە لیـرەی زیو و چاکـەت و پاڵتۆیەکدا، بووە مجێوری پەرستگەکە. میخا[٣١] دەیگوت: "لە ئێسـتەوە، خوا خێر و بەرەکەتی خۆیم بەسەردا دەبارێنێ، چونکە کاهینێکی لاویم هەیە".

وەلێ شـەشسـەد پیـاو لە خـێڵـی دان، دەیانویست دەست بەسـەر یەکـێک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا بگرن تا تێیدا دانیشن، پێویستیان بەکاهینێکی لاوی هـەبوو تا خـوا کـارێک نەکات پڕۆژەکـەیان سـەرنەگرێ؛ بۆیە ڕوویان لە مـیـخـا کـرد، چاکـەتە پیرۆزەکەی و بتەکانی و کاهینە لاوییەکەیان لێ ستاند، سەرەڕای لۆمەی

کــاهینەکــە و هاوار و قــیــژەی مــیــخــا و دایکی. دواتر، بەســووربوون و باوەڕبەخـۆبوونێکی زۆرەوە، هێرشـیـان کردە سـەر گوندی "لەشـم" و وەک نەریتی خۆیان، ئاگریان تێ بەردا و سەرلەبەری خەڵکەکەیان کوشت. ناوی گوندەکەشیان لە "لەشم"ەوە کردە "دان" وەک سیمبولێکی سەرکەوتن، بتی میخاشیان دانا؛ ئەوەی جێی سـەرنجە، یۆنان، نەوەی مووسا، بووە گەورە کاهینی ئەو پەرستگەیەی خوای ئیسرائیل و بتی میخای پێکەوە تێدا دەپەرسترا.

پاش مردنی جەدعوون[٣٢]، عیبرییەکان، ماوەی بیست ساڵ، بەعلی بەیرووتیان پەرست و وازیان لە ئاینی ئەدونای هێنا، لەگـەڵ ئەوەشـدا، سـەرکـردەیەک، فـەرمـانڕەوایەک یان کـاهینێکمـان نەبینی دەنگ بەرز بکاتەوە و داوای تۆڵە بکا. ڕاستـە تاوانەکـەیان زۆر گـەورە بوو، من دان بەوەدا دەنێم؛ بەڵام لە کـاتێکدا لەو بتپەرستییەدا ئەوها چاوپۆشی دەکرا، ئاخۆ هـەق نەبوو هـەڵسوکـەوت لە تەک جیاوازییەکانی نێو ئاینە ڕاستەقینەکە بەهەمان شێوە بووایە؟

ئەو نموونـەیەی هێندێک کـەس دەیهـێننەوە وەک بەڵگەیەک لـەسـەر دەمـارگـری و نالێبووردەیی، ئەوەیە کە خوا دەرهەق فەڵەستینییەکان کردی[٣٣] ئاخر پاش ئەوەی ڕێگەی پێ دان لە شـەڕێکدا دەست بەسـەر تابووتی تەختـەکـەیدا (تابوت العـهـد) بگرن، پاشـان سزا دران و نەخـۆشـییـەکی لەنێـودا بڵاو کردنەوە وەک هەوکـردنی مـایەسـیـری وابوو، پەیکەری داجۆنی وردوخـاش کـرد، کێڵگەکـانیـانی دووچاری هێرشی جرجگەل کرد. بەڵام دەمی فەڵەستینییەکان هەوڵیان دا هێوری بکەنەوە و تابووتەکەیان لەسـەر پشتی دوو مـانگای شیردەر، گەڕاندەوە، پێنـج جـرج و پێنج کووپەڵە زێڕیان پێشکێشی خوا کرد. خوا، حەفتا لە ئیسرائیلییە پێشەنگەکان و پەنجا هەزار خەڵکە ڕەشۆکییەکی لەنێو برد، چونکە تەماشای تابووتی تەختیان کردبوو. لە وەڵامی ئەم قسانەدا دەڵێین: سزای خـوا سـەبارەت بەبیـروباوەڕ، یان پرسێکی ئاینی جێناکۆکی، یاخۆ بتپەرستی نەبوو.

ئەگەر خوا بیویستایە سزای بتپەرستان بدا، تێکڕای ئەو فەڵەستینییانەی لەنێو دەبرد کە دەستیان بەسـەر تابووتی تەختەکەیدا گرت، ئەوانەش کە داجۆن[٣٤]یان دەپەرست؛ بەڵام، لە بەرانبـەردا، پەنجا هـەزار و حـەفـتـا کـەسی مـراند، تەنیـا لەبەرئەوەی تەمـاشـای تابووتی تەختـیـان کردبوو کە حەرام بوو تەمـاشـای بکەن.

هێندەی یاساگەلەکانی ئەوێ ڕۆژێ و داوونەریت و بنەواکانی ژیانی جووان لەم ڕۆژگارە جیاوازن، ئەوەندەش، ڕێباز و ڕێچکەکانی خوا کە سەریان لێ دەرناکرێ، لە ڕێگەکانی ئێمە جیاوازن. دۆم کالْمیت[٣٥]ی دانا دەڵێ: "ئەو مامەڵە توندەی دەرهەق ئەو هەموو خەڵکە کرا، زێدەڕۆییی تێدا نەکراوە لە چاوی ئەو کەسانەدا نەبێ کە دەرکی ئەوەیان نەکردووە، خوا، چەند دەیویست گەلەکەی لێی بترسن و ڕێزی بگرن، ئەوانە، تێڕوانین و مەبەستەکانی خوا، تەنیا لەبەر ڕووناکیی کزی عەقڵیاندا هەڵدەسەنگێنن".

کەواتە خوا، سزای خەڵک نادات لەسەر پەرستنی بیانییان، بەڵکە سەبارەت بەتێکدان و پیسکردنی پەرستنەکەی خۆی، یان سەبارەت بەزۆربڵێی بێ مانا، لاملی، یان یاخیبوون، سزا دەدات. وەک ڕوونیشە، ئەم سزایانە تایبەتن بەخوا لە سیستەمی ئاینی جوولەکەدا. هەر بۆیە، دووبارەی دەکەینەوە کە داوونەریت و ڕۆژگارەکە، هیچ پێوەندییەکی بەڕۆژگار و داوونەریتەکانی ئێمەوە نییە.

چەند سەدەیەک دواتر، کاتێک نعمانی بتپەرست چووە لای ئەلیشع تا لێی بپرسێ؛ ئاخۆ دەکرێ بچێتە لای پاشاکەی[٣٦] لە پەرستگەی ڕمنوون[٣٧] و لەگەڵ ئەودا پەرستیاری بکا. ئەلیشع کە منداڵانی فڕێ دابووە بەر ورچان، وەڵامی دایەوە: "بێ خەم برۆ"؟

بگرە لەوەش واوەتر: خوا، فەرمانی بەئیرمیا کرد، گوریس و تەوق و پێوەند[٣٨] لە ملی خۆی بئاڵێنێ، دواتر بینێرێ بۆ پاشایان، موئاب، عموون، ئەدووم، سوور، سیدون و بەنێوی خواوە پێیان بڵێ: "هەموو زەوییەکانتانم داوە بە نەبوخزنەسری پاشای بابل و خزمەتکارم[٣٩]. ئەوە ئێمە لە بەردەم پاشایەکی بتپەرستداین کە وەک خزمەتکار و بەردەستی خوا، پێناسە دەکرێ. تەنانەت ئیرمیا، کە سدقیا[٤٠]ی پاشای جوولەکە فڕێی دایە گرتیگەوە، پاش ئەوەی کە لای پاشای بابل[٤١] خۆی بەدەستەوە دا، لێی خۆش بوون، بەنێوی خواوە ڕێنوێنیی ئەو پاشایەی کرد: "ئەگەر خۆت بەدەست سەربازەکانیەوە بدەی، گیانت پارێزراو دەبێ". دواتر، خوا لایەنی پاشایەکی بتپەرست دەگرێ و تابووتی تەختەکەی دەداتێ، پەنجا هەزار و حەفتا جوو تەنیا لەبەرئەوە دەمرێنێ کە تەماشای تابووتەکەیان کردووە، پیرۆزی پیرۆزەکان و پاشماوەی پەیکەرەکەی دەداتێ کە

ڕۆنانی سەد و هەشت هەزار مسقاڵ زێڕ و ملیۆنێک و حەڤدە هەزار مسقاڵ زیو و دە هەزار درهەمی زێڕ کە شا داوود و فەرماندەکانی لەشکرەکەی بۆ دروستکردنی ماڵی خوایان دابوو، تێ چووبوو؛ کۆی ئەو خەرجییانەش، بێ ژماردنی ئەوەی سولەیمانی حەکیم خەرجی کردبوو، دەکاتە نێزیکەی نۆزدە ملیار و شەست و دوو ملیۆن، بە پارەی ئەمڕۆ. هەرگیز بتپەرستان بەم شێوەیە پاداشت نەکراون. با لە بیرم نەچێ کە ئەو ژمارانە زێدەڕۆییان تێدایە، دوور نییە، بنووسەکەیان هەڵەی کردبێ؛ بەڵام، ئەگەر وای دابنێین، بڕەکە نیوە، چارەک یان هەشتییەکی ئەو پارەیەش بێ، ژمارەکە هەر سەرسوڕهێنە، وەک ئەو سامانە لە بن نەهاتووەی هیرۆدۆتس دەڵێ بەچاوی خۆم بینیومە لە پەرستگەی ئیفسۆس. هەرچۆنێک بێ، گەنجینەکان هەرچەند گەورە بن، هێشتە لە چاوی خوادا بێ بایەخن؛ ئەو گەنجینەیەی بەپارە ناژمێردرێ ئەو نازناوی "خزمەتکارمە"یە کە خوا بەنەبوخزنەسری دا.

وەنەبێ خوا[٤٢] کەمتر، قورش، کیسرا یان ئەوەی پێی دەڵێین سیرۆس کە ناوی نابوو "سرڕاو"[٤٣] لەگەڵ ئەوەی نەسرڕابوو، خۆش ویستبێ، بەڵکە لە پێڕەوانی ئاینی زەردەشتی بوو؛ ناوی "چاودێر _ شوان"ی لێ نابوو، لەگەڵ ئەوەی بەلای خەڵکەوە ئەتککەر بوو. چەندی خۆشمان ماندوو بکەین، ناوی لەوە مەزنتر لە کتێبی پیرۆزدا نادۆزینەوە.

لە سفری ملاخیدا دەڵێ: "خوا لای هەموو نەتەوەکان مەزنە لە ڕۆهەڵاتەوە بۆ ڕۆئاوا؛ لە هەموو جێیەک قوربانیی پاکی پێشکێش دەکرێ". خوا بەتایبەتی چاوی لە خەڵکی بتپەرستی نەینەوایە، وەک جووەکان؛ جارێک هەڕەشەیان لێ دەکا و جارێک لێیان خۆش دەبێ.

لەگەڵ ئەوەی "مەلەکی سادق"[٤٤] جوو نەبوو، قوربانی پێشکێش خوا دەکرد، بلعام[٤٥]ی بتپەرست، پەیامبەر بوو. کەواتە، کتێبی پیرۆز، هەر هێندەمان پێ ناڵێ کە خوا لەگەڵ سەرلەبەری گەلانی دنیادا لێبووردە بووە، بەڵکە چاودێرییەکی باوکانەی دەکردن. کەواتە چۆن دەوێرین دەمارگر و نالێبووردە بین.

بەشی سێزدەم

لێبووردەییی بێ سنووری جوو

کـەواتە، نموونە زۆرن لـەبارەی لێـبـووردەییـیـەوە؛ لـە سـەردەمی مـووسـا، یـان لە سـەردەمی قـازی و پاشـاکـاندا. لەوەش زیاتر[٤٦]: مـووسـا، چەندان جـار دووبارەی دەکاتەوە: "خـوا هـەقی باوان لە چوار پشتی نەوەکـانیان دەکاتـەوە". ئەم هـەڕەشـەیە، بۆ گـەلێک زۆر پێـویست بوو کـە خـوا هێـشتـە نەمـریی نەفس و ئازار و پاداشـتی دوارۆژی بۆ ئاشکرا نـەکردبوو. ئەم ڕاسـتییـانە، نە لە "دە وەسـێتنامـەکەدا" نە لە شـەریعـەتـەکانی "سـفری لاوییـەکـان" یان سـفری دووانەی شـەریعـەتدانان"دا باس نەکراون. ئەو بیروباوەڕانە، لای فارسەکان، بابلییەکـان، میسرییەکان، گریکەکان و خـەڵکی دوورگـەی کـریت، باو بوون، وەلـێ بەهیچ شـێـوەیەک بەشـێک نەبوون لە بیـروباوەڕی جوولەکە. ئاخـر مووسـا، ناڵێ "ڕێزی باوک و دایکت بگرە گـەر دەتەوێ بەرز بیـتــەوە بۆ ئـاسـمــان"، بگرە دەڵێ "ڕێزی باوک و دایکت بگرە بـۆ ئەوەی زۆر بژیت لەسەر زەوی". تەنیـا هـەڕەشـەی ئازاردانی جەستـەیی لە جوو دەکات[٤٧]، هـەر لە گـەربوونی بەکێمـەوە، تـا برینی پیس لە ئەژنۆ و بـن پێ، ناپاکیـی ژن و مێـردان، قــەرز وەرگـرتـنی بەسـوود لـە بیـانی، لـە برسـا مـردن، نـاچاربوون بـۆ خــواردنی ڕۆڵەکانیـان؛ بەڵام یەک جاریش پێی نەگوتوون، نەفسـتان نەمـرە و پاش مردن ئازار دەچێژن، یان بەپێچەوانەوە، پاش مـردن ئاسوودە دەبن. مادام خـوا خۆی گـەلەکەی بەڕێوە دەبرد، بۆیە دەمـودەست، سزای دەدا یان خـەڵاتی دەکرد، سەبـارەت بە کارە خراپ یـان چاکەکـانی. هەموو شت دنیـایی بوو، واربرتۆن[٤٨]، سـەرچیخ چووبوو لە لێکدانەوەی ئـەم ڕاسـتـیـیــەدا بۆ ئەوەی بیـســەلمێنـێ، شــەریعــەتی جــوولەکـە، ئاسمانی[٤٩] بوو. ئاخر مادام خوا خۆی پاشایان بوو، مادام سەبارەت بە خراپە و چاکـە، یەکسـەری سـزا یان خـەڵاتی دەکـردن، بۆیە پێویست نەبوو، بیـروباوەڕێک دابەزێنێ و بمێنێتـەوە بۆ ڕۆژگارێک کـەس نەبێ حـوکمی پێ بـکا. بەڵام ئەوانەی لە

نەزانییەوە دەڵێن گوایە، مووسا، باسی نەمریی نەفسی کردووە، ئەوە سەردەمی نوێ لە گرینگترین باشە و جیاوازییەکانی لە سەردەمی کۆن[٥٠] دادەبڕن. ئەوەی چەسپیوە، شەریعەتی مووسا، تەنیا سزای نەوەکان تا چوارەم پشت یان نەوەی لەخۆ گرتبوو. بەڵام لەگەڵ وردیی ئەم شەریعەتەدا، سەرەڕای ئەو وتە ڕاشکاو و ڕوونەی خوا کە تا نەوەی چوارەمی ڕۆڵەکان، سزای باوکان دەدات، حزقیال، بێ دوودڵی پێچەوانەکەی بەجوان ڕادەگەیەنێ، بۆیان دووپات[٥١] دەکاتەوە، گوناهی باوک ناچێتە ئەستۆی کوڕەکەی؛ بگرە واوەتر دەچێ و لە زاری خواوە[٥٢] دەڵێ، "ڕێنوێنیی نەگونجاو"[٥٣]ی پێ داون.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، سفری حزقیال، خراوەتە لیستی ئەو سفرانەی کە وەحی خواین، ڕاستە کڵێسا، وەک قدیس بیرۆنیمۆس باس دەکا، ڕێی نەدەدا ئەوانەی تەمەنیان لە سی ساڵ کەمترە، ئەو شتانە ببینن، نەبادا گەنجان بزانن سفرەکە چۆن چۆنی باسی بەرەڵاییی جووتە خوشک (عوللە و عوللیبە)[٥٤] دەکات لە ئیسحاحی شازدە و بیست و سێدا. پوختەی قسەکە: سفری حزقیال لە هەموو ڕۆژگارێکدا خواردوویەتی، سەرەڕای ئەوەی، بەڕوونی، پێچەوانە و دژبەری ڕێنوێنییەکانی مووسایە.

دوا جار[٥٥]، کاتێک جوو، لە ڕۆژگاری دیلێتیدا لە بابل، باوەڕیان بەبیروباوەڕی نەمریی نەفس هێنا، سدووقییەکان[٥٦]، سوور بوون لەسەر ئەوەی، پاش مردن، نە سزا هەیە و نە خەڵات، هەستەکانی مرۆڤ و بیرکردنەوەش لەگەڵ نەمانیدا نامێنن، وەک چۆن مرۆڤ جووڵە و توانای ڕۆیشتن و هەرسکردنی نامێنێ. ئەم گرووپە، بوونی فریشتەکانیشی ڕەت کردەوە، سدووقییەکان، جیاوازترین گرووپی جوو بوون، دووربیان لە دووریی پرۆتستانتەکان لە کاتۆلیکی زیاتر بوو؛ بەڵام قەت لە براکانیان دانەبڕان؛ بگرە گەورە کاهینانی جوو، زۆربەیان لەوان بوون.

هەرچی فریسییەکانە، باوەڕیان بەقەزاوقەدەر[٥٧] و دۆناودۆن (کۆپیبوونەوە – تناسخ)[٥٨] هەبوو. ئەسینییەکان[٥٩]، لەو باوەڕەدا بوون نەفسە چاکەکان، بۆ دوورگەکانی خۆشی[٦٠] و نەفسە خراپەکان، بۆ شوێنێکی وەک ترتارۆس[٦١] دەچن. قوربانیشیان پێشکێش نەدەکرد؛ لە کڵێسایەکی تایبەت بەخۆیاندا گرد دەبوونەوە. بەکورتی، ئەگەر بمانەوێ بەجوانی لە ئاینی جوولەکە ورد بینەوە،

سەرمان سورِ دەمێنێ لەو هەموو لێبووردەییە لەنێو ناشیرینترین شێوازگەلی کێویەتیدا. ئەمە ڕاستە، بەڵام زۆربەی گەلان بەشتگەلێکی سەیر خۆیان بەڕێوە بردووە. ئافەرین بۆ ئەو شتە سەیرانەی ڕەوتار و ئاکارێکی وا بەرز و جوانی لێ بکەوێتەوە، لە سایەی شەریعەتگەلێکی خوێناویدا.

بەشی چواردەم

ئاخۆ مەسیح خەڵکی فێری دەمارگری کرد؟

دەبا بزانین ئەوە مەسیحە یاساگەلێکی خوێناویی داڕشتووە و خەڵکی فێرە دەمارگری کردووە و فەرمانی داوە گرتیگەگەلی دادگەکانی پشکنین دروست بکرێن و گرووکارانی (جەللادەکانی) کوورەکانی داناوە.

ئەگەر هەڵە نەبم، ئەو بڕگانە لە ئینجیلەکاندا کەمن کە بانگێشتکارانی چەوساندنەوە، ڕەواییی دەمارگری و زۆرەملێیان لێ هەڵێنجن. لەوانە، ئەم نموونەیەی یەسووع هێناوییەتییەوە کاتێک خوای ئاسمانانی بەپاشایەک چوواندووە کە میوانانی بانگهێشتنی زەماوەندی کوڕەکەی کردووە. ئەو پاشایە، لە ڕێی خزمەتکارانیەوە، میوانەکانی ئاگەدار کردەوە[٦٢]: "گاگەل و ماڵاتە قەڵەوەکانم بۆ سەر بڕیون، هەموو شتێک ئامادەیە، بفەرموون بۆ زەماوەندەکە". بەڵام هێندێک چوون بۆ گوندەکەیان و گوێیان بەبانگهێشتنەکە نەدا؛ هێندێکی تر، سەرقاڵی بازرگانیی خۆیان بوون، هاوکات، کۆمەڵێکی تر، سووکایەتییان بەخزمەتکارانی پاشا کرد و کوشتیانن. لە بەرانبەردا پاشا لەشکرەکەی نارده سەر پیاوکوژەکان و شارەکەی بەسەریاندا وێران کرد؛ نێردراوەکانی نارده ڕێگەوبان و دووڕێیانەکان تا ئەو کەسانەی لەو جێیانەن، بانگهێشتیان بکەن بۆ خوانەکە. دەمێک، یەک لەوانە لەسەر سفرەکە دانیشت بێ ئەوەی جلکی شاییی لەبەر کردبێ، باڵبەستیان کرد و لە تاریکییەکەی دەرەوە فڕێیان دا.

وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە، ئەم حیکایەتە سیمبوڵێکە، تەنیا و تەنیا باسی خوای ئاسمانان دەکات، بۆیە کەسێک بۆی نییە ئەوەی لێ فێر بێ، میوانەکەی ئێوارەی قۆڵبەست یان بەند بکا، گوایە جلکێکی شیاوی شاییی لەبەر نەکردووە؛ لە هەموو بارێکدا، مێژوو یەک نموونەشی تێدا نییە باسی پاشایەکمان بۆ بکات سەبارەت بەهۆکارێکی لەو جۆرە، دەستوپێوەندێکی خۆی هەڵواسیبێ. پێ ناچێ،

ئیمپراتۆرێک، مریشکەکانی سەربڕیبێ و کوڕگەلەکەی بەردەستی ناردبێ بەشوێن میرانی شانشینەکەیدا تا ئێوارێ میوانی پاشا بن، میرەکان، کوڕەکانیان کوشتبێ. ڕاستت گەرەکە، بانگهێشتنی ئێوارەخوانەکە، ئاماژەیە بۆ ڕزگاربوون؛ هەروەها، کوشتنی نێردراوەکانی پاشا، ئاماژەیە بۆ چەوساندنەوەی ئەو کەسانەی خەڵک بانگهێشتنی دانایی و چاکەکاری دەکەن.

نموونەیەکی تر(٦٣)، لەبارەی کەسێکەوەیە کە هاوڕێکانی بانگهێشتنی ئێوارەخوانێکی گەورە کرد؛ هەر کاتی سەر سفرە هات؛ خزمەتکارەکەی نارد ئاگەداریان بکاتەوە. یەکێکیان داوای لێبووردنی کرد بەپاساوی ئەوەی دەچێتە تەماشای ئەو پارچە زەوییەی تازە کڕیویەتی. ئەم پاساوەش لە جێی خۆیدا نییە، چونکە کوا خەڵک شەوانان دەچنە تەماشای زەوی. یەکێکی تریان گوتی گوایە تازە پێنج جووت مانگای کڕیوە و ناچارە سەر لە مانگاکانی بدا. قسەی ئەمیشیان نەدەچووە عەقڵەوە، چونکە کەی دوای شێوان کاتی بینینی ماڵاتە. سێیەمیان گوتی ناتوانم بێم، چونکە ئەمڕۆ ژنم گواستووەتەوە، پاساوی ئەمیان قبووڵ کرا. خاوەن خوان هەڵچوو، هەرچی شەل و کوێر هەیە بانگی خوانەکەی کردن، کە بینی هێشتا سەر سفرە جێگەی زۆر ماوە، بەخزمەتکارەکەی گوت: "بڕۆ هەر کەسێکت لەو ڕێگەوبانە و شوێنە پەرژینکراوەکانیش بینی، ناچاری بکە بێتە ژوورەوە".

ڕاستە بەڕاشکاوی پێمان ناڵێن مەبەستی ئەم نموونەیە، خوای ئاسمانانە. ئەوانەش کە دەستەواژەی "ناچاری بکە بێتە ژوورەوە"یان لێک داوەتەوە، زێدەڕۆیییان تێدا کردووە. بەڵام ئاشکراشە کە تاکە خزمەتکارێک ناتوانێ بەتەنیا ئەو هەموو خەڵکە ناچار بکا بێنە سەر سفرەی گەورەکەی؛ ئەمە جگە لەوەی، ئەگەر ئەو خەڵکە بەتۆپزی بهێنرێن، وا بەڕێز و حیشمەتەوە دانانیشن. دەستەواژەی "ناچاری بکە بێتە ژوورەوە"، بەگوێرەی لێکدەرەوە زۆر ورد و شارەزاکان، هیچ مانایەکی نییە جگە لە: بانگهێشتنیان بکە، داوایان لێ بکە، زۆریان لەگەڵ بڵێ، وایان لێ بکە بێن.

جا تو ئەو خوایە، ئەم پاڕانەوە و ئێوارەخوانە، فریان بەچەوساندنەوەوە هەیە؟

گەر لە دووی پیت بەپیتی دەقەکان بین، ناچار دەبین بڵێین، مرۆڤ دەبێ کوێر و گۆج بێ تا لە کڵێسا وەربگیرێ. هەر لەو بارەیەوە مەسیح گوتوویەتی: "هاوڕێ و

خزمە دەوڵەمەندەکانتان بانگهێشتنی خوانی ئێواران مەکەن"؛ دەبێ لەم گوتەیە وا تێ بگەین کە مەسیح خواردنی ئێوارانمان لەگەڵ خزم و هاورێ خواپێداوەکانماندا لێ قەدەخە دەکات؟

پاش نموونەی خوانەکە، یەسووعی مەسیح دەڵێ(٦٤): "ئەوەی بێتە لای من و نەتوانێ دەستبەرداری باوکی، دایکی، ژنەکەی، ڕۆڵەکانی، براکانی، خوشکەکانی، بگرە خۆشی، ببێ، ناتوانێ ببێتە قوتابیی من، .. هتد. باشە ئەگەر یەکێکتان تاوەرێک دروست بکا، دانانیشێ بزانێ چەندی تێ دەچێ؟ ئاخۆ لە دنیادا، بێ عەقڵێک هەیە، لەم گوتەیە وا تێ بگات، گوایە، داوای بوغزاندنی باوک و دایک دەکات؟ باشە ئاسانتر نییە بەم مانایە لەو ڕستەیە تێ بگەین: هاوسەنگی لە نێوان من و خۆشەویستترین کەستاندا مەکەن؟

کاتێک قدیس مەتیی ئینجیلی دەڵێ(٦٥): "ئەوەی گوێڕایەڵی کڵێسا نەبێ، وەک بتپەرست و باجگر(*) تەماشای بکەن". ئەم گوتەیە، بەهیچ شێوەیەک، مانای ئەوە نییە کە پێویستە بتپەرستان و باجگرانی پاشا، بچەوسێنینەوە: ئەوانە، نەفرەتلێکراوی ئەو دنیان، ئەمە ڕاستە، بەڵام خۆ خۆیان نادەنە دەست دەسەڵاتی ڕۆژ تا سزایان بدا. ئەوانە، لە هیچ دەسکەوتێک بێبەری نەکراون، بگرە دەسکەوتەکانیان لە هاووڵاتییانی تر زۆر زۆرترە. کە کتێبی پیرۆزیش، پیشەکەیانی، جیا لە هەموو پیشەکانی تر، سەرکۆنە کردووە، حکوومەتان، چاودێرییەکی تایبەتییان دەکەن. باشە، بۆ هێندەی برا بازرگانەکانمان، لەگەڵ برا سەرلێشێواوەکانیشماندا، نەرمونیان نەبین؟

بڕگەیەکی تر لە ئینجیلی مەتی و مورقس، تا دەست هەڵگری، خراپ لێک دراوەتەوە، مەبەستم، ئەو بڕگەیەیە کە دەڵێ، بەیانییەک، مەسیح برسی بوو، بەداری هەنجیرێکدا هەڵگەڕا، بینی، هەر گەڵایە و بەری نەگرتووە، ئاخر هێشتا کاتی نەهاتبوو: نەفرەتی لە دارهەنجیرەکە کرد، دەمودەست وشک بوو.

ئەم موجیزەیە؛ تەفسیرگەلێکی زۆری بۆ کراوە، وەلێ تەفسیرێکیان زۆر بەکەڵکی ئەوە دێ ڕەوایی بداتە چەوسانەوە؟ ئاخر مەحاڵە، هەنجیر، لە سەرەتای مانگی ئادار/مارسدا، بەر بدا، بۆیە وشک کرا. بڵێی ئەمە ببێتە بیانوو بۆ ئەوەی سەرانسەری ساڵ براکانمان وشک بکەینەوە؟ با ڕێز لە هەموو ئەو بابەت و

پرســانەی نێـو کـتـێـبی پیـرۆز بگرین کـە هـۆش و زەینمــان دەبزوێن و تـووشی کەڵکەڵەمان دەکەن، بەڵام نابێ خراپ بەکاریان بێنین و بەرەو دەمارگری و دڵڕەقی، بخزێین. عەقڵییەتی چەوسانەوە کە هەموو شت خراپ لێک دەداتەوە، بۆ پاساوێک دەگەڕێ لـە ڕووداوی دەرکردنی دەسـتگێڕەکـان لە پەیکەر، هـەروەسـا، لە ڕووداوی تێکەڵکردنی ئیـبلیـسگەلێک بە ڕانـە وڵاخـێکی گـڵاوی دووهـەزار ســەری، پاش دەرهێنـانی لە جـەسـتـەی کـەسـێکی دەست لێ وەشێنراو. بەڵام ئاخـۆ وەک ڕۆژی ڕووناک دیار نییە کە ئەم دوو نموونەیە، تەنیا نیشـانەیەکن بۆ سزای خـوا دەرهەق بەوانەی بەگوێرەی شـەریعـەتەکەی ناجووڵێنـەوە؟ ئاخر مـاڵی خـوا، هـەر لەو کاتەوە گڵاو بوو کـە حەوشـەکـەی کرا بەبازاڕ. کاهین و ئەندامـانی سنحدرین(٦٦)، بێهوودە هـەوڵیان دا، بەبیانووی پێویستیی بەڕێوەچوونی قوربانی، پاساو بۆ ئەو بازرگانییە بێننـەوە. مـافی ئەو خـوایەیە کـە قـوربـانیی پێـشکێش دەکـرێ، ڕێ لەو گڵاوکـردنە بگرێ؛ مـافی خـۆشیـەتی، سـزای هـەر کـەسـێک بدات، ڕەوەماڵاتێک بێنێتە وڵات کـە سـەرلەبـەری مـاڵاتەکان، خـوا حـەرامی کردوون. ڕاسـتت دەوێ، ئـەم دوو نموونەیە، فـریان نییـە بەسـەر چەوساندنەوەوە لەسـەرینیی بیروباوەڕەوە. ئەگـەر عـەقڵـییـەتی دەمــارگـری، دەست بەنالـەبارترین پاسـاوەوە نەگـرێ، ئەوهـا لە ورد و درشــتی شتەکاندا، بەدوای بیانگەدا نەدەگەڕا.

جـیا لـەو نموونانە، سـەرلەبەری کـردار و گـوتاری مـەسـیـح، داوای بەزەیی، دان بەخــۆداگــرتن و نـەرمــونیـــانی دەکــەن، وەک چۆن باوک بـاوەش بـۆ کــوڕە سـەرلێـشـێـواوەکـەی دەکـاتەوە، وەک ئەو کـرێکارەی زۆر درەنگ دەچێـتـە سـەر کـارەکـەی، بەڵام کـرێکەی خـۆی وەک هـاوکـارەکـانی وەردەگرێ. مـەسـیح بەخـۆی، پاساوی ڕۆژوونەگرتنی بۆ قوتابییەکانی هێنایەوە، لە هەڵەکاران خۆش بوو، سزای ژنی ناپاک ئەوە بوو کە داوای لێ کرد، دڵسۆزی مێردەکەی بێ. بگرە دڵی مێوانانی زەمـاوەنـدەکەی قـانـا جـەلیلی نەشکاند کە ئیستـەرمیـان دەکرد و مـەی زیاتریان دەویست، سـەرەڕای ئەوەی مـەست بووبوون: ئەوە بوو مـوجیـزەیەکی نواند و ئاوی کردە مەی.

تەنانەت لە یەهوودا تووڕە نەبوو کە ناپاکیی لەگەڵدا دەکات؛ فـەرمـانی بەبوترس دا، شـمشـێرەکەی بە ڕووی کەسـدا هەڵنەکێشێ، هەروەها لۆمـەی دوو کوڕەکەی زبدی(٦٧) کرد، چونکە، وەک ئیلیا پێغـەمبـەر، ویستیـان ئەو شارە ئاگرباران بکەن

کە نەیحەواندنەوە.

دوا جار، بووە قوربانیی بەغیلی و ئیرەیی بردن. خۆ ئەگەر بوێرین بەراوردێک لە نێوان پیرۆز و گلاودا بکەین، لە نێوان خوا و مرۆڤدا، دەڵێین، مردنەکەی لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە، زۆر لە مردنەکەی سوکرات دەچێ. سوکرات، بووە قوربانیی درێژدادڕەکان (سەفسەتاییەکان)، کاهینەکان و گەورەپیاوان؛ یاسادانەری مەسیحییەکانیش بووە قوربانیی کینەی نووسەران، فریسییەکان و کاهینەکان. سوکرات دەیتوانی ژیانی خۆی بپارێزێ، بەڵام ئەوەی نەکرد. مەسیح، بەویستەنیی خۆی، گیانی پێشکێشی مردن کرد. سوکراتی فەیلەسووفی گریک، نەک هەر لەوانە خۆش بوو کە بوختانیان پێ کرد و داوەرییان کرد، بگرە، ئاواتی خواست، دادوەران، مامەڵەی ڕۆڵەکانی وەک مامەڵەی خۆی بکەن، ئەگەر بەختیان هەبوو و وەک ئەو شایەنی ڕق و کینەی ئەوان بوون. یاسادانەری مەسیحییەکانیش، کە پاژنەی هێندە بەرز بوو باس ناکرێ، لە باوکی پاڕایەوە، لە دوژمنەکانی خۆش بێ.

مەسیح، وا دەردەکەوت کە لە مردن دەترسێ، ئەو ترسەی کە لێی نیشت، گەیشتە ئاستێک ئارەقەی لەشی لەگەڵ خوێنی تێکەڵ بوو ـ پێشاندانی توندترین و دەگمەنترین نیشانەکانی ترس بوو -، ئەو، ویستی بۆ ئاستی مرۆڤ دابەزێ و لاوازیی جەستەی مرۆڤ پێشان بدا. جەستەی دەلەرزی، وەلێ گیانی خۆڕاگر بوو، جێگیر بوو، فێری کردین، هێزی ڕاستەقینە، مەزنیی ڕاستەقینە، لە خۆگرتندایە لە بن ئازارەکانی ژیاندا. ئەوەی بەترسەوە ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە، نیشانەی ئازایەتییەتی.

سوکرات، درێژدادڕەکانی بەنەزانین و نیازخراپی، تۆمەتبار کرد. بەپشتبەستن بەمافە خواییەکانی، مەسیح، نووسەران(٦٨) و فریسییەکانی بەدرۆزن، گەوج، کوێر، شەڕانی و مار، تۆمەتبار کرد.

سوکرات، بەوە تۆمەتبار نەکرا کە دەیەوێ میللەتێکی تازە دروست بکا، هەروەها مەسیح، بەوە تۆمەتبار نەکرا، کار بۆ پێکهێنانی میللەتێکی نوێ دەکات(٦٩). لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، شایەتی درۆی کاهینەکان و ئەندامەکانی تری سنحدرین، بۆ لەنێوبردنی مەسیح بوو. ئاخر، مادام شایەتیی درۆیان دا، مانای وایە، بەوە

تۆمەتباریان نەکرد کە بەئاشکرا دژی شەریعەتە. ڕاستییەکەشی هەر ئەوەیە، مەسیح، لە زاینەوە تا مردن، ملکەچی شەریعەتی مووسا بوو. ڕۆژی هەشتەمی لەدایکبوونی، وەک هەر منداڵێکی تر، خەتەنە کرا. کە لە ڕووباری ئوردنیشدا پاکژ (تعمید) کرایەوە، ئەوە نەریتێکی باوی جووان بوو، بگرە لای تێکڕای گەلانی ڕۆهەلات. ئاخر، هەموو ئەو پیسییانەی شەریعەت دیاری کردوون، بەپاکژکردنەوە دەڕۆیشتن؛ هەر ئەوهاش، کاهینەکان دیاری دەکران. لە جەژنی لێخۆشبوون (غفران)دا، خەڵک مەلەیان دەکرد، ئەو بتپەرستانەی دەیانویست ببنە جوو، بەئاو پاکژ دەکرانەوە.

مەسیح، پابەندی سەرلەبەری بڕگەکانی شەریعەتی مووسا بوو، شەمووان کاری نەدەکرد، گۆشتە حەرامکراوەکانی نەدەخوارد، هەموو جەژنەکانی دەکردەوە، بگرە پێش مردنی، جەژنی فوسحی کرد.

بەوە تۆمەتبار نەکرا، بیر و بۆچوونی تازە بڵاو دەکاتەوە یان سرووتی ئاینیی نامۆ، پێڕەو دەکات. بەجوویی لەدایک بوو، بەردەوامیش، وەک جوو ژیا.

لە کاتی داوەریکردنیدا، دوو شایەت تۆمەتباریان کرد کە گوتوویەتی(٧٠): "من دەتوانم، پەیکەرەکەی خوا تێک بدەم و لە ماوەی سێ ڕۆژدا دروستی بکەمەوە". قسەیەکی وا، زەحمەت بوو لە جووگەلێکی پارەپەرستی کەللەڕەقەوە بێتە قبووڵکردن؛ بەڵام ناگاتە ئەوەی خاوەنەکەی بەهەوڵی پێکهێنانی میللەتێکی تازە، تۆمەتبار بکرێ.

سەرۆکی کاهینان لێی پرسی: "سوێندت دەدەم بەخوا، پێمان بڵێ، تۆ مەسیحی کوڕی خوای". بەڵگەنامەکان بۆمان ڕوون ناکەنەوە، ئاخۆ کاهین مەبەستی لە "کوڕی خوا" چی بوو: ئاخر ئەم جۆرە ناوهێنانە، ئەوێ ڕۆژێ بۆ کەسانێکی ناسراو بەڕاستگۆیی بەکار دەهێنرا(٧١)، وەک چۆن ناوی "ئیبن بلیعال" ئاماژە بوو بۆ کەسێکی شەڕانی. ئاخر پێشینانی جوو، هیچ شتێکیان لەبارەی نهێنیی کوڕی پیرۆزی خواوە نەدەزانی، واتە؛ نهێنیی هاتنی خوا بەخۆی بۆ دنیای ئێمە.

مەسیح، وەڵامی سەرۆکی کاهینانی دایەوە: "ئەوەیە کە دەڵێی، منیش پێتان دەڵێم: ڕۆژێک بەچاوی خۆتان دەبینن، مرۆڤ لە دەستە ڕاستی خاوەن تواناد ا دانیشتووە، لە قووڵاییی ئاسمانەوە هاتووە". ئەم وەڵامە ئەندامانی سنحدرینی

پەست کرد و بەکفریان دەزانی. لەبەرئەوەی ئەندامانی سنحدرین دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو، مەسیحیان لە بەردەم والیی ڕۆمانیدا داوەری کرد، بەدرۆ، تۆمەتباریان کرد کە دنەی فەرتەنە و ئاژاوە دەدات، هانی خەڵک دەدا باج و پیتاک نەدەنە قەیسەر، لەوەش واوەتر دەڵێ گوایە پاشای جووانم. کەواتە، بە ڕوونی دیارە، مەسیح، بەتاوانگەلێک تۆمەتبار کرا کە تاوانن بەدژی دەوڵەت.

کاتێک والیی ڕۆمانی، بیلاتۆس پنتی، پێی زانی خەڵکی جەلیلە، ناردی بۆ لای هیرۆدۆسی شازادەی چارەکی جەلیل. بەڵام هیرۆدۆس، هەستی کرد، مەحاڵە مەسیح، چاوی لەوە بووبێ ببێتە سەرکردەی میللەتەکە و ببێتە پاشایان، زۆر بەناشیرینی مامەڵەی کرد و ناردییەوە بۆ بیلاتۆس، کە زۆر ترسنۆکانە حوکمی مردنی بەسەردا دا بۆ هێورکردنەوەی ئەو هەڵایەی لەسەری بوو، بەتایبەت، پێشتریش جوو، لێی یاخی بووبوون، وەک مێژوونووس، فلاڤیۆس یوسیفۆس، بۆمان دەگێڕێتەوە. بیلاتۆس نەیتوانی بەو خۆشییە لەگەڵ جووواندا هەڵبکا کە والیی فستۆس هەڵی کرد(٧٢).

ئێستە من دەپرسم: ئاخۆ دەمارگری، لە لێکەوتەوەکانی یاسای خواییە، یان پێچەوانەکەی کە لێبووردەییە؟ ئەگەر دەتانەوێ لە مەسیح بچن، گەشمردە (شەهید) بن نەک جەلاد.

بەشی پازدەم

شایەتیگەلێک دژی دەمارگری

- "لاوازیی ئاینییە کە لە پرسی ئایندا مرۆڤ ئازاد نەکەین، نەهێڵین لە هەڵبژاردنی خوایاندا ئازاد بن، مرۆڤێک نییە، خوایەک نییە، حەزی لە بەزۆرپەرستن بێ".

(بەرگری، بەشی بیست و چوار)(٧٣)

- "ئەگەر بۆ داکۆکیکردن لە ئاین پەنا برایە بەر توندوتیژی، قەشەگەل ڕازی نابن".

(قدیس هیلاریۆس، کتێبی یەکەم)(٧٤)

- "ئەگەر ئاینێک بەزۆر سەپێنرا، ئاین نییە. ئاین دەبێ بەخوایشت بێ نەک زۆرەملێ، لە ئایندا، هیچ پرسێک بەزۆر نییە".

(لاقتانسیۆس، کتێبی سێیەم)(٧٥)

- "کارێک کە زۆر خراپ و ناشیرینە، ئەوەیە؛ بە هێز، بەلێدان، بەزیندانی، بمانەوێ کەسێک ڕاکێشین کە بەعەقڵ نەمانتوانیوە ڕای کێشین".

(قدیس ئاساناسیۆس، کتێبی یەکەم)

- "هیچ شتێک هێندەی زۆرەملێیی پێچەوانەی ئاین نییە".

(قدیس یۆستینۆس، مێژووی گەشمردان، کتێبی پێنجەم)

- "ئەوانە بچەوسێنینەوە کە خوا لێیان خۆش بووە؟"

(قدیس ئۆگستینۆس ئەوهای دەگوت بەر لەوەی دەمارگرییەکی زۆر بیگرێ لە ئەنجامی تێکچوونی لەگەڵ دۆناتییەکاندا)(٧٦)

- "با خۆمان لە هەر پەلاماردانێکی جووان دوور بخەینەوە".

(کۆڕوەندی تووڵەیتڵەی چوارەم، بڕگەی پەنجا و شەش)

- "ڕێنوێنیی خەڵک بکەن، ناچاریان مەکەن".

(نامەیەکی قدیس بێرنار)

- "نیازمان نییە بەپەنابردن بۆ توندوتیژی هەڵەکانمان نەهێڵین".

(نامەی ئەکلیرۆسی فرەنسایی بۆ شا لویسی سێزدەم)

- "هەردەم دژی شێوازە توندەکان بووین".

(کۆمەڵەی گشتیی ئەکلیرۆس، ١١ ئاب/ئۆگستس ١٥٩٠)

- "ئێمە دەزانین، بیروباوەڕ، بەخوایشت دەبێ نەک بەزۆرەملێ".

(فلیشیێ، قەشەی شاری نیم، نامەی ١٩)

- "نابێ تەنانەت پەنا بۆ سووکایەتی پێکردن و دەستەواژەی بریندارکەر ببەین".

(نامەیەکی قەشە دی بلییێ)

- "بەردەوام بیرتان بێ نەخۆشییەکانی نەفس نە بەزۆرەملێ چاک دەبنەوە نە بەتوندوتیژی".

(نامەیەکی کاردیناڵ لۆکامۆ، ساڵی ١٦٨٨)

- "لێبووردەییی مەدەنییانە بدەنە هەمووان".

(فینیلۆن، سەرۆکی قەشەکانی کامبریێ، "نامەیەک بۆ دۆقی دەڤەری بۆرگونیای فرەنسایی")

- "پەلاماردانی هەر ئاینێک لە ئاینەکان، مانای وایە، ئەو عەقڵەی پشت پەلاماردەرەکە، دوژمنی ڕاستییە".

(دیروا، دوکتۆرێک لە سۆربۆن، کتێبی شەشەم، بەشی چوارەم)

- "ئێمە وای دەبینین کە ناوکرۆکی دادپەروەری و بنەوانی عەقڵی ڕاست و دروست ئەوەیە لەسەر پێڕەوی کڵێسای کۆن بڕۆین کە هەرگیز پەنای بۆ توندوتیژی نەبردووە لەپێناو بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی ئایندا".

(وریاکردنەوەیەک لە دادگەی باڵای پاریسەوە بۆ شا هینریی دووەم)

- "تاقیکردنەوەکان فێریان کردین کە توندوتیژی، لە جیاتیی ئەوەی دەردودووی ڕەگداکوتاوی نەفس چارەسەر بکا، خراپتری دەکات".

(دی تو، "نامەیەک پێشکێش بەشا هینریی چوارەم")

– "ئەوە دڵگەرمییەکی زۆر کێوییانەیە هەر کەسێک پێی وابێ دەتوانێ ئاین لە دڵاندا بچێنێ، یان پێی وابێ دەتوانێ بەزۆرەملێ یەکێک ڕازی بکا".

(ئاملۆ دی لاهۆسیێ، لەبارەی "نامەکانی کاردیناڵ ئوسا"وە)

– "ئاسمان هێندەی خۆش ویستن وای لێ کردن بگەنە ڕاستی، خێروبێرێکی مەزنی پێ دان؛ بەڵام ئاخۆ ئەو ڕۆڵانەی میراتی باوانیان بۆ مایەوە، مافی ئەوەیان هەیە، ئەوانە ببوغزێنن کە لەو خێروبێرە بێبەش بوون".

(مۆنتسکیۆ، "گیانی یاساکان"، بەشی بیست و پێنج)

دەتوانین کتێبێکی زۆر گەورە لەم گوتانە پێک بێنین. ئەوە مێژووەکانمان، گوتارەکانمان، ڕێنوێنییەکانمان و نووسراوە ئاکارییەکانمان و کتێبە ئاینییەکانمان، هەر هەموویان لێبووردەیی، بەفەریزەت و ئەرکێکی پیرۆز دادەنێن و کۆکن لەسەر فێرکردنی. بڵێی نەفرەتی قەدەر بێ، بەکردار، تیۆرییەک بەدرۆ دەخەینەوە کە ڕۆژانە بانگەشتنی بۆ دەکەین؟ ڕاستت دەوێ، کاتێک کردارەکانمان دژبەری ئاکارمان دەبن، دەردەکەی ئەوەیە کە پێمان وایە بەرژەوەندیمان لەوەدایە پێچەوانەی قسەکانمان، ڕەوتار بکەین؛ بەڵام بەدڵنیاییەوە، هیچ بەرژەوەندییەکمان لەوەدا نییە ئەوانە بچەوسێنینەوە کە وەک ئێمە بیر ناکەنەوە و وایان لێ بکەین ڕقیان لێمان بێ.

کەواتە، دووبارەی دەکەینەوە و دەیڵێینەوە، دەمارگری، کارێکی بێهوودە و بێ عەقڵییە. بەڵام لەوانەیە یەکێک بڵێ، ئەوانەی بەرژەوەندییان لە تێکدانی ویژدانەکاندایە، مایەپووچ و بێ عەقڵ نین، بەشی داهاتووی ئەم نامەیە، بۆ ئەوانەیە.

پەراوێزەکان:

١- دووانەی شەریعەتدانان (تثنية الأشتراع)، ئیسحاحی ١٤.

(*) نامووس: ناوێکی ڕەسەنی یۆنانییە مانای "شەریعەت یان یاسا". نامووسی مووسا، واتە؛ ئەو شەریعەتەی مووسا کە خوا وەحیی پێ داوە. بڕوانە: (فەرهەنگی کتێبی پیرۆز، نامووسی مووسا). (و. ک).

٢- ئەگەر بۆمان هەبێ هێندێک تێبینیی بەکەڵک لەبارەی تەوراتەوە بخەینە ڕوو، بۆمان هەیە سەرنج لەوە بدەین، ئەوەی دەڵێ خوا بەڵێننامەیەکی لەگەڵ نووح و تێکڕای

ئاژەڵاندا ئەنجــام داوە؛ بەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا، ڕێی بەنووح دا، هەرچی زیندووە و دەجووڵێ بیخوا؛ هیچی لێ دەرنەکردووە خوێن نەبێ. خوا دەفەرمووێ (سفری پێکهاتن، ئیسحاحی نۆیەم، ٥): "تۆڵە لە تێکڕای ئەو ئاژەڵانە دەکاتەوە کە خوێنی مرۆڤیان ڕشتووە". بەم برگانە و برگەگەلێکی تریشدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، مرۆڤایەتی لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە تا ئەمڕۆ و ئەوەی تێکڕای مرۆڤە عاقڵەکان لە بارەیەوە کۆکن ئەوەیە؛ ئاژەڵان برێک هەستیان هەیە. خوا بەڵێننامەی لەگەڵ دار و بەردێکی بێ هەست، ئەنجام نەدا، بەڵام بەڵێننامــەی لەگــەڵ ئاژەڵاندا ئەنجــام دا و هەستگەلێک و بیر و هۆشێکی پێوەست بەو هەستانەی پێ دان کە زۆرجاران لە هەستی ئێمە ناسکترە، بۆیە خواردنەوەی خوێنەکەیان لێ حەرام کردووین، چونکە خوێن سەرچاوەی ژیانە، کەواتە سەرچاوەی هەستەکانیشە. ئەگەر هەموو خوێنی هەر ئاژەڵێک بمژرێ، ئیفلیج دەبێ و توانای هیچ جووڵەیەکی نامێنێ. بۆیە لە نێزیکەی سەد جێی کتێبی پیرۆزدا دەڵێ، نەفس، ئەوەی پێی دەگوترا نەفسی هەستیار، چەقەکەی وا لەنێو خوێندا، ئا ئەم بیرۆکە تا بلێی سروشتییە، سەرلەبەری گەلان بڕوایان پێیەتی و پێڕەوی دەکەن.

ئەم بیرۆکەیە، بنچینەی ئەو بەزەییەیە کە پێویستە دەرهەق ئاژەڵان لە دڵماندا بێ. لەنێو ئەو حەوت بنەمایانەی نووحییەکان پابەندین و جووش قبووڵیان کردوون، بنەمای خواردنی ئەندامێکی ئاژەڵە کە هێشتا زیندوو بێ. ئەم بنەمایە، دەری دەخات، مرۆڤگەل هێندە دڵڕەق و بێ بەزەیی بوون، ئەندامی ئاژەڵیان لێ کردووەتەوە و خواردوویانە و لێ گەڕاون ئاژەڵەکە ئەوها بمێنێتەوە و ئەندامەکانی تریشی یەک بەدوای یەکدا بخۆن. ئەم نەریتە باوە، لای هێندێک گەلانی کێوی هەر ماوەتەوە، وەک دانیشتوانی دوورگەی خیۆس کە گۆشتی قوربانییان بەکاڵی پێشکێشی باخۆس و مادیۆس دەکرد. ئەو خوایەی ڕێی پێ داوین گۆشتی ئاژەڵان بخۆین، ڕای سپاردووین برێک مرۆڤیش بین بەرانبەریان. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لێدانی ئاژەڵان نیشانەی کێوێتییە؛ تەنیا داوونەریتیش وامان لێ دەکات گۆشتی ئەو ئاژەڵەمان بەقوڕگدا بچێ کە بەدەستی خۆمان بەخێومان کردووە. هەموو کات گەلانێکیش هەن، سەربڕینی ئاژەڵان بەگوناه دەزانن؛ ئەو هەستی گوناهبارییە لە نیوە دوورگەی هیندستان تا ئێستا ماوە، هەروەها لایەنگرانی فیساگۆرس، لە ئیتالیا و یۆنان، هەرگیز گۆشتیان نەدەخوارد. لە نامەکەیدا بەناونیشانی "دابڕان لە گۆشت"، فیساگۆرس، لۆمەی قوتابییەکەی دەکات کە لە تاو حەزی کێوییانەی، نەیتوانی لە خەڵکەکە دوور بکەوێتەوە.

بەبۆچوونی من، کەس ناوێرێ بڵێ، ئاژەڵان تەنیا کەرەسەیەکن کە دەستبەرداری ڕووناکیی عەقڵی سروشتی بوون. ئاخر جیاوازی و بگرە دژبەرییەکی زۆر لەو نێوانەدا هەیە بڵێی، خوا هەموو ئەندامەکانی هەستی بەئاژەڵان داوە و لە نێوان ئەوەی بڵێی، خوا ئاژەڵانی لە هەست بێبەری کردووە.

هەروەها، پێم وایە، تەنیا ئەوانەی هەرگیز ئاژەڵانیان نەبینیوە، ناتوانن دەنگە جیاوازەکانیان لێک جودا بکەنەوە؛ ئەو دەنگانەی پێداویستییەکانی خۆیانی پێ دەردەبڕن، ئازاریان، خۆشییان، ترسیان، خۆشەویستییان، تووڕەیی و هەموو هەستەکانی تر؛ زۆر سەیرە لەم بارەدا، ئاژەڵان ئەوها بەجوانی هەستەکانیان دەربڕن کەچی پێشمان دەگوترێ هەستیان نییە.

ئەم تێبینییە، شایانی ئەوەیە دەرگەی تێڕامان لەو عەقڵانە بکاتەوە کە فێرە ناسینی توانا و چاکیی ئەو خوڵقێنەرە بوون، خوڵقێنەرێک، ژیان، هەست، هزر و هۆش و زەینی داوە بە بوونەوەرگەلێک و ئەندامەکانی زۆر وەستایانە بۆ داناون. ئێمە نازانین ئەم ئەندامانە چۆن دروست بوون، چۆن پێشڤەچوون، چۆن گوڕی ژیانمان دەدەنێ، بەگوێرەی کام و چ یاساگەلێک هەست و هزر و زەین و ئیرادەمان بەژیانەوە بەستراونەتەوە. بەپێی ئەو نەزانییە چەسپیو و هەمیشەییە کە پێمانەوە لکاوە، دەبینی بەردەوام ئامبازی یەکتر دەبین، ململانێمانە، یەکتر دەچەوسێنینەوە، وەک ئەو گاجووتانەی شەڕەقۆچ دەکەن، بێ ئەوەی بزانن بۆچی و چۆن ئەو قۆچانەیان پێ دراوە.

(**) چوار سفرن لە سفرەکانی تەورات. بەپێی تەفسیری تەورات؛ سفری (دەرچوون – Exode)، باس لە دەرچوونی عیبرییەکان دەکات لە میسر، ئەو بەڵێننامەیەی بەمووسا درا، چیرۆکی بڕینی سارای سینا. برگەی سەرەکیی ئەم سفرە بەجێ هێشتنی میسر و بەڵێننامەی پیرۆزە. سفری (لاوییەکان – LEVTTICUS)، باس لە سرووت و شەریعەتگەلی کاهینەکانی نەوەی لاوی دەکات، واتە؛ پێش هەر شتێک کتێبێکی شەریعەتی سرووتییە کە تێکرای ڕێساکانی خواپەرستی لای ئیسرائیلییەکان لەخۆ دەگرێ. سفری (ژمارە – NUMBERS)، ئەم سفرەش ئامارگەلێک لەبارەی بنەچەکانی گەلی دەستەبژێر و دەقگەلێکی تەشریعی لەخۆ دەگرێ. سفری (دووانەی شەریعەتدانان _ DEUTERONOME)، بریتییە لە دەقە تەشریعییەکانی تەورات. (و. ک).

٣- سفری عاموس (ئیسحاحی پێنجەم، ٢٦٢).

٤- سفری ئیرمیا (ئیسحاحی حەوتەم، ٢٢).

٥– کارەکانی پێغەمبەران (بەشی حەوتەم، ٤٢ _ ٤٣).

٦– دووانەی شەریعەتدانان (ئیسحاحی دوازدەم، ٨٢).

٧– چەندان نووسەر سەرەڕۆییان کردووە و وا لەم برگەیە تێگەیشتوون کە ئیسحاحی پێوەست بەگوێرەکە زێڕینەوە (کە هیچ نییە تەنیا خواوەند ئابیس نەبێ)، خراوەتە سەر سفرەکانی مووسا، هەروەک ژمارەیەک ئیسحاحی تریش.

ئابن– هزرا، یەکەمین کەس بوو وای بۆ بچێ کە دەتوانێ بیسەلمێنێ، پێنج سفرەکەی مووسا، لە سەردەمی پاشاکاندا نووسراون. کۆڵنز، ویتندال، شافستبوری و بۆلینگبردگ و زۆری تریش واوەتر چوون و گوتیان، هونەری نووسینی هزرەکان لەسەر سافیلکە، قرمید، قورقوشم یان تەختە، لەو ڕۆژگارەدا، تاکە ڕێگەی نووسین بوو؛ کلدانی و میسرییەکانی سەردەمی مووسا نەیاندەتوانی بەڕێگەیەکی تر بنووسن؛ بۆیە هیچ چار نەبوو، دەبوایە هزرەکان زۆر بەکورتی و پوختی و بەپیتی هیرۆگلیفینی بنووسرانایە، تا لە ڕێی هەڵکۆڵینەوە ناو کرۆکی هزرەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرایەتەوە، نەک حیکایەتگەلێکی دوور و درێژ؛ مەحاڵ بوو کتێبگەلێکی گەورە بنەخشێنی لە سارایەکدا کە ژیان تێیدا جووڵەیەکی بەردەوامی گەرەکە، سارایەک، نە کەسێکی وای لێ بوو جلکی پێ پەیدا بکرێ، نە جلک بدورێ، نە پینەچییەک، ئەمەش، خوای ناچار کرد بۆ ماوەی چل ساڵ موجیزەیەک بنوێنێ (دووانەی شەریعەتدانان، ئیسحاحی هەشتەم، ٥)، تا جلک و پێڵاوی گەلەکەی بپارێزێ. ئەوان دووپاتی دەکەنەوە، قەت ناچێتە عەقڵەوە ئەو ژمارە زۆرەی پیتکۆڵەر دەست کەوتبێ، لە کاتێکدا هونەرگەلێکی زۆر پێویستتر دەست نەکەوتوون، بگرە کەس نەبووە نان بکات؛ خۆ ئەگەر پێیان بڵێین سایەکانی حەسانەوەی خەڵکەکە لە مس و زەرد دروست کرابوون و پایەکانیش لە زیو، پێمان دەڵێن ڕاستە فەرمانی دروستکردنیان لە سارادا درا، وەلێ جێبەجێکردنەکەی دوا کەوت بۆ ڕۆژگاری خۆشگوزەرانی.

دواتر ناچێتە عەقڵیانەوە، ئەو گەلە هەژارە، لە دامێنی هەمان ئەو کێوەی مووسا لێیەوە قسەی لەگەڵ خوا داکرد لە کاتێکدا ئاسمان برووسکەی دەکرد و هەور دەیگرماند (سفری دەرچوون، ئیسحاحی نۆزدە، ١٨ _ ١٩)، پەیکەرێکی گوێرەکەی لە زێڕی ساف دروست کردبێ (سفری دەرچوون، ئیسحاحی سی و دوو)، تا بیپەرستێ. ئەوان بەلایانەوە سەیرە، مووسا ئێوارەی ڕۆژی هاتنە خوارەوەی لە کێوەکە هەڵبژاردبێ تا براکەی ڕاسپێرێ پەیکەری گوێرەکە زێڕینەکەی بۆ دروست بکا. ئاخر هاروون چۆن توانی لە ڕۆژێکدا دروستی بکا (سفری دەرچوون، سی و دوو، ٤)؟

دواتر، مـووسـا، چۆن توانی بیـشـکێنێ و وردوخـاشـی بکات (سـفـری دەرچوون، ئیسـحـاحی سی و دوو، ٢٠)؟ ئـەوان جـەخت دەکـەنـەوە هیچ هونـەرمـەندێک نـاتوانێ بەکـەمـتـر لـە سێ مـانگ، پەیکەرێکی زێڕین دروست بکات، زانسـتـی کـیـمـیـاش کـە پێشکـەوتووتر و گونجـاوترە، ناکـارێ ئەو پەیکـەرە وا وردوخـاش بکا کـە قـووت بدرێ. بۆیە کارەکەی هـاروون و شکاندنەکەی مووسا، دەبێ هـەر بە مۆجیزە ناو ببرێن.

ئەو مرۆڤدۆستی و دڵباشییەی، ئەو ڕەخنەگرانە بەهەڵەدا دەبات، وایان لێ دەکات بڕوا نەکەن، مووسا، فەرمـانی سـەربڕینی بیست و سێ هـەزار کەسی دەرکردبێ (سـفری دەرچوون، ئیـسـحـاحی سـی و دوو، ٢٨) بۆ ئەوەی لە گـونـاهـە گـەورەکـان پـاک بنەوە؛ ئەوان مـەزەندە نـاکـەن ئـەو بیـست و سێ هـەزار پیـاوە لێ گـەڕابێتن، لاوییـەکـان، ئەو کارەیان بەسـەر بێنن، مەگەر موجیزەیەکی سێیەم ڕووی دابێ. دوا جار، پێیان سەیرە، هـاروون کە لە هـەمووان گوناهبـارترە، پاداشت کرابێ سـەبارەت بەتاوانێک کە خـەڵکی تری بەتوندترین شـێوە لەسەر سزا دراوە (سفری دەرچوون، ئیسحاحی سی و سێ، ١٩؛ و سفـری لاوییـەکان، ئیـسحـاحی هەشتـەم، ٢)، هـاروون بکرێتە پـاپـای مـەزن و لەولاشـەوە لاشـەی بیـست و سێ هـەزار لە برایانی لـەو تەختـەدا کـەوتبن کـە دەیکاتە تەختی قوربانی.

هـەروەها گـومـانیـان هـەیە لەوەی مـووسـا فـەرمـانی دابێ بیست و چوار هـەزار کـەس سـەربڕابێتن (سفری ژمارە، ئیسحاحی بیست و پێنج، ٦٢) سـەبارەت بەوەی یەکێکیان لەگەڵ ئافرەتێکی مدیانیدا گیراوە. ئاخر چەندان پاشـای جوو، لە پێش هـەموویانەوە سـولەیمان، ژنی بیـانییـان هێنا، بێ ئەوەی سزا بدرێن، ئەو ڕەخنەگـرانە، نەدەچووە عـەقڵیـانەوە، هاوسـەرکاری لەگەڵ کچە مدیانییەک، تاوانێکی یەکجار وا گـەورە بێ؛ ئاخر هـەرچەندە خێزانی ڕاعووت موئابیێ خـەڵکی بەیتلـەحم بوون؛ کتێبی پیرۆزیش هـەردەم ناوی بە ڕاعوت ئەلموئابیێ دێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەقسـەی دایکی کرد و چووە نێو جێگەی بوعزەوە، ئەوە بوو شـەش ڕبە جۆی لێ وەرگرت و مێردی پێ کرد و بووە نەنکە گەورەی شـا داوود. ڕاحاب، هـەر تەنیا بیـانی نەبوو، بگرە سێکسفرۆشیش بوو؛ تەورات تـەنیـا یەک نـازناوی داوەتێ، بەپێی وەرگـێـڕانە لاتینیـیـەکـەی پێی دەڵێ مێریـتریکس MERETRIX واتە؛ [ژنی گـشـتی (و . ع)] (سـفری یوشع، ئیسـحـاحی حەوتەم، ١٧)؛ لـەگەڵ ئەوەشـدا مـێردی کرد بە سلـمونی پاشـای یەهودا؛ شـا داوود، بەبنەچە دەگـەڕێتەوە سـەر ئەم سلمونە، بگرە هـەیە، ڕاحاب، وەک سیـمبولی کڵێسای مەسیحی سـەیر دەکات؛ ئەوە بۆچوونی چەندان بابی کڵێسایە، بەتایبەتی ئۆریجانۆس لە وانەکەیدا لەبارەی یوشعەوە.

بەڵام بیتشەبەع، ژنی ئۆریا، کە دواتر مێردی بەداوود کرد و سولەیمانی لێ بوو، ئافرەتێکی حیسی بوو. خۆ ئەگەر زۆرتر بگەڕێینەوە دواوە دەبینین یەهوودا، کە لە باپیرانی گەلی ئیسرائیلە، ژنێکی کەنعانیی هێناوە، بەڵام تامار، ژنی هەردوو کوڕەکەی [مێردی بە ئونانی کوڕی کرد پاش مردنی عیری برای (و . ع)]، بەڕەچەڵەک ئارامی بوو. ئەم ژنە، کە یەهوودا زینای لەگەڵدا کرد لە کاتێکدا پێی نەدەشیا (زنا المحارم)، لە نەوەی ئیسرائیلی نەبوو.

بەم شێوەیە دەبێ گەورەمان یەسوعی مەسیح دابەزیبێت و بەلای جووەوە لە بنەماڵەیەکدا بەرجەستە بووبێ کە ڕەچەڵەکەکەیان پێنج ئافرەتی بیانیی تێدایە، هەر بۆیە دوایی دەرکەوت کە نەتەوە بیانییەکان بەشە میراتیان بەردەکەوێ.

حاخام ئابن _ هزرا، یەکەم کەس بوو وێرای بڵێ گوایە پێنج سفرەکە ماوەیەکی زۆر پاش مووسا خۆی نووسراون؛ ئەو پشت بەچەند بڕگەیەک دەبەستێ، لەوانە: "ئەو کات کەنعانی (سفری دروستبوون، ئیسحاحی نۆیەم، ٦) لەو وڵاتەدا هەبوون. هەروەها چیای مورەیا (هەواڵەکانی ڕۆژانی دووەم، ئیسحاحی سێیەم، ١٢) چیای خوایان پێ دەگوت. هەرچی جێگەی عوجە، پاشای باشان، لە شاری ڕبەت موئاب بوو. ئەو وڵاتی باشانە پێی دەگوترا، گوندەکانی یائیر، تا ئەمڕۆش ناوی وا ماوەتەوە. هەرگیز پێشتر پێغەمبەرێکی وەک مووسا لە ئیسرائیل دەرنەکەوتبوو. پاشایان هەر سەروەری ئادووم بوون (سفری دروستبوون، ئیسحاحی سی و شەش، ٣١)، پێش ئەوەی کەس بکرێتە پاشای ئیسرائیل". دیسان ئابن _ هزار دەڵێ گوایە، ئەو بڕگانەی باس لە ڕووداوگەلێک دەکەن کە پاش مووسا ڕوویان داوە، نابێ لەلایەن مووساوە نووسرابن. دەتوانین لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەدا بڵێین، ئەو بڕگانە تەنیا پەراوێزگەلێکن نووسەرەوە و کۆپیکاران پاش ماوەیەکی زۆر خستوویانەتە سەری.

نیوتن، کە دەبێ زۆر بەڕێزەوە ناوی بێنین، بەڵام مادام مرۆڤە دەکرێ هەڵە بکا، لە پێشەکیی باسکردنی دانیێل و قدیس یوحنادا، هەر پێنج سفرەکەی مووسا و هەردوو سفری یوشع و قازییان، دەخاتە ئۆباڵی نووسەرگەلێکی پاپاکانی دوای مووساوە، لەم تێزەیدا، پشت بە ئیسحاحی ٣٦ لە سفری دروستبوون و چوار ئیسحاحی سفری قازییان (١٧، ١٨، ١٩، ٢٠) و هەروەها سامۆئیل، (ئیسحاحی ٨)، هەواڵەکانی ڕۆژان (ئیسحاحی ٢) و سفری ڕاعوت (ئیسحاحی چوارەم)، دەبەستێ. خۆ ڕاستیشە، مادام لە ئیسحاحی ٣٦ی سفری دروستبووندا، ناوی پاشاکان هاتووە، وەک چۆن لە ژمارەیەک ئیسحاحی سفری قازییانیشدا باس کراون، مادام ناوی داوود لە سفری ڕاعوتدا هاتووە، دوور نییە، ئەم سفرانە لە سەردەمی پاشاکاندا نووسرابن. ئەمە،

بۆچوونی لاهووتییەکانیشە، لەوانە لۆکلێری بەناوبانگ. بۆچوونێکە، خەڵکێکی کەم کە لە پرسەکان قووڵ دەبنەوە، بەلایانەوە ڕاستە. ئەم جۆرە قووڵبوونەوەیە کە لە خۆ تێ هەڵقورتاندنەوە نێزیکە، من پێم وایە، ئەرکی مرۆڤ نییە. ڕۆژێک کە زانایان و نەزانان، پاشا و گەدا، پاش ئەم ژیانە ڕاگوزەرە، دەچنە بەردەم پەروەردگار، هەمووان جەخت لە ڕاستگۆیی، مرۆڤدۆستی، بەبەزەیی و دەستکراوەیی خۆی دەکاتەوە؛ کەس خۆی بەزانینی مێژووی نووسینی پێنج سەفرەکەی مووساوە بانادات، یان بەجیاکردنەوەی دەقەکە و پەراوێزەکانییەوە، خوا لێمان ناپرسێ لەگەڵ کام بۆچوونەیاندا بووین، یان ئاخۆ کا و بێمان لێک جودا دەکردەوە، یان یێ و فی، یان دێ و ڕێ. خوا، سەبارەت بەکردارەکانمان لێمان دەپرسێتەوە، نەک سەبارەت بەوەی زمانی عیبری دەزانین یان نا. کەواتە، ئێمە، بەتەواوی پابەندی بڕیاری کڵێسایین، ئەمەش، ئەرکی سروشتیی هەر باوەڕدارێکە.

لە کۆتاییی ئەم پەراوێزەدا، لە ئاست بڕگەیەکی گرینگی سفری لاوییەکاندا کە پاش پەرستنی گوێرەکە زێڕینە نووسراوە، هەڵوەستەیەک دەکەین. بڕگەکە پەرستنی هەر تووکدارێک لە جوو حەرام دەکات: "ئەو بزنانەش کە ڕەوتارگەلێکی پیس و کەمیان لە تەکدا ئەنجام دان". بەڕاستی نازانین، ئەم جۆرە پەرستنانە، لە میسرەوە؛ وڵاتی ئەفسانە و سیحر، یان نا؛ بەڵام وا دیارە ئەو نەریتەی سیحربازانی لای خۆمان شەمووان پێڕەوی دەکەن، بزنان دەپەرستن، شتی واشیان لە تەکدا دەکەن مرۆڤ بەباسکردنیان ئارەقە دەکا، بۆ جووە کۆنەکان دەگەڕێتەوە. ئاخر ڕاستت دەوێ، ئەوان، لە هێندێک شوێنی ئەوروپا، خەڵکیان فێری سیحر کرد. ئای لەم گەلە! نزمییەکی لەم جۆرە، دەبووایە سزایەک وەک سزای پەرستنی گوێرەکە زێڕینەی هەبووایە، سەرەڕای ئەوەش، شەریعەتدانەر، بەحەرامکردنی وازی لێ هێناون. ئەم هەڵکەوتەیەمان تەنیا بۆ ناساندنی نەتەوەی جوو بوو. ئاخر دەبێ جووتبوون لەگەڵ ئاژەڵاندا باو بووبێ، بۆیە تاکە نەتەوەن کە بەشەریعەت تاوانەکەیان حەرام کردووە، ئەو تاوانەی، هیچ شەریعەتدانەرێکی نەتەوەکانی تر خۆی لە دارەتی نەداوە.

پێ دەچێ، ماندوویەتیی زۆر و بەدخۆراکی، کە جوو لە ساراکانی فاران و عورێب و قادش _ برنیعدا دووچاری بووبوون، ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتەکانی کوشتوون کە توانای خۆڕاگرتنیان لە پیاوەکانیان کەمتر بووە. جوو، کچیان کەم بوو، هەر بۆیە کە دەستیان بەسەر گوندێک، شارۆکەیەکی دەستەچەپی زەریای مردوو یان دەستەڕاستیدا دەگرت، فەرمانیان پێ دەکرا سەرلەبەری دانیشتوانەکە بکوژن کچە باڵقەکان نەبێ.

عەرەب کە هێشتا لە هێندێک لەو سارایانە دەژین، لەو ڕێککەوتننامانەی لەگەڵ کاروانەکاندا مۆریان دەکرد، مەرجیان دەستکەوتنی کچی باڵق بوو. وا دیارە گەنجەکانی ئەو وڵاتە بێزەوەرە، هێندە لە سروشتی مرۆڤ لایان دابوو، گەیشتبوونە لاقەکردنی بزن، وەک ئەوەی لەبارەی شوانەکانی دەڤەری کالابریا [لە ئیتاڵیا (و. ع)]ەوە باسی دەکەن.

ماوەتەوە بزانین ئاخۆ ئەو لاقەکردنانە، زاوزێیان لێ پەیدا بووە یان نا، ئاخۆ ئەو حیکایەتانە ڕاستن گوایە فلانە بوونەوەر و فیسارە شتیان لێ کەوتووەتەوە، وەک؛ ساتور، فاونۆس، سەنتوور، مینۆتۆر؛ مێژوو دەڵێ وایە، بەڵام زانستی سروشتی، هێشتە هیچی لەبارەی ئەم بابەتە ناقۆڵا و ناشیرینەوە دەرنەخستووە.

٨- پەڕینەوە "ڕزگاربوون – فوسح – Peissah": لای جوو، جەژنی پەڕینەوە و دەرچوون و ڕزگاربوونە لە میسر. (و . ع). وشەی "فوسح" بەبنەچە وشەیەکی عیبرانییە (Peissah) واتە؛ پەڕینەوە. واتە پەڕینەوەی نەوەی ئیسرائیل لە دەریای سوور، لە میسر (خاکی کۆیلایەتی) بۆ فەڵەستین (خاکی جێژوان). ئەو ڕۆژە لای جوو، جەژنێکی نەتەوەییە و لەو جەژنەدا بەرخ دەکرێتە قوربانی و دەخورێ. لای مەسیحییەکانیش و عەرەبەکانیش ئەو وشەیە وەک خۆی مایەوە بەهێندێک دەسکاریی کەمەوە. مەسیحییەکانیش بەڕۆژی هەستانەوە، کە پێیان وایە ڕۆژی پەڕینەوەیە لە مردنەوە بۆ ژیان، دەڵێن جەژنی "پەڕینەوە _ فوسح". (و . ک).

٩- پەنجاینە: جەژنێکی جووە، پەنجا ڕۆژ پاش جەژنی "پەڕینەوە _ فوسح"ە، بریتییە لە یادکردنەوەی دابەزینی تەختەکانی شەریعەت بۆ سەر مووسا. (و . ع).

١٠- جەژنی سایە: جەژنێکە جوو لە پێنجەمین ڕۆژی جەژنی "لێخۆشبوون _ غفران"دا دەیگێڕن. سیمبولە بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل سارای سینایان بڕی و سایە و سێبەرێکی خوایی لە تیشکی سووتێنەری ڕۆژ پاراستنی.

١١- یوشع: جێگرەوەی مووسا کە سەرکردایەتیی عیبرانییەکانی کرد بۆ گرتنی وڵاتی کەنعان و جێگیربوونیان لە خاکی جێژوان (ارض المیعاد)، وەک لە سفری ژمارەدا هاتووە. (و . ع).

١٢- سفری یوشع: ئیسحاحی بیست و چوار، ئایەتی ١٥ و دواتر.

١٣- ئەدوونای: وشەیەکی عیبرییە بەمانای بەڕێز (گەورە – السید)، لە کتێبی سەردەمی کۆندا، بۆ ناوهێنانی خوای گەورە بەکار هاتووە؛ جوو، ناوی "یەهوە" دەنووسن و بە "ئەدونای" دەیخوێننەوە، بۆ خۆپاراستن لە گوتنی ناوی خوا. (و . ع).

١٤– ئابیس: خواوەندێکە لە خواوەندە کۆنەکانی میسر، شێوەی بە "گا" دەچێ. (و . ع).
١٥– سفری ژمارە: ئیسحاحی بیست و یەک، ٩.
١٦– تابووتی بەڵێننامە: سیپەیەکی تەختەیە، دەگوترێ مووسا تەختەکانی شەریعەتی تێدا هەڵگرتووە کە لە سارای سینا دابەزین. تابووتی بەڵێننامە، سیمبولە بۆ بوونی "یەهوە" لەنێو گەلەکەیدا. سولەیمان، پەیکەرێکی بۆ دروست کرد و لە پیرۆزی پیرۆزەکان هەڵی گرت؛ لە کاتی سووتانی پەیکەرەکەدا (ساڵی ٥٨٧ یان ٥٨٦ پ. ز) لەسەر دەستی نەبوخوزنەسر، لابرا. (و . ع).
١٧– یەروبعام: دامەزرێنی شانشینی ئیسرائیل و یەکەمین پاشای شانشینەکە (٩٣ _ ٩١ پ. ز)، لێکترازانێکی ئاینیی خوڵقاند و دوو سەنتەری پەرستنی لە "دان" و "بێت ئیل" دروست کرد، لە هەریەکێکیشیان پەیکەرێکی گوێرەکە زێڕینەی دانا، تا خەڵکەکە بەلای خۆیدا ڕاکێشێ. (و . ع).
١٨– ڕبعام: کوڕی سولەیمانی پاشای یەهودا (٩١١ _ ٨٧١ پ . ز).
١٩– ئاسا: سێیەمین پاشای شانشینی یەهودا. (و . ع).
٢٠– سفری پاشایان، کتێبی سێیەم، ئیسحاحی پازدەم، ١٤؛ هەمان سەرچاوە، ئیسحاحی بیست و دوو، ٤٤.
٢١– سفری پاشایان، کتێبی چوارەم، ئیسحاحی شازدەم.
٢٢– هەمان سەرچاوە، کتێبی چوارەم، ئیسحاحی هەژدەم، ٣٨ و ٤٠؛ هەمان سەرچاوە، کتێبی چوارەم، ئیسحاحی دووەم، ٢٤.
٢٣– ئەلیشع: لە پەیامبەرانی جوولەکەیە، قوتابیی (ئەلیاس) پێغەمبەر و جێگرەوەیەتی، ڕۆڵێکی زۆری گێڕا لە دانانی شایەهوا (٨٤٢ _ ٨١٣ پ. ز) لەسەر تەختی ئیسرائیل و دنەی دا بنەچەی ئاحاب کە پەرستنی بەعلی هێنایە نێو ئیسرائیلەوە، لە ڕیشەوە دەربێنێ. (و . ع).
٢٤– سفری ژمارە، ئیسحاحی سی و یەک.
٢٥– مدیان، بەشێک نەبوو لە خاکی جێژوان، بەڵکە بەشێکی بچووک بوو لە وڵاتی ئەدوومییەکان کە عەرەب بەترای پێ دەڵێن؛ لە ڕووباری ئارنوون لە باکورەوە درێژ دەبێتەوە تا ڕووباری زەردی نێو بەردەڵانەکانی کەناری ڕۆهەڵاتی دەریای مردوو؛ ئەمڕۆ خێڵێکی عەرەبی لەوێ نیشتەجێن، درێژییەکەی نێزیکەی هەشت فەرسەخ دەبێ، پانییەکەشی برێک لەوە کەمترە.
٢٦– لە سفری ژمارەدا هاتووە، خوا، فەرمانی بەمووسا داوە، سی و دوو نەفس بکاتە

قوربانی، موفەسیرەکان وای بۆ دەچن مەبەست؛ سی و دوو پاکیزە بووبێ. (و . ع).

٢٧- گومانی تێدا نییە، بەگوێرەی دەقەکە (سفری قازییان، ئیسحاحی یازدەم، ٣٩)، یفتاح، کچەکەی کردووەتە قوربانی. لەم بارەیەوە دۆم کالْمت لە "وتارێک لەبارەی نەزرەکەی یفتاحەوە" دەڵێ: "خوا ئەم جۆرە نەزرانەی پێ خۆش نییە؛ بەڵام حەزی لێیە ئەو کەسەی نەزرێک لە خۆی دەگرێ، پابەندی بێ، ئەگەر مەبەستەکە سزادانی نەزرگرەکەش بێ، یان بۆ رێگرتن بێ لەوانەی سووکایەتی بەنەزرەکەیان دەکەن ئەگەر لە جێبەجێکردنی نەترسن". قدیس ئۆگستینۆس و زۆربەی بابانی کڵێسا، ئەو کارەی یفتاحیان سەرکۆنە کرد، هەرچەندە لە دەقێکی پیرۆزدا باسی دەکرێ (سفری قازییان، ئیسحاحی بیست و یەک، ٢٩)، دەڵێ "پڕاوپڕ بوو لە گیانی خوا". هەروەها، پۆڵس لە نامەکەیدا بۆ عیبرانییەکان (بەشی یازدەم، ٣٢)، بەیفتاحدا هەڵدەدا و دەیخاتە پلە و پایەی سامۆئیل و داوودەوە.

بەڵام قدیس یێرۆنمیۆس لە نامەکەیدا بۆ یۆلیانۆس دەڵێ: "یفتاح کچەکەی کردە قوربانی لەپێناوی خوادا، بۆیە پۆڵس بەرزی کردەوە بۆ پلە و پایەی قدیسان".

هەموو ئەمانە، بۆچوونگەلێکی دژبەرن کە ئێمە بۆمان نییە بۆچوونی خۆمان لەبارەیانەوە دەربڕین، بگرە وا چاکترە هەر بۆچوونمان لەبارەیانەوە نەبێ.***.

*** لە ئاماژەدان بە پەراوێزەکانی ٢٦ و ٢٧دا پێم وایە، وەرگێری عەرەبی یان بڵاڤکارەکە بەهەڵەدا چوون و ئاوەژوو دایان ناون، بۆیە لە کوردییەکەدا چاکم کردوونەتەوە. (و . ک).

٢٨- دەکارین کوشتنی ئەجاج پاشا بەقوربانیی ڕاستەقینە دابنێین، ئاخر شائوول، ئەم پاشایەی عەمایقەکانی بە دیل گرت، نیازی هەبوو لێی خۆش بێ، بەڵام کاهین سامۆئیل گوتی بەسەر کەسەوە نەچی، بەیەک قسە پێی گوت (سفری پاشایان، ئیسحاحی پازدەم، ٣٢): "هەمووان لەنێو ببە، پیاوان، ژنان، منداڵان، بگرە شیرەخۆرەکانیش".

"ئەوە بوو سامۆئیل، بەبەرچاوی خواوە، ئەجاج پاشای ئەنجن ئەنجن کرد".

دۆم کالْمت دەڵێ: "دڵگەرمیی ئاینی کە سەراپای جەستەی ئەو پەیامبەرەی داگیر کردبوو، وای کرد لەو بۆنەیدا، شمشێر هەڵگرێ، تا تۆڵەی نەمریی خوا بکاتەوە و شائوول بکاتە خەڵووز".

لەو سەرەڕۆییە شوومەدا، نەزرگرێک، کاهینێک و قوربانییەک کۆ بوونەوە؛ کەواتە،

دیمەنەکە، دیمەنی پێشکێشکردنی قوربانییە.
هەموو ئەو گەلانەی مێژوویانمان تاوتوێ کردووە، مرۆڤیان کردووەتە قوربانی لە پێناوی خوادا، چینییەکان نەبێ. فلۆترخۆس لە پرسە ڕۆمانییەکاندا (باسی ٨٢) نووسیوویەتی، ڕۆمانەکانیش سەروەختی کۆماری، مرۆڤیان کردووەتە قوربانی.
لەو قسانەی قەیسەر، لەبارەی جێرمەنەکان و دابەکانیانەوە (کتێبی یەکەم، بەشی ٢٤) کردوونی هاتووە دەڵێ؛ جێرمەنەکان ئەو دیلانەیان دەکردە قوربانی کە قەیسەر دابووینەوە ئەگەر ئەو پاش سەرکەوتنی ئازادی نەکردنایە.
لە دەقێکی تردا، ئاماژەم پێ داوە، ئەو پێشێلکردنەی شەریعەتی نێونەتەوەیی دەرهەق بەبارمتەکانی قەیسەر ئەنجام دران، ئەو مرۆڤانەی کرانە قوربانی _ کە زۆر بێزەوەر بوو _ بەدەستی ئافرەتان سەر دەبڕان، پیاهەڵدانی تاقیتۆس بەجێرمەنەکاندا لە کتێبی نەریتەکانی جێرمەنەکان ونەریتەکانیان، بڕێک بەدرۆ دەخاتەوە، وا دیارە تاقیتۆس لەو دەقەدا زیاتر هەوڵی داوە ڕۆمانەکان داشۆرێ وەک لەوەی بەجێرمەنەکاندا هەڵدا، چونکە شارەزاییی لە جێرمەنەکان نەبوو.
بەم بۆنەیەوە، با لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، تاقیتۆس، داشۆرینی لە ڕاستی بەلاوە لە پێشتر بوو. ئەو هەوڵی دەدا، هەموو شت وا ناشیرین بکا، مرۆڤ بێزی لێ بکاتەوە، بەو کارانەشەوە کە هیچ گرینگییەکیان نەبوو. جا لەبەرئەوەی خەڵکەکە حەزیان لە زەم و ڕیسواکردنی یەکتر بوو، بۆیە هزری تاقیتۆسیان هێندەی شێوازەکەی بەدڵ بوو.
با بگەڕێینەوە سەر قوربانییە مرۆڤەکان، باو و باپیرانمان وەک جێرمەنەکان مرۆڤیان دەکردە قوربانی، ئەوەش بەرزترین پلەی نەزانییە کە نەفسمانی لێ ڕاهاتووە، ئەگەر بەری بۆ هەڵدەین، بەری کورتبینیمانە. پێشتر گوتمان: دەبێ جوانترین و گرانترین شت پێشکێشی خوا بکەین مادامەکی لە منداڵەکانمان گرانترمان شک نابەین، بۆیە دەبێ جوانترینیان و چکۆلانەترینیان هەڵبژێرین و بیکەینە قوربانی بۆ خوا.
فیلۆن دەڵێ، خەڵک لە وڵاتی کەنعان هێندێک جار ڕۆڵەکانیان دەکردنە قوربانی، پێش ئەوەی خوا فەرمان بەئیبراهیم بکا کوڕە تاقانەکەی بۆ بکاتە قوربانی، تا باوەڕی تاقی بکاتەوە.
ئۆسابیۆس لە سنکن یەتن [مێژوونووسێکی بەیرووتییە سەدەی یازدەمی پێش زاین ژیاوە (و . ع)]، دەڵێ، فینیقییەکان، لە ڕۆژگارە ناهەموارەکاندا خۆشەویستترین ڕۆڵەی خۆیان دەکردە قوربانی، ئیلۆس، هەمان ئەو ڕۆژگارەی خوا بیروباوەڕی ئیبراهیمی تاقی دەکردەوە، یاهوودی کوڕی کردە قوربانی. زەحمەتە پەی بەلایەنە تاریکەکانی ئەو سەردەمە کۆنانە ببەین؛ بەڵام ئەوەی زۆر بەجوانی دیارە، بەداخەوە،

ئەو قوربانییە تۆقێنەرەیە کە نێزیکەی لە هەموو شوێنێک باوی بوو؛ هیچ گەلێک دەستی لێ نەپاراستووە تا شارستانی نەبووە. پەروەردەی جوان، مرۆڤدۆستی لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

٢٩- سفری قازییەکان: (ئیسحاحی یازدەم، ٢٤).

٣٠- لاوییەکان: یەکێکە لە دوازدە تیرەکەی (نەوە _ سبط) ئیسرائیل، تێکڕای ئەندامانی خۆیان بۆ خزمەتی سرووتە ئاینییەکان تەرخان کردبوو، ئەم مافەشیان پاش ئەوە وەرگرت کە لە سارادا دوای دەرچوون لە میسر، دڵسۆزییەکی زۆریان لە خواپەرستیدا پێشان دا. پاش گەڕانەوە لە بابل، ئەم تیرەیە، بنەبڕ بوون. (و . ع).

٣١- سفری قازییان (ئیسحاحی حەڤدەم، دوا ئایەت).

٣٢- جەدعوون: یەکێک لە قازییەکانی ئیسرائیل، تیرەکانی؛ منسی، ئەشی، زبولون و نەفتالی کۆ کردەوە بۆ شەڕ مدیانییەکان (سەدەی دوازدە و یازدەی پێش زاین). لە هێرشێکی شەوانەی خافڵگیردا بەسەر مدیانییەکاندا سەرکەوت و لە تۆڵەی براکانیدا، پاشاکانی کوشتن. (و . ع).

٣٣- فەڵەستینییەکان: گەلێکی کۆنن و ناوەکەیان بەفەڵەستین دراوە، ئێستەش بنەچەیان دیار نییە. وەلێ، لە دەستپێکی سەدەی دوازدەمی پێش زایندا، هاوکار لەگەڵ "گەلانی زەریا"دا بەشدارییان کرد لە پەلاماردانی میسردا. ئەم گەلە، لێواری باشووری وڵاتی کەنعانی داگیر کرد، دواتر، یەکەتییەکی کۆنفیدراڵییان لە پێنج شار پێک هێنا؛ غەزە، عەسقەلان، ئەشدود، عەقرون و جەت. شاداوود، لە سەدەی دەی پێش زایندا، فەڵەستینییەکانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، دواتر، فەڵەستینییەکان بوونە ژێردەستەی ئیمپراتۆرەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە و سەرانەیان دەدا. لەگەڵ ڕۆژگاردا فەڵەستینییەکان خەسڵەتی سامییان وەرگرت و خەسڵەتی تایبەتی خۆیان دۆڕاند. (و . ع).

٣٤- داجۆن: خواوەندی عەمورییەکان، لە ناوچەی نێوەڕاستی فووراتدا بەنێوی داجانەوە، ڕێزی لێ دەنرا؛ پەرستنی بەهەموو ناوچەی فوراتی باشوور، وڵاتی فەڵەستینییەکاندا بڵاو بووەوە و بووە خواوەندی مەزنیان. فینیقییەکانیش ڕێزی زۆری ئەم خواوەندەیان دەگرت. (و . ع).

٣٥- دۆم ئەنتوان کاڵمیت: ڕاهیبێک و موفەسیرێکی بەنەدێکتی (١٦٧٢ _ ١٧٥٧)، یەکێک بوو لە سەرچاوەکانی ڤۆڵتێر لە فەرهەنگە فەلسەفییەکەیدا، هەرچەندە ڕۆژگارێک گاڵتەی پێ دەکرد سەبارەت بەکتێبێکی بەناوێشانی "بینینی گیانەکان و خوێنمژەکان". (و . ع).

٣٦- سفری شایان (کتێبی چوارەم، ئیسحاحی پێنج، ١٨و ١٩).

٣٧- ڕمنوون یان ڕممانۆ: خواوەندێکی سوورِیایی، سەردەمی برحدی دووەم (سەدەی نۆیەمی پێش زاین) دەپەرستـرا. مانای ناوەکەی "برووسکەهاوێژ"، کەواتە وەک خواوەند حدە، ناوی شاری برمانای لبنانیش لە ناوی ئەمەوە هاتووە، واتە؛ بەیت ڕمانە. شارۆکەیەکی سووریاییش هەیە بەهەمان ناو لە پارێزگەی تەرتووس. (و . ع).

٣٨- ئەوانەی شارەزای نەریتە باوەکانی سەردەمە کۆنەکان نین و شتەکان هەڵناسەنگێنن تا بەچاوی خۆیان نەیبینن، سەریان سوڕ دەمێنێ لەو هەڵسوکەوتە سەیرانە؛ بەڵام دەبێ بیرمان بێ لە میسر، لە بەشێکی فرەوانی ئاسیاشدا، ئەوێ ڕۆژێ، خەڵک بەوێنە، بەسیمبول و بەپیتە هیرۆگلیفینییەکان، بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی.

پەیامبەران، ئەوانەی میسرییەکان و جووان پێیان دەگوتن فاڵچییان، لە دەربڕینی هزریاندا، تەنیا پەنایان بۆ سیمبول و نازناو نەدەبرد، بگرە وێنەی ئەو ڕووداوانەیان دەکێشا کە پێشبینییان دەکردن، هەر بەم شێوەیە، ئیشعیا، یەکەمین چوار گەورە پەیامبەری جووان، تەختێکی گەورەی هێنا (ئیسحاحی هەشتەم) و لێی نووسی "حاش بز" _ واتە؛ خێرا مشووری خۆت بخۆ _ پاش ئەوە لە هاوسەری نێزیک بووەوە، منداڵێکیان بوو ناوی لێ نا مهیر _ شلال _ حاش _ بز. ئەمانەش نازناون بۆ ئەو بەڵایانەی بەسەر جوودا دێن لەسەر دەستی میسرییەکان و ئاشوورییەکان.

ئەم پەیامبەرە دەڵێ (ئیسحاحی حەوتەم، ئایەتەکانی ١٥، ١٦، ١٨، ٢٠): "پێش ئەوەی منداڵ بگاتە تەمەنێک کەرە و هەنگوین بخوا و خێر و شەڕ لێک جودا بکاتەوە، ئەو خاکەی ئێوە لێی بێزارن، لە دەستی هەردوو پاشاکەی ڕزگار دەکرێ، لەو ڕۆژەدا، خوا فیکە لێ دەدا بۆ مێش و مەگەزی جۆگە دوورەکانی میسر و هەنگەکانی خاکی ئاشوور، دێن و لەو چەم و دۆڵ و بەردەڵان و دڕکەڵان و مێرگانەدا، گرد دەبنەوە، لەو ڕۆژەدا، خوا دەست بەباڵی مووساوە دەگرێ، ڕیشی پاشای ئاشوور پاک پاک دەتاشێ و مووەکانی هەردوو قاچیشی".

ئەم پێشبینییە لەبارەی هەنگ و ڕیش و مووی تاشراوی دووقاچی پاشای ئاشوورەوە، تەنیا ئەو خەڵکانە تێی دەگەن کە ئەو ڕۆژگارە باو بووە پوورەهەنگ بەزوڕنایەک، بەشمشاڵێک کۆ کراونەتەوە، گەورەترین سووکایەتیش بەپیاو، تاشینی ڕیشی و ئەو موانەش کە پێی دەڵێن مووی قاچ، مووی بەری پیاون، ئەو مووەش، نەدەبا بتاشرێ، مەگەر لەبەر نەخۆشیی پیس نەبووایە وەک، گەڕی. تێکڕای ئەم وێنانەی بەلای ئێمەوە وێنەگەلێکی سەیرن، هیچ مانایەکیان نییە، ئەوە نەبێ کە خوا لە ماوەی چەندساڵێکی کەمدا، گەلەکەی لە چەوسانەوە ڕزگار دەکا.

ئیشعیا بۆ خۆی (ئیسحاحی بیست) بەڕووتی دەڕۆیشت تا بەخەڵکەکە بڵێ پاشای ئاشوور لە میسرەوە پەلکێش دەکرێ و ژمارەیەکی زۆریش دیل لە حەبەشەوە لە تەکیدا دەهێنرێ و هەموو ئەوانە شتێک شک نابەن خۆیانی پێ داپۆشن.

حزقیال (ئیسحاحی چوارەم و دواتر)، ئەو قاپە پێستینەیە دەخوا کە پێشکێشی کرابوو. پاشتر، پیسایی لە نانەکەی دەسوێ و بۆ ماوەی سێسەد و نەوەت ڕۆژ لەسەر لای چەپی و چل ڕۆژ لەسەر لای ڕاستی دەکەوێ، بۆ ئەوەی جوو وریا بکاتەوە لەوەی ڕۆژێک نانیان دەست ناکەوێ، بۆ ئەوەی سالانی دیلێتیشیان بۆ دەستنیشان بکا. خۆی بەپێوەند بەستەوە، وەک سیمبولێک بۆ پێوەندکردنی گەل، سەر و ڕیشی تاشی و مووەکانی کرد بە سێ بەشەوە: بەشی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەوانەی لەنێو شاردا دەمرن، دووەم بۆ ئەوانەی لە دەوروبەری شوورای شار دەمرن، سێیەمیش بۆ ئەوانەی ڕاپێچی بابل دەکرێن.

عوزیای پەیامبەر (ئیسحاحی سێیەم)، لەگەڵ ژنێکی زیناکاردا خەوت کە بە پازدە لیرەی زیو و تەنەکە و نیوێک جۆی کڕیبوو، پێی گوت: "ڕۆژگارێکی زۆر دادەنیشی، زینا ناکەیت و نابیتە هیی هیچ پیاوێک چونکە نەوەی ئیسرائیل ڕۆژگارێکی زۆر بێ پاشا دەبن، بێ سەرۆک، بێ قوربانی، بێ پەیکەر، بێ جلکێکی پیرۆز". بە تاقە وشەیەک، پەیامبەران، فالگرەوەکان و ئەوانەی دەڵێن لە غەیب شارەزان، بەگشتی، هیچ پێشبینی و مەزەندەیەک دەرنابڕن ئەگەر بەسیمبولێک لە سیمبولەکان نەیپێچنەوە.

ئیرمیا، پابەندی نەریتە کۆنەکان بوو کاتێک خۆی بەزنجیر و پێوەند بەستەوە بۆ ئەوەی پێشانی خەڵکەکەی بدا کە ڕۆژێک دەکرێنە کۆیلە. خۆ ئەگەر لەو پرسە ورد بینەوە، دەرک دەکەین، ئەو ڕۆژگارە کۆنە زۆر لە دنیای تازە، جیاواز بووە. ژیانی مەدەنییەت و شەریعەتەکان، شێوازەکانی شەڕ و سرووتە ئاینییەکان، زۆر لە ئێستە جیاوازن. هێندە بەسە دیوانی هۆمیرۆس و کتێبی هێرۆدۆتسی یەکەم بکەینەوە، تا بزانین، سەردەمی ئێمە و سەردەمە کۆنەکان هیچ شتێکیان لە یەکتر ناچێ، بۆیە دەبێ زۆر وریا بین کاتێک بەراوردی نەریتەکانمان و نەریتەکانیان دەکەین.

تەنانەت سروشت وەک پێشان نییە. سیحربازان دەسەلاتێکی زۆریان بەسەردا دەشکا، ئێستە وا نەماون. ئەو کات، ماریان ماڵی دەکرد، مردووانیان دەهێنایەوە،... هتد. خوا، بینینی (ڕووئیا) دەنارد و خەڵکەکەش لێکیان دەدایەوە، بەهرەی پێشبینیکردن بلاو بوو. گۆڕانکاری و ڕەزیلکردن دەبینران، وەک هەڵگەڕانەوەی نەبوخزنەسر بۆ گا، ژنەکەی لووت، بۆ پەیکەرێکی خوێیینە، گۆڕانی پێنج شار

بەجارێ بۆ دەریاچەی قیر.

هەروەها مرۆڤگەلی جۆراوجۆر هەبوون و نەمان. ڕەفائیم، ئەنیم، نفیلیم و ئەناسیم، لە ڕەگەزی کەتەکان بوون کە ئێستە نەماون. قدیس ئۆگستینۆس لە کتێبی پێنجەمی شاری خوادا دەڵێ، کەڵبەیەکی بەچاوی خۆی بینیوە، سەد هێندەی کەڵبەی ئێمە دەبێ. حزقیال (ئیسحاحی بیست و حەوت، ٢)، باسی جامادییە کورتەبنەکان دەکات کە لە کاتی گەمارۆدانی شاری سووردا شەڕیان کردووە و بالآی هەریەکێکیان لە باڵێک بەرزتر نەبووە. لە سەرجەم ئەم بابەتانەدا، نووسەرە ئاینییەکان و نووسەرە دنیاییەکان هاوبۆچوونن. تەنانەت نەخۆشییەکان و چارەسەرییەکانی ئێستە و ئەو ڕۆژگارە زۆر لە یەکتر جیاوازن: ئەوانەی دەستیان لێ دەوەشێنرا، ڕەگی ڕووەکێکیان بەئەڵقەیەکەوە لە بن کەپووی هەڵدەواسی.

دوا جار، تێکڕای ئەو دنیا کۆنە، هێندە لە دنیای ئێمە جیاواز بوو، زەحمەتە بکارین بنەوای ڕەوتارێکی لێ هەڵێنجین، خۆ ئەگەر لەو سەردەمانەدا مرۆڤەکان سەبارەت بەئاین یەکتریان چەوساندبێتەوە، مانای وا نییە لەم سەردەمی لێخۆشبوون و خێروبێرەشدا، ئێمە چاویان لێ بکەین.

٣٩- ئیرمیا: (ئیسحاحی بیست و حەوت، ٦).

٤٠- سدقیا: دوایین پاشای یەهودا (٥٩٧ _ ٥٨٦ پ . ز)؛ مەتنیا، ناوی ڕاستەقینەیەتی، بەڵام نەبوخزنەسر گۆڕیی بۆ سدقیا، کاتێک خستییە سەر تەختی پاشایەتی لە جێی یەهەیاکینی برازای. سوێندی لاگریی بۆ نەبوخزنەسری دووەم خوارد، بەڵام کەوتە دنەدانی فەرمانڕەوایانی میسر و وڵاتانی دەوروبەر، لە کلدانییەکان یاخی بوو، نەبوخزنەسری ناچار کرد ئۆرشەلیم گەمارۆ بدا و داگیری بکاتەوە؛ سدقیا، بە دیل گیرا، هەردوو چاویان داخ کرد و ڕاپێچی بابل کرا و فڕێ درایە گرتیگەوە. (و . ع).

٤١- ئیرمیا (ئیسحاحی بیست و هەشت، ١٧).

٤٢- ئیشعیا: (هەردوو ئیسحاحی شەست و چوار و شەست و پێنج).

٤٣- سڕینەوە (مسح): سرووتێکی ئاینی جوولەکە و مەسیحیشە، بەگوێرەی ئەو سرووتە، مرۆڤ بەڕۆن دەسرێ، بۆ ئەوەی جێگیر و پیرۆز بکرێ، ناوی مەسیح لێرەوە هاتووە. (و . ع).

٤٤- نەریتە باوەکان وای کرد مەلەکی سادق (پاشای دادپەروەری) ببێتە پاشای شالیم (ئۆرشەلیم) لە وڵاتی کەنعان لە سەردەمی ئیبرام (ئیبراهیم)دا. کاتێک ئیبراهیم لە شەڕی میلامییەکان بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە، مەلەکی سادق، پیرۆزبایی و دەستخۆشیی لێ کرد و نازناوی "کاهینی ئیل عەلیون" و دەیەکی دەستکەوتەکانی پێ

دا. (و . ع).

٤٥- بلعام: پەیامبەرێکی نەهرانی. لە کتێبی سەردەمی کۆندا هاتووە، بلەک، پاشای مۆئاب، ناردی بۆ نەفرەتکردنی ئەو عیبرانییانەی هاتبوون پەلاماری خاکی مۆئابییەکان بدەن، بەڵام بلعام، کاتێک خێوەتگەی ئیسرائیلییەکانی بینی، هیچی پێ نەکرا ئەوە نەبێ پیرۆزباییی لە گەلی یەهوود کرد. (و . ع).

٤٦- سفری دەرچوون، (ئیسحاحی بیست، ٥).

٤٧- سفری دووانەی یاسادانان، (ئیسحاحی بیست و هەشت).

٤٨- ولیەم وابرتۆن، (١٦٩٨ _ ١٧٧٩): نووسەر و پیاوێکی ئاینیی ئینگلیزە، کتێبێکی بەناوبانگی هەیە لەبارەی "شەریعەتی خوایانەی مووسا"وە، شارەزای مێژووی میسر بوو، دەگوترێ ئەم، ڕێگەی لە بەردەم شامپۆلیۆندا ئاسان کردووە بۆ کردنەوەی ئەلفابێی هیرۆگلیفینی. (و . ع).

٤٩- بڕگەیەک لە نامووسی مووسادا هەیە، دەکرێ ئەوەی لێ هەڵێنجێرێ ئاگاداری بیروباوەڕی میسرییەکان بووە کە پێیان وابوو نەفس لەگەڵ جەستە نامرێ؛ ئەم بڕگە زۆر گرینگە، لە ئیسحاحی هەژدەمی سفری دووانەی یاسادانانددا هاتووە: "ڕاوێژ بەو فاڵگرەوانە مەکەن کە پاش وردبوونەوە لە هەورەکان، پێشبینی دەکەن، یان ئەوانەی مار بەخێو دەکەن، یان گیانی فیتۆن دەهێننە قسە، یان غەیب دەخوێننەوە، یان ئەو فاڵگرەوانەی پرسیار لە مردووان دەکەن و ڕاستییان لێ داوا دەکەن".

لەم بڕگەیەدا دەردەکەوێ، مادام فاڵگرەوان هەوڵی هێنانەوەی گیانی مردووان دەدەن، کەواتە بەگوێرەی ئەو سیحرە، نەفسەکان پاش مردنیش دەمێننەوە. بەڵام، لەوانەیە ئەو سیحربازانەی مووسا باسیان دەکات، هیچ نەبن جگە لە کۆمەڵێک فاڵچیی پریمیتیڤ نەبێ، هیچ لەبارەی ئەو شتانەوە نازانن کە باسیان دەکەن. خەڵکان لە خشتە دەبەن کە دەڵێن گوایە مردووان دەهێننە قسە و دەتوانن بەهێزی سیحرەکانیان، مردووان وەک پێش مردنیان لێ بکەنەوە، بێ ئەوەی بپرسن، ئاخۆ ئەم قسە و کردارانەیان ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە نەفسەکان، پاش مردنیش هەر دەمێنن. سیحربازان، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان فەیلەسووف نەبوون، بەڵکە، بەردەوام، تەڵەکەبازگەلێک بوون گەمەیان بەنەزانان کردووە. هەروەها دەتوانین تێبینی بکەین، سەیرە، وشەی فیتۆن لە سفری دووانەدا هاتبێ، ڕۆژگارێکی زۆر پێش ئەوەی عیبرانییەکان، ئەم وشە یۆنانییە بناسن.

ئەو زمانە، کێشەی ئاڵۆزی هەیە: تێکەڵەیەکە لە فینیقی، میسری، سریانی و عەرەبی؛ ئەم تێکەڵەیەش، ئەمڕۆ دەستکارییەکی زۆر کراوە. ئاخر، هەموو کات تەنیا دوو

شێوازی کرداری لە زمانی عیبریدا هەبووە: ئێستا و داهاتوو؛ شێوازەکانی تر، لە ڕێی مـاناوە دەزانرێ. زۆرجـاران، دەنگگەلێکی جیـاواز، بەپیـتـەیلێکی هاوشـێوە دەربڕاون؛ یـان روونتـر بڵـێین، ئەو پیـتـانە دەربڕی دەنگەکـان نـەبوون، داهێنـەرانی خاڵبـەندیش، قورەکەیان خەستتر کرد. چۆن بۆ هەر شێوازێک بیست مانای جیاواز هەیە؛ تاکە وشەیەکیش دەکرێ چەند مانایەک بدا و پێچەوانەکەشی.

جیا لەو ئاڵۆزییەش، زمـانەکە، زۆر وشک و هەژارە. جـوو کـە لە هونەرگـەل بێبـەش کراون، چۆن دەتوانن باسی شتێک بکەن کە نایناسن. پوختـەکەی: عیبری، لە چاو یۆنانیدا، زمانی جووتیارێکە لە چاو زمانی ئەکادیمییەکدا.

٥٠- سەردەمی تازە: بەشی دووەمی کتێبی پیرۆزە، بەهاتنی مەسیح دەست پێ دەکات کە لە بیست و حـەوت سفـر پێک دێ، برێتییـە لە؛ هەر چوار ئینجیلەکە و کـارەکـانی پەیامبـەران و نامـەکانیان. هەرچی سـەردەمی کۆنـە، بەشی یەکەمی کتێبی پیرۆزە، بیروباوەڕە ئاینییەکانی گەلی عیبرانی جوو و مێژووی ئەو گەلەیە. لە سی و نۆ سفر پێک دێ: پێنج سفرەکەی بەرایی برێتین لە: دروستبوون، دەرچوون، لاوییەکان، ژمارە، دووانەی یاسادانان؛ ئەم سفرانە باسی مێژووی عیبرانییەکان دەکەن لە سەرەتای دنیاوە، ئەڵبـەت شەریعەتی مووساشی تێدایە. دوای ئەوان شەش سفرە مێژووییەکە دێن، ئەوجا پازدە سفرەکەی پێشبینییەکان، دوا جار سێزدە سفرە یاساییەکە. (و . ع).

٥١- حزقیال (ئیسحاحی هەژدە، ئایەتی ٢٠).

٥٢- حزقیال (ئیسحاحی بیست، ٢٥).

٥٣- لە کۆتاییدا، هەر بۆچوونی حزقیال سەرکەوت؛ بەڵام گرووپێکی جوو مانەوە کە لەو باوەڕەدا بوون، لە پاڵ باوەڕبوونیان بـە ئازارە تاهەتاییـەکان، خـوا، گوناهی باوکە ستـەمکارەکان دەخاتە ئەستۆی ڕۆڵەکانیان. ئێستـە ئەو سزایە وا دووچاری نەوەی پاش پەنجامین بووە، جیا لە ئازارە تاهەتاییەکان کە بەدوور نازانرێ. ئێمە دەپرسین، نەوەکـانی جـوو کـە دەسـتـیان لـە کوشـتنی یەسـووعی مـەسـیحدا نەبووە، چۆن لە ئۆرشـــەلیم بوون و بەشـــداریی ئەو تاوانەیان نەکـــردووە، یان هەر جـــوویێک لـە هەر کوێیەکی دنیادا بێ، چۆن دەکرێ لە دنیادا ڕۆڵەکانیان سزا بدرێ کە وەک باوکیان بێ خەتان؟ ئەم سزا دنیاییە، یان ڕوونتر بڵێین، ئەم شێوازە جیاوازەی ژیان کە جوو لە گـەلانی تر جـیـا دەکـاتەوە و بەسـەریاندا دەسـەپێنێ، بازرگـانی بکەن بێ ئەوەی نیشتمانێکیان هەبێ، هەر سزا نییە، بەبەراورد لەگەڵ ئەو سزا تاهەتاییانەی، بەسەر خۆیانیدا دەدەن ئەگەر لە باوەڕەکەیان هەڵگەڕێنەوە، کە دەتوانن خۆیانی لێ بپارێزن

ئەگەر بەڕاستی بگەڕێنەوە سەر بیروباوەڕەکەیان.

٥٤- عولله و عوللیبە: جووتە خوشکێکی سێکسفرۆش بوون لە سفری حزقیالدا باسیان کراوە وەک سیمبولێک بۆ گەندەڵیی شانشینی ئیسرائیل کە کەوتبووە دەستی داگیرکەرانی بیانی و بتپەرستی. (و.ع).

٥٥- ئەوانەی ویستیان لە سفرگەلی مووسادا، بیروباوەڕی جەهەنەم و بەهەشت بدۆزنەوە، وەک ئەوەی ئێمە مەزەندەیان دەکەین، بەلاڕێدا چوون و سەریان لێ شێوا؛ ئەم هەڵەیەشیان لە مشتومڕێکی ناڕەواوە لەبارەی مانای دەربڕینەکانەوە، سەری هەڵدا؛ لە دەقی لاتینیی تەوراتدا VULGATE وشەی "شیول"ی عیبری کە مانای "بنی بنەوە _ الهاویة"یە، بە "ئینفەرنوم _ INFERNUM" تەرجەمە کراوە، وشەی ئینفەرنومی لاتینیش کە تەرجەمە کراوە بۆ فرەنسی، کراوە بە "ENFER" واتە "دۆزەخ". هێندێک، ئەم لێ تێکچوونەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی بڵێن گوایە عیبرانییەکان، هەردوو چمکی "ترتارۆس" (دۆزەخ) و "هادس" (شای دۆزەخ)یان زانیوە، وەک ئەوەی گریکەکان باسیان کردوون، نەتەوەکانی تریش پێش ئەمان ئەو چمکانەیان ناسیوە، بەڵام بەناوگەلێکی جیاوازەوە.

لە ئیسحاحی شازدەی سفری ژمارەدا (ئایەتەکانی ٣١ _ ٣٣) هاتووە، زەوی لەبن پێی قۆرح و داتان و ئەبیرامدا، قڵیشایەوە، خۆیان و خێوەت و ماڵەکانیانی قوت دا و فڕێیانی دا بۆ بنی بنەوەی چاڵەکە. بەدڵنیاییەوە، لەم بڕگەیەدا، ناوی نەفسی ئەو سێ عیبرانییە و ئازاردانەکانی دۆزەخ و سزای تاهەتایی، نەهاتووە.

بەڕاستی سەیرە، فەرهەنگی ئەنتیلەجێنسی، لە کاتی لێکدانەوەی وشەی دۆزەخدا، بڵێ عیبرانییە کۆنەکان باسی دۆزەخیان کردووە؛ ئەگەر ئەم قسەیەی ئەو فەرهەنگە ڕاست بێ، کەواتە لە نێوان پێنج سفرەکەی مووسادا، دژبەرییەکی بەرچاو هەیە. ئاخر چۆن دەبێ مووسا، لە تاکە بڕگەیەکدا باسی ئازارەکانی پاش مردنی کردبێ، کەچی لە شەریعەتەکەیدا باسی نەکردبێ؟ ئەوان لەم بۆچوونەدا پشت بەئیسحاحی سی و دووی سفری دووانەی یاسادانان دەبەستن (ئایەتەکانی ٢١ _ ٢٤)، بەڵام بەپچڕپچڕی، ئەمەش دەقی ئیسحاحەکەیە: "بەشتێک کە خواوەند نییە تەحەدایان کردم، بەنارەوایەکانیان ناڕەحەتیان کردم، منیش بە شتێک کە گەل نییە و بەنەتەوەیەکی نەزان، تەحەدایان دەکەم. ئاگری تووڕەییم هەڵایسا، تا بنی بنەوەی چاڵەکە گڕ دەگرێ و زەوی دەخوا و چیاکان لە بنەوەڕا دەسووتێنێ؛ هەرچی شەڕ و ئافات هەیە بەسەریان دێنم. تیرەکانمیان تێ دەگرم، دەیانبینی وەختە لە برسان بمرن؛ داڵ دەیانخوا دوای ئەوەی لەشیان بەدەنووک کون دەکات؛ دەیانخەمە بەر

گۆشتخۆران و ماره ژەهراوییەکان".

ئەرێ هیچ پێوەندییەک لە نێوان ئەم دەستەواژانە و بیرۆکەی دارکارییەکانی جەهەنەمدا هەیە وەک ئەوەی ئێمە تێی گەیشتووین؟ ئەم دەستەواژانە، ئەگەر مانایەک بەدەستەوە بدەن، ئەوەیە، جووە کۆنەکان، هیچیان لەبارەی دۆزەخەکەی ئێمەوە نەزانیوە.

نووسەری ئەو بابەتەی باسی دۆزەخ دەکات، بڕگەیەکیش لە سفری ئەیووب (ئیسحاحی بیست و چوار، ئایەتەکانی ١٥ _ ١٩) دەکاتە پاڵپشتیی بۆچوونەکانی کە دەڵێ: "چاوی زیناکار لە تاریکیشدا دەبینێ، دەڵێ: هیچ چاوێک من نابینێ، دەموچاوی دەپۆشێ؛ تاریکیی ماڵەکانیش دادەپۆشێ. هێندە سووکە سەرئاو دەکەوێ، چ بەختێکی لەسەر زەوی نەماوە؛ بەنێو باخ و ڕەزاندا ناڕوا، لە بەفراوەوە بەرەو قرچەقرچی گەرما؛ تا پەناگۆییان نقومی گوناهانن"، یان "ئەوەی گوناهی گەورە بکا لە بنی بنیشەوە جێگەی نابێتەوە"، یان (بەپێی تەوراتی حەفتایینە) "گوناهەکانیان بەڕوویاندا درایەوە".

هەموو بڕگەکانم بەتەواوی و پیت بەپیت نووسیون، چونکە وا نەبێ، مەحاڵە، بۆچوونێکی دروستمان لە بارەیانەوە هەبێ.

تکاتان لێ دەکەم، ئەو بڕگانە، تەنیا وشەیەکیشی تێدایە ئەوە بگەیەنێ کە مووسا، جووی فێری ئەو بیروباوەڕە دیار و سانایە کردبێ کە باسی پاداشت و سزای پاش مردن دەکا؟

سفری ئەیووب هیچ پێوەندییەکی بەناموسی مووساوە نییە، زیاد لەوەش، ئەیووب جوو نەبوو؛ ئەوە بۆچوونی قدیس یێرنیمۆسە لە پرسە عیبرانییەکانیدا لەبارەی سفری دروستبوونەوە. ئاخر ئەو وشەی "شەیتان"ەی لە سفری ئەیووبدا هاتووە (ئیسحاحی یەکەم، ١، ٦، ١٢)، لای جووان، نەناسراو بوو، لە پێنج سفرەکەی مووساشدا نایدۆزنەوە. جوو، لە وڵاتی کلدانییەکان فێری ئەو ناوە بوون، وەک چۆن ناوی جوبرائیل و ڕۆفائیل لە کاتی بردنیاندا بۆ وڵاتی بابل، لەوێ فێر بوون. کەواتە، ئەیووب، پشتی پێ نابەسترێ.

هەروەها دوا ئیسحاحی سفری ئیشعیایان (ئایەتەکانی ٢٣ و ٢٤) هێناوە: "خوا دەڵێ: لە مانگێکەوە تا مانگێکی تر، لە شەممووەوە تا شەموو، هەرچی لەشولاری هەبێ دێتە بەردەمم کڕنووش دەبا؛ دەردەچن و لاشەی ئەوانە دەبینن کە لە من یاخی بوون. کرمەکەیان نامرێ، ئاگرەکەیان دانامرکێتەوە، تا چاویان لە ڕەزیلیی لەشەکان تێر دەبێ".

که لاشەکان لە سەرەنوێلکەکان فڕێ دەدرێن، پێشانی ڕێبواران دەدرێن تا چاویان لێ تێر دەبێ، کرم دەیانخۆن، مانای وا نییە، مووسا، جووی فێری بیروباوەڕی نەمریی نەفس کردووە؛ هەروەها دەستەواژەی "ئاگرەکەیان دانامرکێتەوە"، مانای وا نییە ئەو لاشانەی پێشانی خەڵک دراون، سزای دۆزەخی تاهەتایی دەدرێن.

دوای ئەوە، چۆن پشت بەدەقێکی ئیشعیا دەبەسترێ بۆ ئەوەی بسەلمێنرێ، جوو، لە سەردەمی مووسادا، فێری بیروباوەڕی نەمریی نەفس کراون؟ ئیشعیا، ساڵی ٣٣٨٠، بەگوێرەی ڕۆژمێری عیبرانی، پێشبینییەکانی ڕاگەیاند، کەچی مووسا لە دەوروبەری ساڵانی ٢٥٠٠دا ژیاوە؛ نێوانی هەردووکیان هەشت سەدەیە. ئەمە سووکایەتییە بەهەستی تەندروست، یان هەر گاڵتەیەکە، کاتێک، مرۆڤ دێ ئازادیی شەهیدبوون دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگە کە گوایە نووسراوێکی دیاریکراو، گوزارە لە بیروباوەڕێکی دیاریکراو دەکات، بەگەڕانەوە بۆ چەند وردە شتێکی نووسەرێکی تر کە پاش هەشتسەد ساڵ دوای ئەو هاتووە، لە بنەڕەتیشدا، هەر باسی ئەو بیروباوەڕەی نەکردووە. ئەوەی گومانی تێدا نییە، نەمریی نەفس و پاداشت و سزای پاش مردن، لە سەردەمی تازەدا، ڕاگەیەندرا و بڕیاری لێ درا و تۆمار کرا؛ دیسان، ئەوەی گومانی تێدا نییە، لە هیچ جێیەکی پێنج سفرەکەی مووسادا، باس نەکراوە. ئارنۆ، [ئەو لاهووتە فرەنساییەی (١٦١٢ _ ١٦٩٤) بەرگریی لە جانسینییەکان کرد لە دژی یەسووعییەکان (و . ع)] و نازناوی گەورەی لێ نراوە، لە کاتی بەرگریکردنی لە بۆر – ڕۆیال [بنکەی جانسینییەکان و دێرێک بوو لە قەراخ شاری پاریس (و.ع)]، بەڕوونی و بەدەنگی بەرز وای دەگوت.

ئەگەرچی، لەوێ ڕۆژێوە، جوو، باوەڕیان بەنەمریی نەفس هێنا، وەلێ دەرکیان بەگیانیەتیی (ڕوحانییەتی)، نەفس نەکردبوو؛ لەو باوەڕەدا بوون، وەک زۆربەی نەتەوەکانی تر، نەفس، شتێکی ئازادە، هەواییە، مادەیەکی سووکە و بڕێک لە خەسڵەتەکانی ئەو جەستەیەی هەڵگرتووە کە دەیژێنێ، هەر ئەمەشە ناو نرابوو "تارمایی" مردووان یان گیانەکانیان. هێندێک بابەکانی کڵێسا ئەم بیروباوەڕەیان هەڵگرت. لە بەشی بیست و دووی کتێبی "نەفس"دا ترتۆلیانۆس دەڵێ: "پێناسەی نەفس کە زادەی نەفسی خوایە، نەمرە، مادییە، بەرجەستەیە و لە ناوکرۆکدا ئاسانە".

بەڵام قدیس ئارانیۆس لە بەشی سی و چواری کتێبی دووەمیدا دەڵێ: "نەفسەکان وەک جەستە ڕوو لە نەمانەکان، مادی نین". دیسان دەڵێ: "یەسووعی مەسیح فێری کردووین کە نەفسەکان، وێنەی جەستەکان دەپارێزن". ڕاستییەکەی، ئێمە نازانین یەسووعی مەسیح لە کوێ ئەم بیروباوەڕەی فێر کردین، هەروەها، زەحمەتە لە مانای

قسەکەی قدیس ئارانیۆس تێ بگەین.

قدیس هیلاریۆس، لە شەرحکردنی ئینجیلی مەتیدا، شێلگیرانەتر و بابەتییانەتر خۆی لەو دارەتە دەدات. ئەو بەڕوونی پێی وایە کە نەفس ناوکرۆکێکی مادیی هەیە "Corpoream naturae suae substantiam sortiuntur".

قدیس ئەمبرۆزیۆس لە کتێبەکەیدا لەبارەی ئیبراهیمەوە (باسی دووەم، بەشی حەوتەم) وای بۆ دەچێ، مادە، هیچی لێ ناکەوێتەوە، ناوکرۆکی سێکوچکەی پیرۆز نەبێ.

ڕەنگە ڕەخنەی ئەوە لەو نووسەرە بەڕێزانە بگیرێ کە لە فەلسەفەدا دەستکورتن؛ بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لاهووتەکەیان دوا جار بەشێکی بەرچاو ڕاستیی تێدا بووە؛ ئاخر لەگەڵ ئەوەی لە سروشتی نادیاری نەفسیان نەزانیوە، کەچی دووپاتیان کردووەتەوە کە نەفس نەمرە و ویستووشیانە مەسیحییانە بێ.

بەڵێ دەزانین نەفس ڕوحانییە، بەڵام خۆ نازانین ڕوح چییە. ئێمە ئەگەر هێشتە زۆرمان مابێ مادە بناسین، ئەوە مەحاڵە بیرۆکەیەکی ڕوونمان لەبارەی نەفسەوە لا گەڵاڵە ببێ. ئێمە زۆر کەم دەرک بەوە دەکەین ئاخۆ هەستەکانمان چییان لەخۆ گرتووە، مەحاڵیشە، خۆمان بزانین، چی لەودیو هەستەکانمانەوەیە، ئێمە بڕێک وشە و دەستەواژە لەم زمانە ئاساییەی خۆمان فڕێ دەدەینە تەنگەبەرەکانی میتافیزیک و تیۆلۆجیاوە، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکمان، چەند ڕواڵەتیش بێ، لەبارەی شتگەلێکەوە لا دروست ببێ کە لە بەردەم مەزەندەکردن و تابیر لێکردنیاندا دەستەوەستانین. چەندی یاری بەوشەگەلی جیا جیای وەک ڕوح و هاوشێوەکانی بکەین، ناگەینە ئەنجامێکی یەکجارەکیی دیار، ناگەینە تێگەیشتنێکی ڕوون: ئێمە نازانین چ دەڵێین کاتێک وشەی "ناوکرۆک _ گەوهەر" بەکار دێنین [وشەی ناوکرۆک یان گەوهەر substance لە زمانی فەرەنساییدا لە sub واتە؛ ژێر یان بن و stance واتە بوون یان وجوود. (و . ع)]: ئەم وشەیە مانای، ئەوەی لە "بنەوەیە" یان "لە ژێرەوەیە"، کەواتە وریامان دەکاتەوە کە شتێکە تێی ناگەین: باشە ئەو شتە چییە کە لە ژێرەوەیە؟ خۆ ئەگەر بڵێین ئەوە نهێنییەکانی خوان، کەواتە بەشی ئێمەی تێدا نییە. ئێمە، لەم ژیانە دنیاییەدا، نوقمی تاریکاییەکی قووڵ بووین؛ ئێمە شەڕی یەکتر دەکەین، لەم کۆڵان و ڕاڕەوە تاریکانەدا، کوێرانە، خۆمان پێکدا دەدەین، بێ ئەوەی بەتەواوی بزانین لەپێناوی چیدا شەڕ دەکەین.

ئەگەر بمانەوێ سەر لە هەموو ئەوەی باسمان کرد دەربکەین، هیچ چارمان نییە دەبێ بڵێین، مرۆڤێکی عاقڵ ئەگەر لە هەموو ئەمانە ئەوە هەڵنەئێنجێ کە پێویستە دەرهەق

بیر و بۆچوونی ئەوانی تر لێبوورده بین، تا ئەوانیش بەرانبەرمان لێبوورده بن.
ئەم تێبینییانە، سەرلەبەریان، لە نێوەڕۆکی بابەتەکە دوور نین کە برێتییە لەوەی ئاخۆ دەبێ مرۆڤگەل لێبوورده بن بەرانبەر یەکتر. خۆ ئەگەر لەم لایەنەوە و یان لە فیسارە سەردەمدا هەڵەیەک ڕووی دابێ، ئەوە دەری دەخا، مرۆڤ لە هەموو سەردەمەکاندا، ناچار بوون، بەرانبەر یەکتر لێبوورده و نەرمونیان بن.

٥٦- سدووقییەکان: گرووپێکی جوون لە کتێبی سەردەمی تازەدا وەک تایەفەیەکی ڕکابەری فریسییەکان ناویان هاتووە. سدووقییەکان، کەمینەیەکی ڕۆشنبیر بوون، هەموویان دەوڵەمەند و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرز بوون. ڕەنگە ناویان لە سادووق، سەرۆکی کاهینەکانی سەردەمی داوود و سولەیمانەوە هاتبێ، هەر ئەو سادووقە، سەرۆکایەتیی کاهینەکانی لە دەستی بنەماڵەکەیدا هێشتەوە تا سەردەمی مەکابییەکان. (و . ع).

٥٧- بیروباوەڕی قەزاوقەدەر لای تێکرای مرۆڤایەتی، بیروباوەڕێکی تا بڵێی کۆنە. لای هۆمیرۆس زۆر دەنگی دابووەوە. جۆبیتێر، ویستی ژیانی سربدۆنی کوڕی ڕزگار بکا، بەڵام قەدەر حوکمی مردنی بەسەردا دا. جوبیتێر، ملکەچبوون بۆ حوکمەکە زیاتر، هیچی تری لە دەست نەهات. قەدەر، بەلای فەیلەسووفانەوە، برێتی بوو لە ڕیزبەندیی هەر دەبێی هۆکار و ئەنجامگەلی سروشت، یان ئەو ڕیزبەندییەی خوا دەستنیشانی کردووە، ئەم مەزەندەیەیان ڕاستیی زیاتر تێدایە. سەرلەبەری بیروباوەڕی قەزاوقەدەر، لەم دێرە شیعرەی لانایۆس سنیکادا، چڕ بووەتەوە:
"قەدەر ڕێنوێنیی ئەوە دەکات گوێڕایەڵە
ئەوەی لاملیش بکا بەڕاکێشان ڕای دەکێشێ".

Ducunt volentem fata, nolentem trahunt

هەموو کات، کۆدەنگییەک هەبووە کە؛ خوا، گەردوون، بەیاساگەلێکی ئەزەلییانەی گەردوونی و جێگیر، بەڕێوە دەبات. ئا ئەم ڕاستییە، سەرچاوەی ئەو شەڕەقسە و مشتومڕە بەردەوامە بوو لەبارەی ئازادییەوە، ئاخر، کەس نەیتوانی بەوردی پێناسەی ئازادی بکا تا لۆک _ ی دانا هات. لۆک گوتی: ئازادی؛ توانای کردارە، خوا ئەو توانایە دەدا؛ مرۆڤ، کە ئازادانە بەپێی فەرمانە ئەزەلییەکانی خوا، هەڵسوکەوت دەکات، لە تایەیەک لە تایەکانی ماشێنێکی دنیاییی گەورە زیاتر شتێکی تر نییە. مشتومڕ لەبارەی ئازادییەوە زۆر کۆنە، بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا نەبێ، کەس، کەسی سەبارەت بەو بابەتە، نەچەوساندووەتەوە. چەند گێلێتییە، کەسێکی وەک ئارنۆ یان ساسی [١٦١٣ _ ١٦٨٤، لاهووتییەکی جانسینی و وەرگێڕی کتێبی پیرۆز بۆ

زمـانی فرەنسـایی. (و . ع)]، یـان نیکۆڵ [١٦٢٥ _ ١٦٩٥، نووسـەرێکی جـانسـینی و وانەبێـژ بـوو لە دێری بۆر _ ڕۆیال. (و . ع)] و خـەڵکانی تریش کـە چراگـەلی فـرەنسـا بوون، شاربەدەر بکرێن یان فڕێ بدرێنە گرتیگەکانەوە.

٥٨- دۆناودۆن (تناسخ): چیرۆکی دۆناودۆن (تناسخ)، لە هیندستانەوە گەیشتووەتە ئێمە، هـیندسـتـان، ئەفـسـانەگـەلێکی زۆرتری لەوەی باس دەکـرێ بۆ ئێـمـە ناردووە. ئەم بیـروباوەڕە، لە کـتێـبە نـایابەکـەی پازدەمی ئۆفـید "ئاڵوگۆڕەکـان"دا شـەرح کـراوە. بەهەمـوو دنیـادا بڵاو بووەوە، هەردەمـیش دژایەتی کـراوە. بەڵام هەرگـیـز کاهـینێکی سەردەمە کۆنەکانمان نەبینیوە، فەرمانی بەندکردن یان شاربەدەرکردنی قوتابییەک لە قوتابییەکانی فیساگۆرس بدا.

٥٩- ئەسـینیـیـەکـان: سـێـیـەمـین تایەفـەی جـوو، لـە پاڵ فـریسـی و سـدووقـیـیـەکـاندا. ئەسـینیـیـەکـان بەخـواپەرسـتی و لە خـواترسـان بەناوبـانگ بوون، نیـشـتـەجـێی دوورەشـاران بوون، شـێـوازی ژیانیـان، تـا ئاسـتـێک، سـۆشـیـالیـزمـانە بوو، مـاڵ و جلکوبەرگیان هاوبەش بوو، جلکەکانیـان سپیی سـادە بوو، وەڵامی خراپەیان بەچاکە دەدایەوە، هێندێک نووسەر لەو باوەڕەدان، مەسیح لەم تایەفەیە بوو کە ئەندامەکانیان بەخۆشۆر ناو دەبران. (و . ع).

٦٠- جـووە کۆنەکان، میـسرییـەکان و گریکەکانی هاوسـەردەمـیشـیان، هیـچ کامـیان لەو باوەڕەدا نەبوون کە نەفسی مرۆڤ پاش مردنی بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە. جوو پێیان وابوو، ڕۆژ و مـانگ، هەر چەند فـەرسـەخـێک لە سـەروو ئێـمـەوەن، لە یـەک بازنەدان، ئاسمـان، گومبـەتێکی ئەستوور و تۆکمەیە و خـۆی لەبەر قورسـاییی ئەو ئاوەدا دەگرێ کە لە کـونەکانییـەوە دەبارێ. کـۆشکی خواوەندەکان لای یۆنانییـە کۆنەکـان لەسـەر چیای ئۆڵەمپ بوو. بەڵام مـەزاری پاڵەوانانی پاش مردن، لە سـەردەمی هۆمـیرۆسدا، لە دوورگەیەکی پشت زەریاکانەوە بوو، ئەسینییەکان هەمان بیروباوەڕیان هەبوو.

هۆمیرۆس فێری ئەوە بوو، هەر ئەستێرەیەک لە ئەسـتێرەکانی بەناوی خـواوەندێکەوە ناو دەبرد، مـرۆڤی زەوی نەیاندەویست خـواوەندێک بۆ مـانگ دابنێن و دانیـشـتـوانی مـانگیش هەروا بوون. جۆنۆن و ئیریس، شـوێنی دانیشـتنیان نـەبوو لە هـەوردا نەبێ، کـە جێ پێی کـەسـی پێـوە نیـیـە. سـابیـئـە لەو باوەڕەدا بوون، هـەر خـواوەنـدێک و ئەسـتێرەیەکی هـەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەسـتێرەکە، ڕۆژە، بۆیە نیشـتەجێـبوون لێی، مەحاڵە، مەگەر بۆ کەسێک نەبێ کە سروشتـەکەی لە ئاگرەوە بێ. کەواتە، بێـهوودەیە، بپـرسـین، پێـشـینان چۆن بیـریان لە ئاسـمـان کـردووەتەوە. بـاشـتـرین وەڵامی ئەو پرسیارە، ئەوەیە؛ بیریان نەدەکردەوە.

٦١- ترتارۆس: شانشینی دنیای خواروو لای یۆنانییەکان، نەفسەکانیش پاش مردن بۆ ئەوێ دەچن، لاهوتە مەسیحییە پێشەنگەکانیش ئەو دنیایەیان بە دۆزەخ لێک داوەتەوە. (و . ع).

٦٢- ئینجیلی مەتی، بەشی بیست و دوو، ئایەتی ٤.

٦٣- ئینجیلی لۆقا، بەشی چواردە.

٦٤- ئینجیلی لۆقا، بەشی چواردە، ئایەتی ٢٦ و دواتر.

٦٥- ئینجیلی مەتی، بەشی هەژدە، ئایەتی ١٧.

(*) باجگر: ئەم وشەیەم بۆ ئەو کەسانە بەکار هێناوە کە باجی پاشایان و سەرانی کۆن و ئاغا و دەرەبەگەکانی سەردەمی نوێ وەردەگرن. وشەکەم لە ناوی کانییەکەوە وەرگرتووە کە دەکەوێتە سەر ئەو کێوەی هەردوو دەڤەری قەرەداغ و سەنگاو (سلێمانی _ کوردستانی عێراق) لێک جودا دەکاتەوە و لە نێزیکەی سەر ئەو شاخە و نێزیک ڕێگەی گشتی، کانییەکی لێیە، ناوی کانیی باجگرەیە (هێندێک پێی دەڵێن کانیی باجگە). لە دۆستێکی خەڵکی ئەو ناوچەیەم پرسی ئەو پێی وابوو ناوی تەواوی کانییەکە کانیی باجگرە. ناوەکەش (باجگرە)، هەر دەبێ بەناوی ئەو کەسانەوە بێ کە گوندواگوند گەڕاون باج و خەراج و سەرانەیان لە خەڵکەکە بۆ پاشا، ئاغا و دەرەبەگەکانی سەردەمە جیا جیاکان کۆ کردووەتەوە. (و . ک).

٦٦- سنحدرین: وشەیەکی لە بنەڕەتەوە، گریکییە، بەمانای کۆمەڵبوون یان دادگە؛ ئەم ناوە لە دادگەی جووان نرا، بەتایبەت دادگەی ئۆرشەلیم. سنحدرین، لە سەرەتای سەردەمی زایندا لە حەفتا و یەک ئەندام پێک دەهات، پۆلیسی تایبەتی خۆی هەبوو، لای ڕۆمانەکان پاش نەمانی شانشینی، بایەخێکی زۆری پەیدا کرد و بووە دەسەڵاتی نێوەخۆیی، بەڵام نەیدەتوانی بەتەنیا، حوکمی لەداردان بدا. (و . ع).

٦٧- زبدی: باوکی یوحنا و یەعقووب. (و . ع).

٦٨- ئینجیلی مەتی، بەشی بیست و سێ.

٦٩- ئینجیلی مەتی، بەشی بیست و شەش، ئایەتی ٥٩.

٧٠- ئینجیلی مەتی، بەشی بیست و شەش، ئایەتی ٦١.

٧١- زۆر قورس بوو، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ بوو، جوو، لەوە تێ بگەن، بێ ئەوەی وەحیی تایبەتیان بۆ بێت، ئەو نهێنییەی وەسپ ناکرێ ئەویش؛ بەرجەستەبوونی کوڕی خوایە. واتە؛ خوا بۆ خۆی. سفری دروستبوون (ئیسحاحی شەشەم)، کوڕی مرۆڤە مەزنەکان بەکوڕی خوا وەسپ دەکا؛ هەروەها درەختە بۆنخۆشە گەورەکان لە مەزامیر

(ئیسحاحی حەفتا و نۆ، ١١)، بە درەختی خوا ناو براون. ساموئیلی (سفری پاشایان [هەڵەیە: ڕاستەکەی، سفری ساموئیلە (و . ع)] یەکەم، ئیسحاحی شازدە، ١٥) دەڵێ ترسێکی خوایی بەنێو گەلدا بڵاو بووەوە، واتە ترسێکی مەزن؛ ڕەشەبای بەهێز، گیانی خوایە، کە شائولیش دەستی لێ وەشێنرا، گیانێکی خراپ بوو لەلایەن خواوە. بەڵام جوو، وا دیارە، وشەکە چۆنە "کوڕی خوا" وەک خۆی لە وشەکە تێ گەیشتوون، بۆیە، ئەو قسەیەی مەسیحیان بە کفر وەرگرت، ئەوەش، بەڵگەی بێ ئاگایانە لە نهێنیی بەرجەستەبوون، نهێنیی خوا و کوڕی خوا، کە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی ڕەوانەی زەوی کرا.

٧٢- فستۆس: والیی ڕۆمانی سەر جوو، ملی بۆ ئەو داوایەی جوو نەدا کە داوایان کرد، پۆڵسی پەیامبەر سەرکۆنە بکا، ناردی بۆ ڕۆما تا لەوێ وەک هاووڵاتییەکی ڕۆمانی داوەری بکرێ. (و . ع).

٧٣- مەبەست بەرگرییەکەی ترتۆلیانۆسە. (و . ع)

٧٤- لێرەدا مەبەست کتێبەکەیەتی لەبارەی سێکوچکەوە. (و . ع)

٧٥- لەمەدا مەبەست کتێبەکەی ڕێنوێنییە خواییەکانە. (و . ع)

٧٦- دۆناتییەکان: لایەنگرانی دۆناتۆس، قەشەی نۆمیدیا لە تونس (دەوروبەری ٣٥٥ی زاین کۆچی دوایی کردووە)؛ کڵێسا، سەرکۆنەی کردن و بەهەرتووقی حسێبی کردن، چونکە زۆر زێدەڕۆییبان کرد و خەسڵەتی مەسیحیشیان لە هەموو ئەوانە سەندەوە کە بەناچاری و لەژێر باری چەوسانەوەدا لە مەسیحیبوون پاشگەز دەبوونەوە، هەرچەندە ئەوانە داوای گەڕانەوەشیان بۆ کڵێسا بکردایە. (و . ع)

بەشی شازدەم

گفتوگۆیەک

لە نێوان کەسێک گیان دەدا و کەسێکی ساغدا

هاووڵاتییەکی نیشتەجێی یەکێک لە شارەکان، گیانی دەدا؛ پیاوێک کە لەوپەڕی لەشساغیدا بوو هات بۆ لای، هەر لەخۆڕا دەستی کرد بەپیاهەڵشاخانی کابرای نەخۆش و سووکایەتی پێکردن و جنێودان و کابراش وا لە گیانەلآدایە. پێی گوت:

ئەی نەزان! گوێ لە من بگرە؛ ئەم نووسراوە ئیمزا بکە، دان بەبوونی پێنج پرسدا بنێ لە کتێبێکدا کە هیچمان نەمانخوێندووەتەوە؛ پشتگیری لانفران[١] بکە دژی بیرانجیێ، پشتی قدیس تۆما[٢] بگرە بەدژی بۆناڤنتورا[٣]؛ لەگەڵ کۆڕوەندی نیقیا و دژی کۆڕوەندی فرانکفۆرت[٤] بە؛ هەر ئێستە بۆم باس بکە کە چۆن چۆنی دەستەواژەی "باوکم لە من مەزنترە" بێ چەندوچۆن مانای وایە، "مەزنیم لە باوکم کەمتر نییە". پێم بڵێ چۆن چۆنی باوک هەموو شتەکانی پێشانی کوڕ داوە و فێری کردووە، نهێنیی باوکایەتی نەبێ. دەنا، هەر ئێستە گاڵ دەدەم لاشەکەت فڕێ بدەنە چاڵی پاشەڕۆکانەوە؛ ئەو کاتیش، منداڵەکانت نابنە میراتگرت، ژنەکەت نانبڕاو دەبێ، منداڵەکانت ناچار دەبن سواڵی نانەڕەق بکەن، کەسیش لەوانەی وەک منن، خێریان پێ ناکا.

کابرای نەخۆش: وەختە بڵێم گوێم لە هیچ نییە، لە هەڕەشەکانت تێ ناگەم، سەرم لێ تێک دەدەن و لەشبەبارترم دەکەن، بەخوا سوێندت دەدەم، بەزەییت پێمدا بێتەوە.

مێوانە کێوییەکە: بەزەییم پێتدا بێتەوە، ئەگەر هەموو شتەکانم بەقسە نەکەی بەزەیی بەدڵمدا نایە.

کابرا: بەداخەوە! تۆ دەزانی هەموو ئەندامانی لەشم وا لەکار دەکەون، دەرک

بەهیچ ناکەم، هۆش و زەینم وا کوێر دەبنەوە، لەم کاتەدا تاقەتی مشتومڕم کوا؟

کێوییەکە: باشە، خۆ ئەگەر ناتوانی باوەڕ بەوانە بێنی کە من دەمەوێ، هەر بڵێ باوەڕم پێیانە و بەس.

کابرا: ئاخر چۆن دەتوانم سوێند بخۆم تەنیا بۆ ئەوەی تۆ ڕازی بکەم، هاکا مردم و چوومە بەر دەریی خوا کە سەبارەت بەهەموو سوێندێکی درۆ، سزامان دەدات!

کێوییەکە: گرینگ نییە؛ دەتنێژین، بژێوی ژن و منداڵەکانیشت دەپارێزین، بەقسەم بکە بەڕیاوە بمرە، ڕیا کارێکی خراپ نییە، وەک دەڵێن، جۆرێکە لە سەلامی خراپەکار لە چاکەکار، باشە برادەر تۆ چ زیانێک دەکەی ئەگەر کەمێک ڕیاکار بی؟

کابرا: ئای حەیف! تۆ سووک سرنجی خوا دەدەی، یان ڕاستتر ئەوەیە بڵێم هەر باوەڕت پێی نییە، مادام لە سەرەمەرگدا داوام لێ دەکەی درۆ بکەم؛ دەتەوێ درۆ لەگەڵ خوادا بکەم، ئاخر خۆ تۆش ڕۆژێک دەچیتە بەر دەرگاکەی، ئەو کات، لێت دەپرسێ و سزات دەدات.

کێوییەکە: ئەوە چ دەڵێ هیچوپووچ؟ من باوەڕم بەخوا نییە؟

کابرا: برام داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام دەترسم خوا نەناسی. ئاخر ئەو خوایەی من دەیپەرستم لەم چرکەساتەدا هێزی پێ دامەوە کە بەئەسپایی پێت بڵێم، بەزەییت پێمدا بێتەوە ئەگەر باوەڕت بەخوا هەیە، خوا، ژن و منداڵی پێ داوم، لە برسان مەیانکوژە، بەڵام لاشەم، چی لێ دەکەی بیکە: من لێی دەگەڕێم بۆ تۆ؛ بەڵام لێت دەپاڕێمەوە، باوەڕ بەخوا بێنە.

کێوییەکە: ئەمەلاولای ناوێ، ئەوە بکە کە پێت دەڵێم؛ من ئەوەم لە تۆ دەوێ و فەرمانت پێ دەکەم.

کابرا: باشە تۆ لەم ئازاردانەی من چت دەست دەکەوێ؟

کێوییەکە: چۆن؟ چم دەست دەکەوێ؟ ئەگەر ئیمزای تۆم دەست بکەوێ، وەزیفەیەکی کڵێسا بۆ خۆم مسۆگەر دەکەم، بێ ئەوەی کار بکەم، پارەیەکی چاک دێتە دەستم.

کابرا: ئای برام. وا من بەدەم گیاندانەوە؛ داوا لە خوا دەکەم بتخاتە سەر

ڕێگەی ڕاست.

کێوییەکە: نەفرەتی خوا لەم بڵحە، خۆ ئیمزای نەکرد. دەبێ لاسایی ئیمزاکەی بکەمەوە و خۆم لە جیاتیی ئەو ئیمزای بکەم[٥].

***

نامەی پاشتریش دووپاتکردنەوەی مانایەکی هاوشێوەیە.

پەراوێزکان:

١- لانفران بافیاوی: لاهووتییەکی بەبنەچە ئیتاڵیایی بوو، لە پێشەنگانی بزووتنەوەی چاکسازیی کڵێسای ئینگلیزی (١٠١٠ _ ١٠٨٩)، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرانبەر بیرانجیێ ئالتوری لەبارەی قوربانیی پیرۆزەوە ئەنجام دا، هەڵگری بیروباوەڕی ئاڵوگۆڕی ناوکرۆک (گەوهەر) و دژی بیروباوەڕی بیرانجیێ بوو کە دەیگوت؛ ئامادەبوونی مەسیح لە قوربانیی پیرۆزدا، ئامادەبوونێکی سیمبوڵیکە.

٢- تۆما ئەکوینی (١٢٢٤ _ ١٢٧٤): فەیلەسووف و لاهووتییەکی بەبنەچە ئیتاڵیایی بوو. چووە نێو ڕەهبانییەتی براگەلی ڕێنوێنیکار؛ پلەی مامۆستایەتیی لە لاهووتدا وەرگرت و خۆی بۆ وانەگوتنەوەی زانکۆ تەرخان کرد. گەورە پێشەنگی سکۆلاستیسیزم و عەقڵانییەتی لاهووتییە. نازناوی "مامۆستا فریشتەیی"کەی لێ نرابوو. بەربڵاوترین کتێبەکانی "پوختەی لاهووتی و لێکدانەوەگەلێک لەبارەی ئەرستۆوە". دەستێکی باڵای لە پرسە جێناکۆکەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕوشدییە لاتینییەکاندا هەبوو. کڵێسا پایەی قدیسی پێ ڕەوا بینی. (و . ع).

٣- جیۆڤانی فیدانزا بۆناڤنتور: لاهووتییەکی ئیتاڵیایی لاتینیزمان بوو (١٢٢١ _ ١٢٧٥). بۆناڤنتورا، مانای بەختیار، ئەو نازناوەی پێی ناسرابوو، قدیس فرانشسکۆ ئاسیزی، هەر لە منداڵییەوە بەسەریدا بری. دەورووبەری ١٢٤٠، چووە نێو ڕەهبانییەتی بابە فرنسیسکانییەکانەوە. هێشتە تەمەنی بیست و حەوت ساڵ بوو، بووە مامۆستا لە زانکۆی سۆربۆن، لەو ساڵانەی تۆما ئەکوینیش لەوێ مامۆستا بوو، ڕووبەڕووبوونەوەی زۆری لەبارەی ئەرستۆسیزم و سەربەخۆیی عەقڵەوە کردووە، تا گەیشتە ئەوەی بڵێ؛ زانینی ڕاستی، زانینێکی مەرجدارە، سەرباری عەقڵ، بەگەشانەوەی نموونە خواییەکانەوە. هەموو هێز و توانای خۆی لە کۆڕوەندی لیۆندا بەکار هێنا لە کاتی گفتوگۆکردنی پرسەکانی کڵێسای ڕۆهەڵاتدا. ناودارترین کتێبی "ڕێڕەوی نەفس بەرەو خوا" و "گێڕانەوەی هونەرەکان بۆ لاهووت". کڵێسا پایەی

قديسى پێ ڕەوا بینى. (و . ع).

٤- کۆڕوەندى فرانکفۆرت: کۆڕوەندێکى کڵێسایى بوو، ساڵى ٧٩٤، بەفەرمانى ئیمپراتۆر شارلمان بەسترا، بڕیارەکانى کۆڕوەندى نیقیاى دووەمى لەبارەى پەرستنى وێنە و سیمبووڵەکانەوە، هەڵوەشانەوە. (و . ع).

٥- کاتێک ساڵ ١٧٦٢ ئەوەمان نوسى، هێشتە فەرمانى هەڵوەشاندنەوەى ڕەهبانییەتى یەسووعییەکان دەرنەچووبوو، خۆ ئەگەر لە لێقەوماوان بونایە، بەدڵنیاییەوە، نووسەر، ڕێزى دەگرتن. بەڵام دەبێ هەرگیز ئەوەمان لە بیر نەچێ، ئەوانە نەچەوسێنراوەتەوە تەنیا لەبەرئەوە نەبێ کە چەوسێنەر بوون؛ بۆ ئەوەى ببنە پەند بۆ هەموو ئەوانەى دەیانەوێ لە زێدەڕۆییى دەمارگرییدا، چاو لە یەسووعییەکان بکەن و ئەو خەڵکەى خۆیان بچەوسێننەوە کە بۆچوونەکانیان، وەک بۆچوونە ڕەق و دوور لە عەقڵەکانى ئەوان نین. (ئەم پەراوێزە ساڵى ١٧٧١، خراوەتە سەر نامەکە).

بەشی حەڤدەم

نامەیەک لە ٧ی ئایار/مایۆ ١٧٧٤

لە کاربەدەستێکی کڵێساوە بۆ بابی یەسووعی لۆتلیێ(٦)

جەنابی بابی بەڕێز

وا لەسەر داوای بەڕێزتان ئەو ڕێگەچارانەتان بۆ دەنێرم کە بۆ ڕزگارکردنی یەسووعی مەسیح و کۆمەڵەی یەسووعییەکان لە دوژمنەکانیان، پێویستن. ژمارەی هۆگۆنوتییەکان لە شانشیندا بەبۆچوونی من لە پێنج سەد هەزار کەس تێ ناپەڕێ، ئەگەرچی هێندێک کەس دەڵێن، خۆیان لە ملیۆنێک دەدەن و هێندێک بە ملیۆن و نیوێکیشیان مەزەندە دەکەن؛ بێ گوێدانە ئەوەی ژمارەکە چەندە، من بەوپەڕی خاکەڕاییەوە پێشنیازی ئەم ڕێگەچارانەتان بۆ دەکەم:

١- تێکڕای قەشە پرۆتستانتییەکان، بەیەک ڕۆژ، بگیرێن و پێکەوە لە هەمان شوێندا، لەدار بدرێن؛ نەک لەبەرئەوەی ببنە پەند بۆ خەڵکانی تر، بگرە لەبەرئەوەی دیمەنەکەش جوانە.

٢- کوشتنی دایکان و باوکانی پرۆتستانتی لە شیرینیی خەودا و لەنێو جێگەدا، چونکە کوشتنیان لە جادە، لەوانەیە پشێویی لێ بکەوێتەوە، سەرباری ئەوەی ڕەنگە هێندێکیان دەرفەتی خۆ قوتارکردنیان هەبێ، ئەوەش، بەهەر نرخێک بێ نابێ ڕوو بدا. ئەم قرکردنە، بەشێکی سروشتییە لە بنەوانەکانمان. ئاخر مادام کوشتنی تەنیا هەرتووقییەک، ئەرکێکی واز لێ نەهێنراوە، وەک چەندان لاهووتییەکانمان ڕوونیان کردووەتەوە، کەواتە کوشتنی هەموو هەرتووقییەکان پێکەوە زۆر پێویستە.

٣- پاش ئەو قرکردنە، فەرمان بدەن، کچەکانیان شوو بەکاتۆلیکییە چاکەکان بکەن، تا وڵات لە کەمبوونەوەی دانیشتووانی پاش شەڕی ئەم دواییە،

بپارێزین؛ هەرچی کوڕە گەنجەکانیانە کە تەمەنیان لە نێوان چواردە و پازدەدایە، ئەوانەی مێشکیان پڕ کراوە لە بنەوان و بیری خراپ، دەبێ هەر هەموویان بخەسێنرێن، تا نەوەی ئەو گەندانە، بنەبڕ بن. کوڕە منداڵەکانی تریش، با پەیمانگەکانتان فێریان بکا و پێیان بگەیەنێ، بەڵام دەبێ بەزەبری دار، کارێک بکەن، نووسینەکانی سانشێز[٧] و مۆلینا[٨] لەبەر بکەن.

٤- ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، پێویستە، هەموو لۆتەرییەکانی ئەلزاسیش بەهەمان دەرد ببرێن، چونکە ساڵی ١٧٠٤ بەچاوی خۆم دوو پیرێژنی ئەو دەڤەرەم بینی ڕۆژی شەڕی هوشتاد[٩]، قاقا پێ دەکەنین.

٥- بەڵام پرسی جانسینییەکان، پێ دەچێ پرسێکی کەمێک ئاڵۆز بێ: من ژمارەکەیان دادەنێم بە شەش ملیۆن، بەڵام لە بڕوایەدام، عەقڵێکی وەک عەقڵی ئێوە، لەوە ناسڵەمێتەوە. من هەموو ئەو دەستە و ئەنجوومەنە یاساییانەش کە بەوپەڕی ڕووقایمییەوە پشتیوانی ئازادییەکانی کڵێسای ئەنگلیکانی[١٠] دەکەن، هەر لە ڕیزی جانسینییەکان حسێب دەکەم. ڕێوشوێنەکانی مل پێکەچکردنی ئەو سەرە ئاژاوەگێڕانەش، بۆ دووربینیی بەڕێزتان جێ دێڵم. خۆ ئەگەر پیلانی باروود[١١]، وەک پێویست سەری نەگرت، لەبەرئەوە بوو کە یەکێک لە پیلانگێڕان، لەپێناوی ڕزگارکردنی گیانی هاوڕێیەکیدا، نهێنییەکەی درکاند؛ بەڵام خۆ ئێوە هاوڕێتان نییە تا سەر لەو پرسە بکەنەوە؛ بۆ ئێوە، هیچ شتێک لەوە ئاسانتر نییە، هەرچی دەستە و دادگە قەزاییەکانی شانشین هەیە، بەهۆی ئەو داهێنانەی ڕاهیب شوارتزەوە، بتەقێننەوە کە پێی دەگوترێ PULVIS PYRIUS[12]. بۆ تەقاندنەوەی هەر دادگەیەک، بەمەزەندەی من، نێزیکەی سی و شەش بەرمیل بارووتی پێویستە، ئەگەر دوازدە دادگە لەگەڵ سی و شەش بەرمیلدا لێک بدەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، هەموو کارەکە، چوارسەد و سی و دوو بەرمیلی دەوێ؛ نرخی هەر بەرمیلێکیش، لە سەد[*] لیرە تێ ناپەڕێ، کەواتە تێچوونەکەی لە سەد و بیست و نۆ هەزار و شەش سەد لیرە زیاتر نابێ؛ ئەم بڕە پارەیەش، لەچاو ئەو پارەیەی لە بەردەست ڕێزدار باب و سەرۆکی گشتیدایە، هەر هیچ نییە.

پاش تەقاندنەوەی ئەو دادگەیانە، کارەکانیان بە ئەندامانی کۆمەڵە

یەسووعییەکەتان بسپێرن، ئەو ئەندامانەی شارەزای یاساکانی شانشینن.

٦- هیچ لە ژەهرخواردکردنی کاردینالٚ دی نوای[١٣] ئاسانتر نییە؛ پیاوێکی سادەیە و گومانی لە هیچ شتێک نییە و خۆی ناپارێزێ.

جەنابی بەڕێزتان، دەتوانن، بەرانبەر هێندێک لەو قەشانەی سوورن لەسەر بۆچوونەکانیان، ڕێوشوێنی بانگهێشتکردنیان لە تەکدا بەکار بەرن. کلێساکانیان لێ وەردەگرینەوە و بەفەرمانێکی پاپاییانە ڕادەستی یەسووعییەکانیان دەکەین، پاش ئەوەی هاتنی هەموو قەشەکانمان بۆ ژێر سایەی پرسە ڕەواکەمان مسۆگەر کرد، بەوپەڕی وریاییەوە کارێک دەکەین هەمان ئەو قەشانە کاهینەکان هەڵبژێرن، ئەم چارەسەرە دەخەمە بەردەمی بەڕێزتان، ئەڵبەت هەڵسەنگاندن و بڕیاردان بۆ بەڕێزتانە.

٧- لەبەرئەوەی، جانسینییەکان، ساڵی جارێک، لە جەژنی فوسحدا، قوربانیی پیرۆز دەکەن، باشتر وایە، ئەو ژەهرەی ئیمپراتۆر هینریی حەوتەمی[١٤] پێ کوژرا، بخرێتە نێو نانەکەیانەوە. لەوانەیە کەسێک بێ و دەمەدەممان لەگەڵ بکا و بڵێ ئێوە ژەهری جرج دەدەنە موولینییەکانیش. ڕاستت دەوێ، ئەم قسەیە ڕاستە، بەڵام هیچ کارێک نییە، خراپەی خۆی نەبێ، بینایەک نییە، پایەیەکی لاوازی نەبێ، خۆ ئەگەر خەمی ئەم ئاستەنگە لاوەکییانەمان بێ، هیچ کارێکمان سەرناگرێ. هەر چۆنێک بێ، مادام، نیازمان وایە مەزنترین خێر بلاو بکەینەوە، چی تێدا نییە، ئەو خێرە گەورەیە، بڕێک ئەنجامی خراپیشی لێرە و لەوێ، لێ بکەوێتەوە.

بۆچی لۆمەی خۆمان بکەین؛ بەڵگە زۆرن کە سەرلەبەری ئەوانەی داوای گوایە چاکسازی دەکەن[١٥]، هەموو جانسینییەکانیش، دەچنە دۆزەخەوە؛ کەواتە، دوا جار، ئێمە، هیچ شتێک ناکەین پەلەکردن نەبێ لە ناردنیان بۆ دۆزەخ.

ئەوەی گومانیشی تێدا نییە، جێگەی موولینییەکان بەهەشتە. ئەگەر بەهەڵە، کوشتمانن، بێ ئەوەی نیازمان خراپ بێ، ئەوە پەلەمان کردووە لە خۆشحاڵکردنیان. بەهەردوو باردا، ئێمە شتێک نین، کەرەسەیەک نەبێ بەدەست ویستی خواوە.

بەڵام ئەوانەی ژمارەی قوربانیان دەیانترسێنێ، بەڕێزتان دەتوانن بۆیان ڕوون

بکەنەوە، لە سەردەمی هەستانەوەی کڵێساوە تا ١٧٠١، واتە بەدرێژایی چواردە سەدە، لاهووت، بووەتە هۆکاری مردنی زیاتر لە پەنجا ملیۆن مرۆڤ؛ کەچی من پێشنیازی، خنکاندن، سەربڕین یان ژەهرخواردکردنی تەنیا نێزیکەی شەش ملیۆن و پێنجسەد هەزار کەس دەکەم.

لەوانەیە دەیان هەبن لەم حسێبەی من ناڕازی بن و بڵێن تەواو نییە و بنەمای ڕێژەیی سێیەکم تێک داوە؛ ئاخر ئەگەر لە چواردە سەدەدا، تەنیا پەنجا ملیۆن بەهۆی پێناسەکردن و بەڵگە و دژەبەڵگەی بەرانبەری لاهووتییەوە کوژرا بن، کەواتە من کە لە ساڵێکدا شەش ملیۆن و شەست و چوار هەزار و دووسەد و هەشتا و پێنج کەس و کەمێک بکوژم، زیدەڕۆییم کردووە.

ڕاستییەکەی، ئەم لەسەرڕۆیشتنە، تا بڵێی ساویلکانەیە، بگرە جۆرێکە لە کفر. بەڵام ئایە وەک ڕۆژی ڕووناک دیار نییە، من بەم پلانەم، گیانی سەرلەبەری کاتۆلیکییەکان، تا هەتایە، ڕزگار دەکەم؟ ڕاستت دەوێ، مرۆڤ ئەگەر گوێ بەهەموو ڕەخنەکان بدا، هیچ کارێکی پێ ناکرێ.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ ئێوە، بچووک و لە خواترس و بەردەستتان...

لەدایکبووی شاری ئەنگۆلیم، کارڕایکەری لقی کۆمەڵەی یەسووعی.

***

ئەم پرۆسێسە جێبەجێ نەکرا، چونکە باب لۆتلیێ، چەند ئاستەنگێکی هاتنە پێش، بۆ ساڵی دواتریش، حوکمی شاربەدەرکردنی بەسەردا درا. بەڵام لەبەرئەوەی پێویستە لە هەموو بارێکدا، چاکە و خراپەکان، بەراورد بکرێن، وا باشترە بەدوای ئەو دۆخانەدا بگەڕێین کە بەکەمیش بێ، بیر و بۆچوونەکانی ئەو کەسەی بەسەردا دەچەسپێ کە نامەکەی بۆ باب لوتلیێ ناردووە. وا دیارە، جێبەجێکردنی هەموو خاڵەکانی ئەو پرۆسێسە، گران بێ، بەڵام دەبێ لەو دۆخانە ورد بینەوە کە وا پێویست دەکات، ئەو کەسانە لەدار بدەین یان هەڵواسین یان بخەینە گرتیگەوە کە هاوبۆچوونمان نین. ئەمەش بابەتی بەشی داهاتووە.

پەراوێزەکان:

٦- فرانسوا میشێل لوتلیێ (١٦٤٣ _ ١٧١٩): یەسووعییەکی فرەنسایی بوو، پلە و پایەی هەڵگەڕا تا گەیشتە سەرۆکی ڕەهبانییەتی یەسووعی لە فرەنسا. میرزای شا لویسی

چواردەیەم و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شا هەبوو، هەر ئەمیش وای کرد، پاشا، فەرمانی ڕووخاندنی دێر بۆر _ ڕوایاڵی بنکەی جانسینییەکان دەربکات کە زۆر دژیان بوو. (و . ع).

٧- تۆما سانشیز (١٥٥٠ _ ١٦١٠): یەسووعییەکی ئیسپانیاییە بەتایبەتی لەبارەی هاوسەریی و پێوەندییە سێکسییەکانی لە ڕوانگەی کڵێساوە نووسیوە. (و . ع).

٨- لویس دی مۆلینا (١٥٢٥ _ ١٦٠٠): لاهووتییەکی ئیسپانیایی و چووە نێو ڕەهبانییەتی یەسووعییەوە و لە پورتوگال، وانەی لاهووتی دەگوتەوە. شرۆڤەیەکی لەبارەی قدیس تۆما ئەکوینییەوە بەناونیشانی "پوختەی لاهووتی" نووسیوە. کە کتێبی "هاوئاهەنگی لە نێوان ئازادیی هەڵبژاردن و فەراهەمی نیعمەت". مەزەبەکەی ناکۆکی لەنێو کڵێسادا دروست کرد تا دۆخە گەیشتە ئەوەی، لایەنگرانی چوونە پاڵ جانسینییەکان. (و . ع).

٩- شەڕێکی ساڵی ١٧٠٤، دەمی هێرشکردنی لەشکری فەرەنسا - باڤاری بۆ سەر ڤیەننای پایەتەختی نەمسا، قەوما، ئەوە بوو هاوپەیمانیی نەمسا _ بەریتانیا _ هۆڵەندا، سەرکەوت. (و . ع).

١٠- کڵێسای ئەنگلیکانی: کڵێسای فەرمیی ئینگلتەرایە لەوەتەی شا هینریی دووەم لە کورسیی پاپایی ڕۆما جیا بووەوە. (و . ع).

١١- پیلانێکی گرووپێکی کاتۆلیکی بوو (١٦٠٥)، دەیانویست شا جاکی یەکەمی ئەنگلیکانی، شای ئینگلتەرا و خێزانەکەی و بەشێک لە ئەرستۆکراتییەتی ئینگلیزی بکوژن، لە ڕێی تەقاندنەوەی کۆشکی ویستمنستەرەوە لە لەندەن لە کاتی ئاهەنگی کردنەوەی پەرلەماندا لە ٢٥ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ١٦٠٥دا. وا دیارە ئەم پیلانە لە لایەن حکوومەتی ئیسپانیای کاتۆلیکییەوە ڕێک خرابوو، ڕەنگە یەسووعییەکانیش، دەستیان تێدا هەبووبێ. بەڵام بەهۆی نامەیەکەوە کە لۆردێکی ئینگلیزی کاتۆلیکی کە ناردبووی بۆ هاوڕێیەکی و ئاگەداری کردبووەوە ئامادەی ئاهەنگەکە نەبێ، پیلانەکە ئاشکرا بوو. ئەوە بوو لەنێو پەرلەماندا دەست گیرا بەسەر ٣٦ بەرمیل بارووتدا. (و . ع).

١٢- ناوی لاتینیی بارووده. (و . ع).

(*) دەبێ نرخی هەر بەرمیلێک سێسەد لیرە بێ، نەک سەد لیرە. جا نازانم نووسەری نامەکە یان نووسەری کتێبەکە یان وەرگێڕی عەرەبی لە لێکدانی پارە و ژمارەکاندا هەڵەیان کردووە. ئاخر ١٢ دادگەیە و هەر دادگەیەک ٣٦ بەرمیل بارووتی دەوێ، وەک

نامەنووسەکە دەڵێ، کەواتە وەک دەڵێ، ٤٣٢ بەرمیل بارووت بۆ تەقاندنەوەی دادگەکان پێویستە، ئەگەر هەر بەرمیلێک بە سێسەد لیرە بێ، ئەوجا دەکاتە ئەو ١٢٩هەزار لیرەیەی نامەنووس دەڵێ تێکڕای تێچوون و خەرجییەکەی هێندەیە. نەک وەک لێرەدا نووسراوە: نرخی هەر بەرمیلێک سەد لیرەیە. (و . ک).

١٣- لویس ئەنتوان دی نوای (١٦٥١ _ ١٧٢٩): کاردیناڵێک فرەنسایی بوو ساڵی ١٦٩٥، کرا بە سەرۆکی قەشەکانی پاریس؛ دژی بێبەریکردنی پاپا "یۆنیجنتۆس"، بۆ جانسینییەکان وەستایەوە. (و . ع).

١٤- هینریی حەوتەم (١٢٨٢ _ ١٣١٣): ئیمپراتۆرێکی ئەڵمانیایی بوو، تا توندوتیژی نەگرتەبەر، نەبووە ئیمپراتۆر، شەڕی دژی شاری ناپۆلی و شارەکانی تری ئیتاڵیا، بەرپا کرد. (و . ع).

١٥- چاکسازی، واتە چاکسازیی کڵێسا، ئەو دروشمەی پرۆتستانتییەکان بەرزیان کردبووەوە. (و . ع).

بەشی هەژدەم

ئەو دۆخە دەگمەنانەی کە دەمارگریی دەبێتە یەکێک لە پێداویستییەکانی یاسای مرۆیی

بۆ ئەوەی حکوومەتێک لە حکوومەتان، مافی سزادانی مرۆڤەکانی نەبێ سەبارەت بەهەڵە، پێویستە ئەو هەڵانە، تاوان نەبن؛ هیچ هەڵەیەک تاوان نییە، ئەگەر زیان بەئاسایشی کۆمەڵگە نەگەیەنێ؛ ئاسایشی کۆمەڵگەش، بە دنەدانی دەمارگریی ئاینی، زیانی پێ دەگات. کەواتە، لەسەر مرۆڤگەل پێویستە بەخۆ ڕزگارکردن لە دەمارگریی ئاینی دەست پێ بکەن، بۆ ئەوەی خۆشیان شایانی لێبووردەیی بن.

ئەگەر گەنجگەلێکی یەسووعی بەو بیرۆکەیە دەست پی بکەن کە کڵێسا بێز لە نەفرەت لێکراوان دەکاتەوە، جانسینییەکانیش، مادام بەر بێبەریکردنی پاپا کەوتوون، نەفرەت لێکراون، دواتر، بنکەی بابە ئۆراتووریی[١٦]ەکانیان سووتاند، بەبیانووی ئەوەی کینڵ[١٧]، ئەندامی کۆمەڵەی ئۆراتوورییەکان، جانسینی بووە، ئەوە دیارە کە سزادانی ئەو یەسووعییانە، هەر بەسەپاندن خۆی دەسەپێنێ.

خۆ ئەگەر، دیسان برەویان بەدروشمگەلێکی تاوانکاریی دا، کۆمەڵەکەیان سەرپێچیی یاساکانی شانشینی کرد، ئەوە دەبێ ئەو کۆمەڵەیە هەڵوەشێنرێتەوە و سیفەتی یەسووعییەتیش لە ئەندامەکانی بسەندرێتەوە و ببنەوە هاووڵاتییەکی ئاسایی. ئەم تەگبیرەش، دوا جار، بەڕووکەش زەرەریانە، وەلێ ئەگەر ڕاستت دەوێ بۆ خۆیان چاکە. باشە، چ زیانێک دەکەن ئەگەر لە جیاتی جبە و عەبا، جلکی کورت بپۆشن، لە جێی ئەو کۆیلایەتییە، ئازاد بن؟ لە کاتی ئاشتیدا، بەفەیلەق، دەستبەرداری سەربازان دەبن، کەسیش گلەیی ناکات، باشە یەسووعییەکان بۆ هاواریان لێ هەڵدەستێ ئەگەر بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێ، دەستبەرداریان بن؟

ئەگەر حەببالەکان[١٨]، لە سۆنگەی خواپەرستی و دڵسۆزییانەوە بۆ گەورە پاکیزە، کڵێسایەکی یەعقووبیی[١٩]ەکانیان تێکدا، بەبیانووی ئەوەی باوەڕیان وایە

کە مریەم لە ئەنجامی خەتای ڕاستەقینە[٢٠]وە (الخطیئة الأصلیة) منداڵی بووە، پێویستە، حەبباڵەکان، وەک یەسووعییەکان، مامەڵەیان لە تەکدا بکرێ.

هەمان قسە، لۆتەری و کاڵفنییەکانیش دەگرێتەوە. خۆ ئەگەر گوتیان: ئێمە دوای ویژدانی خۆمان دەکەوین، باشتر وایە ملکەچی خوا بین نەک شەڕخوازان، ئێمە و تەنیا ئێمە، مێگەلە ڕاستەقینەکەین و ئەرکمانە، گەلەگورگەکە لەنێو ببەین، بەڕوونی دیارە، خۆیانن گەلەگورگ.

سەیرترین نموونەکانی دەمارگریی ئاینی، گرووپێکی ئاینی بچووکی دانیمارکین کە بنەوانی سەرەکییان؛ هەوڵدان بوو بۆ دنیایەکی چاکتر. لایەنگرانی ئەم گرووپە، بۆ ڕزگارکردنی تاهەتاییی مرۆڤگەل تێ دەکۆشان، بەڵام لێکەوتەوەکانی ئەم کۆششەیان، تا دەست هەڵگری، ناوازە بوون. لەو باوەڕەدا بوون، ئەو منداڵانەی پێش پاکژکردنەوەیان (تعمید)، دەمرن، دووچاری ئازاری تاهەتایی دەبن، بەڵام ئەوانەی ڕاستەخۆ پاش پاکژکردنەوە دەمرن، لە نەمرییەکی سەرمەدیدا دەمێننەوە. بۆیە بگەیشتنایە هەر منداڵێکی تازە پاکژکراو، نێر بووایە یان مێ، سەریان دەبڕی، بەو پێیەی، گوایە کارێکی چاک دەکەن و خێریان دەگاتێ؛ ئاخر بەحسێبی خۆیان منداڵەکان لە هەڵە و خەتا دەپارێزن، لە ئازارەکانی ئەم دنیا و ئەو دنیا دوور دەبن، بەدڵنیاییشەوە دەیانێرن بۆ بەهەشت. بەڵام ئەوەی ئەو خێرەومەندانە بیریان لێ نەکردبووەوە ئەوە بوو کە نابێ لەپێناو خێرێکی گەورەدا، خراپەیەکی بچووکیش بکەی، مافی ئەوان نییە، دەست لە ژیانی ئەو منداڵانە بدەن، دایک و باوکی ئەو منداڵانە مرۆڤن، زۆربەی مرۆڤیش، مادەویستن تا ئەو ئاستەی حەز دەکەن منداڵەکانیان بمێنن و نایانەوێ بمرن با بچنە بەهەشتیش، پوختەی قسەکە، پێویستە قازی، سزایان بدا سەبارەت بەو کوشتنە با بەنیازی چاکەشەوە ئەنجام درابێ.

جوو، بەڕواڵەت لە خەڵکی تر زیاتر مافی ئەوەیان هەیە، بماندرن و بمانکوژن. ئەگەر سەردەمی کۆن سەد نموونەی لێبووردەییی تێدا بێ، خۆ نموونەگەل و یاسگەلێکی تا بڵێی توندڕەویشی تێدایە. خوا فەرمانی بەجوو کرد، هێندێک جاران، بتپەرستان بکوژن، کچە باڵقەکانیان نەبێ؛ ڕاستت دەوێ، ئەوان ئێمە بەبتپەرست دەزانن. سەرەڕای لێبووردەییمان بەرانبەریان، ئەمڕۆ دەتوانن ئەگەر بوونە سەروەرمان، کچەکانمان نەبێ، یەکمان بەزیندوویی نەهێڵن.

ناچارن، سەرلەبەری تورکان[٢١] بکوژن، لەبەر هۆیەکی زۆر ڕوون: ئاخر

تورکان، دەستیان بەسەر وڵاتی حیسییەکان، ئەمورییەکان، جرجاشییەکان، حووەییەکان، عیرقییەکان، سینییەکان، حەماتییەکان و سەمارییەکانیان[٢٢]دا گرت، ڕاستییەکەش، هەموو ئەم نەتەوانە خوا غەزەبی لێ گرتبوون و بەپێی ڕێککەوتننامەگەلێکی یەک لە دوای یەک، خاکەکەیان کە درێژاییەکەی بیست و پێنج فەرسەخ دەبوو، دابووە جوو. بۆیە بەلای جووەوە، دەبوو ئەو موڵکەیان بسەننەوە کە هەزار ساڵ بوو، محەمەدییەکان داگیریان کردبوو.

خۆ ئەگەر جوو، ئەمڕۆ ئەوها پرسەکان هەڵسەنگێنن و لێک بدەنەوە، ئاشکرایە، وەڵامێکی ترمان پێ نییە جگە لەوەی چی کاری قورسە پێیان بکەین.

ئەوانە، بەگشتی، ئەو دۆخە دەگمەنانەن، کە نالێبووردەیی بەرانبەریان، لۆجیکی و ماقووڵە.

پەراوێزەکان:

١٦- ئۆراتوورییەکان: لایەنگرانی کۆمەڵەیەکی کەهەنووتی کاتۆلیکی، لە ١٦١١دا لە فرەنسا دامەزرا، کەوتە ڕکابەری یەسووعییەکان لە بواری خوێندنی دواناوەندیدا، بەتایبەت، پاش دەرکردنی یەسووعییەکان لە فرەنسا ساڵی ١٧٦٢.(و . ع).

١٧- باسکیێ کینڵ (١٦٣٤ _ ١٧١٩): لاهووتییەکی فرەنسایی بوو، ساڵی ١٦٥٧، چووە نێو ئۆراتوورییەکانەوە، دواتر چووە سەر مەزهەبی جانسینییەکان و چەند کتێبێکی پڕاوپڕ لە بیروباوەڕی جانسینی، بڵاو کردەوە. لە فرەنسا دەرکرا و پەنای بردە بەر مونس و دواتر برۆکسل و ئەمستەردام. پاش مردنی ئارنۆی گەورە (ساڵی ١٦٩٤)، کینڵ، بووە سەرکردەی جانسینییەکان. (و . ع).

١٨- حەنبالەکان: تا شۆڕشی ١٧٨٩ی فرەنسا، بەبابە فرنسیسکانییەکان دەگوترا. (و.ع).

١٩- یەعقووبییەکان: بە بابە بەنەدێکتییەکان دەگوترا. (و . ع).

٢٠- پێچەوانەی بیروباوەڕی "دووگیانی بێ پیسبوون" کە دەڵێ مریەمی پاکیزە، بێ خەتای ڕاستەقینە، منداڵی بووە. (و . ع).

٢١- لە سەردەمی ڤۆڵتێردا، بەهەموو موسڵمانێک دەگوترا تورک. (و . ع).

٢٢- هەموو ئەم نەتەوانە لە تەوراتدا ناویان هاتووە و نیشتەجێی فەڵەستین بوون، پێش ئەوەی لایەنگرانی مووسا داگیری بکەن. (و . ع).

بەشی نۆزدەم

هەقایەتی شەڕێک بەهۆی مشتومڕێکەوە لە چین

لە ساڵەکانی سەرەتای سەردەمی ئیمپراتۆری مەزنی چین، کانگ – هی[٢٣]دا، فەرمانبەرێکی باڵا لە شاری کانتۆن، گوێی لە هاتوهاوارێک بوو لە ماڵێکی هاوسێی ماڵەکەی. پرسیاری کرد ئەوە چییە کێ دەکوژن، پێیان گوت، نەخێر ئەوە ڕاهیبێکی دانیمارکی و کاهینێکی خەڵکی باتاڤیا و بابێکی یەسووعی وا دەمەدەمیانە. فەرمانبەرەکە ناردی بەشوێن هەرسێکیاندا، چا و شیرینی بۆ دانان و پرسیاری هۆکاری شەڕ و هەراکەی لێ کردن.

یەسووعییەکە وەڵامی دایەوە، کە زۆر لەو دووانە پەستە، ئاخر ئەوێک کە هەردەم لای ڕاستی دەگرێ، چۆن لەگەڵ خەڵکێکدا هەڵبکا کە ڕێی هەڵەیان گرتووە، ئەو لە سەرەتاوە ویستوویەتی زۆر بەهێوری گفتوگۆیان لەگەڵدا بکا، بەڵام دوا جار هەر خۆی پێ نەگیراوە.

فەرمانبەرە چینییەکە ویستی، بەوپەڕی ئەدەبەوە، هەرسێکیان تێ بگەیەنێ، کە پێویستە لە هەموو گفتوگۆ و مشتومڕێکدا، مرۆڤ ئەدەبی خۆی لە دەست نەدا، ئاخر، لە چین کەس نابینی تووڕە بێ و هەڵچێ. دواتر، پرسیاری هۆکاری ناکۆکییەکەی لێ کردن.

دیسان، یەسووعییەکە وەڵامی دایەوە: "قوربان بەڕێزت دادوەر بە؛ ئەم دوو بەڕێزە، نایانەوێ پابەندی بڕیارەکانی کۆڕوەندی ترنتۆ بن"[٢٤].

"شتێکی سەرسوڕهێنە". فەرمانبەرەکە وەڵامی دایەوە. ڕووی لە دووانەکە کرد و گوتی: "پێم وایە، بەڕێزان، دەبێ ڕێزی کۆمەڵەیەکی گەورە بگرن: من نازانم ئەو کۆڕوەندی ترنتۆیە چییە، بەڵام کۆمەڵ هەردەم لە تاکەکەس زاناترە. نابێ کەسێک خۆی لەوانی تر بە زاناتر بزانێ و پێی وابێ هەر ئەو عاقڵە. کۆنفشیۆسی مەزن، ئەمەی فێر کردووین؛ ئەگەر بەقسەم دەکەن، وا چاکترە پابەندی بڕیارەکانی

کۆڕبەندی ترنتۆ بن".

دانیمارکییەکە کەوتە قسە: "قوربان تۆ زۆر جوان قسان دەکەی، ئێمە ڕێزی کۆمەڵە گەورەکان دەگرین، ئەوە ئەرکیشمانە، هەر بۆیە دەبینی پاوەندی بڕیاری چەند کۆڕوەندێکی ترین کە پێش کۆڕبەندی ترنتۆ بەستراوە".

– ئا، ئەگەر مەسەلەکان ئەوها بن وەک باست کرد، فەرمانبەرە چینییەکە گوتی، من داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، ڕەنگە ئێوە ڕاست بن. ئێوە دیارە هاوڕان، تۆ و ئەو هۆڵەندییە، دژی ئەو یەسووعییە داماوە؟

– نەخێر، هەرگیز، هۆڵەندییەکە گوتی، بۆچوونەکانی ئەم پیاوە، لەوانەی ئەو یەسووعییە باشتر نین کە لە بەردەمتدا خۆی کردووەتە مەڕی پێغەمبەر، بۆیە مەحاڵە بەگوێی ئەمیش بکەم.

– مەحاڵە تێتان بگەم، فەرمانبەرەکە گوتی؛ ئێوە هەرسێکتان مەسیحی نین؟ نەهاتوون مەسیحییەت لە ئیمپراتۆرییەتەکەماندا بڵاو بکەنەوە؟ کەواتە، ئەدی نابێ لەسەر بیروباوەڕێک ڕێک کەون؟

– وەک دەبینی گەورەم، یەسووعییەکە گوتی، ئەم دووانە دوژمنی یەکترن، کەچی واز لە پێداهەڵشاخانی منیش ناهێنن، کەواتە ئاشکرایە هەردووکیان هەڵەن و من ڕاستم.

– فەرمانبەرەکە وەڵامی دایەوە؛ مەسەلەکان وا ڕوون و ئاشکرا نین، لەوانەیە هەرسێکتان هەڵە بن؛ دەمەوێ یەک یەک گوێم لێتان بێ.

یەسووعی، وتارێکی دوور و درێژی دا، هوڵەندی و دانیمارکییەکە، گاڵتەیان پێ دەهات؛ فەرمانبەرەکە هیچ لە وتارەکە تێ نەگەیشت. دانیمارکییەکە دەستی بەقسان کرد، دووانەکەی تر، بەلاقرتێوە تەماشایان دەکرد، فەرمانبەرەکە هەر هیچ تێ نەگەیشت. هۆڵەندایییەکەش، هەمان شتی کرد. دواجار هەرسێکیان پێکەوە کەوتنە قسە، دەستیان بەجنێودان کرد بەیەکتری. دوای توندییەکی زۆر، ئەو کات فەرمانبەرە سەنگینەکە توانی هێوریان بکاتەوە، پێی گوتن: "ئەگەر بتانەوێ لێرە لەگەڵ مەزەبەکەتاندا لێبووردە بین، پێویستە لەسەرتان، پێش هەموو شتێک دەمارگر و نالێبووردە نەبن".

پاش تەواوبوونی ئەو دانیشتنە، یەسووعییەکە، بانگهێشتنکارێکی دۆمینیکانیی

بینی، پێی گوت کە دانیشتنەکەی بردووەتەوە و ڕاستی هەردەم سەردەکەوێ. دۆمینیکانییەکە پێی گوت: " ئەگەر لەوێ دەبووم، نەتدەبردەوە، بۆم دەسەلماندی تۆ درۆزن و بتپەرستی". شەڕەکە گەرم بوو، دۆمینیکانی و یەسووعی ئامبازی یەکتر بوون و دەستیان لە قژی یەکتر گیر کرد. کاتێک، فەرمانبەرە گەورەکە بەو هەلایەی زانی، فەرمانی دەرکرد هەردووکیان بەند بکەن. فەرمانبەرێکی بچووک لە قازییەکەی پرسی: "بەڕێزتان تا کەی لە گرتیگەدا دەیانهێڵنەوە؟". "تا ڕێک دەکەون". قازییەکە وەلامی دایەوە. "ئا، کەواتە، تا ماون بەند دەبن"، فەرمانبەرە بچووکەکە گوتی. "باشە، تا لێک دەبوورن"، قازییەکە گوتی. "هەرگیز لێک نابوورن، من چاکیان دەناسم"، فەرمانبەرە بچووکەکە گوتی. "کەواتە، تا وای پێشان دەدەن گوایە لەیەکبووردوون".

پەراوێزەکان:

٢٣- کانگ_ هی: ئیمپراتۆرێکی چینی (١٦٦٢ _ ١٧٢٢) نەوەی تسینگ بوو؛ دەروازەی ئیمپراتۆرییەتی چینی بەڕووی کاریگەرییەکانی ڕۆئاوادا کردەوە، بەتایبەتی بەڕووی یەسووعییەکاندا. (و . ع).

٢٤- کۆڕوەندی ترنتۆ: کۆڕوەندێکی مەسکونیی بەسێ قۆناخ لە شاری ترنتۆی ئیتالیا لە نێوان سالانی ١٥٤٥ و ١٥٦٣دا، بەسترا، کۆڕوەندەکە، بەگفتوگۆ و مشتومڕە گەرمەکانی بەناوبانگە. لەم کۆڕوەندەدا کە بزووتنەوەی چاکسازیی کاتۆلیکی، دژبەری بزووتنەوەی چاکسازیی پرۆتستانتی، ڕێکی خست، جەخت لەسەر سەرلەبەری بیروباوەڕەکانی مەزهەبی کاتۆلیکی کرایەوە. (و . ع).

بەشی بیستەم

ڕاهێنانی گەل

لەسەر ئەفسانە و قسەی پڕوپووچ سوودێکی هەیە؟

لەوانەیە مرۆڤگەل هێندە لاواز و گەندەڵ بن، تا ئەو ئاستەی بۆ کەویکردنی، پێویست بەپەنابردن بەچەندان جۆر ئەفسانە و قسەی پڕوپووچ بکا، بەو مەرجەی ئەفسانەگەلی بێ زیان بن و بکوژ نەبن. ئاخر زۆرجاران مرۆڤ پێویستی بەڕێگرێک هەیە لە شوێنێک یان سنوورێکدا بیوەستێنێ؛ ڕەنگە قوربانی پێشکێشکردن بە خواوەندگەلی کێڵگەکان، دارستانان، حۆرییەکانی ڕووبار، مایەی گاڵتە پێکردن بن، بەڵام پەرستنی چەندان جۆری سەیر لە خواوەندگەل، عاقڵانەتر و بەسوودترە لە بێباوەڕی (الحاد). ئاخر بەڵا و ئازاری ئەو بێباوەڕەی هەر خەریکی مشتومڕی توند و زۆربڵێییە، کەمتر نییە لەو کەسەی ـخوێن بەری چاوی گرتووەـ باوەڕی بەئەفسانە و قسەی پڕوپووچ هەیە.

کاتێک مرۆڤگەل بیروباوەڕی دروستیان لەبارەی خواوە نەبێ، مەزەندەی هەڵە جێی دەگرێتەوە، وەک چۆن لە کاتی تەنگەلان و تەنگژەکاندا، دراوی قەڵپ و دەستکار، لە جیاتی دراوی ڕاستەقینە بەکار دەهێنرێ. بتپەرستان لە ترسی خواوەندە درۆینەکانیان، تاوانیان ئەنجام نەدەدا؛ تامیلییەک بۆ نموونە لە ترسی سزای بتەکانی پەرستگەکەی، تاوان ئەنجام نادات. هەر کاتێک کۆمەڵگە هەستایەوە، ئاین دەبێتە زەرووڕەت؛ ئاخر هۆشیاریی یاساکان، بۆ ڕێگرتنە لە تاوانە بەرچاوەکان، وەلێ ئاین ڕێگرە لە ئەنجامدانی تاوانە شاراوە و داپۆشراوەکان.

بەڵام کاتێک مرۆڤگەل دەچنە سەر ئاینێکی پاک و پیرۆز، ئیتر ئەفسانە نەک هەر پێویست نییە، بگرە جێی مەترسییەکی زۆریشە. ئاخر نابێ خەڵکێک بە بەڕوو

بژێنین لە کاتێکدا خوا نانی پێ داوە.

ئەفسانە لە چاو ئایندا، وەک کەلووخوێندنەوە وایە لە چاو زانستی گەردووونناسیدا، یان با بڵێین کچێکی شێتی دایکێکی سەلار و هێژا. رۆژگارێکی زۆریش ئەم دوو ئافرەتە دەستیان بەسەرهەموو دنیادا گرتبوو.

لە سەردەمەکانی کێوێتیدا (دواکەوتوویدا)، ئەو رۆژگارەی، کۆپییەکی کتێبی سەردەمی تازە لە ماڵی دەربەگێک، دوواندا دەست دەکەوت، دەکرا چاو لەوە بپۆشرێ، کەسێک دانیشێ و ئەفسانە و حیکایەتی پروپووچ بۆ نەزان و نەخوێندەواران بگێڕێتەوە، یان بۆ دەربەگەکان خۆیان، بۆ ژنە گێلەکانیان، بۆ دەستوپێوەندە بێزەوەرەکانیان. ئا بەم شێوەیە، تێیان گەیاندوون کە قدیس کریستۆف، بەسووعی منداڵی لەمبەری رووبارەکەوە هەڵگرتووە بۆ ئەوبەر؛ مێشکیان پڕ کراوە لە چیرۆککەلی سیحرباز و سەرلێشێواوان. پێیان وابوو، قدیس جۆنۆ، بەئاسانی نەخۆشی دەردەپاشایان چاک دەکاتەوە، خاتوونە قدیس کلارا، چاوونەفەس ناهێڵێ و چەندان قسە و بیروباوەڕی تر لەبارەی قدیس و پیاوچاکانەوە.

ژەنگ و ژووی ئەم ئەفسانەگەلە، ساڵانێکی زۆر لای گەلان هەر مایەوە، تەنانەت تا پاش پاککردنەوەی ئاین لەو خڵتە و خاشەی تێکەڵی کرابوو. هەموومان بیرمانە، شاری شالۆم، بەڕێز دی نوای، قەشەی شاری، داوەری کرد، چونکە فەرمانی دا، ئەو شتەی ناوی ناوکی مەسیح بوو، لێ بکرێتەوە و بسووتێنرێ؛ ئەم قەشەیە، هێندەی لەخواترسییەکەی، ئازاش بوو، توانی دانیشتووانی دەڤەری شەمپانیا[٢٥] بگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە مەسیح، بەگیان و بەڕاستی دەپەرسترێ بێ ئەوەی پێویست بەبوونی ناوکی بکا لە کڵێسادا.

جانسینییەکان، رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لە پاککردنەوەی مێشکی خەڵکەکە لە زۆر بیرۆکەی هەڵە و ناشایەن بەئاینی مەسیحی. ئیتر کەس باوەڕی بەوە نەما کە هێندەی بەسە، سی رۆژ نوێژ بۆ مێرەمی پاکیزە بکا، هەرچی نیازی هەیە دێتە دی و هەر گوناحێکیش بکا، لێی ناپێچرێتەوە.

دوا جار، بۆرجوازییەت، گومانی خستە سەر ئەو بیروباوەڕەی گوایە خاتوونە قدیس جنڤییڤ[٢٦]، باران دەبارێنێ و هەر ئەویش دەیگرێتەوە، خەڵکیان گەیاندە

ئەو باوەڕەی، کۆنترۆڵکردنی ڕەگەزەکانی سروشت، بەدەست خوایە بەتەنیا.

ڕاهیبەکان سەریان سوڕمابوو لەوەی، قدیسەکان بۆچی مووجیزەیان نەماوە. خۆ ئەگەر نووسەرانی کتێبی "ژینامەی قدیس فرانسوا کزاڤیێ" زیندوو ببنەوە، ناوێرن بنووسن، قدیس کزاڤیێ، نۆ مردووی زیندوو کردووەتەوە، لە یەک کاتدا، لەنێو دەریا و لەسەر زەویش بوو، یان بنووسن، خاچەکەی لێ کەوتە دەریاوە قرژاڵێک بۆی هێنایەوە.

هەمان تێبینی، لەسەر بێبەریکردنی کڵێساش جێبەجێ دەبێ. مێژوونووسانمان دەڵێن، گوایە پاش ئەوەی پاپا گریگۆریۆسی پێنجەم، شا ڕۆبێری[٢٧] لە کڵێسا بێبەری کرد، چونکە بێرتای کچی مامی هێنا، خزمەتکارانی پاشا، ئەو گۆشت و خواردنەی بۆ پاشایان ئامادە کردبوو، لە پەنجەرەکانەوە فڕێیان داوە، شاژنە بێرتاش لە سزای ئەو هاوسەرییە پێ نەشیاوەدا (زنی المحارم)، مراوییەکی بووە. ئێستە، کەس نەماوە بڕوا بکا، خزمەتکارانی پاشای بێبەریکراو، دەوێرن خوانی ئێوارەی فڕێ بدەن، شاژنیش لەبەر هەمان هۆکار، مراوی بزێ.

ڕەنگە تا ئەمڕۆش، بڕێک دەروێش و ئەو شتانە لەو گەرەک و دەورووبەرە مابن؛ بەڵام ئەو نەخۆشی ئەسپێ و ڕشکە، مەگەر لەنێو بەرەڵا هەرە بەربادەکاندا مابێ. عەقڵ، ڕۆژ بەڕۆژ بە فەرەنسادا بڵاو دەبێتەوە، دووکان و بازاڕەکان و کۆشکەکانی پیاوماقووڵان پێکەوە دەتەنێتەوە. کەواتە ئەوەی پێویستە چنینەوەی بەری ئەو عەقڵەیە، بەتایبەتی تازە مەحاڵە ڕێ لە بڵاوبوونەوەی بگیرێ. ئەمڕۆ بەڕێوەبردنی فەرەنسا پاش ڕووناککردنەوەی لەلایەن خەڵکانی وەک؛ باسکاڵ، نیکۆل[٢٨]، ئارنۆ[٢٩]، بۆسوێ[٣٠]، دیکارت، گاسندی[٣١]، بایل[٣٢] و ڤۆنتنێل[٣٣]، وەک فەرەنسای سەردەمی گاراس[٣٤] و مۆنۆ[٣٥]، نییە.

خۆ ئەگەر مامۆستایانی لەخشتەبردن، مەبەستم ئەو مامۆستا گەورانەیە کە پارەیان بەسەردا دەڕژاندن تا خەڵکەکە بەهەڵەدا بەرن، ئەمڕۆ بێن بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن؛ تۆوی ڕووەک، دەبێ برزێ و بگەنێ، ئەوجا دەڕوێ. زەوی لە شوێنی خۆی جێگرە و بەدەوری ڕۆژدا ناسووڕێتەوە. هەڵچوون و داچوونی زەریا، ئەنجامی سروشتیی ڕاکێشی زەوی نین. پەلکەزێڕینە، لە ئەنجامی شکانەوە و پەرچدانەوە تیشکی ڕووناکی، دروست نابێ... هتد. ئەگەر بێن پشت بەبڕگەگەلێکی بەهەڵە

لێکدراوەی کتێبی پیرۆز ببەستن بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان، باشە، خەڵکە تێگەیشتوو و خوێندەوارەکە چۆن تەماشایان دەکات؟ بڵێی لەم دۆخەدا وشەی "ئاژەڵ" بۆ وەسپکردنیان زۆر بێ؟ ئەگەر ئەو مامۆستا دانایانە، پەنایان بۆ هێز و چەوسانەوە برد بۆ ئەوەی نەزانییەکەی خۆیان بسەپێنن، تۆ بڵێی شایەنی ئەوە نەبن پێیان بگوترێ "ئاژەڵی درەندە"؟

هێندەی ئەو قسە پروپووچانە، ڕاهیبگەل سووک و ڕیسوا دەکات، قەشە و کاهینەکان بەرێزتر و بەرزتر دەبنەوە، ئاخر ئەمان جگە لە چاکە، شتێکی تر ناکەن، لە کاتێکدا، پروپووچییەکانی ڕاهیبە توندڕەوەکان و پشتیوانیان لە کورسی پاپایەتی، جگە لە زیان هیچی تری لێ شین نابێ. بەڵام ئاخۆ مەترسیدارترین ئەو پروپووچییانە ئەوەیان نییە کە هانی ڕق و کینە دەرهەق ئەوانی تر دەدات؟ ئاخۆ پەرستنی ناوکەپیرۆزە و مردەی خەتەنەپیرۆزە[٣٦] و شیری خاتوونە پاکیزە و جلکەکانی، ئاسانتر و زیاتر ناچنە عەقڵەوە وەک لە ڕق و کینە و چەوساندنەوەی برا؟.

پەراوێزەکان:

٢٥- شەمپانیا: دەڤەرێکە لە باکوری ڕۆهەڵاتی فرەنسا ، شالۆن، لە شارە گەورەکانی دەڤەرەکەیە. (و . ع).

٢٦- خاتوونە قدیس جنفییف (نێزیکەی ٤٢٢ _ نێزیکەی ٥٠٢): تکاکاری شاری پاریس بوو، بەڵێنی بەدانیشتووانەکەی دا، ئەتیلا، سەرکردەی هۆزەیلی هوون، دەستدرێژیان نەکاتە سەر. بەڵێنەکەشی بردە سەر و خەڵکی پاریس لە ئازارەکانی قوتار بوون. تا شۆڕشی ١٧٨٩، جنفیف، لای خەڵکی پاریس زۆر خۆشەویست بوو. (و . ع).

٢٧- ڕۆبێری دووەم ناسراو بە خواناس (نێزیکەی ٩٧٠ _ ١٠٠٣): ساڵی ٩٦٠ زاین، چووە سەر تەختی فرەنسا، لەلایەن کڵێساوە بێبەری کرا، سەرەڕای خواناسییەکەی، چونکە ژنی یەکەمی تەڵاق دا و کچە ئامۆزاکەی خۆی هێنا. (و . ع).

٢٨- پیێر نیکۆڵ (١٦٢٥ _ ١٦٩٥): نووسەرێکی ئاکاریی فرەنسایی بوو، لە دێری بۆر _ ڕوایاڵ وانەی دەگوتەوە و پشتگیریی لە جانسینییەکان کرد، بەهاوبەشی لەگەڵ ئارنۆدا، کتێبی "لۆگیکی بۆر _ ڕوایاڵ"یان نووسیوە، دواتر، لە ترسی چەوسانەوە، چووە لای ئارنۆ لە هۆڵەندا. (و . ع).

٢٩- ئەنتوان ئارنۆ ناسراو بە ئارنۆی گەورە (١٦١٢ _ ١٦٩٤): لاهووتییەکی فرەنسایی، کاتێک بەدژی یەسووعیییەکان نامەیەکی بەناونیشانی "هێنان و بردنی بەردەوام"، پشتیوانیی لەو بیروباوەڕەی جانسینییەکان کرد لەبارەی نیمەتی خوایییەوە، ناوبانگی دەرکرد، بەڵام هەر ئەوەش بووە هۆکاری سەرکۆنەکردنی لەلایەن زانکۆی سۆربۆن و دەرکردنی لە کۆلێجی لاهووت. لە دێری بۆر _ ڕوایاڵ، بۆ ماوەی دوازدە ساڵ چووە خەڵوەتەوە و بەهاوبەشی لەگەڵ نیکۆڵدا، کتێبی لۆجیک" یان هونەری بیرکردنەوەیان نووسی، لە ترسی چەوسانەوە، پەنای بردە بەلجیکا و لەوێش لەگەڵ پرۆتستانتییەکاندا تووشی مشتومڕ هات. دواتر کتێبێکی بەناونیشانی "بیرۆکەگەلی ڕاست و درۆ" بۆ داکۆکیکردن لە تیۆری نیمەتی خوایی و بەدژی مالبرانش، نووسی. (و . ع).

٣٠- جاک بۆسویێ (١٦٢٧ _ ١٧٠٤): لاهووتی و نووسەرێکی فرەنسایی بوو، سەرەتا، بەوانە ئایینییەکانی ناوی دەرکرد، هێندەی نەبرد وازی لە چالاکییەکانی کڵێسا هێنا و خۆی تەرخان کرد بۆ ڕێنوێنیی شازادە. بۆ ئەوەی مامۆستایەکی بەکەڵکی قوتابییەکەی بێ، بووە مێژوونوس و فەیلەسووف و وتارێکی لەبارەی مێژووی گەردوونەوە نووسی، لەو کتێبەدا، هەوڵی دا، پێکهاتەیەک لە نێوان سیستەمی خوایانە و کاریگەریی مرۆڤەکاندا دروست بکا. کەوتە نێو مشتومڕێکی لاهووتییانەوە لەگەڵ پرۆتستانتییەکان، ناوبانگی پەیدا کرد، بووە سەرۆکی کڵێسای فرەنسا. سەرەڕای لەدڵگرتنی کینە بەرانبەر ئەوانەی مشتومڕی لەگەڵدا کردن، بەڵام لەسەر داوای شا لویسی چواردەیەم، بەیاننامەیەکی بەنێوی ئەکلیرۆسی فرەنساوە نووسی، لەوێدا، هەوڵی دا، پێکەوەگونجانێک لە نێوان دەسەڵاتی پاپا و ئازادییە ئەنگلیکانییەکاندا دروست بکا، هەروەها لە نێوان داخوازیی ئاینی و داخوازیی عەقڵیدا. ژیانی خۆی بەمشتومڕێک بەدژی مەزەبی "ئاسوودەیی" سۆفیستەکان، بەکۆتا هێنا. (و . ع).

٣١- پیێر گاسندی (١٥٩٢ _ ١٦٥٥): زانا و فەیلەسووف و پیاوێکی ئاینیی فرەنسایی بوو، کارەکانی لە بوارگەلی ماتماتیک و گوێلێبوونەکان و زانستی گەردوونناسیدا، گەیشتە ڕەخنەگرتن لە دیکارت. دواتر گەیشتە هەوڵی گونجاندن لە نێوان مەزەبی ئەتۆمیی کۆن و ئاکاری ئەبیقووریدا. (و . ع).

٣٢- پیێر بایل (١٦٤٧ _ ١٧٠٦): نووسەرێکی فرەنسایی بوو، کارەکانی، بەتایبەت قامووسی مێژوویی و فەلسەفەیی، هەروەها ڕەخنەگرتنی لە ئەفسانە میللییەکان بوونە نوقلانەی لەدایکبوونی عەقڵی فەلسەفەییی سەدەی هەژدەیەم. (و . ع).

٣٣- بێرنار ڤۆنتنێل (١٦٥٧ _ ١٧٥٧): نووسەرێکی فەرەنسایی بوو، یەکەمین جار لای یەسووعییەکان خوێندی و لە سالۆنە ئەدەبییەکاندا ڕێزێکی زۆری لێ دەگیرا و ئافرەتانی بە گوتە و قسە ناسک و جوانەکانی مەست و حەیران کردبوو. بەڵام ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی ڤۆنتنێل، لە هەردوو کتێبی "گفتوگۆگەلی مردووان" و "گوتەگەلێک لەبارەی فرەیی دنیاگەلەوە" بەڕوونی ساغ بووەوە، لەو کتێبانەدا، ڕوونکردنەوە و پێشاندانی تێڕوانینی نوێ بۆ خەڵکی ئەو ڕۆژگار، وەک لە دۆزینەوەکانی کۆپەرنیکۆس و دیکارتدا دیارن، گرتە ئەستۆی خۆی. بەڕاستی، بەهەردوو کتێبی "مێژووی فاڵچییان" و "بنەوانی ئەفسانان"، بووە مژدەگەیەنی سەردەمی ڕۆشنکاری، لەو دوو کتێبەدا، ڤۆنتنێل، ڕوونی کردەوە کە ئەفسانە ئاینییەکانی پێشینان، لە داهێنانی ساویلکەیی مرۆڤەکانە. (و . ع).

٣٤- فرانسوا گاراس (١٥٨٥ _ ١٦٣٠): ڕاهیبێکی یەسووعی فەرەنسایی توندڕەو بوو، خۆی بۆ دژایەتیی هەرتووقی و ئازادیی سێکسی و لادانی هزری تەرخان کرد، ئەدیبەکانی سەردەمەکەی دەترساند و هەرگیز لە بوختان هەڵبەستن بۆیان درێغی نەدەکرد، یەکەمین کەس بوو ئاگری ناکۆکی نێوان یەسووعییەکان و جانسینییەکانی هەڵایساند. (و . ع).

٣٥- میشێل مۆنۆ، (ساڵی ١٥٨٨ مردووە): ڕەبەنێکی فرنسیسکانی بوو، بەوە ناوی دەرکرد کە بەئاشکرا گاڵتەی بەئاکاری کۆمەڵگەی فەرەنسا دەکرد لەو سەردەمەدا کە کۆمەڵگەی فەرەنسا بەرەو ئازادی و کرانەوە دەچوو. (و . ع).

٣٦- مردەی خەتەنە پیرۆزە: ئەو پارچە پێستەی لە خەتەنەدا دەبڕێ، لێرەوە، لاهووت، خەتەنەی لای جوو و مردەی لای مەسیحییان جیا دەکردەوە. (و . ع).

بەشی بیست و یەکەم

چاکە "فەزیلەت"(*) لە زانست باشترە

تا ژمارەی بیروباوەڕەکان کەمتر بن، ناکۆکییەکان کەمتر دەبن؛ تا ناکۆکییەکانیش کەمتر بن، کارەساتەکان کەمتر دەبن. ئەگەر ئەم قسەیە وا نییە، من هەڵەم.

ئاین بۆ ئەوە هاتووە لەمدنیا و لەودنیا بەختەوەرمان بکا. دەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی لەودنیا (ئاخیرەت) بەختەوەر بین؟ دەبێ مرۆڤێکی چاک بین. کەواتە بەم کلۆڵییەوە چۆن بەختەوەر دەبین؟ دەبێ لێبووردە بین.

ئەوپەڕی گەوجییە کەسێک پێی وابێ دەتوانێ سەرلەبەری مرۆڤایەتی وا لێ بکا وەک یەک بیر لە میتافیزیک بکەنەوە. کۆنترۆڵکردنی هەموو دنیا بەزەبری چەک، زۆر ئاسانترە لە کۆنترۆڵکردنی عەقڵی خەڵکی تاکە شارێک.

ئیقلیدس توانی هەموو مرۆڤایەتی وا لێ بکا باوەڕ بەئەندازەکەی بکەن، بۆچی؟ چونکە کەسێک نییە لاری لەم بەڵگەنەویستە سانایە بکا: دوو و دوو دەکاتە چوار. بەڵام کە دێینە سەر تێکەڵکردنی میتافیزیک و لاهووت، پرسەکە جیاوازە.

کاتێک قەشە ئەسکەندەر و قەشە ئاریۆس شەڕەکەیان دەست پێ کرد لەسەر چۆنیەتیی پەیدابوونی لۆگۆس لە باب[١]، ئیمپراتۆر قوستەنتین، ئەم وشانەی بۆ نووسین کە ئۆسابیۆس لە سوکراتی گواستووەتەوە: "چەند گێلن، لەسەر پرسگەلێک ئامبازی یەک بوون کە ناتوانن تێی بگەن". خۆ ئەگەر هەردوو لا بەداناییی ئیمپراتۆریان بکردایە، ئەو هەموو خوێنەی مەسیحیگەل، بەدرێژاییی سێ سەدە، نەدەڕژا.

بڵێی لەوە گێلیەتیتر و لەوە خراپتر هەبێ بەمرۆڤگەل بڵێین: "ئەی هاوڕێیان، هێندە بەس نییە لایەنگرێکی بەوەفا، ڕۆڵەی گوێڕایەڵ، باوکێکی بەسۆز، هاوسێیەکی بەویژدان بن؛ هێندەش بەس نییە هەرچی چاکە هەیە بیکەن، برادەرایەتی بفامن، غەدر نەکەن، بەئاسوودەیی و ئاشتی، یەسووعی مەسیح

بپەرستن، بگرە لەسەرتان پێویستیشە، بزانن؛ ئایە لە سەرەتای سەرەتاوە، چۆن دروست بووین، خۆ ئەگەر نەتانتوانی، گەوهەر یان بنەوانی گەوهەر (أقنوم)[*] لە هاوبەشیی گەوهەر (المشارك في الجوهر)[٢]، جیا بکەنەوە، ئەوە زمانتان لێ دەدەین و وا دەکەین تاهەتایە لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێن؛ تا ئەوش دەبێ، هەر بەسەربرین، سەرتان دەبڕین".

گەر ئەم بڕیارە ببرێتە پێش کەسێکی وەک ئەرخەمیدس یان بوزیدۆنیۆس[٣] یان ڤارۆن[٤] یان کاتۆن[٥] یان شیشرۆن... دەبێ چۆن وەڵام بدەنەوە؟

قوستەنتین لەسەر هەڵوێستی یەکەم جاری کە دەیویست هەردوو لا دەمکوت بکا، بەردەوام نەبوو، ئەو دەیتوانی دەم سپییانی ئەو شەڕە بانگ بکا بۆ کۆشکەکەی و لێیان بپرسێ؛ بەچ مافێک ئەو گەندەڵییە بەدنیادا بڵاو دەکەنەوە: "خوا ڕێگەی پێ داون؟ بۆچی بایەخ بەوە دەدەن کە بزانن ئاخۆ لۆگۆس، والێکراوە(مجعول) یان خەڵقکراوە(مخلوق)[٦]، مادام پێتان وایە هەموو پێویستیەکە، هێندەیە بەوەفا بین بۆی، بانگەوازی ئاکاری جوان بکەین، بەجوانیش هەڵسوکەوت بکەین گەر پێمان کرا؟ لە ژیانمدا چەندان هەڵەم کردووە، ئێوەش کردووتانە، تەماتان (طموح) زۆرە، منیش، هەرچی فێڵ و دڵڕەقی هەیە لەپێناو ئیمپراتۆرییەتدا ئەنجامم داوە، نێزیکەی هەموو خزم و کەسوکاری خۆمم کوشتووە[٧]؛ من پەشیمانم، دەمەوێ گوناهەکانیشم بەوە بسڕمەوە، ئاسایش لە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆماندا بەرقەرار بکەم. بۆیە ڕێم لێ مەگرن، کارێک بکەم کە تاکە کارمە ڕەنگە کەڵکی ئەوەی هەبێ، یادەوەرییە ناشیرینەکانم لەبیر بباتەوە؛ یارمەتیم بدەن، دوارۆژەکانی ژیانم بەئاسوودەیی بژیم". بەڵام قوستەنتین ئەوەی نەکرد؛ لەوانەیە کارەکەی بێهوودە بووایە لەگەڵ شەڕکەراندا؛ لەوانەیە وا بیری کردبێتەوە کە هێندەی بەسە، سەرۆکی کۆڕوەندێکی کڵێسایە، جلکێکی ئاودامانی لەبەردایە و بڕێ متموورووی گرانباشی بەنێوچەوانییەوە هەڵواسیووە.

دروست ئا ئەمە بوو، دەرگەی بەڕووی ئەو دەرد و بەڵایەدا والا کرد کە لە ئاسیاوە هات و ڕۆئاوای نغرۆ کرد. لە هەر ئایەتێکی جێناکۆکی کتێبی پیرۆز، توندوتیژییەکی ئاوس بەدرێژدادڕی و شەڕەخەنجەری لێ کەوتووەتەوە، خەڵکەکە، بەریان هەڵدا بۆ شێتایەتی و ئازاردانی یەکتر. خێڵەکانی هوون، هیرۆڵ، قووت و

ڤندالّ کە یەک لە دوای یەک، ئیمپراتۆرییەتیان داگیر کرد، زیانێکی زۆر کەمیان لەو داگیرکارییە پێ کەوت؛ زیانی گەورەیان ئەوکاتە پێ کەوت کە بوونە بەشێک لەو شەڕ و هەرا شوومانە.

پەراوێزەکان:

(*) لێرە و لە چەند جێیەکی تردا، لە جیاتی (فضیلە، فضائل، رجل فاضل)ی عەرەبی، (چاکە، چاکەکاری و پیاوچاکم) بەکار هێناوە، دەزانم وەرگێڕانەکە پڕبەپێست نییە، بەڵام چەندی بیرم لێ کردەوە، عەقڵم بۆ وشەی گونجاوتر نەچوو، پرسیشم بەدۆستانی زمانزان کرد، وشەی نێزیکترم دەست نەکەوت. (و . ک).

١- یوحنا، چوارەمین ئینجیلی، یەکەمین کەس بوو زمانی فەلسەفەی هێنایە نێو مەسیحییەتەوە، لە دەستپێکی ئینجیلەکەیدا دەڵێ: "سەرەتا وشەی (لۆگۆس)... وشەی (واتە خوا لە کەسیەتی مەسیحدا) بووە مرۆڤ".

(*) ئەقنوم (هیپۆستاسیس _ Hipostasis): دەستەواژەی هیپۆستاسیس، بەبنەچە، یۆنانییە، ئەم دەستەواژەیە پاش دەستەواژەی "ئۆسیا" چووەتە نێو لاهووتی کڵێساییەوە. زانای ناسراو ئۆریجانۆسی میسری، یەکەمین کەس بوو، لە شەرحی ئینجیلی قدیس یوحنادا، هیپۆستاسیس و ئۆسیا(ناوکرۆک _ گەوهەر) لێک جودا کردەوە. ئەم دەستەواژەیە دوو بەشە: "هیپۆ" واتە "بن" یان ژێر، "ستاسیس" واتە "ستوون" کەواتە دەستەواژەکە مانای بوون (وجود)ە، یان ئەوەی شتی لەسەر دەوەستێ. وشەی سریانی "ئەقنوم" هەمان واتای وشەی یۆنانی "هیپۆستاسیس دەدات. لە سەردەمی تازەدا، "هیپۆستاسیس" بە مانای "گەوهەری هەڵگر" بەکار هێنراوە، واتە؛ گەوهەر یان بنەما، واتە؛ باوەڕ، گەوهەر یان بنەمای ئەوەیە کە مرۆڤ دەیخوازێ. بڕوانە: فەرهەنگی دەستەواژەگەلی کڵێسایی. (و . ک).

٢- ئەقنوم و هاوبەشی گەوهەر، لە زاراوەکانی لاهووتی مەسیحین، کە پێی وایە، خوا، یەکێکە لە سێ ئەقنوم، باب، کوڕ و گیانی پیرۆز (الروح القدس)، هەریەک لە کوڕ و گیانی پیرۆز لە گەوهەردا لەگەڵ خوا هاوبەشن. (و . ع).

٣- بوزیدۆنیۆس (دەوروبەری ١٣٥ _ دەوروبەری ٥٠ پ . ز): مێژوونوس و فەیلەسووفێکی ڕواقی*** بوو، لە ئافامیای سووریا لەدایک بووە، لە ڕۆدرۆس وانەبێژ بووە، لەوێ شیشرۆن و بۆمبیۆسیش وانەی گوتووەتەوە، ڕکابەریی یۆلیۆس قەیسەری دەکرد لەسەر تەختی ئیمپراتۆرییەت. (و . ع).

*** فەلسەفەی ڕواقی: مەزەبێکی فەلسەفییە، سەدەی چواری پێش زاین لە یۆنان، سەری هەڵدا و تا سەدەی چواری زاینی بەردەوام بوو و گەیشتە ڕۆما. فەیلەسووفە ڕواقییەکان، لەو باوەڕەدان، هەموو خەڵک هۆش و زەینێکیان هەیە، کە مرۆڤگەل پێکەوە و هەموشیان بە حەقەوە _ ئەو خوایەی هەموو دنیای بەدەستە _ دەبەستێتەوە. ئەم باوەڕە بووە بنەمای تیۆریی گەردوون، ئەویش؛ مرۆڤگەل هەرهەموویان هاووڵاتیی دنیان، نەک هیی وڵاتێک، یان ناوچەیەکی دیاریکراو. ئەم تێڕوانینەش سەری کێشا بۆ باوەڕهێنان بەیاسایەکی سروشتی باڵاتر لە یاسای مەدەنی و پێوەرێک بۆ یاساگەلە مرۆڤییەکان دادەنێ. ڕواقییەکان لەو باوەڕەدا بوون، خەڵک دەتوانن گەورەترین خێر و چاکە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، زۆریش خۆشحاڵ بن، تەنیا بەپێڕەوکردنی ڕاستی (حەق) و ڕزگارکردنی خۆشیان لە هەڵچوون، تەنیا جەختیش لەسەر ئەو شتانە بکەنەوە کە دەستیان بەسەریاندا دەڕوات.

فەیلەسووفانی ڕواقی، گەورەترین کاریگەرییان لەسەر یاسا و تیۆریی سیاسی هەبوو. تیۆریگەلێکی گرینگیشیان لە لۆجیک، مەعریفە، فەلسەفەی سروشتی دارشت. زەینوون، بە دامەزرێنی فەلسەفەی ڕواقی دادەنرێت. ڕواقیگەل، تایبەت پێشەنگانیان، زۆر سەرسام بوون بەلۆجیک، فەلسەفەی سروشتی و ئاکارگەل. (و . ک).

٤- مارکۆس ترنتیۆس ڤارۆن (١١٦ _ ٢٧ پ . ز): زانایەکی لاتینی فرەپسپۆڕیی نیشتەجێی ڕۆما، پارێزەر بوو، لە تەک بۆمبیۆسدا، بەشداریی شەڕی نێوخۆی کرد، دواتر لەگەڵ قەیسەردا ئاشت بووەوە و ڕێکخستنی کتێبخانە گشتییەکانی پێ سپارد. (و . ع).

٥- کاتۆن کە بە کۆن یان چاودێر ناسراو بوو (٢٣٤ _ ١٤٩ پ . ز): پیاوێکی دەوڵەتیی ڕۆمانی، هەوڵی دا بەرەنگاری تەخشان و پەخشانی ماڵی گشتی و بڵاوبوونەوەی نەریتگەلی گریکەکان ببێتەوە. کە بووە کونسووڵ ساڵی ١٩٥ پ . ز، سیاسەتێکی کۆنەپارێز و نەتەوەیی پێڕەو کرد و دەیویست سنوورێک بۆ گەورەیی قەرتاجە دابنێ. کاتۆن، یەک لە پێشەنگانی نووسینی لاتینی بوو. (و . ع).

٦- ئایە لۆگۆس والێکراوە یان خەڵقکراو(مجعول او مخلوق)ە؟ ئەم مشتومڕەی نێوان ئەریۆس و دژەکانی لەبارەی سروشتی مەسیحەوە، بەو پێیەی گوتەی خوایە، تا هاتنی

ئاینی ئیسـلامـیش بەردەوام بوو، ئەوە بوو لە ناکـۆکـیی نێوان مـوعـتـەزیلەگەل و حەنبەلییەکاندا لەبارەی قورئانەوە هەروەها لەبارەی ئەوەی؛ ئایە قورئان، بەو پێیەی گوتەی خوایە، والێکراوە یان خەڵقکراوە. (و . ع).

٧- قوستەنتین (فلاڤیۆس کوستەنتینۆس بەلاتینی): پارتریاکی سی و چوارەمینی ڕۆما بوو (٢٧٢ _ ٣٣٧). لە ڕێگەی شەرعیەتدان بەمەسیحییەت، ئیمپراتۆرییەتی یەک خستەوە، ساڵی ٣١٣، بالآفەرمانی ناوداری میلانۆی دەرچوواند کە خواپەرستیی ئازاد کرد. سەرەڕای ئەوەی دەگوترێ گوایە بووەتە مەسیحی، بەڵام هەر بە وەتەنی مایەوە تا ڕۆژی مردنی پاکژ (تعمید) کرا. کڵێسا، پلەی قدیسی پێ ڕەوا بینی، وێڕای ئەوەی ژیانی تا بڵێی توندوتیژ بوو. ئاخر جگە لە لەنێوبردنی خوێناوییانەی ڕکابەرانی، باوکی خۆی کوشت، ژنەکەی لە گەرماودا خنکاند، کوڕەکەی سەربڕی، چەندانی تر لە ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆی لەنێو برد. (و . ع).

بەشی بیست و دووەم

لەبارەی لێبووردەییی گەردوونییەوە

قەت پێویستم بەزیرەکی و ڕەوانبێژییەکی زۆر نەبوو، تا بیسەلمێنم کە پێویستە مەسیحییەکان لەنێو یەکتریدا لێبووردە بن. بەڵام لەمەش واوەتر دەچم و داوایان لێ دەکەم کە هەموو مرۆڤایەتی بەبرای خۆیان بزانن. چی؟ لەوانەیە وەڵام بدەنەوە؛ تورک برای من بن؟ چینی برای من بن؟ جوو؟ سیامی؟ بەڵێ بێگومان؛ ئەدی هەموومان ڕۆڵەی باوکێک، خوڵقێنراوی خوایەک نین؟

لەوەیە یەکێکتان بڵێ: بەڵام ئەو گەلانە، سووک سەرنجمان دەدەن، ڕقیان لێمان دەبێتەوە؛ بەبتپەرستمان دەزانن! باشە، من بەو گەلانە دەڵێم، بەهەڵەدا چوون. لەو باوەڕەشدام، دەتوانم، بەلایەنی کەمەوە ئەو ئیمامە لەخۆڕازییە یان ئەو ڕاهیبە بوداییە سیامییە لووتبەرزە، شێلو بکەم ئەگەر بەم شێوەیەی خوارێ بیاندوێنم:

ئەم گۆی زەوییە بچووکە، وەک تۆپەیلێکی خڕی تر، تەنیا خاڵێکی خڕە لە بۆشاییدا؛ ئێمە لەنێو ئەم گەردوونە فرەوان و بێسەروسامانەدا، ون بووین. مرۆڤ، ئەوەی درێژیی لە پێنج پێ تێپەڕ ناکات، لە چاو ئەم دنیایەدا، هەر هیچ نییە. با وای دابنێین یەک لەو بوونەوەرانەی بەچاو نابینرێن، بەڕاشکاوی بەهاوسێکانی لە نیوچە دوورگەی عەرەبی یان لە کافریریا[٨]، دەڵێ: "گوێم لێ بگرن، خوا ڕێی پێشان داوم: نۆسەد هەزار مێروولەی وەک ئێمە لە گۆی زەویدا هەیە، بەڵام شارەمێرووڵەکەی من، خۆشەویستترین شارەمێرووڵەیە لای خوا کە لە ئەزەلەوە تاهەتایە شارەمێرووڵەکانی تر دەبوغزێنێ؛ تەنیا شارەمێرووڵەکەی من، بەختەوەر دەبن، ئەوانی تر، تا هەتا هەتایە نەفرەتیان لێ کراوە".

لێرەدا، ئیمامەکە یان ڕاهیبە بوداییەکە، قسەکەم پێ دەبڕێ و دەپرسێ، ئەوە کام شێتە ئەو قسانە دەکا، ناچارم وەڵام بدەمەوە: "هەردووکتان". دوای ئەوە، هەوڵ دەدەم دڵیان بدەمەوە، بەڵام کارەکەشم وا ئاسان نابێ.

دواتر، ڕووی دەمم لە مەسیحییەکان دەکەم و پێ لە جەرگی خۆم دەنێم و بۆ نموونە بەڕەبەنێکی دۆمینیکانی کە لە دەرباری پشکنین لێکۆڵەر بووە، دەڵێم: "براکەم، تۆ ئەوە دەزانی، هەر دەڤەرێکی ئیتاڵیا، زمانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، فۆنەتیکی ڤینیسیا و برگامۆ وەک فۆنەتیکی فلۆرەنسا نییە؟ ئەکادیمیای کرۆسکا[٩]، بنەماگەلێکی جێگری بۆ زمان داناوە، فەرهەنگەکەشی، سەرچاوەیەکی هێندە جێی بڕوایە، هی ئەوە نییە کەس لێی لادا، دیسان، کتێبی ڕێزمانی بوانمەتی[١٠]، سەرچاوەیەکی بێ هەڵە و پەڵەیە و پێویستە پێڕەو بکرێ. لەو باوەڕەدایە، کونسوڵی ئەکادیمییەکە یام بوانمەتی ئەگەر کونسوڵ نەبوو، بەویژدانی حەساوەوە، فەرمان دەدەن، زمانی سەرلەبەری دانیشتوانی ڤینیسیا، یان برگامۆ ببڕدرێ، ئەمە چییە، وەڵا بەزمانە خۆماڵییەکەی ناوچەکەیان قسان دەکەن؟"

لێکۆڵەرەکەی دادگەی پشکنین وەڵامم دەداتەوە: "ئەوە دوو پرسی زۆر جیاوازن؛ هەوڵی ئێمە، بۆ ڕزگارکردنی گیانەکانە. لەبەر بەرژەوەندیی ئێوە، دەستەی باڵای دادگەی پشکنین بەپێی شایەتیی کەسێک، بگیرێن، با شایەتەکە خوێڕی و لەکەداریش بێ؛ هەر لەپێناو بەرژەوەندی ئێوەدا، ڕێگە نادرێ پارێزەرێک داکۆکیتان لێ بکا؛ ڕەنگە هەر نەزانن ناوی ئەو کەسە چییە کە تۆمەتبارتان دەکات، لەوەیە قازییەکە، بەڵێنتان پێ بدات لێتان خۆش دەبێ و دوایی حوکمتان دەدات، لەوانەیە پێنج جۆرە دارکاری بکرێن، بەر لەوەی بدرێنە بەر قامچی، یان هەرچی بێگاری گران هەیە پێتان بکرێ، یان بەدەم چەپڵەڕێزانی ئاپۆڕەی خەڵکەوە، بسووتێنرێن[١١]. هەرچۆنێک بێ، بابە ئیڤۆنیێ، کوشالۆن، زنکینۆس، کامپیجیۆس، ڕۆیاس، ملینۆس، گۆمارۆس، دیابۆرۆس، جرملینۆس[١٢]، دابڕانە جەخت دەکەنەوە، ئەم پێڕەوە خواناسییە، هیچ بەرەنگاری و دژبەرییەک هەڵناگرێ".

ئەو کات، بەخۆم ڕەوا دەبینم و وەڵام دەدەمەوە: "ڕەنگە تۆ ڕاست بکەی براکەم؛ منیش، دڵنیان بۆ بەرژەوەندی هەوڵ دەدەی، بەڵام تۆ ناتوانی ڕزگارم بکەی، بێ ئەوەی پەنا بۆ ئەم جۆرە کارانە بیەی؟".

ڕاستە ئەم جۆرە کارە هەرە ناشیرینانە کە ناچنە عەقڵەوە، هەموو ڕۆژێ ڕوو نادەن؛ بەڵام جاران پێڕەوێکی ڕۆژانە بوو؛ بگرە ئەگەر وردەکارییەکانی بگێڕینەوە،

کتێبێکی لێ دەردەچێ زۆر ئەستوورتر لەو ئینجیلەی کە هەر لە بنەڕەتەوە، ئەو جۆرە کارانە ڕەت دەکاتەوە، باشە ئەو هەموو دلڕەقییەی لەم ژیانە کورتەدا دەینوێنین، باس نەکەین، ئەدی باسی ئەوەش نەکەین کە هەر کەس وەک ئێمەی بیر نەکردەوە، دەیخەینە بەر نەفرەتی تاهەتایی؟ ئاخر، من پێم وایە، ئێمەیەکی بچووک، چۆن ڕێ بەخۆمان دەدەین پێش حوکمی خوایانە بکەوین و خەڵک بەنەفرەت بکەین؟ من لەو کەسانە نیم بەو حیکمەتە ڕازی نین کە دەڵێ: "لە دەرەوەی کڵێسا ڕزگاربوون نییە"؛ من ڕێز لە کڵێسا و تێکرای ڕێنوێنییەکانیشی دەگرم؛ بەڵام دەبێ قسەیەکی ڕاستیش بکەین: "ئێمە سەرلەبەری ڕێگەکانی خوا شارەزاین، شارەزای نەرمی و سنگفراوانی و بەزەییە زۆرەکەی خواین؟ بۆچی ئەوەندەی لێی دەترسێین، هێندەشی لێ نەپاڕێینەوە؟ دواتر، باشە هێندە بەس نییە، دڵسۆزی کڵێسا بین؟ ئاخۆ دەبێ هێندێ کەس، مافەیلی خوا ببەزێنن و هەروا پێش حوکمی خوا بکەون و ئەوان بڕیار لە چارەنووسی تەواوی مرۆڤایەتی بدەن؟

کاتێک بۆ کۆچی دوایی، پاشای سوێد، دانیمارک، ئینگلتەرا یان بروسیا[١٣]، ماتەم ڕادەگەیەنین، دەبێ بڵێین، ماتەم بۆ کەسێک دەگێڕین کە بەنەفرەت کراوە و تاهەتایە لە ئاگری جەهەنەمدا دەسووتێ؟ ئەمڕۆ لە ئەوروپادا، نێزیکەی چل ملیۆن کەس، سەر بەکڵێسای ڕۆما نین، دەکرێ بەهەر یەکێکیان بڵێین: "قوربان، مادام هیچ چارت نییە بەر نەفرەتی تاهەتایی کەوتووی، من نە نانت لە تەکدا دەخۆم، نە قسان پێکەوە دەکەین، نە ڕێک دەکەوم لەگەڵتدا".

کام باڵیۆزی فەرەنسا لە دڵی خۆیدا دەڵێ ئەگەر بچێتە بەردەم پاشای مەزن: هەرچی بکەن، بەڕێزتان هەتاهەتایە بەئاگری دۆزەخ دەسووتێن، چونکە لە سایەی ئێوەدا خەتەنە کراوم؟ خۆ ئەگەر ئەو باڵیۆزە، بەڕاستی پێی وایە، پاشا دوژمنی سەرسەختی خوایە و خوا غەزەبی لێ گرتووە، ئەدی چۆن دەوێرێ قسەی وای لە تەکدا بکا؟ یان هەر لە بنەڕەتدا بۆ ناردوویەتی بەشوێنیدا؟ باشە ئێمە دەتوانین لەگەڵ کام مرۆڤدا بژین، چیمان پێ دەکرێ لە ژیاندا، ئەگەر پێمان وابێ؛ هەموو ئەوانەی کاریان لە تەکدا دەکەین، بەر نەفرەتی تاهەتاییی خوا کەوتوون؟

ئەی ئەوانەی لایەنگری خوای بەبەزەیین، ئەگەر دڵتان ڕەقە؛ سەرەڕای ئەوەی خوایەک دەپەرستن کە لە دەستپێکی شەریعەتەکەیدا دەڵێ: "خواتان خۆش بوێ و

کەسە نێزیکەکانیشتان". وا ئەو شەریعەتە بێگەرد و پیرۆزەتان کردووەتە قوربانی درێژدادڕی و شەڕەدەمەی لێ دەرچوونی بۆ نییە؛ هەر خەریکی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوەن سەبارەت بەوشەیەکی تازە، یان پیتێکی ئەلف بێ؛ سەرقاڵن بەوەی سزای تاهەتایی بەچەند ڕستەیەکەوە گرێ بدەن کە لەوانەیە بەهەڵە لێی تێگەیشتبن یان بەهەڵە لێک بدرێنەوە، یان بەسەرووتەیلێکەوە کە گەلانی پێشتر نەیانزانیوە، ئەودەم بەچاوی پڕ فرمێسکەوە بۆ باری مرۆڤایەتی، پێتان دەڵێم: "با چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی بین کە لە هەموو مرۆڤایەتی دەپێچرێتەوە، ڕۆژێک هەر کەسە و بەپێی کرداری خۆی پرسیاری لێ دەکرێ".

"ئەو ڕۆژە، من، سەرلەبەری مردووانی سەدەکانی پێشوو، ئەم سەدەیەش دەبینم لە بەردەم خوادا وەستاون. لەو بڕوایەدان، ئەو خوایەی دروستی کردووین، بابمان، بەکۆنفشیۆسی پیاوچاک، یان بەسۆلۆنی یاسادانەر[١٤]، یان فیساگۆرس، زالۆقۆس[١٥]، ئەفلاتوون، پاتریارکە ئەنتۆنییە خواوەندکراوەکان، ترایانۆسی پیاوچاک، تیتۆس[١٦]، ئیقتاتۆس[١٧] یان بەمرۆڤە دەستەبژێر و خەڵکە خێرومەندەکان، بڵێ: "لێم دوورکەونەوە هەی سەرلێشێواوان، بڕۆن بەر سزای توند و تاهەتایی بکەون، سزدانتان، وەک من هەمیشەییە! بەڵام ئێوە ئەی ئازیزانم، جان شاتێل[١٨]، ڕاڤایاک[١٩]، دامیان[٢٠]، کارتۆش[٢١]... هتد، ئێوە بەپێی سرووتە نووسراوەکان سەرتان بەخشی، لە دەستی ڕاستمەوە دانیشن و ببنە هاوبەشی گەورەیی و پیرۆزیم".

بڵێی، ئەم وشانە ڕاتان بچەڵەکێنێ و پاشەکشەتان پێ بکا؟ بەڵام پاش ئەوەی لە زارم دەرچوون، تازە چ نەماوە پێتانی بڵێم.

پەراوێزەکان:

٨- کافریریا: وشەیەکی بەبنەچە عەرەبییە، سەردەمانی کۆن، ئاماژە بوو بۆ ئەو بەشەی ئەفریقیا کە دەکەوێتە باشووری هێڵی ئیستیوا، ئێستە، ئاماژەیە بۆ تەنیا دوو ناوچە لە دەقەری کاب. (و. ع).

٩- ئەکادیمیای کرۆسکای ئیتاڵیایی بۆ وەکۆڵینە زمانەوانی و زارەکییەکان، ساڵی ١٥٨٣، ئەنتۆنیۆ گراتزینی لە فلۆرەنسا دای مەزراند. (و. ع).

١٠- بندتۆ بوانمتی: زمانەوانێکی سەدەی شازدەی ئیتاڵیا، تێزەکانی ئەکادیمیای

کرۆسکای نەسەلماند و فەرهەنگێکی زمانی تۆسکانی دانا. (و . ع).

١١- بڕوانە ئەم کتێبە نایابە، "کورتەیەک لەبارەی دادگەگەلی پشکنینەوە". [کورتەیەک لەبارەی دادگەگەلی پشکنینەوە: ناونیشانی زنجیرەگەلێکە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەزمانی لاتینی دانران؛ ڕەنگە لێرەدا، ڤۆڵتێر، ئاماژە بە کورتەکەی نیقۆلا ئیمیریک بکا (و . ع)].

١٢- تێکڕای ئەم زانایانە، ئەو فەقێ لاهووتییانەن کە شەرعییەتییان بەدادگەگەلی پشکنین دەدا. (و . ع).

١٣- هەموو ئەم وڵاتانە پرۆتستانتین. (و . ع).

١٤- سۆلۆن (دەوروبەری ٦٤٠ _ دەوروبەری ٥٥٨ پ . ز): پیاوێکی دەوڵەتیی ئەسینایی و یەکێک لە حەوت دانا یۆنانییەکەیە. ناوی وابەستەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، ئەسینا قەردارباری سۆلۆنە، سەبارەت بە بوژاندنەوەی. هەروەها یەکێکە لە دامەزرێنانی ئەوەی دواتر بە دیموکراسیی ئەسینایی ناسرا. (و . ع).

١٥- زالۆقۆس: قوتابیی فیساگۆرس، سەدەی شەشی پێش زاین ژیاوە، دەم سپی و یاسادانەری قەومەکەی؛ لۆقەرییەکانی ئیتاڵیای باشوور. ئاین زەرووڕەت و پایەی ناوەندیی شەریعەتەکەی بوو. مێژوونووسان گومانیان لە بوونی هەیە. (و . ع).

١٦- تیتۆس (٢٩ _ ٨١): ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی بوو، سەردەمەکەی بەلیبرالیزم و ئاوەدانکردنەوە و خانووبەرە و ڕێگاوبانی بەرفرەوان ناسرا، پلینەکانە (مدرج) ناودارەکەی ڕۆما، یەک لە پرۆژەکانی ڕۆژگاری تیتۆسە، هەروەها تەقانەوەی گڕکانی ئەلفیزۆف (٧٩)، گڕکانەکە سێ شاری وێران کرد، لەوانە شاری مۆمبای. (و . ع).

١٧- ئیقتانۆس: فەیلەسووفێکی رواقی، دەوروبەری ٥٠ی زاین، لە فریجیای ئاسیای بچووک، هاتووەتە دنیاوە. کۆیلەیەکی بەستەزمان بوو، لە هەلومەرجێکی نادیاردا، ڕاپێچی ڕۆما کرا. لەگەڵ ئەوەی سەردارەکەی، ئیبافرۆدیتس، زۆر توند بوو بەرانبەری، کەچی ڕێگەی دەدا بچێت لە وانەکانی مۆزۆنیۆس ڕۆفۆس، ئەو ڕواقییەی قوتابخانەیەکی لە ڕۆما کردبووەوە، ئامادە بێ، دواتر ئیقتاتۆس فریجی، خۆی دەستی کرد بە وانەگوتنەوە لە ڕۆما و دواتر لە نیقۆپۆلیس و ناوبانگێکی یەکجار زۆری پەیدا کرد. ئیقتاتۆس، لە وانەکانیدا هەوڵی دا، تۆکمەترین پێوەندی لە نێوان ئازادی و چاکەکاریدا ببەستێ. (و . ع).

١٨- جان شاتێل (١٥٧٥ _ ١٥٩٤): گەنجێک بوو، لە ٢٧ کانوونی یەکەم/ دیسێمبەر ١٥٩٤، هەوڵی دا، شا لویسی چوارەم بکوژێ، دوای دوو ڕۆژ لەدار درا. قوتابیی

یەسووعییەکان بوو، ئەوانیشی بەوە تۆمەتبار کرد کە ڕێکخەری پیلانەکەن، بۆیە یەسووعییەکان، دووچاری چەوسانەوە بوونەوە. یەکگرتووی کاتۆلیکییەکان، بەیەکێک لە گەشمردانی(شەهیدان) خۆی هێنایە ژماردن. (و . ع).

١٩– فرانسوا ڕاڤایاک (١٥٧٨ 1610_): بکوژی شا هینریی چوارەم، بەبڕینی شادەماری هەردوو قاچی لەنێو برا. (و . ع).

٢٠– ڕۆبێر دامیان (١٧١٥ ١٧٥٧): ویستی شا لویسی پازدەیەم بکوژێ، سەرەڕای ئەوەی شا، لێی خۆش بوو، دادگەی پاریس حوکمی لەداردانی دا بەسەریدا، بەبڕینی شادەماری هەردوو قاچی لەنێو برا. (و . ع).

٢١– کارتۆش (١٦٩٣ _ ١٧٢٠): دزێکی ناودارە لە مێژووی فرەنسادا. دزێکی ئاسایی بوو، بەڵام ناوی بووە ناوێکی ئەفسانەیی، پاش ئەوەی لۆگران کە هونەرمەندێکی بواری نواندن بوو، کردیە پاڵەوانی شانۆگەرییەک کە ڕۆژی لەداردانی کارتۆش پێشان درا؛ دواتر داستانێکی بەو ناوەوە نووسی، ڤۆڵتێر بەتەوسەوە بەراوردی کرد بەهنریادە، لابۆمێل، ڕکابەری هزریی ڤۆڵتێر، بەلێهاتووتر لە سۆلۆن لە بواری دانایی و یاسادانانداا، ناوی دەبرد. (و . ع).

بەشی بیست و سێیەم

نوێژێک بۆ خوا

کەواتە، چیی تر رووی دەمم لە مرۆڤەیل ناکەم، بگرە ڕوو لە تۆ دەکەم، ئەی خوای هەموو بوونەوەر و دنیاگەل و سەردەمەکان: ئەگەر بوونەوەرێکی لاوازی وێڵ لەنێو دنیایەکی بێ سنووردا، بوونەوەرێکی نەبینراو لە چاو گەردووندا، بۆی هەبێ پێ لە جەرگی خۆی بنێ و داوای شتێکت لێ بکا، ئەی ئەو خوایەی وێنەی هەموو شتەکانت کێشاوە و قەزاوەتیشت، جێگیر و سەرمەدییە، تکات لێ دەکەم، لوتفت هەبێ و بەچاوی ڕەحمەت و بەزەیی بڕوانیتە سەرلێشێواوییەکانمان کە سروشتی خۆمان سەرچاوەیانە. خوایە مەهێڵە ئەو سەرلێشێواوییانە سەرمان بخۆن. تۆ دڵت نەداوینەتێ تا یەکتری پێ ببوغزێنین، دەستیشت نەداوینەتێ تا یەکتری پێ سەربڕین؛ کارێک بکە پشتیوانیی یەکتر بین تا بەرگەی ژیانێکی قورس و تێپەڕیو بگرین؛ ڕێگە مەدە جیاوازیی ئەو جلکانەی جەستە داڕزاوەکانمان دادەپۆشن، یان جیاوازیی زمانەکانمان کە لە ناتەواویدا وەک یەکن، یان لە نێوان نەریتە پڕوپووچەکانماندا، یان لە نێوان یاساگەلەکانماندا کە هەزار و یەک کێماسییان تێدایە، یان بۆچوونە هەڵەکانمان، یان لە نێوان کاودانی جۆراوجۆری ژیانمان لە چاوی خۆمان و وەک یەک لە چاوی تۆدا، مەهێڵە ئەم جیاوازییە کەمانە، کە برێتین لە خەسڵەتەکانی ئەو زەڕنەقووتەیەی ناوی "مرۆڤ"ە، ببنە مایەی کینە و چەوساندنەوە. خوایە کارێک بکە ئەوانەی بۆ بەرزڕاگرتنت، بەڕۆژی ڕووناک، مۆم دادەگیرسێنن، ئەوانەیان قبووڵ بێ کە پێیان وایە تیشکی ڕۆژەکەت زۆریشی زیادە؛ وا لەوانە بکە کە لەسەر جلکەکانیانەوە، کۆڵوانەیەکی کەتانی سپی، لەبەر دەکەن و بانگەشەی خۆشەویستیی تۆ دەکەن، ڕقیان لەوانە نەبێتەوە کە هەمان شت دەڵێنەوە، وەلێ پاڵتۆکەیان خوورییەکی ڕەشە؛ وا بکە ئەوانەی بەفۆنەتیکێکی کۆن یان فۆنەتیکێکی تازە دەتپەرستن، خۆیان لە یەکتری جیا نەکەنەوە؛ کارێک

بکە ئەوانەی جلکێکی ئەرخەوانی یان مۆریان لەبەردایە و بەنووکی پێ بەسەر زەویدا دەڕۆن و هێندێ مووتومووروویان لە کانزایەکی دیارکراو بەخۆدا کردووە، خۆیان بەو سامان و ماڵەوە بانەدەن و لووت لە ئاسمان نەکەن؛ هاوکات وا لەوانی تریش بکە، بێ ئیرەیی و چاوپیسی، تەماشایان بکەن. ئاخر، تۆ لە هەمووان باشتر دەزانی، ئەو خرتکە و پرتکەیە نە شایەنی خۆبادانن، نە شایەنی ئیرەیی پێ بردنن.

خۆزگە، سەرلەبەری مرۆڤایەتی بیریان بووایە، برای یەکترن، بریا هەمووان بێز لە خۆسەپاندن بکەنەوە کە بووەتە مۆتەکەی سەر دڵی خەڵکەکە، وەک چۆن، بێز لە دزی دەکەنەوە کە بەزەبری هێز، کارکەران و پیشەگەرە بێتەرەفەکان لە بەری ڕەنجەکەیان بێبەش دەکات. خۆ ئەگەر هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ بنبڕکردنی شەڕ و کارەساتەکان، با لایەنی کەم، لە ڕۆژانی ئاشتیدا، ئامبازی یەکتر نەبین و یەکتر نەکوژین و نەبڕین، با پێکەوە هەموو چرکەیەکی ژیانمان، تەرخان بکەین بۆ ئەوەی، بەتێکڕای زمانەیلی سەر زەوی، لە سیامەوە تا کالیفۆڕنیا، سوپاسی بەزەیی و میهرەبانیت بکەین.

بەشی بیست و چوارەم

تێبینییەکی تر

کاتێک سەرقاڵی نووسینەوەی ئەم نامەیە بووین، هیچمان لە بەرچاو نەبوو، جگە لەوەی وا بکەین، مرڕۆڤەیل نەرمونیانتر و بەبەزەیتر بن، کەسێکی تر لای خۆیەوە، وتارێکی دەنووسی، بەڵام لەپێناو ئامانجێکی تەواو پێچەوانەدا: بێ لەخۆباییبوون، هەر مرۆڤێک بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو کەسە[٢٢] بەئەنقەست، کتێبۆکەیەکی لەبارەی ڕەوایەتیی چەوساندنەوە، بڵاو کردەوە، کتێبۆکەکەی ناو نا، "پێکەوە گونجانی ئاین و مرۆڤایەتی" (وا دیارە، بڵاڤۆککار، هەڵەی کردووە، چونکە ڕاستتر وایە و پێ دەچێ ناوەکە "پێکەوەگونجانی ئاین و نامرۆڤایەتی" بێ).

نووسەری ئەم تەوسنامەیە، پشتی بەقدیس ئۆگستینۆس بەستبوو کە پێشتر بانگەشەی نەرمی نواندن و بەزەییی دەکرد کە هەستی کرد لە هەمووان بەهێزترە، هەڵگەڕایەوە و داوای چەوساندنەوەی دەکرد، ڕاستت دەوێ، هەر بۆ خۆی کەسێکی ڕاڕا و هەردەمە و لەسەر ڕایەک بوو. هەروەها، نووسەرەکەمان، پشتی بەقەشە بۆسوێ، قەشەی شاری مۆ بەستبوو، ئەو قەشەیەی، فینیلۆنی ناودار و سەرۆکی قەشەکانی شاری کامبریێی چەوساندوە، تەنیا لەبەرئەوەی نووسیبووی خوا شایەنی ئەوەیە خۆشمان بوێ تەنیا لەبەر خۆی.

بۆسوێ، وتاربێژێکی لێهاتوو بوو، دان بەوەدا دەنێم، هەروەها ئۆکستینۆسی قەشەی شاری هیبۆتا کە لە ڕووی هزرییەوە هەر ڕۆژەی لە بەرێک بوو، لە هەموو ئەفریقاییەکان، قسەزانتر بوو، دان بەوەشدا دەنێم. بەڵام من ڕێگە بەخۆم دەدەم و ڕووی دەمم دەکەمە نووسەری ئەو تەوسنامە پیرۆزە و هەمان قسەکەی ئەرماندۆی پاڵەوانی شانۆنامەی "ئافرەتە خۆنوێنەکان"ی مۆلیێری پێ دەڵێم:

"ئەگەر بمانەوێ بەڕێی کەسێکدا بڕۆین، با چاو لەلایەنە باشەکانی بکەین"

"پەردەی یەکەم، دیمەنی یەکەم"

بەقەشەی هیبۆنا دەڵێم: ئەها خاوەن شکۆ، لە بۆچوونەکەی خۆتان لاتان دا، لێم گەڕێ با پابەندی بۆچوونەکانی یەکەم جارت بم، چونکە ڕاستت دەوێ ئەوان چاکترن.

بەقەشەی مۆ دەڵێ: ئەی خاوەن شکۆ، تۆ پیاوێکی مەزنی، بەدیدی من زانست و هۆشیارییت لە قدیس ئۆگستینۆس کەمتر نییە، بگرە ڕەوانبێژتریشی، چ پێویستە بەو جۆرە ناشایەنییە، هەڵسوکەوت لە تەک نووسینی هاوکارییەکتدا بکەی کە نیشانەی ئەوەیە لە ڕەوانبێژیدا شان لە شانی تۆ دەدات، سەرباری ئەوەی لە ناخی مرۆڤیش نێزیکترە؟

نووسەری ئەو تەوسنامە سەرزەنشتئامێزە لەبارەی نامرۆڤایەتییەوە، نە بۆسوێ و نە ئۆگستینۆسە، بەبۆچوونی من، شایەنی ئەوەیە، بکرێتە دادوەر لە دادگەیەک لە دادگەکانی پشکنین. بگرە پێم وایە بۆ سەرۆکایەتیی دادگە پشکنینە جوانەکەی گوا[٢٣] باشە. سەرباری ئەوە، ئەو پیاوی دەوڵەتە دەم لە بنەوانە گەورەکانی سیاسەت دەدات. ئەو دەڵێ: "ئەگەر بیدعەکارانتان لەنێودا زۆر بوو، چاوتان لێیان بێ و هەوڵ بدەن بیانخەنەوە سەر ڕێی ڕاست؛ خۆ ئەگەر کەمینەیەکی چکۆلە بوون، سێدارەیان بۆ هەڵخەن و هەڵیانواسن، دەحەسێنەوە". ئەمە ڕێنوێنییەکانیەتی لە لاپەڕەی ٨٩ و ٩٠دا.

سوپاسی خوا دەکەم کە کاتۆلیکییەکی باشم و لەو شتەش ناترسم کە هۆگۆنوتییەکان پێ دەڵێن "شەهیدبوون"؛ بەڵام ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان نووسەری ئەو تەوسنامەیە بۆی ڕێک کەوت ببێتە سەروەزیر، وەک خۆی لە تەوسنامەکەیدا پێشبینی دەکات، من لەگەڵ دەرچوونی فەرمانی شایانەی دامەزراندنی، بنەوبارگەم بەرەو ئینگلتەرا تێک دەنێم.

لە چاوەڕوانیی ئەوەشدا، هێندەم لە دەست دێ، تەنیا سوپاسی خوا بکەم، ڕێگە نادات، خەڵکی وا کە جگە لە زۆربڵێیەکی بۆش زیاتر شتێکی تر نەبن. ئاخر کار بگاتە ئەوەی ناوی بایل بخاتە نێو لایەنگرانی لێبووردەییەوە، ئەوە درێژدادڕییەکی زۆرزانانەیە. ئاخر لە سەرینی ئەوەوە وا لەگەڵ بایل دەکات، بایل داوای سزادانی ئاژاوەگێران و تەڵەکەبازانی کردووە و ئەم برادەرەشمان دەڵێ دەبێ خەڵکە نیازپاکەکە، بچەوسێنرێنەوە و بەئاگر و ئاسن مامەڵەیان لە تەکدا بکرێ.

سەرلەبەری کتێبەکەی نیوچە لاساییکردنەوەیەکی کتێبی "داکۆکی لە کۆمەڵکوژیی جەژنی قدیس بارتلیمی"[٢٤]ە، ئەگەر کۆپیی ئەو نەبێ، زایەڵەی وییە. لە هەردوو باردا، هیواخوازم، ڕۆژێک نە مامۆستا و نە قوتابییەکەی، پلە و پایەیەکی دەوڵەت وەرنەگرن.

بەڵام ئەگەر وا ڕێک کەوت، بوونە کاربەدەست، لە دووریشەوە بێ، داخوازینامەیەکیان بۆ دەنێرم لەبارەی دوو دێڕ کە لە لاپەڕەی ٩٣ی ئەو تەوسنامەیەدا هاتووە: "دەبێ خۆشحاڵیی سەرلەبەری نەتەوەیەک بکەینە قوربانیی خۆشحاڵیی بیست و یەک کەسی نەتەوەکە؟"

با وای دابنێین، لە فرەنسا، بیست کاتۆلیکی و یەک هۆگۆنوتی هەن؛ من بەهیچ جۆرێک، ناڵێم ئەو تاکە هۆگۆنوتییە مافی ئەوەی هەیە بیست کاتۆلیکییەکە لەنێوبن؛ بەڵام بۆچی بیست کاتۆلیکییەکە مافی لەنێوبردنی ئەو تاکە هۆگۆنوتییەیان هەبێ، بۆچی ڕێ نادرێ بەمەی دوایی، هاوسەرێک بۆ خۆی پەیدا بکا؟ ئەدی ئەوە نییە لە دەڤەرگەلی دۆفینێ یان جیڤۆدان یان بەتەنیشت شاری ئەگەد یان کرکاسۆنەوە، قەشە و کاهینی و ڕەبەنی خاوەن زەوی هەن؟ لە زەویگەلی ئەو قەشە و کاهین و ڕەبەنگەلەدا، جووتیارگەلێک کار دەکەن کە لە بەدبەختییاندا باوەڕیان بەوە نییە قوربانیی پیرۆز، بەکردەوە ببێتە جەستە و خوێنی یەسووعی مەسیحەوە؟ ئاخۆ لە بەرژەوەندیی ئەو قەشە و کاهین و ڕەبەنگەلە و هەموو مرۆڤایەتیدا نییە ئەو جووتیارانە، خێزانەیلێکی پڕ منداڵیان هەبێ؟ ئاخۆ ئەوانەی قوربانیی پیرۆز دەخۆن، مافی ئەوەیان نییە منداڵیان ببێ؟ ئەوە نادادپەروەری و بێ ویژدانییە.

نووسەر دەڵێ: "ئەگەر باڵافەرمانی (مەرسووم) نانت[٢٥]، هەڵوەشێنرێتەوە، ئەو برە زۆرە زیانەی لێ ناکەوێتەوە وەک هێندێک دەڵێن".

بەکردەوە، گەر بگەڕێینەوە بۆ بەئەنجامەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو باڵافەرمانە (مەرسووم)، زیاتر لەوەی بەڕاستی لێی کەوتووەتەوە، بێ گومان زێدەڕۆییەک لە پرسەکەدا دەکرێ؛ هەر بەکردەوەش، مەیلی زێدەڕۆیی یەکێکە لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی مێژوونوسان دەبێتەوە، لە بەرامبەریشدا ئەو ڕەخنەیەی یەخەی هەموو ئەوانەش دەگرێت کە لە کاروباری ئایندا مشتومڕ دەکەن، مەیلی ئەوانە بۆ

کـەمکردنـەوەی قـەوارەی ئـەو زیانەی لـە نووسـینەکـانیـان دەکـەویتـەوە. کـەواتە قسەکانی لاهووتییـەکانی پاریس و ڕێنوێنیکارانی ئەمستەردام ناسەلمێنین، بەڵکە پەنا بۆ کۆنت داڤۆ، باڵیۆزی فرەنسا لە هۆڵەندا لە نێوان ساڵانی ١٦٨٥ تا ١٦٨٨ دەبەین، لە لاپەڕەی ١٨١ی بەشی پێنجەمی یاداشتنامەکەیدا دەڵێ، تەنیا کەسێک لای خـۆیەوە بڕی ئەو مـاڵانەی ئاشکرا کـرد کـە چەوسـاوان نـاردوویانەتە دەرەوەی فرەنسا و گوایە نێزیکەی بیست ملیۆن دەبێ. کاتێک ئەو زانیارییانە بۆ شا لویسی چواردەیەم بەرز کـرایەوە، سـەرداری فـرەنسـا بە نـامـەیەک وەڵامی دایـەوە: "ئەو هەواڵانەی لەبارەی ئەو ژمارە زۆرانەی دێنە سەر مەزهەبە ڕاستوڕەوانەکەمان، هیچ گومانم لا ناهێڵن کە ملهوڕترین ملهوڕەکان و توندڕەوترینیان، لارییان لەوە نییە چاو لەوانی تریان بکەن".

بەم نامەیەدا دەردەکەوێ، لویسی چواردەیەم، متمانەی بەستەمکاری و فراوانیی دەسەلاتەکەی هەبوو، بۆ نا، ڕۆژانە گوێی لە هەمان ڕستەگەلی پیاهەڵدان دەبوو: "خاوەن شکۆ، تۆ پاشای سەرلەبەری دنیای، سەرانسەری دنیا، کاتێک گوێیان لێت دەبێ، شانازی بەوەوە دەکەن کە وەک تۆ بیر دەکەنەوە". بلیسۆن، کە سامانێکی گەورەی لە پۆستی بریکاری یەکەمی دارایی دەست کەوت، سێ ساڵان لە باستێل زیندانی کرا بەتۆمەتی کلک گرێدانی لەگەڵ فۆکیێ[٢٦]، کە بووە فەرمانبەری کلێسا و نانی لێ دەخوارد، پاش ئەوەی کاڵفنی بوو، ڕای دەسپارد نوێژگەل و چەپکەگوڵ بکرێ بەدیاری بۆ ئیریس[٢٧]، پۆستی ئەمینداری سیپە و سەرپەرشتیاری ڕێنوێنی وەرگرت. ئەم بلیسۆنە، هەر سێ مانگ جارێک، لیستێکی درێژی بەناوی ئەو کەسانە بۆ پاشا بەرز دەکردەوە کە وازیان لە مەزهەبەکەی خۆیان دەهێنا بەرانبەر حەوت هەشت ڕیاڵ، ئەمە پاشای دەگەیاندە ئەو باوەڕەی، هەر چرکەیەک بیەوێ، دەکارێ هەموو تورکان بێنێتە سەر مەزهەبەکەی خۆی بەهەمان بڕە پارە. دەستوپێوەندەکەی پاشا، بەرەودوا پاشایان لەخشتە دەبرد، ئاخۆ دەیتوانی خۆی لەبەر ئەو هەموو مەرایی و پێ هەڵدانەدا بگرێ؟

بەلام هەمان بەڕێز داڤۆ، پاشای ئاگەدار کردوەوە کە کەسێک بەناوی ڤنسان، پێنجسەد کرێکاری هەیە، لە جێیەک کە هێندە لە شاری ئەنگۆلیم دوور نییە، ئەو کرێکارانە زیانی گەورە دەکەن ئەگەر ئەو پیاوە بچێتە دەرەوەی وڵات. هەروەها، بەڕێز داڤۆ، باسی دوو فەیلەقی دەکرد کە ئامادەی کردوون بۆ شازادەی

ئۆرەنج[٢٨]، دوو فەیلەقەکە لە ئەفسەرگەلێکی فرەنسایی هەلاتوو بۆ هۆڵەندا و دەریاوانەیلێک کە هێزی دەریایی فرەنسایان جێ هێشتبوو تا بچن خزمەتی کەشتیگەلی شازادە بکەن، پێک هاتووە. سەرباری ئەو دوو فەیلەقە، شازادەی ئۆرەنج، تیپێکی لە ئەفسەرگەلە قوتابییە پەنابەرەکان پێک هێنا، سەرکردایەتیشی بە دوو ئەفسەری فرەنسایی سپارد (بەشی پێنجەم، ل ٢٤٠). لە نامەیەکدا کە لە ٩ ئایار/مایۆ ١٦٨٦دا ناردوویەتی بۆ بەڕێز سنیولیێ[٢٩]، ئەم باڵیۆزە دان بەوەدا دەنێ کە ناتوانێ خەمبارییخۆی بشارێتەوە کاتێک کارگەگەلی فرەنسایی دەگوازرێنەوە بۆ هۆڵەندا و ناگەڕێنرێنەوە.

دەبا شایەتیی تێکڕای ئەو کەسانە بخەینە سەر قسەکانی باڵیۆز، کە ساڵی ١٦٩٩، داراییی شانشینیان لە ئەستۆ بووە، ئەو کات، بڕیار بدەین ئاخۆ هەڵوەشاندنەوەی بالاّفەرمانی نانت، زیانی زیاتر نەبووە لە سوودەکانی. سەرەڕای ئەوەی نووسەری بەڕێزی کتێبی "گونجانی ئاین و نامرۆڤایەتی"، گوتوویەتی.

ماریشاڵێکی لەشکری فرەنسا، کە بەوریایی بەناوبانگ بوو، پێش چەند ساڵێک گوتبووی: "من نازانم شالاوەکانی هێزی سواران[٣٠] زەروورین یان نا؛ بەلاّم دەزانم، زەروورە دووبارەیان نەکەینەوە".

دان بەوەدا دەنێم، دەمێک، ئەو نامەیەم بلاو کردەوە کە بۆ باب لۆتلیێ[٣١] نێردراوە گومانم لا پەیدا بوو، نووسەری نامەکە، ئەندامی کۆمەڵەی یەسووعییەکان بوو، پێشنیازی کردووە، پەنا بۆ بەرمیلە باروود ببرێ. ترسام لەوەی زیاد لە پێویست چووبم، لە دڵی خۆمدا گوتم: کەس بڕوام پێ ناکات و نامەکە بە هەڵبەستراو دێتە ژماردن، بەلاّم خۆشبەختانە ترسەکەم ڕەوییەوە، کاتێک لە کتێبی "گونجانی ئاین و نامرۆڤایەتی"دا، لاپەڕە ١٤٩، ئەم وشە ناسکانەم خوێندەوە:

"بنبڕبوونی تەواوی پرۆتستانتییەکانی ولاّت، فرەنسا لەوە زیاتر لاواز ناکات کە تۆ نەخۆشێکی جەستە تێکسمڕاوی ساغت هەبێ و خوێنە پیسەکەی لەشی دەربێنی".

ئەم مەسیحییە بەڕەحمە، کە پێشتر دەیگوت، پرۆتستانتییەکان، بیستییەکی نەتەوەن، ئێستە دەیەوێ خوێنی ئەو بیستیەکەی نەتەوە، بڕێژێ. ئەم کردارەش بەلای ئەوەوە، لە ڕاکێشانی خوێنی پیسی لەشی مرۆڤێک زیاتر نییە.

ئەگەر ئەم پیاوە بەشەرەفە، داوای بنبڕکردنی بیستیەکی نەتەوە دەکات، چی ڕێ لە برادەرەکەی باب لۆتیلیێ دەگرێ پێشنیازی تەقاندنەوە، سەربڕین و ژەهرخواردکردنی سێیەکی بکا؟ کەواتە، زۆر دەچێتە عەقڵەوە کە بەڕاستی ئەو نامەیە بۆ باب لۆتیلیێ نووسرابێ.

دوا جار، ئەم نووسەرە خواناسە دەگاتە ئەوەی بڵێ، دەمارگری کارێکی باشە، "چونکە لەلایەن یەسووعی مەسیحەوە، بەڕوونی و ڕاشکاوی، دەمارگری، سەرکۆنە نەکراوە"، وەک ئەو دەڵێ. بەڵام خۆ یەسووعی مەسیح، ئەوەشی سەرکۆنە نەکرد کە ئاگر لە گەڕەکەکانی پاریس بەر دەدات؛ ئاخۆ ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاگر هەڵگیرسێنانی پاریس، بەقدیس بێنە ژماردن؟

کەواتە، ئەو دەمەی سروشت، دەنگە خۆش و ناسکی خۆی بەگوێماندا دەدات، دەمارگری، دوژمنی سروشت، هاتوهاواریەتی؛ کاتێک ڕۆژی ئاشتی لە مرۆڤایەتی هەڵدێ، نالێبووردەیی، چاکی خۆی لێ دەکات بەلادا. تۆ، ئەی ئەوەی داوەریی نێوان نەتەوەکانت کرد، ئاشتی و پێکەوەژیانت بۆ سەرلەبەری ئەورووپا هێنا، کاتی ئەوە نەهاتووە، گیانی ئاشتی و گیانی کوشتن لێک جودا بکەیتەوە.

پەراوێزەکان:

٢٢- جان نۆڤی دی کاڤیراک، دانەری "گونجانی ئاین و مرۆڤایەتی"ە، لە نووسینەکانیدا داکۆکی لە دەمارگریی ئاینی دەکرد و پشتگیریی هەڵوەشانەوەی بالافەرمانی نانت بوو کە شا لویسی چواردەیەم دەری کردبوو. (و . ع).

٢٣- هەرێمی گوا لە هیندستان، تا ساڵی ١٩٦١ لە ژێر دەستی کۆلۆنیالی پورتوگالدا بوو؛ وەک دەزانرێ، پورتوگال ساڵانێکی زۆر کەوتبووە بن چنگی دادگەکانی پشکنینەوە. (و . ع).

٢٤- "داکۆکی لە کۆمەڵکوژی قدیس بارتلیمی" کتێبێکی غی دین پیراکە (١٥٢٩ _ ١٥٨٦)، سیاسەتوان و قازی و شاعیریش بوو. (و . ع).

٢٥- بالافەرمانی (مەرسوومی) نانت: بالافەرمانێک بوو، شا هینریی چوارەم ساڵی ١٥٨٨، دەری کرد، بۆ ڕێکخستنی یاساییانەی کڵێسای پرۆتستانتی لە فرەنسا. بەگوێرەی ئەو بالافەرمانە، پرۆتستانتەکان، بوونە خاوەنی مافەیلی سیاسی و قەزایی و سەربازی، سەرباری مافی پێڕەوکردنی سرووتە ئاینییەکانیان بەئازادی، وەلێ لە شوێنگەلێکی پێشوەختە دیاریکراودا. بەڵام شا لویسی چواردەم، نەسرەوت تا ساڵی

١٦٥٨، بالآفـەرمـانی نانتی هەڵوەشـانەوە، ئەوە بـوو، پەرسـتگەگەلی پرۆتسـتـانتی ڕووخێنران، گردبوونەوەیان لێ قەدەخە کرا، ڕێوشوێنی سەرکوتکردنیان گیرایە بەر، هەمـوو ئەو مـافـانەیان لێ سـەندرایەوە کـە بالآفـەرمـانەکـە پێی ڕەوا بینیـبـوون. لە ئەنجـامی هەڵوەشـانـەوەی بالآفـەرمـانەکـە، دووسـەد تـا سێ سـەد هەزار فـرەنسـایی کۆچیان کرد بۆ دەرەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون، بەتایبەت لە سویسرا و ئەڵمانیا. (و . ع).

٢٦- نیقۆلا فۆکیێ (١٦١٥ _ ٦٨٠): پیاوێکی دەوڵەتیی فرەنسایی بوو، ساڵی ١٦٥٣، بووە وەزیری دارایی و توانی قەڵەمبـازێک بەبازرگانیی فرەنسا بدا. پارەیەکی زۆر زۆری کۆکردەوە و بە دەستبلآوییەوە بەسەر ئەدیباندا دابەشی دەکرد، لە ناویاندا مۆلیێر و لاڤۆنتین. بەلآم کۆڵبێر، بەدزینی پارەی گشتی تۆمەتباری کرد، ئەوە بوو ساڵی ١٦٦١ گیرا، بەوڵاتبەدەری تاهەتایی، حوکم درا. (و . ع).

٢٧- ئیریس: کچە پەیامبەری خواوەندە لە میتۆلۆجیای یۆنانیدا، بەناوی گوڵێک ئاماژەیان بۆ دەکرد، لە عەرەبیدا ئەو گوڵە بەگوڵە سەوسەن ناسراوە. (و . ع).

٢٨- ئۆرەنج: بنەمـاڵەیەکی خـانەدان، ئەو شـازادانەی لە سـەدەی شـازدە و حـەڤـدە و هەژدەهەمـدا، فـەرمـانڕەوایی هەرێمـە یەکگرتووەکـانیـان _ بەبەشی لای سـەرووی وڵاتەیلی نزمایی دەگـوترا - دەکرد بەڕەچەڵەک دەچنەوە سـەر ئەم بنەمـاڵەیە. دواتر، ساڵی ١٨١٥، بوونە پاشای وڵاتەیلی نزمایی، واتە هۆڵەندا. (و . ع).

٢٩- جـان پاتیـست ئەنتـوان کـۆڵبـێـر دی سنیـولیێ (١٦٥١ _ ١٦٩٠): کـوڕە گـەورەی کۆڵبێرە، وەزیری شـا لویسی چواردەمی بەناوبانگ و جێگرەوەی لە هێزی زەریاوانی و دەرباری پاشادا. (و . ع).

٣٠- شـالآوەکـانی هێـزی سـوارە: ناوێکە کـە نێـوان سـالآنی ١٦٨١ _ ١٦٨٥، بەسـەر شـالآوەکـانی سـەرکوتکردنی پرۆتسـتانییـەکانی فـرەنسـادا برا، شـالآوەکـان لەلایەن هێزەکانی سوارەی لەشکری شایانەوە ئەنجام دران. بەگوێرەی بالآفەرمانێکی تایبەت بەو شـالآوانە، دەبوو خێزانە هۆگۆنوتییـەکان، مێواندارییی ئەو سـەربازانە بکەن کە دەیانچـەوسـاندنەوە، ئەو سـەربـازانە هەر بەتـەوسـەوە نـازناوی "مـوژدەدەرە جـزمـە لەپێکان"یان پێ درابوو. (و . ع).

٣١- لێرەدا مەبەست، ئەو نامەیەیە کە لە بەشی ١٧دا، ڤۆڵتێر بەدەستی خۆی نووسیویەتی و بەناوی "خاوەن دەرامەتێکی کڵێسا"وە، ئیمزای کردووە. (و . ع).

بەشی بیست و پێنجەم

تەواوکەر و کۆتایی

وەک زانیمانەوە، ڕۆژی ٧ئادار/مارس١٧٦٣، ئەنجوومەنی دەوڵەت لە ڤیرسای، بەئامادەبوونی سەرجەم وەزیران و بەسەرۆکایەتیی قازیی قازییان، کۆبوونەتەوە؛ بەڕێز دی کرۆن، سەرۆکی بەشی سکاڵاکان، بەدەستپاکیی قازییەک و وردبینیی پیاوێکی تا دەست هەڵگری ئاگەدار و بەڕەوانبێژیی وتارخوێن و پیاوێکی دەوڵەتیی راستگۆ و خاکی، خستنە رووی پرسی گالاس لە ئەستۆ گرتووە، ئەڵبەت، ئەو ڕەوانبێژییەی بەڕێز دی کرۆنە کە لە ئاستی کۆبوونەوەیکی ئەوهادا بێ. هۆڵ و ڕاڕەوەکانی کۆشکەکە پڕ بووبوو لە هاووڵاتیگەلێکی زۆر، لە هەموو چین و توێژەکان کە چاوەڕوانی بڕیاری ئەنجوومەنەکەیان دەکرد. هەر خێرا پاشا ئاگەدار کرایەوە کە بەکۆدەنگ بڕیار دراوە، فەرمانێک ئاراستەی دادگەی تۆلۆز بکرێ کە تەواوی فایلی جۆن گالاس و وردەکاری بڕیاری لەداردانی بنێردرێ بۆ ئەنجوومەنەکە، ئەوە بوو خاوەن شکۆش پشتیوانیی بڕیارەکەی کردووە.

کەواتە، خەڵک مرۆڤایەتی و ویژدانیان لا ماوە، بەتایبەتی لای ئەنجوومەنێکی خۆشەویست شایەنی ئەو خۆشەویستییەی. دیارە پرسی خێزانێکی لێقەوماوی هاووڵاتییانی ئاسایی، خاوەن شکۆ و وەزیرانی، قازیی قازییان و تێکڕای ئەنجوومەنی دەوڵەتی سەرقاڵ کردووە، بەو قووڵی و وردەکارییەشەوە هەموو ئەو بابەتە گرینگانە گفتوگۆ دەکرێ کە پێوەستن بەشەڕ و ئاشتییەوە. خۆشەویستی و ویژدان و خێر و خۆشیی مرۆڤایەتی، ئامانجی بەرچاوی هەموو قازییەکان بووە، با سوپاسی خوای بە بەزەیی بکەین، ئاخر تەنیا ئەو، کەسی تر نا ڕێنوێنی ویژدان زیندویەتی و چاکەکاریی مرۆڤە.

من ڕای دەگەیەنم، هەرگیز ئەو جان گالاسەم نەناسیوە کە هەشت قازییەکەی تۆلۆز لەداریان دا بەپێی بێ نێوەڕۆکترین بەڵگەگەل، بەپێچەوانەی بالافەرمانگەلی

پاشایامان و سەرلەبەری یاساگەلی نێونەتەوەییەوە؛ هەروەها ڕای دەگەیەنم و دووپاتی دەکەمەوە کە من مارک _ ئەنتوانی کوریشیم نەناسیووە کە مردنە سەیرەکەی، هەشت قازییەکەی بەهەڵەدا برد، دایکە بەڕێز و بەدبەختەکەشی، کچە بێ گوناحەکانیشی کە لە تەک دایکیاندا، زیاتر لە دووسەد فەرسەخیان بڕیووە تا ئێش و ئازارەکانیان بگەیەننە بەردەم تەختی پاشایەتی.

خوا دەزانێ کاتێک بۆچوونی خۆمان لەبارەی لێبووردەییەوە خستە ڕوو بەبۆنەی لەنێوچوونی جان گالاسەوە بەهۆی نالێبوردەییەوە، هیچ پاڵنەرێکمان نەبوو، پەرۆشیمان نەبێ بۆ دادپەروەری و ڕاستی و ئاشتی.

ئێمە نەمانویستووە سووکایەتی بە هەشت قازییەکەی تۆلۆز بکەین کە گوتمان هەڵەیان کرد، خۆ ئەنجوومەنەکەش هەر وای بڕیار دا: ئێمە تەنیا ڕێگەمان بۆ خۆش کردن، بەپێچەوانەوە، بۆ ئەوەمان بوو پاساوی کارەکەیان بۆ سەرلەبەری ئەوروپا باس بکەن. ئەگەر ویستیان ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر، هێندەیان لەسەرە، دان بەوەدا بنێن کە بەڵگەگەلێکی تێکچڕژاو و هاتوهاواری ئاپۆرەیەکی هەڵچووی سەرلێشێواو، وایان کرد ئاگایان لە دادپەروەرییان نەمێنێ؛ لەسەریانە دیسان داوای لێبووردن لە بێوەژنەکەی جان گالاس بکەن، چەندیان لە توانادایە، قەرەبووی تێکوپێکدانی خێزانێکی بێ گوناح بکەنەوە، بەمەش بچنە ڕیزی ئەوانەی پێشتر لە لێقەوماواندا هاوکاری ئەو خێزانە بوون. زاڵمانە، فەرمانی لەداردانی باوکەکەیان دا، بۆیە دوایی ئەرکینە، جێی ئەو باوک و بۆ منداڵەکانی بگرنەوە، ئەمە، ئەگەر ئەو منداڵانە ڕازی بن ئەو ئاماژە تەمومژاوییەی ڕاستگۆییان لێ وەرگرن. کارێکی جوانە، ئەگەر ئاماژەیەکی ئەوها لە قازییەکانەوە دەربچێ، جوانتریشە ئەگەر خێزانەکە ڕەتی بکەنەوە.

بۆیە، بەپلەی یەکەم، پێویستە لەسەر بەڕێز داڤید، گەورەی قازییانی تۆلۆز، نموونەیەکی پەشیمانبوونەوە و پەنجەگەستن و سەرکۆنەی ویژدان، پێشکێش بکا، ئەگەر ئەو یەکەمین کەسە بێ گوناحی چەوساندبێتەوە. ئاخر ئەو، لە هەموو بارێکدا، سووکایەتیی بە خاوەن خێزانێک کرد کە بەسەر سێدارەوە لە گیانەڵادا بوو، ئەوەش، پێشاندانی ئەوپەڕی بێ ڕەحمی و دڵڕەقییە، بەڵام مادام خوا لە گوناهباران خۆش دەبێ، پێویستە مرۆڤگەلیش لەو کەسە خۆش بن کە هەوڵ دەدات

پەشیمان بێتەوە و داوای لێبوورن دەکات لە خراپەکارییەکانی.

لە ٢٠ی شوبات/فێبرایەری ١٧٦٢دا، لە دەڤەری لانگدۆگەوە، ئەم نامەیەم پێ گەیشتووە:

"کتێبەکەتان لەبارەی لێبووردەیییەوە، باس لە مرۆڤایەتی و ڕاستی دەکات، بەڵام دەترسم زیان بەخێزانی گالاس بگەیەنێ زیاتر لە سوود. ئاخر، ڕقی ئەو هەشت قازییە هەڵەستێنێ کە لایەنگری لەداردانەکە بوون؛ لەوانەی داوا لە دادگە بکەن، کتێبەکەت بسووتێنرێ، دواتر دەمارگیرگەل (هەموو کات دەمارگیرگەل هەن) بێنە پێشەوە و بە هاتوهاوار بکەونە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەنگی عەقڵ، ..هتد.

ئەمەش وەڵامی منە بۆ ئەو نامەیە:

"دوور نییە، هەشت قازییەکەی تۆلۆز فەرمان بدەن کتێبەکەم بسووتێنرێ؛ هیچ لەوە ئاسانتر نییە؛ مەگەر کتێبی "نامەگەلێکی هەرێمیانە"(٣٢)یان نەسووتاند کە لەوانەیە زۆر لەم کتێبە باشتر بێ. دواتر، مەگەر هەر یەکێک لە ئێمە ناتوانێ لەنێو ماڵی خۆیدا هەموو ئەو کتێب و کاغەزانە بسووتێنێ کە کەیفی پێیان نایەت؟

"کتێبەکەم سوودی بۆ خێزانی گالاس نییە، کە نایانناسم، زیانیشیان لێ نادات. ئاخر ئەنجوومەنی سەرڕاست و بێلایەنی پاشا، بڕیارەکانی بەپێی یاساگەل و بەگوێرەی بنەماکانی دادپەروەری و ویژدان دەردەکا، بەپشتبەستن بەبەڵگەگەل و ڕێوشوێنە بەرکارەکان، نەک پشت ببەستێ بە دەقێک کە هیچ ڕوخسارێکی یاسایی نییە؛ دەقێک، ناوکرۆکی بابەتەکەت، زۆر دوورە لەو پرسەی تاوتوێی دەکات.

"چەند بنووسرێ و کتێبۆکە چاپ بکرێ دژ یان لایەنگری هەشت قازییەکەی تۆلۆز، لە تەک لێبووردەیی یان دژی، نە ئەنجوومەنی پاشا و نە هیچ دادگەیەک لە دادگەکان، ئەو کتێبۆکانە بەبەڵگەنامەکانی کەیسەکە دانانێن.

"ئەم دەقە لەبارەی لێبووردەیییەوە، هیچ نییە، ئەرزوحاڵێک (داوانامەیەک) نەبێ، مرۆڤایەتی بەوپەڕی خاکەڕاییەوە بۆ دەسەڵات و دووربینی، بەرز دەکاتەوە. من تۆوێ دەچێنم، لەوانەیە ڕۆژێک بەر بگرێ. با گرەو لەسەر زەمانە و پیاوچاکیی پاشا بکەین، لەسەر دانایی وەزیرەکانی و لەسەر گیانی عەقڵ کە خەریکە ڕووناکاییەکەی دەگاتە هەموو قوژبنێک.

"سروشت ڕوو لە هەموو مرۆڤایتی دەکات و دەڵێ: کارێکم کردووە نەزان و لاواز لەدایک بن، تا نەتوانن چەند ساتێکی کەم نەبێ لەسەر ئەم زەوییە بژین، بۆ ئەوەی بەلاشەکانتان بەپیتی بکەن. کەواتە، مادام لاوازن دەست لە دەستی یەکتر بنێن، چاوتان بکەنەوە مادام نەزانن، یەکترتان قبووڵ بێ. کە لە بۆچوونێکیشدا کۆک بوون، ئەمەش هەرگیز ڕوو نادا، یەکێک نەبێ کەس نارازی نەبوو، لەسەرتان پێویستە، لێبووردە بن بەرانبەری، چونکە من وام کردووە باوەڕی وابێ. قۆڵ و بازووم داونەتێ تا زەوی بچێنن، کەمێک عەقڵیش تا بەگوێی بکەن؛ تۆزکاڵە بەرزەییەکیشم داونەتێ تا لە کاتی لێقەومانەکاندا پشتی یەکتر بگرن. ئەو تۆوە مەخنکێنن، مەیڕزێنن، بگرە بزانن ئەو دەستکردی خوایە؛ مەهێڵن دەنگی بەرز و بێ ئومێدانەی دەمارگیرانی مەزهەبەکانیان لە دەنگی سروشت بەرزتر بێ.

پێڕست

پێشەکی – لێبووردەیی وەک بەهایەکی مرۆڤانی – د. شێرزاد نەجار 5

بەشی یەکەم: کورتە چیرۆکی کوژرانی جان گالاس 10

بەشی دووەم: ئەنجام و لێکەوتەوەکانی لەداردانی جان گالاس 24

بەشی سێیەم: بیرۆکەی چاکسازی لە سەدەی شازدەمدا 26

بەشی چوارەم: ئاخۆ لێبووردەیی مەترسییە؟ لای کام گەلانە ڕێی پێ دەدرێ؟ 32

بەشی پێنجەم: چۆن لێبووردەیی قبووڵ دەکرێ؟ 46

بەشی شەشەم: ئاخۆ دەمارگری یاسایەکی سروشتی و یاسایەکی مرۆڤانەیە؟ 53

بەشی حەوتەم: ئاخۆ گریکەکان دەمارگرییان دەزانی؟ 55

بەشی هەشتەم: چی دەبوو گەر ڕۆمانەکان لێبووردە بوونایە؟ 59

بەشی نۆیەم: لەبارەی گەشمردە "شەهید"ەکانەوە 68

بەشی دەیەم: لەبارەی چەوساندنەوە و مەترسیی داستانە درۆینەکانەوە 85

بەشی یازدەم: زێدەڕۆیی لە دەمارگریدا 92

بەشی دوازدەم: ئاخۆ لە ئاینی جوولەکەدا دەمارگری شەریعەتێکی خوایی بوو؟ 100

بەشی سێزدەم: لێبووردەییی بێ سنووری جوو 108

بەشی چواردەم: ئاخۆ مەسیح خەڵکی فێری دەمارگری کرد؟ 111

بەشی پازدەم: شایەتیگەلێک دژی دەمارگری 118

بەشی شازدەم: گفتوگۆیەک لە نێوان کەسێک گیان دەدا و کەسێکی ساغدا 145

بەشی حەڤدەم: نامەیەک لە ٧ی ئایار/مایۆ ١٧٧٤ 149

بەشی هەژدەم: ئەو دۆخە دەگمەنانەی کە دەمارگریی دەبێتە یەکێک 155

بەشی نۆزدەم: هەقایەتی شەڕێک بەهۆی مشتومڕێکەوە لە چین 158

بەشی بیستەم: ڕاهێنانی گەل لەسەر ئەفسانە و قسەی پڕوپووچ سوودێکی هەیە؟ ... 161

بەشی بیست و یەکەم: چاکە "فەزیلەت" لە زانست باشترە 167

بەشی بیست و دووەم: لەبارەی لێبووردەییی گەردوونییەوە 172

بەشی بیست و سێیەم: نوێژێک بۆ خوا 178

بەشی بیست و چوارەم: تێبینییەکی تر 180

بەشی بیست و پێنجەم: تەواوکەر و کۆتایی 187